## پاشقـــول لە مـــارادۆنا دەگیـرێت

ل٣٤

## خوێندکاران لەخواردنی کافتریاکان دەتۆرێن

ل٢٧

## گرانبونی ئاڵتون هیچ بنەمایەکی ئابوری نییە

ل٨


# دەستوور
رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانەکۆمپانیای سولی تیلیگراف دەریدەکات
36 لاپەرە
ژمارە (١٢)
چوارشەممە ٢٠٠٩/١٢/٣٠
نرخ (١٠٠٠) دینار



جەژنی سەری ساڵتان پیرۆزبێت

### بۆ دژایەتی ئەمریکا، ڕێنمایی لەسوپای قودسی ئێران وەردەگرێت
# تەحسینی مەلا عەلی هەرەشە لەرابەری بزووتنەوە دەکات تا لەهاوپەیمانێتی پارتیو یەکێتی پاشگەزببێتەوە

◆ تایبەت بەدەستوور

بەرپرسێکی سوپای قودسی ئێران، ڕێنمایی داوەتە تەحسینی مەلا عەلی سەرکردەی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ دژایەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، داواشی لێکردووە کە عێراق بەجێبهێڵێتو بەپاسپۆرتی ساختەی ئێرانی بچێتە ئیمارات، لەسەرەتای ئەم مانگەشدا، تەحسینی مەلا عەلی نامەیەکی هە ڕ ە شە ئا مێز ئاراستەی مەلا سدیقی رابەری بز و و تنە و ە ی ئیسلامی دەکات کە لەهاوپەیمانێتی پارتیو یەکێتی پاشگەزببێتەوە.



لەنامەیەکدا کە بەرپرسێکی پایە بڵندی سوپای قودسی ئێران لەساڵی ٢٠٠٤دا بۆ تەحسینی مەلا عەلی ناردووەو دەست دەستوور کەوتووە، پەیوەندی نهێـــنی تەحسین بەدەزگا ئەمنیەکانی ئێرانەوە ئاشکرابووە بۆ دژایەتیکردنی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی.

لەنامەکەدا ئەوە ئاشکرا بووە کە مەلا عەلی باوکی تەحسینیش پەیوەندی بەئێرانەوە هەبووەو ئەوەش هاتووە "من لەرێگەی ئەم نامەیەوە پێتانرادەگـــــەیەنم کە دەبێ جەنابتان بەزووترین کات عێراق جێبهێڵن، سەرەتا سەردانی بەرێز حسێن کەرەمی لە شاری نەجەف بکەنو لەرێگەی ناوبراوەوە بەرەو سوریا برۆن، لەسوریا بچۆ بۆلای دکتۆر ئیبراهیم تاهیرو نزیکەی مانگێك لەلای ئەو بمێنەرەوە تا ئێمە کارەکانت د ر و ستبکە ین و پاسپۆرتت بۆ دەربێنین تا بەرەو ئەماراتی عەرەبی یەکگرتوو بچیت".

لەنامەکەدا ئەوە دەرکەوتووە کە تەحسین متمانەپێکـــــراوی ئێرانە، هاتووە "تۆ تەنیا ئومێدی ئێمەیت بۆ دروستکردنی راپەرینێکی ئیسلامی، دەبێ ئێمە بەیەکێتیو یەکدلی، ئیجازەنەدەین ئەمریکاو رۆژئاواییەکان بەئـــــاواتەکانیان بگەن".

بەپێی نامەیەکیـــتر کە کۆپیەکی دەست دەستوور کەوتوە، لە١٢/١١ی ئەمساڵدا تەحسینی مەلا عەلی بۆ رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی نوسیـــــووەو داوای لێکردوە تۆبە بکات لەهاوپەیمانیکـــــردن لەگەڵ یەکێتیو پارتی کە ئەو بەکوفر ناوی بردون.

هەر لەو نامەیەدا، هەرەشە لەمەلا سدیقی رابەری بزووتنـــــەوە دەکات کە مامیەتیو تیایدا هاتووە "لەمێـــژووی نووســـینی ئەم نامەیەوە تا سێ هەفتە چاوەرێی پاشگەزبوونەوەو هەڵوەشانـــدنەوەی ئەو بریارە دەکەین، تۆبەش واجبە دوای هـــــەر گوناهێك، گەر پەشیمان نەبونەوە، ئیتر گلەیی مەکەن، هەر مەفسدەیەکتان هاتەرێ".


تەحسینی مەلا عەلی لە ئەفغانستان، یەکەم کەس لەلای چەپەوە

## "هیچ ریفۆرمێک ناتوانێت مەسعود بارزانی لەسەرۆکایەتی پارتی دووربخاتەوە"

◆ پ. دەستوور

عەتا قەرەداخی نووسەرو رووناکبیر لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت، هەتا ئەقلی شاخ حیزبی شار بەرێوەببات، ریفۆرم زەحمەت دەبێت لەو حیزبانەدا، دەربارەی نیەتی نێچیرڤان بارزانی بۆ ریفۆرمکردن لەناو پارتیدا، رایواپە کە ئەو ریفۆرمە تەنها لەدەرەوەی بنەماڵەی بارزانیدا دەبێت، پێشیوایە ئەوە تەنها هەولێکە بۆئەوەی سیمایەکی نوێ بەو حیزبە بدرێت.

لەبارەی هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ ریفۆرمکردن لەناو پارتیدا عەتا قەرەداغی وتی "ریفۆرم لەنێو پارتیدا مانای گۆرینی سەرکردایەتی حیزبو گۆرینی حیزب لەبری ئەوەی کە وەکو کۆبوونەوەیەك بێت لەدەوری بنەماڵەی بارزانی بۆ دامەزراوەیەك کە بتوانێت لەهەر چەند ساڵێکدا کۆنگرە ببەستێتو سەرۆكو سەرکردایەتی خۆی هەڵبژێرێتو چیتر بنەماڵەی بارزانی سەرۆكو بریاربەدەستی هەتا هەتایی ئەو حیزبە نەبن، بێگومان ئەوەش شتێکی مەحالە، بەڵام رەنگە هەندێ پینەو پەرۆ بکرێت بۆ جوانکردنی رووکەشی حیزب کە هیچ لەگەوهەرو ماهیەتی حیزب ناگۆرێت".

عەتا قەرەداغی دەڵێت ئەوەی کە کاك نێچیرڤان بارزانی سەبارەت بەمانەوەی سەرۆکی پارتی لەشوێنی خۆیدا تەنانەت ئەگەر هەر گۆرانکارییەك لەپێکهاتەی پارتیشدا بکرێت، ئەوە قسەیەکی راستو دروستەو "هیچ ریفۆرمێك ناتوانێت مەسعود بارزانی لەسەرۆکایەتی پارتی دووربخاتەوە.

... ل٦

## لیستی کوردستانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکـــــانی دواخســـت

◆ پ. دەستوور

سبەینێ تەمەنی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم کۆتایی پێدێت، بەرەی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، هەڵبژاردنی پارێزگاکان هێندە لەوادەی خۆی دوانەکەوێت، بەڵام لیستی دەسەڵات کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دواخست. هەرسێ لیستی ئۆپۆزسیۆن (گۆران، یەکگرتوو، کۆمەڵ) یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردوو تیایدا داوای دواخستنی پشووی رەسمی پەرلەمانیان کرد بۆ ماوەی (١٥) رۆژ بۆ یەکلاکردنەوەی کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەڵام لەبەرامبەر (٦٤) دەنگی نەیاردا ئەو داوایە شکستی هێنا.

کاوە عەبدوڵا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی رایگەیاند، لەکابینەی پێنجەمدا بەرەسمی داوای دیاریکردنی وادەیەکیان کردوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم.

لەمانگی تەمووزی ئەمساڵ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لەپەرلەماندا پەسەندکرا، لەمادەیەکی ئەو پرۆژەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە دەبێت تا (١٢\٣١)ی ئەمساڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامبدرێت.

عومەر عەبدولعەزیز سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو وتی "بەداخەوە لیستی دەسەڵات لەبەرامبەر (٣٣) دەنگی ئێمەدا بە(٦٤)دەنگی خۆی داواکەی رەتکردەوە".

... ل٥

## وەزیری پێشمەرگە: نابێت هیـــچ سەرکردەیەک هێـــزی تایبەتـــی هەبێـت

◆ پ. دەستوور

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، بوونی رێکخستنی حیزبە سیاسییەکان لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا بەپێویست دەزانێت، راشیدەگەیەنێت کە هیچ سەرکردەیەك نابێت هێزی تایبەت بەخۆی هەبێت.

شێخ جەعفەر لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات مادام لەکوردستاندا حکومەتو پەرلەمان هەیە، نابێت هیچ کەسێك لەتاکە کەسێکەوە تا هێزێك لەدەرەوەی یاسا بمێنێت، وتی "دەبێت هەمووی بچێتە ژێر یاسا، لەبەرئەوە نابێت هیچ سەرکردەیەك یان فەرماندەیەك، یان کەسێکی تر هێزی تایبەت بەخۆی هەبێت".

وتەکانی وەزیری پێشمەرگە لەکاتێکدایە کە سەرکردە سیاسییەکانی حیزبە کوردییەکان بەتایبەت یەکێتیو پارتی لیواو فەوجی تایبەتی پاراستنیان هەیە. وەزیری پێشمەرگە رایدەگەیەنێت کە هێزی پێشمەرگە شەری گەریلاکانی پەکەکە ناکات، دەڵێت "سیاسەتی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان دژی هەموو شەرێکی کورد بەکوردە، لەبەرئەوە بروامان نییە حکومەتی هەرێم یان سەرۆکایەتی هەرێم یاخود سەرکردایەتی سیاسی کورد بریارێك بدەین کە شەری کوردی بەشێك لەبەشەکانی کوردستان بکەین، بروامان بەوە هەیە چارەسەری کێشەکان لەرێی هێزەوە ناکرێت، دەبێت بەسیاسەتو دانیشتن بکرێت".

... ل٧

www.ararat-kurd.org

# هەڵبژاردن دەسەڵاتی کورد لەکەرکوک کەمدەکاتەوە

## هەموو لیژنەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك شکستیانهێناوە


هەڵبژاردن بووەتە قسەو باسی خەڵك

گۆران وەهاب

هەرچەندە لایەنی کوردستانی سوورن لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەکەرکوك، بەڵام ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکە دەڵێن لەهەڵبژاردندا پێگەی کورد لاواز دەبێتو ناتوانێت پۆستەکانی بەدەستبهێنێتەوە.

وادەی کارکردنی لیژنەی مادەی ٢٣ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆتاییهات بەبێ ئەوەی بگاتە هیچ ئەنجامێك، پێکهاتە سەرەکییەکانی شارەکەو عێراق کۆك نین لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکە.

لەمانگی یەکی ئەمساڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ١٤ پارێزگای عێراق بەڕێوەچوو، بەڵام لەکەرکوك دواخراً بەهۆی ناکۆکی لەسەر ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگاکەوە.

بەپێی مادەی ٢٣ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لیژنەیەکی ٧ کەسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پێکهاتەکانی شارەکە پێکهات بۆ لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ کێشەکانو دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردن، ١٢/٣١ ئەمسالیش دواکاتی کارکردنی لیژنەکەیە، بەڵام هێشتا نەگەیشتونەتە هیچ ئەنجامێك.

عەلی ساڵەیی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لەسەر لیستی برایەتی پێیوایە دەرکردنی مادەی ٢٣ لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی پارێزگای کەرکوكو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایە تەنها بۆ دژایەتی کورد بووە، "شکستهێنانی لیژنەی مادەی ٢٣ بۆ کورد مایەی سەرکەوتن بووە".

ناوبراو، وتیشی "لیژنەی مادەی ٢٣ تائێستا هیچ شتێکیان نەکردوە، بارودۆخەکە وەك خۆی ماوەتەوە، پێشتر چۆن بووە، ئێستاش بەهەمان شێوە، ئەو لیژنەیە هیچ کارێکی ئەوتۆی لەسەر بابەتەکە نەکردوە".

خالید شوانی ئەندامی لیژنەی مادەی ٢٣، دانبەوەدا دەنێت ئەو مادەیەی ئەوان کاریان لەسەردەکرد کە لەڕێیەوە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکی پێی ئەنجامبدرێت، شکستهێناوەو نەیانتوانیوە خاڵەکانی ناو مادەکە جێبەجێبکەن.

شوانی ئاماژە بەوەدەدات، ئێستا سیناریۆیەکی تریان لەبەردەماندایە بۆ دانانی ڕێگا چارەیەك بۆ هەڵبژادنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، ئەویش دانانی یاسایەکی تایبەتە وەك مادەی ٢٣ تاهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکی پێبکرێت، بەڵام ئێستا لەسەرەتاکانی ئەو یاسایەدانو سەرقاڵی نوسینەوەن، وتی "ئەو یاسایەش، یەکێك دەبێت لەو یاسایانەی کە زۆرترین گفتوگۆو ململانێی لەسەر دەکرێت، ئەگەر نەتوانرا ئەو یاسایە دەربکرێت، ئەوا دەبێت پەنا بۆ هەر سێ سەرۆکایەتیەکە ببرێت، تا ئەوان لەڕێی دانانی میکانیزمێکی گونجاوەوە چارەسەرێك بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایە دابنێنو بگەنە ئەنجام".

ئەندامەکەی لیستی برایەتی بێ هیوایی خۆی نیشاندا لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، لەهەمانکاتیشدا پێیوایە لەم قۆناغەدا ناتوانرێت هیچ شتێك لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە ئەنجامبدرێت، تاکۆتایی بەهەڵبژاردنی داهاتوی ئەنجومەنی نوێنەران نەهێنرێت، دەڵێت دەبێت تا پێنج مانگی تریش چاوەروان بن، چونکە ئەنجومەنی نوێنەرانو پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق تامانگەکانی پێنج یان شەشی ساڵی داهاتوو دەخایەنێت، دەبێت لەدوای ئەوەوە باس لەمەسەلەی کەرکوكو کێشەکانی بکرێت، "بەڵام کێشە لەوەدایە ئایا لەئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوی عێراقدا کورد چەند کورسی بەدەستدێنێتو سەنگی چۆن دەبێت، هەروەك پێشتر مادەی ٢٣ بەسەردا سەپاندین، ئەوکاتە چیتر بەرانبەرمان دەکەن".

بەبڕوای ڕۆژنامەنوس لەتیف فاتیح فەرەج، ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك تەنها "زوڵمێکە" لە خەڵکی ئەو شارە دەکرێت، دەڵێت هیچ بیانویەك بۆ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لەئێستادا بوونی نییە."لایەنەکان بوونی کێشەو ئەزمە لەکەرکوك دەکەنە بیانو بۆ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن، بەڵام مەسەلەکە بەو شێوەیە نیە، چونکە بارودۆخی ئێستای کەرکوك لە ساڵی ٢٠٠٥ زۆر لەبارترە".

لەتیف فاتیح وتی"بەهیچ شێوەیەك نەتەوەکانی پارێزگای کەرکوك دژی یەکتر نین، تەنها بەشێك لەبەرپرسانی حیزبە کوردیەکانو تورکمانەکانو عەرەبەکان دەیانەوێت کێشە لەبەردەم ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەو پارێزگایەدا دروستبکەن، ئەوەیش لەبەرخاتری مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان".

ئەو ڕۆژنامەنوسە ئاماژە بەوەدەدات، بەپێی ڕاپرسیەك کە لەلایەن لیژنەی داکۆکی لەکەرکوك ئەنجامدراوەو ئەو سەرۆکی بووە، تا ئێستا ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسیە بڵاونەکراوەتەوە، ٩٠٪ی خەڵکی کەرکوك داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوكو گۆڕینی ئەو دەموچاوانەیانکردوە، کە ئێستا ئیدارەی ئەو پارێزگایە بەڕێوەدەبەن.

محەمەد خەلیل، سەرۆکی کوتلەی عەرەبی لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، دەڵێت هەلومەرجی پارێزگای کەرکوك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن وەك ساڵی ٢٠٠٥ وایە، بەڵام بەهۆی ئەوەی تائێستا وردبینی لەتۆماری دەنگدەرانو ئەو ڕێوشوێنانەی لە مادەی ٢٣ی یاسای هەڵبژاردندا هاتووە هیچیان نەگیراونەتەبەر بۆیە باشترە مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ڕوبەڕووی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتو بکرێتەوە، وتیشی "تائێستا هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردنو ئەنجومەنی پارێزگا بەدەستی تەنیا پێکهاتەیەکەوەیە، تا ئەو کێشانە چارەسەرنەکرێنو داواکارییەکانمان جێبەجێنەکرێت، ئەوا هەر هەڵبژاردنێك بکرێت، هەمان ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥ی دەبێت، بۆیە باشترە ئەو مەسەلەیە بمێنێتەوەو لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتووەوە چارەسەربکرێت".

عەلی ساڵەیی، دانبەوەدادەنێت لەداهاتودا کورد لەشاری کەرکوك ناتوانێت ئەو دەسەڵاتانەی ئێستا هەیەتی وەك خۆی بمێنێتەوە، وتی "بەپێی بەراوردەکان، ئەو هەلەی لەدوای ڕوخانی ڕژێمەوە لەکەرکوك بۆ کورد هەڵکەوتو لەکۆی ٤٢ کورسی ٢٦ کورسی بەدەستهێنا، جارێکی تر ئەو هەلە بۆ کورد هەڵناکەوێتەوەو ناتوانێت ئەوەندە کورسی بەدەستبێنێتەوە".

بەرپرسانی ئیداری پارێزگای کەرکوکیش نیگەرانی خۆیان دەردەبرن کە چەندین جار داوایانکردوە کێشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك یەکلابکرێتەوە، تا هەڵبژاردنی تێدابکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنی ئەو پارێزگایە دراوەتە دەست لیژنەی مادەی ٢٣، نەتوانراوە لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، لەکاتێکدا ئەو لیژنەیەش لەکارەکانیدا شکستی هێناوە.

ڕزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، دەڵێت ماوەیەکی زۆرە داوامان لەبەرپرسانی سەروی خۆمان کردوە تاهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بکرێت، تەنانەت لەو کۆنگرەیەی تایبەت بەکەرکوك لەبەغدا بەسترا، ئەو مەسەلەیە باسکراوەو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو نوێنەری کوتلە سیاسیەکانیش ئەوەیان خستۆتەڕو کەپێویستە ئەو مەسەلەیە بەپێی یاسا تێپەڕێنرێت، وتیشی"بەهۆی ئەوەی لیژنە حەوت کەسیەکەی مادەی ٢٣ نەگەیشتنە ئەنجام، ئەو مەسەلەیە لەناو ئەنجومەنی نوێنەران یەکلابکرێتەوە، ئەگەر تاکۆتایی ئەمسالیش یەکلانەکرێتەوە دەچێتە لای دەستەی هەر سێ سەرۆکایەتیەکە".

جەمال شان سکرتێری حزبی نیشتمانی تورکمان لەکەرکوك، بەپێویستی دەزانێت وەك چۆن لەپارێزگاکانی تری عێراق، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدرا، بەهەمان شێوەش لەکەرکوك ئەنجامبدرێت، بەڵام تائێستا کێشەکانی لەوانەش دۆسیێی ڕاگوێزراوەکانو ناکۆکی خاوەندارێتیو زیادەڕەوییەکان چارەسەرنەکراوە، بۆیە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش ناکرێت، وتیشی "تەنانەت ئەو خێزانانەی هێنراونەتە ناو کەرکوك لەژمارەی دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە زیاترن".

ناوبراو، ڕوونیشیکردەوە لەبەرئەوەی نەتوانراوە مادەی ٢٣ جێبەجێبکرێت، پێویستە کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بۆ تەنیا خولێك بەرێژەیەکی یەکسان لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو پارێزگایەدا دابەشبکرێت، جا بەشێوەی ٣٢٪ بێت یان هەر شێوەیەکی تر بێت.

ڕزگار عەلی، تەئکید لەسەر شەرعیەتی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك دەکاتەوە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان وەك ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك تائێستاش بەپێی یاسا ٧١ی بریمەر کاردەکەنو لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشەوە کێشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

# مەفرەزەیەکی ئاسایش، مەلا عەلی کەڵەکو برایەکی دەستگیردەکەن

نەجات ئەحمەدلەهەولێر

مەلا عەلی کەڵەکو برایەکی کە بەرێگەی سروشتی چارەسەری نەخۆش دەکەن، لەلایەن مەفرەزەیەکی ئاسایشی کەلەکەوە دەستگیردەکرێنو بەرپرسێکی ئاسایشی هەولێریش، هۆکاری دەستگیرکردنەکەی بۆ نەبوونی مۆڵەتی تەندروستی دەگێڕێتەوە.

مەلا عەلی کەڵەك، چۆنیەتی دەستگیرکردنەکەی بۆ دەستوور گێڕایەوەو وتی"چەند ڕۆژێکە نەخۆشەکانم نانێرمە لای ئەو دوکانەی کە عیلاجەکانی بە نەخۆشەکان دەفرۆشتو نرخی شتەکانی لەگەڵ بازار دوو بەرامبەر بوون، ئەویش هەڕەشەی لێکردمو دواتر بەو جۆرە مەفرەزەیەکی ئاسایش هاتنە سەر ماڵمو ئەو خەلکەی کە بۆ چارەسەر هاتبوونە لام دەریانکردنو تائێوارە مەفرەزەکە لەبەردەم ماڵم مانەوەو دواتر لە بانگی مەغریبدا منو براکەمیان دەستگیرکرد، بەڵام منیان ئازادکردو براکەمیان لای خۆیان هێشتەوە کە سەرپەرشتی کارەکانمی دەکردو نەخۆشەکانی بۆ ڕێکدەخستم".

مەلا عەلی، وتیشی "دوای ئازادکردنم هاتمەوە ماڵەوە، کەچی دواتر یەکێکی تریان ناردبوو بە شێوێنمدا تا بچمەوە ئاسایش، بەڵام پێش گەیشتنی ئەوان پەیوەندییان بەمنەوە کردو منیش لەگەڵ منداڵەکانم ڕامانکردووەو ماڵمان چۆڵکردوە". محەمەد سەلیم بەڕێوەبەری نوسینگەی تایبەتی بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەرێم لەهەولێر، ئەو بیانووە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت"پەیوەندی بە نەبوونی مۆڵەتی تەندروستیو وەزارەتی ناوخۆوە هەیەو تا ئێستاش مۆڵەتی نیە بۆیە لێپێچینەوەی لەگەڵدا کراوە".

مەلا عەلی، ڕاشیگەیاند: چەندین جار داوایان لێکردووە کە ببێتە حیزبیو ڕەتیکردووەتەوەو تەنیا ویستویەتی یارمەتی خەڵك بدات.

مەلا عەلی، نیگەرانی خۆی لەوە دەربڕی، کە ئەو مەفەرەزەیە، هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیان پێنەبووە بۆ دەستگیرکردنیو تەنیا پێیانوتوە، کە ئەگەر دەتەوێت کێشەت بۆ دروست نەبێت، ئەوا نەخۆشەکانت بۆ لای هەمان دوکانی پێشتر بنێرەوە.

دەستوور، چەندین جار پەیوەندی بە ئاسایشی کەلەکەوە کرد، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکەیان نەدایەوە.

مەلا عەلی کەلەك، چەند ساڵێکە لەماڵەکەی خۆی لەشارۆچکەی کەلەکی نزیك هەولێر، هەموو جۆرە نەخۆشێك دەبینێت، کە لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانەوە ڕوویتێدەکەن، چارەسەریان بۆ دیاریدەکاتو چەند جارێك دەستگیرکراوە.

# گواستنەوەی دوو فیرقەی سەربازی بۆ کەرکوكو موسل ڕەتدەکرێتەوە

زانیار داقوقی

جەبار یاوەر ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێم، هەواڵی گواستنەوەی فرقەکانی ٦ بەغداو ١٠ی بەسرە بۆ ناوچە دابڕاوەکانی موسڵو کەرکوك بەدرۆدەخاتەوەو بەبێ بنەما وەسفی دەکات.

چەند ماڵپەرێکی کوردیو عیراقی بڵاویانکردەوە، کە بە فەرمانی نوری مالکی سەرۆك وەزیری عیراقو فەرماندەی گشتی هێزی چەکداری عیراق بڕیاردراوە، فرقەی شەش لەبەغداو فرقەی ١٠ لەبەسرە بۆ ناوچە دابڕاوەکانی موسڵو کەرکوك بگوازرێنەوە.

جەبار یاوەر، ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێم، بە دەستووری ڕاگەیاند: ئەو هەواڵە هیچ بنەمایەکی نیەو دوورە لەڕاستیەوە، چونکە فرقەکانی عیراق بەپێی جوگرافیای عیراق لەپارێزگاکاندا دابەشکراونو حکومەتی عیراقیش هێزێکی وا زۆری نیە تاوەکو شوێنی ئەو فرقانە بگرێتەوە. یاوەر، ڕونیشیکردەوە: هەر هێزێکی سەربازی ناوچەکەی خۆی بەجێبهێڵێت، بۆشایی لەو شوێنە دروستدەبێتو ناوچەکانی بەغداو بەسرەش لەخراپی بارودۆخی ئەمنیان پێویستیان بەهێزی زیاتر هەیەو بەپێچەوانەشەوە، کەرکوك یان ناوچە دابڕاوەکان ئارامترنو پێویستیان بەهێزی سەربازی زیاتر نیە. ئەندامێکی لیژنەی هێزە چەکدارەکان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیش بەدەستوری وت "لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەو هەواڵە نیەو دوای سەری ساڵ بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەو زانیاریانە لەپەرلەمان باس دەکەینو بەدواداچونی بۆ دەکەین".

سیروان کاکەیی، وتیشی"ناوچەکانی موسل لە١٠٠٪پێویستی بەهێزی سەربازی هەیە، بەوپێیەی موسل بووەتە مۆڵگای تیرۆریستانو لایەنگرانی بەعسو ڕێکخراوی قاعیدە، بەڵام بەهیچ جۆرێك ڕێگا نادەین هێزی سەربازی ڕەوانەی کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکان بکرێت، چونکە ئەو ناوچانە هەستیارنو بارودۆخی ئەمنیان ئارامە".


سێ سەربازی سوپای عێراق

# لەدادگاکەی کانی عاشقاندا، چەندین بەڵگەی گرنگ دەخرێتەروو

پ. دەستور– هەڵەبجە

ئەمڕۆ دانیشتنەکانی تایبەت بە دۆسیەی ڕاپەڕینی کانی عاشقانی هەڵەبجە بەسەرۆکایەتی عەبود مستەفا ئەلحەمامی دەستپێدەکاتەوەو بەوتەی سەرۆکی تیمی پارێزەرانی ئەو کەیسەش، چەندین دیکۆمێنتی بەهێزیان لەسەر ئەو دۆسیەیە کۆکردووەتەوەو بڕیارە لەو دانیشتنەدا وتەی چەند شاهیدێك وەربگیرێت.

سەرۆکی تیمی پارێزەرانی کەیسی ڕاپەڕینی کانی عاشقانی هەڵەبجە بۆ دەستوور وت "چەندین بەڵگەو دیکۆمێنتی تایبەتمان لەسەر ئەو کەیسە ئامادەکردووە کە وتەی عەلی حەسەن مەجیدی تێدایە لەسەر تێوەگلان بە بەشداریکردن لەخاپورکردنی ٤٠٠ خانوی گەڕەکی کانی عاشقانی هەڵەبجەو سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ١٣\٥\١٩٨٧، کەتیایدا نزیکەی ٧٠ کەس زیندەبەچاڵکران".

گۆرانی ئەدهەم، ئاماژەی بەوەشکرد: بڕیارە لەدانیشتنەکەدا وتەی شەش شاهیدحاڵ وەربگیرێتو دواتریش لیستی پارێزەرانی تۆمەتبارانو پارێزەرانی ڕاپەڕینی هەڵەبجەش وەردەگیرێتو چەند دانیشتنێکی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

ڕۆژی ٤/١١ی ئەمساڵ، یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەو کەیسە بەڕێوەچوو، کە عەلی حەسەن مەجید دیارترینیانە.

# لەساڵی نوێدا دامەزراندن دەکرێتەوە

❖ پ. دەستوور

بەرپرسانی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنن لە ساڵی نوێداو دوای پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەو رێکخستنەوەی میلاکات، دامەزراندن لە فەرمانگەکانی حکومەتدا دەکرێتەوە.

نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند دوای پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٠ لەپەرلەمانی کوردستان و دیاریکردنی میلاکی وەزارەتەکان، دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان دەستپێدەکاتەوە.

نوری عوسمان ئاماژەی بەوەدا دەمەزراندن مەرجدار دەبێت، وتی "دامەزراندن بەپێی پێداویستی وەزارەتەکان و پسپۆری دەبێت".

هەرچەندە بەرپرسانی حکومەت ناوبەناو رایدەگەیەنن کە دەرگای دامەزراندن دەکرێتەوە، بەڵام لەلایەن دەرچوانی زانکۆ رەخنەی ئەوەیان لێدەگیرێت کە دامەزراندن بە پێی واسیتەو تەزکیەی حیزبییە.

بەگوێرەی ئامارەکان، حکومەتی هەرێم نزیکەی ١٢٠٠ هەزار موچەخۆری هەیە کە زیاتر لە ٥٠٠ هەزاریان فەرمانبەرن، ئەوەش (٣٤٪)ی کۆی سەرجەم موچەخۆرانی هەموو عێراق پێکدەهێنێت.

# فەرمانبەرێک لە(یاریدەدەری تێبینەرەوە) دەکرێتە بەڕێوەبەر

❖ پ. دەستوور

بە فەرمانی سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانبەرێکی نوسینگەی سەعد خالد، وەزیری پێشووی هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان پلەکەی لەفەرمانبەری تێبینەرەوە بۆ بەڕێوەبەر بەرزدەکرێتەوەو سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانیش بەکارێکی یاسایی لەقەڵەمدەدات.

بەپێی نوسراوی ژمارە ٧٨٠٠ کە لە١٢/٧/٢٠٠٩دا دەرچووەو ئیمزای نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی بەسەرەوەیە، بڕیاردراوە بەگۆڕینی ناونیشانی (شەهلا عەلی مەحمود)، کە فەرمانبەری نوسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بووە، لەیاریدەدەری تێبینەر پلە/٧ مەرتەبە/١ بۆ بەڕێوەبەر پلە/٣مەرتەبە/١.

د.نوری عوسمان، ئەو بڕیارەی بە یاسایی وەسفکردو بەدەستووریشی وت "ئەوە لەدەسەڵاتی مندایەو هیچ کێشەیەکی یاسایشی تێدانییەو لەلایەن وەزارەتی داراییشەوە رەزامەندی لەسەر گۆڕینی ناونیشانەکەی و بەرزکردنەوەی پلەکەی دراوە".

سەرچاوەیەکی ئیداری کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وتی "گۆڕینی ئەو ناونیشانەو بەرزکردنەوەی پلەکەی ١٦ ساڵی دەوێت، موچەی ئەو فەرمانبەرەش ٢٩٦ هەزار دینار بووە، بەڵام لەگەڵ ئەو فەرمانە بووەتە ٦٢١ هەزار، لەگەڵ بڕوانامەکەی ٢٧٠ هەزار دێتە سەرموچەکەی، بەمەش موچەی ئەو فەرمانبەرە دەبێتە ٨٩١ هەزار دینار".

# کەسوکاری شەهیدانی شارەزوور، گلەیی لەشێوازی وەرگرتنی مووچە دەکەن

❖ کامەران کەریم لەشارەزور

کەسوکاری شەهیدانی سنوری قەزای شارەزوور نارەزایی خۆیان لەبارەی شوێنی موچە وەرگرتنەوە دەردەبڕن، بەڕێوەبەری گشتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکانی سلێمانیش، ئەو شوێنە بەکاتی دەزانێت و چاوەڕێی کردنەوەی بانکن لەو قەزایەدا.

کاژاو ئەمین کە خێزانی شەهیدەو دانیشتوی شارۆچکەی هەڵەبجەی تازەیە، نیگەرانی خۆی لەشوێنی وەرگرانی موچە دەربڕی و وتی "ئێمە لەکاتی وەرگرتنی موچەدا زۆر نارەحەت دەبین، چونکە شوێنەکەمان لەبنەرەتدا شوێنی خانەنشینەو لەهاویندا لەبەر گەرماو تەپوتۆزو بە زستانیش لەبەر سەرماو باران دەوەستین و بەهۆی ئەوەی شوێنەکەش لەناو ماڵاندایە زۆرجار روبەرووی قسەو نارەحەتی دەبینەوە، ئەمە کەی پاداشتدانەوەی کەسوکاری شەهیدانە؟".

فەهیمە مورادیش کە خێزانی شەهیدێکی خێڵی حەمەیە، دەڵێت "بەشەهیدبوونی کورو مێردو کەسی ئێمە، ئەم حکومەتە دامەزراوە کەچی دەڵێیت سواڵمان پێدەکەن، لەشوێنێکی زۆر نەگونجاودا موچە وەردەگرین، لەکاتێکدا دەبوو موچەی کەسوکاری شەهید لەپێش هەموو کەسێکەوەو لەشوێنێکی باشدا بدرایە نەك لەبینایەك کە لەرێگای خوا جێگایان کردوینەتەوە".

سەردار عەبدوڵڵا لێپرسراوی بنکەی شەهیدانی شارەزوور، هاوڕابوو لەگەڵ گلەیی و قسەی کەسوکاری شەهیدان و ئەوەشی وت "ئەم بنکەیە بۆ کارئاسانی کەسوکاری شەهیدان دانرا تا نەچنە هەڵەبجەی شەهید بۆ وەرگرتنی موچە، ئێمە ئێستا شەهیدانی یەکێتی و سوسیالست و شیوعیمان لایە، خۆ ئەگەر موچەی شەهیدانی پارتیش بخرێتە لامان، ئەوا کردنەوەی نوسینگەیەك و دروستکردنی بینایەکی گونجاو بۆ کاروباری شەهیدانی شارەزوور زۆر پێویستە".

عەبدولکەریم هەڵەدنی بەڕێوەبەری گشتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکانی سلێمانیش، بە دەستووری وت "بەشێوەیەکی کاتی ئەو بنکەیە کراوەتەوە تا ئەو کاتەی بانکی تیادا دادەمەزرێت، چونکە موچەی شەهیدا دەبێت لەلایەن بانکەوە بدرێت، بەڵام ئێستا بنکەی خانەنشینی موچە دابەشدەکات و ئێمە هەندێك کارمەندمان ناردوە تا هاوکارییان بکەن، چونکە نابێت ئێمە موچە دابەشبکەین، گەر بانك نەبوو ئەوا خانەنشین دابەشیدەکات".

بنکەی شەهیدانی شارەزور لەمانگی ١٠/٢٠٠٧ لەناو بینای خانەنشینی کراوەتەوەو موچەی (٣٧١) شەهیدی قەزای شارەزور دابەشدەکات.

# بینای شارەوانی سلێمانی تەواو نەکراوە

## یەك ملیار بۆ تێچونەکەیی و چوار مانگ بۆ ماوەکەی زیاددەکرێت



❖ بیلال جەعفەر – سلێمانی

پرۆژەی بینای نوێی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی کە دەبوو لەمانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا تەواوبکرایە، بەڵام شارەوانی سلێمانی چوار مانگی بۆ درێژکردووەتەوەو بڕی زیاتر لەیەك ملیار دیناریشی بۆ تێچوونی پرۆژەکە زیادکرووە.

عومەرمەحوی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بە دەستووری راگەیاند: بەهۆی گۆڕانکاری لەبەکارهێنانی کەرەستەی پێویستەکانی و دواکەوتنی لەئێرانەوە، پرۆژەکە دواکەوتووەو لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانیشیەوە چەند مانگێك بۆ ماوەی جێبەجێکردنەکەی درێژکراوەتەوەو ئەگەر جارێکی دیکە پرۆژەکە دوا بکەوێت، بەپێی یاسای بەڵێندەرایەتی عێراق غەرامە دەکرێت".

سەرپەرشتیاری پرۆژەکەش، ئاشکرایکرد: بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لەلایەن شارەوانیەوە بۆ پرۆژەکە کراوە، بودجەی پرۆژەکە زیاتر لەملیارێك دیناری بۆ زیادکراوە، کە پێشتر بڕی (١٧,٧٨٨,٧٧٢,٢٥٠) دینار بوەو ئێستا بووەتە (١٨,٨٨٧,٨٧٢,٧٧٠) دینار.

شیلان محەمەد عەلی، وتیشی "پرۆژەی بینای نوێی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی لە١٢-٧-٢٠٠٨ دەستپێکردووەو دەبوو لەمانگی یانزەی ئەمساڵدا تەواو بکرێت، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاری لەبەرکارهێنانی کەرەستەی بیناکە بەستایلێکی نوێتر، نزیکەی چوار مانگی تر درێژکرایەوەو بەوپێیەش دەبێت ١٧-٣-٢٠١٠ تەواوبکرێت.

پرۆژەی بینای نوێی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، لەساڵی ٢٠٠٣وە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەهۆی کێشەی نێوان وەزارەتی شارەوانی و کۆمپانیایەکی جێبەجێکارەوە، پرۆژەکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەستێنراو لەساڵی ٢٠٠٨وە، دووبارە دەست بەجێبەجێکردنی کرایەوە.

# یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەیەوێت باج بۆ هەموو قوتابیان دروستبکات

❖ فەرمان چۆمانی و عومەر چاوشین

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، داوا لەسەرجەم پەروەردەکانی سنوری دەسەڵاتی دەکات، هاوکاری نوێنەرێکی یەکێتی قوتابیان بکەن بەمەبەستی دروستکردنی باج بۆ هەموو قوتابیانی قوتابخانەو خوێندنگەکانی هەولێر. یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لەرۆژی ٢٢-١٠-٢٠٠٩ نوسراوێك بە ژمارە ٣٧٥ ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر دەکات و تیایدا داواکراوە کە هاوکاری (میدیا نەجمەدین)ی راسپێردراوی ناوەندی هەولێری یەکێتیەکە بکرێت بە مەبەستی دروستکردنی باج بۆ قوتابیان. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێریش، بە نوسراوی ژمارە ٢١٦٥٢ لەرۆژی ٢٤-١٠-٢٠٠٩، وەڵامی داواکارییەکەیانی داوەتەوەو ئاراستەی سەرجەم پەروەردەکانی سنوری دەسەڵاتی کردووە بە مەبەستی رێگەپێدان بە میدیا نەجمەدینی نوێنەری یەکێتی قوتابیان بۆ دروستکردنی باجی قوتابیان. بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر، دەستوور ویستی لێدوانی میدیا نەجمەدین وەربگرێت، بەڵام ناوبراو هیچ لێدوانێکی نەدا.

# لەشفرۆشێک ٦٠ کەس بەگرتن دەدات

❖ سەنگەر تاوەگۆزی

لەشفرۆشێك لەقەزای شارەزوور دەستگیردەکرێت و دوای لێکۆڵینەوەش دەردەکەوێت کە ژمارەیەکی زۆر لەکاسبکاران و گەنجانی هەڵەبجەی تازە تێوەگلاون. سەرچاوەیەك لەداگای لێکۆڵینەوەی قەزای شارەزووریش، راستی هەواڵەکەی سەلماندو بە دەستووری راگەیاند باندەکە ماوەی زیاتر لە ١٢ رۆژە دەستگیرکراون و لەئێستاشدا لێکۆڵینەوە بەردەوامەو پێدەچێت زیاتر لە٦٠ کەس لەم باندە تێوەگلابن، لەشفرۆشەکە، خەڵکی شارەزوورەو لەکاتی لێکۆڵینەوەشدا ئاماژەی بەوەکردووە، زۆرجار لەلایەن ئەو کەسانەوە بەزۆر دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەر. هاوڵاتیەکیش کە لەنزیکەوە ئاگاداری روداوەکەیەو نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بەدەستووری، وت "هەستمان بەو کارە کردبوو، بەڵام لەبەر رێزی دراوسێی و هاووڵاتیانی گەڕەکەکە، لایەنی پەیوەندیدارمان ئاگادارنەکردەوە، تا ئەوکاتەی لەلایەن یەکێك لەو کەسانەوە، تاوانەکە ئاشکراکراوە".

مولازم گۆران حسێن تۆفیق، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجەی شارەزووریش، راستی هەواڵەکەی سەلماندو وتی "ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە دەسەڵاتی سەرو خۆمەوە هەیە، بۆیە ناتوانم هیچ لێدوانێك بدەم".

دەستوور، پەیوەندیکرد پەدادوەر کاروان وریا عەلی دادوەری لێکۆڵینەوەی قەزای شارەزوور، بەڵام ئامادەنەبوو لێدوان بدات.




# لە سلێمانی، تاوان و رووداوی جۆراوجۆر پەرەدەسێنێت

❖ بیلال جەعفەر لەسلێمانی

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، لە١١ مانگی ئەمساڵدا، ٨٥٩٧ تاوان و روداوی جۆراوجۆر هەبون و لەدوانزە مانگەکەی ساڵی رابردووشدا، ٧٤٩٣ رووداو هەبون، بەوپێیەش، تا مانگی ١١ی ئەمساڵ، ١١٠٤ روداو زیادیکردووە، لەکاتێکدا لەم مانگەدا، زۆرترین حاڵەتی کوشتن و دزی و تەقەکردن لەخەڵك رویانداوەو لەم ئامارەدا نین.

عەمید نەجمەدین قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، هۆکاری زیادبونی روداوەکان بۆ زۆربونی دیاردەی چەك هەڵگرتن و کەمی بنکەکانی پۆلیس دەگێڕێتەوەو بۆ دەستووری رونکردەوە: زۆربەی ئەو حاڵەتانە پەیوەندییان بەوەوە هەیە کە هەڵگرتنی چەك لەسلێمانی زیادیکردووە، سەرباری زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و نەبوونی بنکەی پۆلیس لەزۆربەی گەڕەکەکاندا.

بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی سلێمانیش، پێیوایە ئەو روداوانە کێشەی کۆمەڵایەتین و هیچ پەیوەندییەکیان بە مەسەلەی ئەمنی و سیاسی و فکرییەوە نییەو بە دەستووریشی وت "هەموو ئەو جۆرە رووداوانە ئیدانە دەکەین و داوا لەهێزەکانی پۆلیس و ئاسایش دەکەین هەوڵەکانیان چڕتربکەنەوە بۆ کەمکردنەوەی رووداوە هەمەجۆرەکان و رێگەش بەو کەسانە نەدەن کە دەستیان هەیە لەتێکدانی ئارامی شارەکەو هەر گیروگرفتێکیان هەیە دەتوانن لەرێگەی دادگاو یاساوە یەکلایی بکەنەوە".

حاکم قادر حەمەجان، راشیگەیاند "دوێنێ لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسی سلێمانی گفتوگۆیانکردووە بۆ ئەوەی بەهاوبەشی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس، پلانی پێویست دابرێژن و لەساڵی داهاتودا روداوەکان کەمبکەنەوە".

ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی، سەرجەم روداوە جۆربەجۆرەکانی شارو قەزاو ناحییەکانی پارێزگای سلێمانی لەخۆدەگرێت.

# لەهەرێمی کوردستان هەڵبژاردن دوادەخرێت

## لیستی کوردستانی دژایەتی داواکاری لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان


سەرکردایەتی کورد لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا نییە

**پ. دەستور**

سبەینێ تەمەنی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم کۆتایی پێدێت، بەرەی ئۆپۆزیسسیۆن لەپەرلەمان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن هەڵبژاردنی پارێزگاکان هێندە لە وادەی خۆی دوانەکەوێت، بەڵام لیستی دەسەڵات کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دواخست.

هەرسێ لیستی ئۆپۆزیسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردوو تیایدا داوای دواخستنی پشوی رەسمی پەرلەمانیان کرد بۆ ماوەی (١٥) رۆژ، بۆئەوەی کۆتایی بەچەند مەسەلەیەکی گرنگ بێنن کە یەکێکیان یەکلاکردنەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بوو، بەڵام لەبەرامبەر (٦٤)دەنگی نەیاردا ئەو داوایە شکستیهێنا.

کاوە عەبدوڵا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات کە ماوەیەکی زۆرە ئەم ئەنجومەنانە دەست بەکار بوونو لە کابینەی پێنجەمیشدا بەرەسمی داوای دیاریکردنی وادەیەکیان کردووە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێمو بۆ ئەو مەبەستەش وەك ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم کردووە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێت وەڵام نەدراونەتەوە، کاوە وتی "ئێمە نوێنەری نزیکەی دوملیۆن خەڵکی ئەم پارێزگایەینو کە وەڵام نەدرێینەوە واتا وەڵامی هەموو ئەو خەڵکە نەدراوەتەوە".

بەگوتەی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی راکردن لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان، دیموکراسی هەرێمەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوەو ئەوە دەگەیەنێت کە دەسەڵاتی کوردی بڕوای بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نیە.

زیاتر ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیە کە پێداگری لەسەر دیاریکردنی وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەکاتو دوو پارێزگاکەی تر خۆیان لە مەسەلەکە بەدوور گرتوەو ئەنجومەنی سلێمانیش پێیان وایە کەجیاوازی لەنێوانیاندا هەیە لەروی بۆچوونیان بۆمەرکەزیەتو لامەرکەزیەتی پارێزگاکان.

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر دەڵێت "ئەوەکاری ئێمە نییە کە داوای هەڵبژاردن بکەینو ئەم دۆسیەیەش پەیوەندیدارە بەسەرکردایەتی سیاسی کوردەوەو دەبێت ئەوان بڕیاری لەبارەوە بدەن".

هادی ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەوان ئیشی خۆیان دەکەن و چاوەڕێ دەبن تا ئەو کاتەی بڕیار لەبارەی چارەنوسی پارێزگاکانەوە دەدرێت.

لە (٣١)کانونی دوومی (٢٠٠٩)دا بەپێی بڕیارێکی حکومەتی عێراقی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە (١٤)پارێزگای عێراق ئەنجامدرا، بەڵام ئەوکات حکومەتی هەرێم نەچوە ژێر باری هەڵبژاردنی سێ پارێزگاکەی هەرێمو پارێزگای کەرکوکیش نەخرایە بازنەی ململانێی هەڵبژاردنەکان لەبەر بارودۆخی تایبەتی خۆی.

هەربۆئەوەش کە هەرێم نەکەوێتە بۆشاییەکی دەستورییەوە سەرۆکایەتی هەرێم لەمانگی شوباتی رابردوو پرۆژە بڕیارێکی دەرکردوو تیایدا ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی درێژکردەوەو لەمانگی تەمووزی هەمان ساڵ پرۆژەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لە پەرلەماندا پەسەند کراو لە مادەیەکی ئەو پرۆژەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە "دەبێت تا (١٢\٣١)ی ئەمساڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت".

لەو بڕیارەدا ماوەی مانەوەی ئەنجومەنەکانی درێژ کراوەتەوە تا کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

ئارام جەمال بەڕێوەبەری پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن ئارام دەڵێت سەرکردایەتی سیاسی کورد لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەدا نین، بۆیە ئەنجام نادرێت.

وتی "ئەم برگەیە هێندە مەتاتیانە دانراوە دەتوانرێت تا چەند ساڵێکی تر هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێت لە کاتێکدا لەبنەڕەتدا بەو شێوەیە نیە".

"لە سبەینێوە بەرەسمی ئەنجومەنی پارێزگاکان شەرعیەتی خۆیان لە دەست دەدەن، لەکاتێکدا تائێستا هیچ وادەیەك بۆ ئەو مەبەستە دیاری نەکراوە" ئارام جەمال وتی.

سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ دەستوور وتی "بەپێی یاسا دەبوو لە (١٢\٣١) هەڵبژاردن ئەنجام بدرایە، بەڵام بەسود وەرگرتن لە برگەیەکی ئەو یاسایە کە دەڵێت: ئەنجومەنەکان دەست بەکاردەبن تا ئەو کاتەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت ماوەی کارکردنی ئەنجومەنەکانمان درێژ کردەوە".

راشیگەیاند: دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنەکان ئەرکی حکومەتە، بەڵام تائێستا ئەو وادەیە دیاری نەکراوە، دەکرێت ئاگادار بکرێتەوەو پێداچونەوە بەو مەسەلەیە بکرێت.

بەبۆچونی حەیدەری پەشێك لە هۆکاری سازنەدانی هەڵبژارنەکان بۆ ئەوەیە کە حکومەت چاوەڕێی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی عێراق دەکات.

عومەر عەبدولعەزیز سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو بۆ دەستور سەرسامی خۆی دەربڕی لەوەی کە بۆ دەسەلات نایەوێت هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.

وتی "یەکێك لەمەبەستەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی پەرلەمان بۆ ئەوەبوو کە لەم (١٥)رۆژەدا قسە لەسەر هەڵبژاردنی پارێزگاکان بکرێت لەپاڵ باسەکانی تردا، بەڵام بەداخەوە لیستی دەسەلات لەبەرامبەر (٣٣)دەنگی ئێمەدا بە(٦٤)دەنگی خۆی داواکەی رەتکردەوە".

ناوبراو رەتکردنەوەی داواکەیانی بەپاشەکشەی پەرلەمان وەسف کرد لەکارەکانیدا.

کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە، گەر حکومەتیش بڕیاری هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم بدات ئەوەندە کاتیان بەدەستەوەنەماوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی عێراقدا هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم ئەنجام بدەن.

سەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ دەستوور وتی"تائێستا بەرەسمی هیچ بڕیارێکیان پێ نەگەیشتوە لەسەر هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم، گەر بڕیاریش بۆ ئەو مەبەستە دەربچێت، هیچ کاتێك بەدەستەوە نەماوە".

# بودجەی حیزبەکان بەیاسایی دەکرێت

## لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکان دەنگدان بە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٠ دەبەستنەوە بەپەسەندکردنی یاسای بودجەی حیزبەکان

**پ. دەستوور**

لیستەکانی پەرلەمانی کوردستان پشتگیری پرۆژە یاسای دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان دەکەن، بۆ ئەوەی یارمەتییە داراییەکانی حیزبەکان بەیاسایی بکرێت.

شیروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ دەستوور دارشتنی یاسای تایبەت بە بودجەی حیزبەکان بەگرنگ لە قەڵەم دەدات، دەڵێت "لە ئێستادا هەموو حیزبەکان بودجەی تایبەتی خۆیان وەردەگرن، بەڵام بەشێوەیەکی هەرەمەکی بودجەکە دەدرێتو بە یاسایی نەکراوە، بۆیە پرۆژەکە بۆ ئەوەیە کە کۆتایی بەو مەسەلەیە بهێنرێت".

حەیدەری ئاماژەی بەوەشکرد کە لە هەموو دنیادا باشترین پێوەر بۆ تەرخانکردنی بودجە بەگوێرەی ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانە، بۆیە لەو پرۆژەیەشدا ئەوە بەهەند وەرگیراوە.

تەئکیدیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە بە هیچ شێوەیەك رێگە نادرێت کە هیچ حیزبو قەوارەیەکی سیاسی بەدەر لەو بودجەیەی کە بۆی دیاری دەکرێت، کۆمەکی مادی لە دەرەوە وەربگرێت.

هەرچەندە بەگوێرەی ئەم یاسایە بودجەی بەشێك لە حیزبەکان کەم دەکات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا مەرجی پەسەندکردنو دەنگدان بە بودجەی گشتی (٢٠١٠) دەبەستنەوە بە پەسەندکردنی یاسای بودجەی حیزبو قەوارەسیاسیەکان.

سەمیر سەلیم ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی یەکگرتوی ئیسلامی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "هەرلەزووەوە خواستی ئەوەمان هەبووە کە یاسای حیزبەکان بەیاسایی بکرێتو کۆتایی بەو شێوە هەرەمەکیە بهێنرێت کە لەماوەی رابردوودا بۆ دابینکردنی بوودجەی حیزبەکان هەبووە".

یەکگرتوی ئیسلامی کە لە خولی دووەمی پەرلەماندا خاوەنی (٩)کورسی پەرلەمان بوونو تائێستاش مانگانە بڕی (٤٥٠) ملیۆن دینار لە حکومەت وەردەگرن، بەڵام لەهەڵبژاردنەکەی تەموزی رابردوودا ژمارەی کورسیەکانیان دابەزی بۆ (٦) کورسی.

"گرنگ نیە بەلامانەوە کە بودجەکەمان کەم بکات، ئەوەی کە بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە کە بودجە بەیاسایی بکرێتو لە دەستی حیزبەکان دەربهێنرێتو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەگوێرەی ژمارەی کورسیەکان دابەش بکرێت" سەمیر سەلیم وتی.

زانا رەئوف مەنمی پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان لە لێدوانێکدا بۆ دەستوور بوونی پرۆژەیاسایەکی تایبەت بە بودجەی پارتو قەوارەسیاسیەکانی لە هەرکارێکی تر بە پێویست وەسف کرد، وتی"ئەمە هەنگاوێك دەبێت کە بەشێکی باشی بودجە کەپێشتر لە لایەن حیزبەکانەوە دەستی بەسەردادەگیراو بۆ حیزبەکان سەرف دەکرا بگەڕێتەوە خەزێنەی گشتی وڵات".

مەنمی پێشیوابوو کە بەیاساییکردنی بودجە رێگایەکیش دەبێت بۆ ئەوەی کە ئیتر حیزبەکان لەبری ئەوەی بیر لە کۆکردنەوەی ئەندام لە رێکخستندا بکەنەوە بیر لە کۆکردنەوەی دەنگدەر و لایەنگر بکەنەوە.

وتی "حیزبی واهەیە نەیتوانیوە بەشی کورسیەك دەنگ بۆ خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام مانگانە بودجەیەکی زۆرباشی بۆ تەرخانکراوە".

بەگوێرەی ئەو پرۆژەیەی کەئێستا لەبەر دەستی پەرلەماندایەو چاوەڕێی گەڕانەوەی دوا راپۆرتی حکومەت دەکات، بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمان مانگانە بڕی (٥٠–١٠٠) ملیۆن دینار دیاریکراوە، بەڵام هەر بەپێی یاساکە ئەوە دیاری کراوە کە نابێت ئەو بودجەیەی کە بۆ حیزبو قەوارە سیاسیەکان تەرخان دەکرێت بگاتە (٢٪) بودجەی گشتی وڵات.

لە خولی دوومی پەرلەماندا پرۆژەیاسایەکی تایبەت بە بودجەی حیزبەکان بە واژۆی (٥٧) پەرلەمانتار لە سەرجەم لیستەکان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراو بۆ ئەو مەبەستەش لە دانیشتنێکدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، بەڵام دواتر لەژێرفشاری چەند لایەنێکدا هەندێك لەو ئەندامانەی پەرلەمان کە واژۆی پرۆژەکەیان کردبوو لە پرۆژەکە پاشەکشەیان کرد، بەو شێوەیە یاسای بودجەی حیزبەکان دووچاری ئیفلیج بوون بوو.

بەڵام لەم خولەی پەرلەماندا هەریەکە لە لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی بەجیا دوو پرۆژەیان بۆ مەبەستی بەیاسایی کردنی بودجەی حیزبەکان ئامادەکردوو، بەهۆی لێك نزیکی هەردوو پرۆژەکەش لەسەر پێشنیاری هەردوولیژنەی یاساییو لیژنەی ناوخۆ هەردوو پرۆژەکە لێکدرانو لە ئێستاشدا چاوەڕێی دوا راپۆرتی حکومەت دەکەن بۆ ئەو مەبەستە.

کۆمەڵی ئیسلامیش کەئێستا خاوەنی چوار کورسی پەرمانن خۆیان بەخاوەنی پرۆژەی یاسای حیزبەکان دەزانن، ئاماژە بەوە دەکەن ئەوە حیزبەکەی ئەوان بوو کە بۆ یەکەمجار لە خولی دوەمی پەرلەماندا ئەو مەسەلەیەی لە پەرلەماندا وروژاند وەك زانا رۆستایی ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە وتی" بەهەموو شێوەیەك پشگیری ئەو پرۆژەیە دەکەین، بۆئەوەی بودجەی حیزبەکان لەژێر منەتو میزاجی پارتیو یەکێتی دەربچێت".

بەگوتەی رۆستایی ئەو شێوازە سەرفکردنەی بودجەی حیزبەکان کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەسەر سەربەخۆی بڕیاری سیاسیان لە ماوەی رابردوودا، " بۆیە دەبێت کۆتایی بەم دۆخە بهێنرێت".

بەڵام نازانرێت بودجەی حکومەت چەندەو دەتوانێت ئەو برە پارەیە بدات، ناشزانرێت کە ئەو ٧٥ ملیۆن دۆلارە لە یەکێتیو پارتی دەبڕێت، کە مانگانە بۆ خۆیانی دەبەن.

د.نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێك لەوبارەیەوە بدات، وتی "بودجەی حیزبەکان مەسەلەیەکی هەستیارەو ناکرێت لە ئێستادا قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەین، لە داهاتودا رەئی خۆمانی لەبارەوە دەردەبڕین".

یوسف محەمەد سادق مامۆستای زانستە رامیاریەکان بڕوای وایە پارتیو یەکێتی ناچارن کە بچنە ژێرباری یاسای بودجەی حیزبەکان، چونکە لە لایەك ئۆپۆزیسیۆنێك لە پەرلەماندایە کە( ١\٣)ی کورسیەکانیانی بەدەستە لە لایەکی تریش دەستەی نەزاهەی عێراقیش قبولی ئەوەناکات کە بەوشێوەیە مانگانە بڕی (٧٠)ملیۆن دۆلار لەرێژەی (١٧٪)ەکە و (١٠)ملیۆن دۆلاری تریش لە ئەمەریکیەکان وەربگرنو رەنگە ئەوان ئەمە بەئیختیلاس ئەژمار بکەن.

یوسف محەمەد وتی"دانانی ژمارەی کورسی بۆدیاریکردنی بودجەی حیزبەکان پێوەرێکی زۆر باشەو هۆکارێکە بۆ دەرکەوتنی ژیانی سیاسی تەندروستو سەربەخۆییان لەبریارو ئەرکدا".

تەئکیدیشی لەسەر ئەوەکردەوە کە لەهیچ حالەتێکدا پارتیو یەکێتی ناتوانن خۆیان لەیاسای بودجەی حیزبەکان بدزنەوە هەرچەندە ئەوەشیان بەدڵ نەبێت کە گۆڕان لەبەرامبەریاندا نزیکەی بودجەی ئەوان بەرێت.


بەیاساییکردنی بودجەی حیزبەکان لەبەرژەوەندی پرۆسەی سیاسیدایە

# کوردەکانی موسڵ نانبڕاو دەکرێن

## پەرلەمانی کوردستان زانیاری لەسەر بێبەشکردنی ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای موسڵ لەبودجە نییە


کوردەکانی موسڵ لەنێوان برایەتیو حەدبادا گیریان خواردووە

زانیار داقوقی

بەهۆی ناکۆکی نێوان لیستی حەدباو لیستی برایەتی نەینەواوە، هاوولاتیانی ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگاکە بونەتە قوربانی، بەهۆی برینی بودجەی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی لیستی برایەتی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە، کە لیستی حەدبا بەڕێوەیدەبات.

دەرمان خەتاری وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕاگەیاند، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای موسڵەوە بڕیاری لابردنی قایمقامی شەنگارو برینی بودجەی قەزاو ناحیە کوردنشینەکانی پارێزگاکەیان داوە.

وتەبێژی لیستی برایەتی ڕوونیکردوە کە ساڵی ٢٠٠٨یش لەو ٤٠ ملیار دینارەی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمو پارێزگاکانی کە بەر پارێزگای موسڵ کەوتووە، قەزا کوردییەکان بێبەشکراون، لەکاتێکدا قەزا عەرەبنشینەکان بودجەیان بۆ خەرجکراوە.

دەرمان خەتاری ئاماژەی بەوەدا ناوچە کوردنشینەکان تەنانەت لەدابەشکردنی دانەوێڵەش بێبەشکراون، وتی ماوەیەکە بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی موسڵ دانەوێڵە بەسەر جوتیارانی پارێزگاکەدا دابەش دەکات، بەڵام جوتیارانی کورد دانەوێڵەیان پێنەدراوە.

لیستی برایەتی نەینەوا لای ئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆکایەتی کۆمارو پەرلەمان سکاڵایان لەدژی لیستی حەدباو ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ کردووە، بەڵام هێشتا وەڵامیان نەدراوەتەوە، خەتاری وتی "بەرپرسانی کورد لەحکومەتی عێراق کەمتەرخەمن، هیچ کاریان بۆ کێشەکانی پارێزگاکە نەکردووە".

کێشەی نێوان لیستی برایەتی نەینەواو حەدبا لەپارێزگای موسڵ، دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقو پێکهێنانی ئەنجومەنو دابەشکردنی پۆستەکان هات، کاتێك لیستی حەدبا کە ١٩ کورسی هەیە، لیستی برایەتی کە ١٣ کورسی هەیە بێبەشکرد لە هەموو پۆستەکان.

لەکاردانەوەیەکدا لیستی برایەتی بایکۆتی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنەکەی کرد، دواتریش هەموو قەزا کوردییەکان پەیوەندییە ئیدارییەکانی خۆیان لەگەڵ پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ بری.

هەڵوێستی قەزا کوردییەکان، وایکردووە ئەنجومەنی پارێزگا بێبەشیان بکات لەبودجەو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، لەبەرامبەردا حکومەتی هەرێم چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری ئەنجامداوە لەو ناوچانە.

وتەبێژی لیستی برایەتی دەڵێت پرۆژەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ناوچە کوردنشینەکانی موسڵ کەمنو داوای هاوکاری بەرفراوانتر دەکات.

نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕاگەیاند، مەسعود بارزانی فەرمانی داوە ئەگەرهاتو ناوچەکوردنشینەکانی موسڵ لەلایەن لیستی حەدبا یاخود ئەنجومەنی پارێزگاوە لەبودجەی تایبەتی خۆیان بێبەشکران، ئەوا حکومەتی هەرێم بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکات.

نوری عوسمان وتی "وادیارە پلانی ئەوانیش لەساڵی نوێدا دەخەینە سەرحکومەتی هەرێم".

حاکم ڕزگار ئەمین ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە وەك پەرلەمان زانیاریمان لەسەر بێبەشکردنی ناوچە کوردنشیەنەکانی موسڵ نییە".

ڕزگار ئەمین دەڵێت، دەبێت حکومەتی ناوەندی لێکۆڵینەوە لەوکێشانە بکات".

هەرچەندە کورد لەهەموو ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی حکومەتی ناوەندیدا پێگەی هەیە، بەڵام هێشتا چەندین کێشە لەنێوان هەولێرو بەغداددا بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، کێشەی ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای موسڵیش زیادبوو بۆ سەر کێشەی هەڵپەسێراوەکانی کوردو حکومەتی مەرکەزی.

نوێنەرانی کورد لەپەرلەمانو دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەبەغداد بەکەمتەرخەم دادەنرێن لەئاست چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانەدا.

مەحمود عوسمان ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە وەك لیستی هاوپەیمانی کەمتەرخەمیمان بەرامبەر کێشەکانی موسڵ نەکردوە".

مەحمود عوسمان دەڵێت داوایان لەوەزارەتی دارایی عێراقی کردوە بەپێی پلانی ساڵانی پێشوو پارەکە بۆ ئەو قەزایانە تەرخان بکات، هەرچەندە هێشتا بودجەی ساڵی ٢٠١٠ ڕەوانەی پارێزگاکان نەکراوە.

"بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی موسڵ، داوامان لەئەنجومەنی وەزیران کردووە، بودجەی ناوچە کوردنشینەکان لەو پارێزگایە جیابکاتەوە"، مەحمود عوسمان وتی "ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو وەزارەتی دارایی بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکەیان داوە".

# لیستی کوردستانی، شکست بەداوایەکی ئۆپۆزیسیۆن دێنێت

## بەبێ پەسەندکردنی هیچ یاسایەك لەچوار مانگدا، پەرلەمان پشوودەدات

نەجات ئەحمەدو فەرهاد قادر

سەرباری ئەوەی ژمارەیەکی زۆر پرۆژەیاسا لەلایەن فراکسیۆنەکانی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمەوە، پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کراون، بەڵام تا ئێستا لەم خولەی پەرلەماندا کە ماوەی چوار مانگە دەستبەکارە، هیچ پرۆژەیاسایەك پەسەند نەکراوەو لەسەرەتای ساڵی نوێشەوە، پشووی پەرلەمان بۆ ماوەی دوو مانگ دەستپێدەکات.

### پەرلەمان پشوو دەدات

بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، مانگەکانی کانونی دووەمو شوباتی ساڵی ٢٠١٠، پشووی پەرلەمان دەبێت.

لەیاداشتێکدا کە پێشکەشی پەرلەمانیان کردبوو، هەر سێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن (گۆران، یەکگرتوو، کۆمەل) داوای درێژکردنەوەی ئەم خولەی پەرلەمانو دواخستنی پشووەکانیان کرد، بەڵام لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٩ی ئەم مانگەی پەرلەماندا، ئەو داوایە خرایە دەنگدانو بەزۆرینەی دەنگ شکستی هێناو بڕیاردرا پشووەکەی پەرلەمان دوانەخرێت.

سەمیر سەلیمی پەرلەمانتار لەسەر لیستی یەکگرتوو، ڕایگەیاند: بەپاساوی ئەوەی گەر گۆرانکارییەکی گرنگ هاتەپێش دەتوانرێت دانیشتنی نائاسایی ڕابگەیەنرێت، پەرلەمانتارانی لیستی کوردستانی بەزۆرینەی دەنگ پشووی پەرلەمانیان وەك خۆی پەسەندکرد.

ئەو پەرلەمانتارەی یەکگرتوو، وتی "داوامانکرد ١٥ ڕۆژی یەکەمی پشووی پەرلەمان درێژە بەکۆبونەوەکانی پەرلەمان بدرێتو پشوو تەنها (٤٥) ڕۆژبێت، بۆ ئەوەی پرۆژەیاسای بودجە بچێتە پەرلەمانو قسەی لەسەربکرێتو لەبەر بەرژەوەندی هاوولاتیان بڕیاری لەسەربدرایەو پەسەندبکرایە".

سەباح بەرزنجی، پەرلەمانتار لەفراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیش، دەڵێت "پێمانوابوو دەکرا لەماوەی ئەو دوو هەفتەدا، هەندێك لەو پرۆژەیاسایانە خوێندنەوەی کۆتاییان بۆ بکرێتو ببن بەیاسا کە ئەوە ویستی جەماوەرێکی زۆرەو ئێمەش بەئەرکی خۆمان زانیوە داوای ئەو درێژکردنەوەیە بکەین تا پەنا بۆ دانیشتنی نائاسایی نەبەین، چونکە لەدانیشتنە نائاساییەکاندا ئامادەبوونی سەرجەم پەرلەمانتارانو هێنانی دەنگی یاسایی شتێکی زەحمەتە".

بەپێچەوانەی هەر سێ فراکسیۆنەکەی تر، فراکسیۆنی کوردستانی، جەخت لەسەر کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان لەکاتی پێویستدا دەکاتەوەو ئەو پشووە بەمافی پەرلەمانو پەرلەمانتار دەزانن.

ڕەفیق سابیر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنەکە، دەڵێت "بەپێی یاسا، پەرلەمانی هەموو جیهان پشووی خۆیان هەیەو تەنها لەکاتە زۆر پێویستەکاندا پەرلەمان دەتوانێت کۆبوونەوەی نائاسایی خۆی ببەستێت، جگەلەوەی لەکاتی پشوودا لیژنەکان کۆبوونەوەکانی خۆیان ئەنجامدەدەن".

### لەچوار مانگدا، هیچی نەکرد

ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر پرۆژەیاسای خولی پێشوو لەم خولەی سەرۆکایەتی پەرلەماندایە، بەڵام لەماوەی چوار مانگی یەکەمی کارکردنیدا، خولی سێیەمی پەرلەمان هیچ پرۆژەیەکی پەسەندنەکرد.

تارق جەوهەر سارمەمی ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەسەر زۆری ژمارەی پڕۆژەکان دەکاتەوەو ئەوەش دەڵێت "تا ئێستا نەتوانراوە هیچ کام لەپرۆژەکان گفتوگۆی لەسەربکرێت، چونکە لیژنەی یاسایی ڕێکدەخرێنو دواتر دەدرێنە سەرۆکایەتی پەرلەمانو دەخرێتە بەرنامەی کارەوە".

زانا ڕەئوف، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆرانیش، پەسەندنەکردنی پرۆژ یاساکان بەکەمتەرخەمی وەسف دەکاتو وتیشی "هەموومان لەم کەمتەرخەمیەدا هاوبەشین، چونکە چوارمانگە ئێمە لە پەرلەمان کاردەکەین تا ئێستا ئەوەی کرابێت لەپەرلەمان لەڕوانگەی یاساکانەوە، هەموارکردنی مادەیەك بووە".

زانا، پەسەندنەکردنی یاساکان، بۆ چەند کێشەیەك دەگێڕێتەوەو دەڵێت "ڕەنگە بەشێکی پەیوەندەی بەدرەنگ دەستبەکاربونی لیژنەکانی پەرلەمانەوە بوبێت یان هەبونی بیروڕاجیاوازەکان وایکردوە کۆدەنگیەك لەسەر زۆرێك لەخاڵەکان نەبێتو ئەمانەش وایانکردووە سستیەك لەکارەکانیدا ڕوودات".

### پەرلەمان، گۆڕەپانی پڕۆژەی ١٠ ئەندامییە

بەبەراورد بەخولی دووەم، لەم خولەی پەرلەماندا پرۆژەیاسا زیادیکردووەو سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش، دەڵێت "پەرلەمان بۆتە گۆڕەپانی پرۆژەی ١٠ ئەندامی".

شیروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ئاماژەی بەزۆری پرۆژەکان کردو ئۆپۆزسیۆنیشی بەهۆکاری زۆری ئەو پرۆژانە وەسفکردو ڕاشیگەیاند: ئێستا هەر لەناکاو ١٠ ئەندام پەرلەمان، پرۆژەیەك پێشکەش دەکەن کە لەخولی پێشتردا بەوشێوەیە نەبووەو تەنیا لەکاتی پێویستدا ئەندامان ئەو جۆرە پرۆژانەیان پێشکەشدەکرد.

حەیدەری کە ئەندامی پەرلەمانە لەسەر فراکسیۆنی کوردستانی، ئاماژەی بەچەند پرۆژەیاسایەك کرد کەلەلایەن فراکسیۆنەکانی گۆڕانو کوردستانیەوە پێشکەشکراون، دەڵێت "زۆربەی پرۆژەکان، پرۆژەی حکومەت بوون بۆ خولی دووەمی پەرلەمان، بەڵام ئەوکات نەتوانرا کاری لەسەربکەین، بۆیە ماونەتەوە بۆ ئەم خولە".

لەبارەی ئەو پرۆژەیاسایانەی کە لەیەکدەچنو هاوشێوەی یەکترن، زانا ڕەئوف، دەڵێت "دەبێت سەرەتا سەیری ئەوە بکەین کە ئەو دوو پرۆژەیاسایە، خاڵە هاوبەشەکانیان ڕێکبخرێتو ئینجا لەلیژنەی یاساییەوە بخرێتەڕوو دواتریش لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە گفتوگۆی لەسەربکرێتو سەرەنجام دەبێنە خاوەن پرۆژەیەکی دەوڵەمەند".

بەبڕوای شیروان حەیدەریش، ئەوەی کاری ئەم خولەی پەرلەمان لەگەڵ خولی پێشتر جیادەکاتەوە، هەبوونی دوو پرۆژەیە لەسەر یەك بابەت کە لەخولی پێشتر ئەوە نەبووە.

### کام پڕۆژانە گرنگیان پێدەدرێت

بەپێی یاسا، لەلایەن هەریەکە لەفراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانو لیژنەی یاسایی وەزارەتەکانو ئەنجومەنی وەزیران، پرۆژەیاسا پێشکەشدەکرێن، بەڵام کامانەیان سەنگینترو گرنگترنو لەڕیزبەندیدا دەخرێنە پێشەوە؟

زانا ڕەئوفی پەرلەمانتار، پێیوایە، ئەو پرۆژانەی لەلایەن حکومەتەوە پێشکەشدەکرێن سەنگیان زیاترەو گرنگترنو ڕوونیشیکردەوە: ئەو پرۆژانەی لەلایەن لیژنەی یاسایی وەزارەتێکەوە یان لەئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیاردەکرێن، دواتر دەدرێن بەلیژنەی شورای هەرێم، گرنگیەکەی لەوەدایە کە دواجار حکومەت خۆی جێبەجێکاری پرۆژەکە دەبێتو بەوپێیەش پرۆژەکانی حکومەت گرنگترن.

ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی پەرلەمانیش، ئەوەی ڕەتکردەوە کەمیزاجی کەسو فراکسیۆنەکان، کاریگەری لەسەر ڕیزبەندی پرۆژەکان هەبێتو ئاماژەی بەوەشکرد: ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندیان بەژیانی ڕۆژانەی خەڵكو بەدەزگاکانی حکومەتەوە هەیە یان ئەوانەی پەیوەندی بەهەموارکردنی یاساوە هەیە، لەئەوەلیاتی بەرنامەی کاری پەرلەمانو سەرۆکایەتی پەرلەمان بەڕاوێژ لەگەڵ فراکسیۆنەکان دەیانخەنە بەرنامەی کارەوە.

زانا ڕەئوف، بەتەنیا دەرکردنی یاساو شەری پێشکەشکردنی پرۆژەیاسا بەگرنگ نازانێو چۆنیەتی جێبەجێکردنەکەی لەلا گرنگترەو لەوبارەیەوە، دەڵێت "خۆ لەکابینەی پێنجەمو خولی پێشتر، کۆمەڵێك پرۆژەیاسای زۆر باشیش هەبووە، بەڵام میکانزمی جێبەجێکردنەکانیان باش نەبوونو هەروا ماونەتەوە، بۆیە بەشێك لەکاری ئەندامی پەرلەمان چاودێریکردنی ئەدای حکومەتە".


پەرلەمان، پشوودانی لەپەسەندکردنی یاساکان لەلا گرنگترە

# "پێشمەرگە شەڕی پەکەکە ناکات"

## شێخ جەعفەر شێخ مستەفا وەزیری پێشمەرگە بۆ دەستوور

سازدانی: گۆران وەهاب

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا، باس لەوە دەکات دەسەڵاتدارانی عێراق، پێیانخۆش نییە هێزی پێشمەرگە هەبێت، "مالکی نایەوێت چارەسەری کێشەی پێشمەرگە بکات"، هەروەك بونی رێکخستنی حزبە سیاسیەکان لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا بەپێویست دەزانێت بۆ هۆشیارکردنەوەیانو ئاماژەش بەوە دەکات، کە جۆری چەکی پێشمەرگە بەرێکەوتن لەگەڵ عێراق دیاریدەکرێت.

**دەستوور:** سەرەتا لەو پرسیارەوە دەستپێدەکەین، ئایا ئەو هێزی پێشمەرگەیەی ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، هێزێکی نیزامییە؟ گەر نیزامیە، لەچوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدایە؟

**شێخ جەعفەر:** ئەو هێزەی تا ئەمرۆ لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، هەمووی نەکەوتۆتە ژێر هەیبەتی وەزارەتی پێشمەرگەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگە لەکوردستاندا هێزێکی نیزامیەو ناسراوە، هێزێکە مێژوویەکی لەخەباتو تێکۆشان هەیە، بەپێی دەستووری عێراقیش، هێزی پێشمەرگە، هێزێکی شەرعیو یاساییە.

**دەستوور:** بۆچی تائێستا ئەو هێزە، یەکنەخراوەو نەخراوەتە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگە، لەکاتێکدا وەزارەتێکی حکومەتی هەرێمە؟

**شێخ جەعفەر:** هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئێمە لەسەرەتای یەکەم خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لەساڵی ١٩٩٢، هێزی پێشمەرگەمان لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا یەکخستەوە لەژێر یەك سەرکردایەتیدا، ئەوکاتە سەرکەوتنێکی زۆرباشمان بەدەستهێنا، بەڵام بەداخەوە، شەری ناوخۆ کە لەهەرێمی کوردستاندا رویدا، بوو بەهۆی لێکترازاندنی هێزی پێشمەرگە لەیەکتریو وایکرد جارێکی تر ئەو هێزانە بگەڕێنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی حیزبەکان، ئەوەش ماوەیەکی زۆری خایاندو روداوی ناخۆشی لێکەوتەوە، لەدوای ئەوەی ئیدارەی هەرێمیش بووە دوو ئیدارە، وەزارەتی پێشمەرگە بوو بەدوو وەزارەت، دوای پێکهێنانی کابینەی پێنجەمیش کە وەزارەتەکان یەکیانگرتەوە یەکێك لەو وەزارەتانەی مایەوە وەزارەتی پێشمەرگە بوو، بەڵام لەچەند مانگی پێشوتردا یەکیگرتەوە، ئێستا کار لەسەر ئەوەدەکەین کە ئەو هێزی پێشمەرگەی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، هەمووی ببێتە ژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەو لەوێوە مەشقبکاتو هەموو پێداویستیەکانی بۆ دابینکرێتو وەك هەموو هێزێکی نیزامی کە لەدنیادا هەیە، هیچ هێزێك لەدەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە نەمێنێت.

**دەستوور:** لەساڵی ١٩٩٣دا، کاتێك یاسای حیزبەکان دەرچوو، لەخاڵێکدا ئاماژە بەوەکراوە دەبێت سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە بگەرێتەوە ژێر دەسەڵاتی ئەو وەزارەتە، بەڵام تائێستاش بەشی هەرەزۆری حیزبەکانی کوردستان هێزی پێشمەرگەیان هەیە، بۆچی لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا کار بۆ گەراندنەوەی ئەو هێزانە نەکراوە، بەتایبەت لەکابینەی پێشوشدا وەزارەتی پێشمەرگە هەبوو؟

**شێخ جەعفەر:** لێکترازانی هێزی پێشمەرگەو دروستبوونی شەری ناوخۆ وایکرد، بەڵام ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە ئامادەیە بۆ ئەوەی سەرجەم هێزی پێشمەرگەی حیزبەکان وەربگرێتەوە، لەبەرئەوەی هەنگاوی باشماننناوە، لەوانەش دەرچونی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە، کە خانەنشینو کەمئەندامانو ریزلێنانی پێشمەرگە دەگرێتەوە، ئەم یاسایە هەنگاوی باشە بۆ رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، پێموایە ئێستا هیچ حیزبێك لەکوردستاندا بە یەکێتیو پارتیشەوە نەیاری ئەوەنین کە هێزی پێشمەرگە یەکبگرێتەوە، چونکە ئێستا خاوەنی حکومەتو پەرلەمانین، بۆ ئەم حکومەتو پەرلەمانەش، پێویستیمان بەهێزێکی یەکگرتوی پێشمەرگە هەیە، ئێمە کێشەی ترمان هەیە کە هێزی پێشمەرگە یەکینەگرتۆتەوە، لەوانە: کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمو بەغدا، نەبوونی بودجە، کە لەبنەرەتدا دەبێت بودجەی هێزی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە دابینبکرێت، لەبەرئەوەی پێشمەرگە بەشێکە لەسیستمی بەرگری عێراقی، هەرچەندە لەبودجەی چەند ساڵی رابردوی عێراقدا ئەوە جێگیرکراوە، بەڵام عێراق ئەوەی جێبەجێنەکردوە، ئەوەی ئەمرۆ دەیبینم سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەنگاوی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە دەنێت بۆ هێزێکی نیزامی.

**دەستوور:** تائێستا یەکێتی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی هەیە، کە مام جەلال سەرۆکایەتی دەکات، پارتیش فەرماندەیی لەشکری کوردستانی هەیە کە مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، لەهەمان کاتیشدا مەسعود بارزانی کە سەرۆکی هەرێمیشە سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە، بۆچی تەنها یەك کەس سەرپەرشتی هێزی چەکداری هەرێم نەکات؟

**شێخ جەعفەر:** بەپێی یاسا، لەهەرێمی کوردستاندا، فەرماندەییەکی گشتیمان هەیە، کە ئەو فەرماندەییەش سەرۆکی هەرێم سەرۆکایەتی دەکات، کاك کۆسرەتیش کە جێگری سەرۆکی هەرێمی جێگری فەرماندەیی گشتییە، لەگەڵ چەند ئەندامێکی تردا، هەر ئەوە نییە بەتەنیا هێزەکانی یەکێتیو پارتی ئەگەر ئەرکێك بێتە پێشەوە جێبەجێبیکەین، بەڵکو بەهاوبەشی لەسەرتاسەری ناوچە جێناکۆکەکاندا هێزی هاوبەشمان هەیە، هەر مەترسیەکیش روبکاتە هەرێم بریار لەو فەرماندەییە گشتیەوە وەردەگیرێت، هەر ئەو سەرکردایەتی ئەو هێزەی پێشمەرگە دەکات تا ئەو کاتەی دەکەوێتە ژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەوە.

> بوونی رێکخستن بۆ وشیارکردنەوەی هێزی پێشمەرگە پێویستە

**دەستوور:** تائێستا بەغداد ئامادەنییە، بودجەی هێزی پێشمەرگە بدات، ئایا هۆکارەکان چین، مەسەلەی ژمارەی پێشمەرگەیە، یان لەسەر بودجەکەیە؟

**شێخ جەعفەر:** پێموایە هیچ شتێك لەوانە کێشە نییە، ئەگەر نیەتی پاك لەمەسەلەکاندا هەبێت، چونکە هێزی پێشمەرگە بەشێکە لەسیستمی بەرگری نیشتیمانی عێراقی، بونی هێزی پێشمەرگەو بەهێز بونی، پشتیوانییەکی گەورەیە بۆ سوپای عێراق، هێزێکیشە لەسەرتاسەری عێراقدا لەکاتی روودانی هەر کارەساتێکدا کە پێویست بێت، یارمەتیدەری سوپای عێراقە دەبێتو وەك ئەوان لەسەنگەردا دەبێت بۆ روبەروبونەوە، بەڵام لەراستیدا ئەو دەسەڵاتانەی ئێستا لەعێراقدا هەیە پێیانخۆش نییە هێزی پێشمەرگە هەبێت، ئەگینا کێشەکان لەسەر بودجەو ژمارەی هێزەکە نییە، خۆ نەمانوتوە کە ١٠٠ هەزار پێشمەرگەمان هەیە کەمتر نەبێتەوە، هەمیشە باسمان لە باری ئەمنی ناوچەکە کردوە، چونکە ئەگەر باری ئەمنی لەهەرێم خراپ بێتو پێویستیمان بەژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە هەبێت، دەبێت ئامادەی بکەین، لەکاتێکدا لەهیچ لایەکەوە مەترسی لەسەر عێراقو هەرێمی کوردستان نەبێت ئەوکاتە ژمارەی هێزی پێشمەرگەر کەمبکەینەوە بۆ ئەو ژمارەیەی پێویست دەکات، ئێستاش ئەوانەی لەحکومرانیدان بەبیرێکی تەسك تەماشای بابەتەکان دەکەن، وتوشمانە هەرکاتێك عێراق داوای هێزی پێشمەرگەی لەهەرێمکرد، ئەوکاتە هێزی پێشمەرگە تا بەسرەش دەروات، تەنانەت دەچێتە ژێر فەرمانی قیادەی ئەو ناوچەیەی لێیدەبێت.

**دەستوور:** نوری مالکی کە سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، ئایا ئەو رێگربووە لەچارەسەکردنی هێزی پێشمەرگە؟

**شێخ جەعفەر:** ئەو بریارانە لەلایەن مالکیەوە دەردەچێت، چونکە ئەمرۆ ئەو سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، ئەگەر بیویستبایە چارەسەری کێشەی پێشمەرگە زۆر بەئاسانی دەکرا، کۆبونەی زۆرمان لەگەڵ لایەنی عێراقیکردوە، لەسەر زۆر شتیش رێکەوتوین، لەوانەش ژمارەی پێشمەرگەو بودجە، مالکی خۆی بەڵێنی بەسەرۆکی هەرێمدابوو، تا بەپێی یاسا مافەکانیان بۆ دیاریبکرێت، بەڵام دوای کۆبونەوەکان ئەوان لەبریارەکانی خۆیان پاشگەزدەبنەوە، هیچ هەنگاوێك بۆ چارەسەری کێشەکانمان نانێن.



شێخ جەعفەر شێخ مستەفا

**دەستوور:** یەکێك لەو مەسەلانەی پەیوەندیان بەبەغداوە هەیە کرینی چەکە لەلایەن وەزاەتی پێشمەرگەوە، ئەمسالیش باس لەکرینی چەك کرا لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە، ئایا بەغداد چەکتان پێدەدات، یان بۆ خۆتان لەوڵاتانی تر دەیکرن؟

**شێخ جەعفەر:** تائێستا هیچ جۆرە چەکێکمان لەهیچ جێگاو شوێنێك نەکریوە، ئەوەش پەیوەندی بەبودجەوە هەیە، چونکە کە بودجەت نەبوو بەچی چەك دەکریت، نەبوونی بودجە وایکردوە نەتوانین چەکی نوێ بۆ هێزی پێشمەرگە بکرین، لەبەر بوونی هێزی پێشمەرگە لەناو دەستووری عێراقدا پێویستە لەگەڵ عێراقیەکاندا رێبکەوین لەسەر ئەوەی ئایا ئەم هێزە چ جۆرە چەکێکی پێبێت، چونکە ئەرکەکانی هێزی پێشمەرگە دیارە، پێویستیش ناکات هەندێك چەکی قورس هەیە هێزی پێشمەرگە هەیبێت، لەوانە فرۆکەی جەنگی دەبێت لەسوپای مەرکەزیدا هەبێت، فرۆکەی هێلیکۆپتەرو دەبابەی بچوكو هەندێك جۆری تری چەك دەبێت لەگەڵ عێراقدا بەرێکەوتن بکەین، چونکە ناکرێت ئەو چەکەی بەهێزی پێشمەرگەیە وەك چەکی هێزی ناوخۆ بێت، لەبەرئەوەی ئەرکەکانیان جیاوازە، لەهەمانکاتشیدا ناکرێت وەك چەکی سوپای مەرکەزی بێت، تائێستاش نە لەبەغدا، نە لەهیچ شوێنێکی تر چەکمان وەرنەگرتوەو نەکریوە.

> پێویستە لەگەڵ عێراقیەکاندا رێبکەوین لەسەر ئەوەی ئایا هێزی پێشمەرگە چ جۆرە چەکێکی پێبێت

**دەستوور:** ئەو هێزی پێشمەرگەیەی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، هەریەکەو جۆرە موچەیەکی جیاواز وەردەگرێت، لەکاتێکدا هێزی پێشمەرگە هێزی پاراستنی هەرێمە، بەڵام موچەی هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ زیاترە، بۆچی موچەی هێزی پێشمەرگە لەیەك سیستمدا رێکنەخراوە؟

**شێخ جەعفەر:** خۆی ئەوە راستە، لەبەرئەوەی هەموو حیزبێك هێزی پێشمەرگەی خۆی هەیە، ئەو هێزانەش لەلایەن حیزبەکانەوە بەهەر رێگایەك بووبێت موچەی پێدراوە، کاتێك دەوترێت مووچە، پێویستە بەیاساو رێنمایی رێکبخرێت، لەبەرئەوەی ئەو هێزانە تائێستا نەهاتونەتە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەوە، تا یاساکانی وەزارەتی لەسەر جێبەجێبکرێت، بۆیە هەر حیزبەو بە مەبلەغێکی دیاریکراو، یارمەتی هێزی پێشمەرگەی خۆیداوە، بەڵام ئەو هێزەی لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتدایە بەیاسا موچە وەردەگرێت، ئێستا لیژنەیەك لەوەزارەتی پێشمەرگەو داراییو نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنراوەو لەگفتوگۆدان تا شتێکی گونجاو بکەین، کە بگونجێت لەگەڵ موچەی سەربازێکی سوپای عێراقدا، تا موچەیەکی مەعقول دابینبکەینو لەگەڵ ژیانی پێشمەرگەدا بگونجێت، کاتێك بریاریشدرا هەموو ئەو هێزی پێشمەرگەی هەیە، ئەو موچەیە وەردەگرن.

**دەستوور:** لەپلینیۆمدا، یەکێتی بریاریدا هێزی پێشمەرگەی لە دوو میحوەردا یەکبخات، لەسنوری سلێمانی مەحمود سەنگاوی سەرپەرشتی بکات، لەسنوری هەولێریش بورهانی سەعید سۆفی، ئەمە لەگەڵ یاساو سیستمی وەزارەتی پێشمەرگەدا گونجاوە؟

**شێخ جەعفەر:** ئەوە لەپلنیۆمدا بریاری لێنەدراوە، لەپێش پلنیۆمدا بریاری لێدراوە، ئەوە دەسەڵاتی فەرماندەیی گشتییە، لەهەندێکجاردا کە پێویست دەکات چەند میحوەرێك دروستبکرێت، هەندێك لەو برادەرانەی شارەزاییان هەیەو سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگەیان کردوە، ئەوەش شتێکی کاتییە، پێموانیە هەمیشەیی بێت، تەنها بۆ رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو وشیارکردنەوەی ئەو هێزەیە تا ئامادەبکرێت بۆ یەکگرتنەوەی لەگەڵ سەرجەم هێزەکانی ترداو خستنە ژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەوە.

**دەستوور:** لەسنوری یەکێتیدا مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگە هەیەو سەرپەرشتی رێکخستنی هێزی پێشمەرگە دەکات، بەهەمان شێوەش لەسنوری پارتیدا لق هەیە، بوونی ئەو مەڵبەندو لقانە تاچەند پێویست؟

**شێخ جەعفەر:** هەموو ئەو هێزی پێشمەرگانەی سەر بە حیزبەکانە لەلایەن حیزبەکانیانەوە بەوشێوەیە هەیە بۆ وشیاکردنەوەی پێشمەرگەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، لەلای یەکێتی مەڵبەندی رێکخستن هەیە، لای برادەرانی پارتیش مەکتەبی رێکخستن هەیە، لای شیوعیو سۆسیالیستو زەحمەتکێشان جۆرێکی ترە، خۆی بوونی رێکخستن بۆ وشیارکردنەوەی هێزی پێشمەرگە پێویستە، چونکە بۆ پێگەیاندنی هێزی پێشمەرگە تەنها چەك بەس نییە، دەبێت لەرووی بیروباوەروو فکرەوە ئەو پێشمەرگەیە پێبگەیەنرێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، بەڵام کاتێك ئەو هێزانە هاتنە ژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەوە بەهیچ شێوەیەك قبول نیە هیچ حیزبو لایەنێك دەستبخاتە ناو ئەو هێزانەوەو رێکخستنی تێدابکات، هەموو کەسێکی ئەو هێزە بۆی هەیە لەحیزبێکدا کاربکات، بەڵام لەدەرەوەی هێزەکەی خۆی، بەس لەناو هێزەکەیدا بلێیت کەرتی رێکخستنو لیژنەی ناوچە هەیە، بەهیچ جۆرێك رێگەی پێنادرێت، ئێمە ناوەندی خۆبەش دەکەینەوە، ئەوانەشی لەو ناوەندەوە وەردەگیردرێن، لێیان ناپرسرێت سەر بە چ لایەنێکن، بەڵام کە مەرجەکانی تێدابوو ئەوکاتە رەاونەی بنکەی مەشقدەکرێتو دواتر دەنێردرێنە ئەو شوێنانەی لێی جێگیردەکرێن، نابێت وەرگرتنی پێشمەرگە بە تەسکییەی حیزبی بێت، دەبێت تەوجیهێکی سیاسی نیشتمانی هەبێت، ئەوەی ئێستا هەیە هەمووی گۆرانکاری بەسەردا دێت.

> هەرکاتێك عێراق داوای هێزی پێشمەرگەی لەهەرێم کرد، ئەوکاتە هێزی پێشمەرگە تا بەسرەش دەڕوات

**دەستوور:** بەشێك لە بەپرسانی حزبیش خاوەنی هێزی پێشمەرگەی خۆیانن، ئایا ئەوانەش لەژێر چنگی ئەو بەرپرسانە دەردەهێنرێت تا بخرێتە ژێر رکێفی وەزارەتی پێشمەرگەوە؟

**شێخ جەعفەر:** لەکوردستاندا خاوەنی حکومەتو پەرلەمانین، لەبەرئەوە هیچ کەسێك لەتاکە کەسێکەوە تا هێزێك لەدەرەوەی یاساو نیزام بمێنێت، دەبێت هەمووی بچێتە ژێر یاساو نیزام، لەبەرئەوە نابێت هیچ سەرکردەیەك یان فەرماندەیەك، یان کەسێکی تر هێزی تایبەت بەخۆی هەبێت.

**دەستوور:** لەزۆر بۆنەدا کە باس لەژمارەی هێزی پێشمەرگە دەکرێت، ژمارەی جیاواز دەڵێن، کۆی ئەو ژمارەیەی ئێستا لەهەرێمدا بەناوی هێزی پێشمەرگەوە هەیە چەندە؟

**شێخ جەعفەر:** ئەوەی تەسەوردەکەم، زیاد لە ٢٠٠ هەزار پێشمەرگە هەیە، بەشی زۆری ئەو هێزەش، هێزی یەکێتیو پارتییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێزی پێشمەرگە لەسەربازگەی گەورەدا کۆنەکراوەتەوەو رێکنەخراوە، ئەو هێزانەشی لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتدایە ژمارەیەکی زۆر کەمە، بەڵام کەباس لە ژمارەی پێشمەرگە دەکرێت، ئەو هێزی پێشمەرگەیەی لەسەرجەم هەرێمدا هەیە حسابدەکرێت.

**دەستوور:** لەچەند رۆژی رابردودا وەزیری ناوخۆی تورکیا، سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا کۆبویەوە، باس لەوەدەکرێت لەو کۆبونەوەیەدا قسە لەسەر ئەوە کراوە، کە هەرێم شەری پەکەکە بکات، ئێوە ئامادەن هێزی پێشمەرگە ئەو شەرەدەکات؟

**شێخ جەعفەر:** بۆخۆم لەکۆبونەوەکەدا نەبووم تابزانم چی باسکراوە، بەڵام ئەوەی بیزانم، سیاسەتی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان دژی هەموو شەرێکی کورد بەکوردە، لەبەرئەوە بروامان نییە حکومەتی هەرێم یان سەرۆکایەتی هەرێم یاخود سەرکردایەتی سیاسی کورد بریارێك بدەین، کە شەری کوردی بەشێك لەبەشەکانی کوردستان بکەین، بروامان بەوە هەیە دەبێت چارەسەری کێشەکان لەرێی هێزەوە ناکرێت، دەبێت بەسیاسەتو دانیشتن بکرێت، ئەو کێشانە بۆ دەولەتێکی وەك تورکیا بێت یان هەر وڵاتێکی تر کە کوردی تێدایە رونیبکەینەوە کە ئەو کێشانە بەچەك چارەسەرناکرێت، هەروەها لایەنە کوردییەکانی ئەو ناوچانەش بەهەمان شێوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك ئامادەنین شەڕی کورد بەکورد بکەینەوە.

# "ریفۆرمی نێو پارتی ئەگەر بشکرێت لە دەرەوەی بازنەی بنەماڵەی بارزانی دەکرێت"

## عەتا قەرەداغی نووسەرو ڕووناکبیر بۆ دەستوور



پێموانیە دەنگی دژ بەجۆرێك لەناو پارتیدا دروستببێت کە ببیسترێت یان دەنگدانەوەو کاریگەری هەبێت

**دەستور**

عەتا قەرەداغی نووسەرو روناکبیر لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت هەتا ئەقلی شاخ حیزبی شار بەڕێوەببات ریفۆرم زەحمەت دەبێت لەو حیزبانەدا، دەربارەی نیەتی نێچیرڤان بارزانی بۆ ریفۆرمکردن لەناو پارتیدا، رایوایە کە ئەو ریفۆرمە تەنها لەدەرەوەی بنەماڵەی بارزانیدا دەبێت، پێشیوایە ئەوە تەنها هەولێکە بۆ ئەوەی سیمایەکی نوێ بەو حیزبە بدرێت.

**دەستوور:** دەوترێت بۆ ریفۆرم لە سیستەمی سیاسیو حکومرانی لە هەرێمی کوردستاندا، سەرەتا دەبێت ئاڵوگۆرێك لەپێکهاتەی ئەو حیزبو پێکهاتانەدا بکرێت کە حکومەت پێکدەهێنن؟ پێت وانیە چیتر قۆناغی حیزبی شۆرشگێر کۆتایی پێهاتبێو ریفۆرم بوبێتە ناچاریەك؟

**عەتا قەرەداغی:** بێگومان چەمکی شۆرشگێری چەمکی قۆناغێکی دیاری خەبات کردن بوو بۆ ئەو قۆناغەش کە کورد لە بەردەم مەترسی لە ناوبردنو کوشتنی ناسنامەو لە نێوبردندا بوو شۆرشگێریبوونو بوونی حیزبی شۆرشگێر پێویستیەکی سەرەکی بوو بۆ بەرگریکردن لە مانەوە. ئێستا کورد تا ئەندازەیەك ئەو مەترسیانەی لە سەر نەماوە دیارە بە تەواوەتیش نەگەیشتۆتە کەناری ئارام بەڵام شێوەی هەرەشەکان لەسەری گۆراوە، ئەو حیزبانەی ئێمە کە خەباتی بەرگرییان کردووەو هەموو کوردیش کە بەو عەقلیەتە پەروەردە بووە کە عەقلیەتی بەرگرییە لە پێناوی مانەوەدا ئێستا خۆی بەشی زۆری ولاتی خۆی بەرێوە دەبات، بەڵام لە بەردەم جۆرێکی تر لە هەرەشەدایە کە کە ئەویش هەرەشی گەندەڵیو فەسادی ئیداریو دزیو نەبوونی شەفافیەتو مەنسوبیەتو مەحسوبیەتە کە ئەمانەش هیچیان پەیوەندیان بە مەسەلەی حیزبی شۆرشگێرەوە نییە، بە پێچەوانەوە پێموانیە لە رووی پەروەردەوە کەسی شۆرشگێر یان حیزبی شۆرشگێر بەمجۆرە کار بکات، بەهەرحاڵ ژیانی حیزبایەتیو ئیداری ئێستا لە کوردستاندا پێویستی بە گۆرانکارییە بۆ ئەوەی لەگەڵ عەقلی شارو بەرێوەبردنی کۆمەڵگای شاردا بگونجێت، ئەگەر حیزبی کوردی گۆرانکاری گەوهەری لە بونیادو پێکهاتەو بەرنامەو ستراتیژو شێوازی کارکردنیدا نەکات، ئەوا ناتوانێت درێژە بە بوونی خۆی بدات، ئەو قەیرانەی کە ئێستا حیزبی کوردی بەدەستیەوە دەناڵێنێت، قەیرانی نەتوانینی خۆ نوێکردنەوەیە، قەیرانی نەتوانینی خۆگۆرینە بۆ ئەوەی لەگەڵ ژیانی ئێستای کۆمەڵگادا بگونجێت، ئەگەر لە رووی راستیەوە سەیر بکەین ناشێت تەسەوری ئەوە بکەین کە ئەم حیزبانەی ئێمە توانای گۆرانکاریو ریفۆرمیان هەبێت چونکە ئەو عەقلیەتەی بەرێوەیان دەبات ناتوانێت خوێندنەوەی واقیعی ئێستا بکاتو ناشتوانێت دانبەوەدا بنێت کە ئەو عەقلیەتە شاخەی کە ئەم کاری پێدەکات سەردەمی بەسەر چووە، دەبێ جێگا بۆ نەوەی نوێو بۆ عەقلی نوێی شار چۆل بکات، دیارە هەتا سەرکردایەتی تەقلیدی شاخ حیزبی کوردی بەرێوە ببات ئەگەری سادەترین گۆرانکاری و ریفۆرم لە ئارادا نابێت، لەبارێکی وەهاشدا دەگەینە ئەوەی بلێین ئەم جۆرە حیزبە ستالینیەیی کە سەرجەمی حیزبی کوردی لەو شێوە حیزبەیە، قۆناغی مێژوییان بەسەرچووەو ناتوانن هەنگاو بەرەو ئایندە بنێن.

**دەستوور:** هەموو ریفۆرمێك بە ناچاری کۆمەڵێك لابردنو دەسەڵات کەمکردنەوەو کردنەوە بەسەر نەوەی نوێدا لەخۆی دەگرێت؟ ئایا بواری ئەم ئاڵوگۆرە لە سیستمی حیزبی کوردستاندا لە کایەدا هەیە؟

**عەتا قەرەداغی:** ئەگەر ریفۆرم لە کوردستانداو لە حیزبی کوردیدا بەجیدی بکرێت ئەوە دەبێت لەبەرژەوەندی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە بەرپرسانی حیزبیو حکومیو خەڵکیش کە بە نامەشروعو لە ئەنجامی دەست تێکەڵکردنیان لەگەڵ حیزبو حکومەتداو بۆ یاریکردن بە بەرژەوەندی گەل دەولەمەندبوون بکرێتو لە دەسەڵاتو داهاتو سامانەکانیان رووت بکرێنەوەو زۆربەشیان دادگایی بکرێن، دیارە ئەوەش بەهێزو بە بریاری بوێرانە دەکرێت کە پێموانیە لە ئێستای کوردستاندا ئەو هێزو بریارە بوونی هەبێت چونکە ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا هێزو بریاری بەدەستە ئەو خۆی سەرچاوەی گەندەڵیو فەسادەو دەبێ ریفۆرم بەسەر ئەودا جێبەجێ بکرێت، دیارە ئەوەش مەحالە لە ئێستادا بۆیە ئەگەری ریفۆرمی حیزبیو ئیداری لە کوردستاندا ئەگەرێکی زۆر لاوازەو لە ئاستی نەبوودایە.

**دەستوور:** پارتی دیموکراتی کوردستان کە جومگە گرنگەکانی دەسەڵاتی هەرێمی بەدەستەوەیە دەنگۆی ریفۆرمی تێدا پەیدابووە، نێچیرڤان بارزانی دەڵێت بەنیازە ریفۆرم لەناو پارتەکەیدا بکات، بەرای بەرێزتان ئەم هەنگاوە تا چەند جدییەتی تێدایە؟ یاخود زیاتر بانگەشەیەکی سەردەمیانەیە، یاخود ململانێیەکی دەسەڵاتی ناوخۆی ئەو حیزبەیە؟

**عەتا قەرەداغی:** ئەوەی کە لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستاندا ریفۆرم بکرێتو گوایە کاك نێچیرڤان بارزانی داواکارو بزوێنەری ئەو بۆچوونەیە، بەلای منەوە ئەوە هەروا کارێکی ئاسان نییە چونکە پارتی بە مانای حیزبی بنەماڵەی بارزانی، لە راستیشدا هەمیشە جێگەو پێگەی ئەو بنەماڵەیە بە هۆی خەباتی دوورو درێژیانەوەو بە هۆی کەسێتی لێهاتووی سەرکردەکانیانەوە هەر لە شێخ عەبدولسەلامی یەکەمەوە تا دەگاتە خودی کاك نێچیرەڤان لە جێگەو پێگەی حیزب گەورەترو لەبەرچاوتر بووە. ریفۆرم لە نێو پارتیدا مانای گۆرینی سەرکردایەتی حیزبو گۆرینی حیزب لە بری ئەوەی کە وەکو کۆبوونەوەیەك بێت لە دەوری بنەماڵەی بارزانی بۆ دامەزراوەیەك کە بتوانێت لەهەر چەند ساڵێکدا کۆنگرە ببەستێتو سەرۆكو سەرکردایەتی خۆی هەڵبژێرێتو چیتر بنەماڵەی بارزانی سەرۆكو بریار بەدەستی هەتا هەتایی ئەو حیزبە نەبن، بێگومان ئەوەش شتێکی مەحاڵە و پێموایە بەبێ بوونی بنەماڵەی بارزانی پارتی بوونی نییە، لەبەر ئەوە ریفۆرم بەو شێوەی تۆ مەبەستە لە نیو پارتیو هیچ حیزبێکی کوردیدا ناکرێت، رەنگە هەندێ پینەو پەرۆ بکرێت بۆ جوانکردنی رووکەشی حیزب بەڵام هیچ لەگەوهەرو ماهیەتی حیزب ناگۆرێت.

**دەستوور:** دەزانین پێکهاتەی ئەو پارتە کە بەدیموکرات ناودەبرێت، پێکهاتەیەکە کە لە حیزبە شیوعیەکانەوە وەرگیراوە؟ ئایا دەستکاریکردنی ئەو پێکهاتەیە نابێتە هۆی کەوتن بەلاداهاتنی حیزبەکە؟

**عەتا قەرەداغی:** دیارە ئەوە ئاشکرایە وەکو لەسەرەوەش ئاماژەمان بۆ کرد ریفۆرم بە مانای چاکسازی دێت، داننان بەوەی کە پێویستە ریفۆرم بکرێت مانای هەستکردنی حیزبی کوردییە بەوەی کە لە بارێکی نادرووستدانو لە زۆر رووەوە خراپ بوونو بەرەو شکستو دارمان دەچن، بۆیە دەبێ لەو رووانەوە چارەسەرو چاکسازی بکرێت، بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجە بە گوێرەی حیزبی کوردی سێ خاڵی گرنگ هەیە کە بۆ هەر هەنگاونانێك بە ئاراسەتی چاکسازی دەبێ لەبەرچاو بگیرێنو بەبێ ئەو سێ خاڵەش ناتوانرێت چاکسازی یان ریفۆرم بکرێت کە ئەوانیش، یەکەم بوونی زەمینەی ریفۆرمە، دووەم نیەتو بەرنامەو جورئەتی ریفۆرمە، سێیەم کە لە هەموویان گرنگترە بکەری ریفۆرم یان چاکسازیە، بە بۆچوونی من لە نێو حیزبو دەسەڵاتی کوردیدا هیچ کام لەم سێ خاڵە ئامادەبوونی نییە، راستە گەندەڵیو فەسادو قەیرانی هەمە جۆر جەستەی حیزبی کوردی گرتووەتەوە بەڵام زەمینە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لە ئارادا نییە چونکە ئەوەی بەرپرسە لەو قەیرانە هەمە جۆرە سەرکردایەتی حیزبە لە کوردستاندا، دیارە قاعیدەی حیزبیش لە هەرەمی حیزبی ستالینییان خێڵەکیدا ئەو دەورەی نییە کە فشار لەسەر سەرکردایەتی دابنێتو توانای ئەوەی هەبێت سەرکردایەتیەکەی بگۆرێت لە هەر حیزبێکیشدا قاعیدەی حیزب نەتوانێت سەرکردایەتی بگۆرێت یان فشاری لەسەر دابنێت بە هیچ شێوەیەك ریفۆرم ناکرێت، دیارە نەتواناو نە بریارو نە بوێری ئەوەش هەیە لەحیزبی کوردیدا لە بەرژەوەندی بەرپرسانی حیزب بدرێت، چونکە هەموو پێکەوە لە رێکەوتنی راگەیەندراودا بێت یان رانەگەیەندراو سەرجەمی ئەندامانی حیزب هاوبەرژەوەندین کە دەشێ بەرژەوەندی تایبەتیش بێت لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی، جگە لەوەش لە کوردستاندا هێشتا بکەری ریفۆرمو چاکسازی نەبووەتە بکەرێکی خاوەن شووناس کە دیدی ئاشکرای بۆ ریفۆرم هەبێتو بەفیعلیش کەسێتی ئەوەی هەبێت کە ریفۆرم بکات بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە لە نێو حیزبو دەسەلاتی کوردیدا زۆرێك لەوانەی کە تا بینەقاقایان لە گەندەڵیو فەسادی داراییو ئیداریو ئەخلاقیدا نقوم بووە، ئەوانە لە هەموان زیاتر باسی ریفۆرم دەکەن، بەهەرحاڵ ئیستا هیچ کام لە بنەما پێویستەکانی ریفۆرم لەناو حیزبو دەسەلاتی کوردیدا بوونیان نییە، ریفۆرمی کوردی بەندە بەکۆتایی هاتنی عەقلی شاخەوە، دیارە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بۆ هەتاهەتایە بێئومێد بین، نەخێر مێژوو راناوەستێت بەلام لە کۆمەلگای کوردیدا بەرەوتی کیسەل دەروات بەلام لەگەل ئەو رەوتە خاوەشدا هەر دەگات بەئامانج.

**دەستوور:** جێی گومان نیە کە بنەماڵەی بارزانی قورساییەکی زۆریان هەیە لەناو حیزبەکەدا، ئایا ریفۆرم نابێتە هۆی کەمبونەوەی دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە؟ یان بەپێچەوانەوە خودی ریفۆرمەکە هەولێکی تر نیە بۆ جارێکی تر شەرعیەت دانەوە بەدەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە لەناو حیزبەکەدا؟

**عەتا قەرەداغی:** بنەماڵەی بارزانی بە ئاشکراو لە ئەنجامی خەباتو تێکۆشان لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تاوەکو ئێستا ئەو ئامادەبوونەیان بۆ دروستبووەو ئەوان لەگەل واقیعی کۆمەلگای کوردەواریشدا گونجاوترن بەراورد بە حیزبەکانی تری ئەم بەشەی کوردستان، ئەمە جگە لەوەی ئەو بنەماڵەیە لە رەفتارو هەلسوکەوتیاندا بەئاشکرا دیارە کە خۆیان بە خاوەنی ئەم بەشەی کوردستان دەزانن، ئیتر گرنگ نییە منو تۆ دان بەوەدا بنێین یان نا، بە ئاشکرا دیارە کە سیاسەتی رۆژئاواش بە تایبەتی ئەوروپا وادەلێت. تەنیا سەیری ئەو جار لە دوای جارەی سەفەرەکانی کاك مەسعود بارزانی بکە بۆ ئەورووپاو شێوازی پێشوازیکردنی لەلایەن سەرۆك دەولەتانو بەرپرسانەوە بە تایبەتی دانیشتنو گفتوگۆکانی لە پەرلەمانی ئەورووپاو شێوازی هەلسوکەوتیو خوێندنەوەی دنیایەك متمانەو بروا بەخۆبوون کە لە دەموچاویدا دەگەشێتەوە بێبنەما نیە بەتایبەتی بۆ مەسعود بارزانی کە سەرکردەیەکی بە گومانە لە سیاسەتی دنیاو بە ئاسانی بروا بە بەلێنی سەرپێیو سەرزارەکی ناکات، مەبەستم ئەوەیە لەو کەسانە نییە پێی وابێت بە خونچەیەك بەهار دێت، دیارە مەبەستیشم لەم قسانە مەدحو پیاهەلدان نییە بەلکو مەبەستم ئەوەیە کە دەسەلاتی بنەماڵەی بارزانی لە ناو پارتیدا بە ئاسانی کەمناکرێتەوە بەلکو هەر باسێك لە چاکسازیو ریفۆرم بکرێت لە ناو پارتیدا بۆ ئەوەیە سیمایەکی هاوچەرخانە بدرێت بەو حیزبە بەلام ئەوە راستیەکی رەتنەکراوەیە تاوەکو تاکە کەسێك لە بنەماڵەی بارزانی لە ژیاندا بێتو پارتی هەبێت سەرۆکایەتی ئەو حیزبە ئەو بنەماڵەیە دەیکەن.

**دەستوور:** لەگەڵ بانگەشەی ریفۆرمکردندا، نێچیرڤان بارزانی دەڵێت: سەرۆکی حیزب هیچ رکابەرێکی نیەو مەسعود بارزانی وەك سەرۆك دەمێنێتەوە؟ پێتانوانیە ئەمە گومان لەسەر پرۆسەی ریفۆرمەکە دادەنێتو لەباشترین حاڵدا سنوردانانێکە بۆ پرۆسەکە؟

**عەتا قەرەداغی:** ئەوەی کە کاك نێچیرڤان بارزانی سەبارەت بە مانەوەی سەرۆکی پارتی لە شوێنی خۆیدا تەنانەت ئەگەر هەر گۆرانکارییەك لە پێکهاتەی پارتیشدا بکرێت ئەوە قسەیەکی راستو درووستەو هیچ ریفۆرمێك ناتوانێت مەسعود بارزانی لە سەرۆکایەتی پارتی دووربخاتەوە، هەرچۆن لە رابردوودا کەس نەیتوانی بارزانی باوك دووربخاتەوە، مەکتەبی سیاسی لە سەروبەندی جیابوونەوەدا بەحیسابی خۆیان بارزانیان لە سەرۆکی پارتی لابرد، بەلام کارەکە پێچەوانە بووەوەو بارزانی نەك هەر لانەبرا بەلکو مەکتەبی سیاسیشی لابردو لە زووترین کاتیشدا سەرکردایەتیەکی نوێی بۆ پارتی درووست کردەوەو پارتی هەر بە پارتێتی خۆی مایەوە بەلام مەکتەبی سیاسی ناچاربوون پالبدەن بە رژێمی داگیرکەرو سەرکوتکەری عێراقەوە کە ئەوەش شکستێکی گەورە بوو بۆ بالی مەکتەبی سیاسی، کەواتە ئێستاش هەروایە دەشێ هەندێ شتی سادە لە خوار کاك مەسعودو نێچیرڤانو مەسروور بارزانیو هەموو بارزانیەکانی ترەوە بگۆرێت، بەلام دەسەلاتی ئەوان وەکو خۆی دەمێنێتەوە، من سەرکردایەتی پارتیو بنەماڵەی بارزانیم وەها دێتە پێش چاو کە بازنەیەکی داخراو هەیە هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەی تێدایەو هەموو مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو پێکهاتە غەیرە بارزانیەکانی پارتی لە دەرەوەی ئەو بازنەیەنو هەرگیزیش ناتوانن بچنە ناو بازنەکەوە، دەشێ ببنە جێگای باوەرو متمانەی ناو بازنەکە بەلام هەر لەدەرەوە دەمێننەوەو گۆرانکاری نێو پارتیش کە کاك نێچیرڤان پێی دەلێت ریفۆرم ئەگەر بکرێت تەنیا ئەگەری ئەوەی هەیە لە دەرەوەی بازنەکە بکرێتو هەرگیز ناو بازنەکە ناگرێتەوە، هەر لەم روانگەیەشەوە من لەو کەسانەم بە ئاسانی عەقلم نایگرێت ناکۆکیو ململانێی توندو سەخت لە ناو ئەو بازنە داخراوەدا درووست ببێت.

**دەستوور:** لەمێژووی ئەو حیزبەدا چەند جارێکی تریش هەولی ئالوگۆری تر نراوە، بەلام هەموجارێك ئەو دەنگانە بەلاوە نرانو بێدەنگ کراون؟ ئایا ئەم هەولەی نێچیرڤان ئەو دەرەنجامەی لێناکەوێتەوە؟ ئایا دوبەرەکی حیزبیی یان بنەماڵەیی بەدوای خۆیدا ناهێنێت؟

**عەتا قەرەداغی:** من پێشتر وتم ریفۆرمی نێو پارتی ئەگەر بشکرێت لە دەرەوەی بازنەی بنەماڵەی بارزانی دەکرێت، ئەویش دەبێ بە رابەرایەتیو رێنوێنی ئەو بنەماڵەیە بکرێت کە سەرۆکایەتی پارتی دەکەن، ئەگەری ئەوە نییە کە هیچ دەنگێك لە دەرەوەی ئەو بنەماڵەیە تواناو بوێری ئەوەی هەبێت لە بەرامبەر دەسەلاتی ئەو بنەمایەدا باسی وەها بهێنێتە ئاراوە کە مەترسی بۆسەر چارەنووسی بنەماڵەی بارزانی هەبێت، ئێمە ئەزموونی دیارمان لە رابردووی پارتیدا لە بەردەستدایەو هەموو ئەوانەی کە لە سەرکردایەتی بارزانی باوك یان دوو کورە بارزانیەکە یاخی بوون، سەر ئەنجام یان دووچاری شکست بوون یان پەشیمان بوونەتەوە، مامۆستا برایم ئەحمەدو مام جەلال کە وەکو دوو پیاوی نوخبەی خوێندەوار کە لەسەرکردایەتی بارزانی یاخی بوونو پێیان وابوو بارزانی هەموو دەسەلاتەکان لە دەستی خۆیدایە، سەر ئەنجام دوور کەوتنەوە بەلام پاش مێژووی دوورو درێژ گوێمان لە گوتەکانی مامۆستا برایم ئەحمەد بووەو کفتۆگۆکانیشیمان خوێندووەتەوە کە بە ئاشکرا پەنجەی پەشیمانی گەستووە، مام جەلال لەدوا گفتوگۆی دیاری خۆیدا لە رۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا پەشیمانی خۆی لەو جیابوونەوەیە دەردەبرێتو پێموایە ئەو هەموو خۆنزیککردنەوەپەش لەکاك مەسعودو بنەماڵەی بارزانی لە ژێر کاریگەری ئازارێکی ویژدانیدایە کە پێیوایە کاتی خۆی نەدەبوو بەرامبەر بە بارزانی باوك بەوجۆرە رەفتاری بکردایەو جیانەبوایەتەوە، سامی عەبدولرەحمان سەرکردایەتی مەسعود بارزانیو ئیدریس بارزانی قبول نەکرد دوای چوونە دەرەوەیشی لەو حیزبە پاش نزیکەی دوانزە ساڵ بە مەمنوونی گەرایەوە ناو پارتی، جەوهەر نامیق رەنگە هەندێ رای جیاوازی هەبووبێت، لە کارخراو کۆتایی بە ژیانی سیاسی هێنرا، لەبەر ئەوە من پێموانیە دەنگی دژ بە جۆرێك لە ناوپارتیدا دروست ببێت کە ببیسترێت یان دەنگدانەوەو کاریگەری هەبێت.

هەتا سەرکردایەتی تەقلیدی شاخ حیزبی کوردی بەڕێوەببات، ئەگەری سادەترین گۆرانکاریو ریفۆرم لەئارادا نابێت

تاوەکو تاکە کەسێك لەبنەماڵەی بارزانی لەژیاندا بێتو پارتی هەبێت، سەرۆکایەتی ئەو حیزبە ئەو بنەماڵەیە دەیکەن

# پێشنیازدەکرێت لیژنەیەک بۆ رێگرتن لەبەکارهێنانی پارەی گشتی لەبانگەشەی هەڵبژاردندا پێکبهێنرێت


مەترسی بەکارهێنانی پارەی گشتی بۆ هەڵبژاردن لەئارادایە

دەستوور

ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق داوادەکات لیژنەیەك بۆ رێگرتن لەبەكارهێنانی پارەی گشتی لەبانگەشەی هەلبژاردنی پەرلەماندا پێکبهێنرێتو رایدەگەیەنێت: مەترسی ئەوە لەئارادایە بەشێك لەبودجەی سالی داهاتوو بۆ بانگەشەی هەلبژاردن بەکاربهێنرێت.

سامی ئەتروشی لەلیستی یەکگرتوو بە رادیۆی سەوای وت "هەندێك لایەن لەناو پەرلەمان دەترسن لەوەی بەشێك لەبودجە بۆ بانگەشەی هەلبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو بەكاربهێنرێتو داوادەكەن پەسەندكردنی بودجە بخرێتە دوای هەڵبژاردنەکەوە".

لەکاتێکدا بریارە رۆژی ٣ی مانگی کانوونی دووەمی داهاتوو، پەرلەمان کۆببێتەوە بۆگفتوگۆکردن لەبارەی بودجەی سالی ٢٠١٠ەوە، ئەتروشی پێشنیازدەکات لیژنەیەك بۆ رێگەگرتن لەبەکارهێنانی پارەی گشتی بۆ بانگەشەی هەلبژاردن پێکبهێنرێت.

پێشتر کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەلبژاردنەکان رایگەیاند: لیژنەیەکی لەنوێنەرانی دەستەی نەزاهەو دیوانی چاودێری داراییو کۆمسیۆن پێکهێناوە بەمەبەستی زەمانەتکردنی بەکارهێنانی پارەی گشتی بۆ بانگەشەی هەلبژاردن.

# لیژنەیەک لە بروانامەی کاندیدەکانی پەرلەمانی عێراق دەکۆڵێتەوە

دەستوور

بۆ لێکۆلینەوە لەبروانامەی کاندیدەکانی هەلبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو، کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەلبژاردنەکان بەهاوکاری هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالا لیژنەیەکی پێکهێناوە.

سەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەلبژاردنەکان بەکەنالەکانی راگەیاندنی وت "ئێستا کۆمسیۆن لە راستو دروستی بروانامەی خوێندنی کاندیدەکان دەکۆلێتەوە کە ژمارەیان ٦٥٠٠ کاندیدەو بەهۆی نەبوونی مەرجەکانی خۆ کاندیدکردنەوە، کۆمسیۆنی بالای هەلبژاردنەکان ٢٩ کاندیدی رەتکردوەتەوە".

بەگوێرەی یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی عێراق، ئەو کەسەی خۆی بۆ پەرلەمانی عێراق کاندید دەکات دەبێت لانیکەم خوێندنی ئامادەیی تەواوکردبێتو بەشداریی لەتاوانەکانی رژێمی بەعسدا نەکردبێتو بەتاوانی پەیوەست بەشەرەفەوە زیندانی نەکرابێتو یاسای ریشەکێشکردنی بەعس نەیگرێتەوە.

بریارە رۆژی ٧ ی مانگی ئاداری سالی داهاتوو هەلبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەرێوەبچێت، کە بەرای چاودێران نەخشەی سیاسی دەگۆرێت.

# عێراق بەدەست کەمی هوتێلەوە دەناڵێنێت

دەستوور

عەبدوزەهرە تالەقانی وتەبێژی وەزارەتی گەشتوگوزارو شوێنەواری عێراق رایگەیاند "عێراق بەدەست کەمی هوتێلەوە دەنالێنێتو لەچاو پێداویستی گەشتوگوزارو پێداویستی ناوخۆ، تەنیا ٤٠٪ی ئەو بوارە پرکراوەتەوە ئەمە لەکاتێکدا خزمەتگوزاریی ئەو هوتێلانەیشی ئێستا هەن لەچاو هوتێلی ولاتانی دراوسێ زۆر لەدواوەوەن".

ئاشکراشیکرد لەگەڵ هێوربوونەوەی رەوشی ئەمنیو دەستپێکردنی گەشتوگوزاری ئایینی، سەرمایەی بیانی بۆ دروستکردنی هوتێل بەتایبەتی لەهەردوو شاری کەربەلاو نەجەفو ناوچەی کازمیە لەبەغدا هاتووەتە ناو عێراقو هەندێك خاوەن سەرمایەی کەنداو دەیانەوێت هوتێل لەو شارەدا دروست بکەن.

بەوتەی تالەقانی، زۆربەی هوتێلەکانی ئەو شوێنانە لەلایەن وەبەرهێنەرانی بەحرێنیو ئێرانیو کوێتیو تەنانەت هیندستانیو پاکستانییەوە دروست دەکرێنو


عێراق کێشەی کەم هوتێلی هەیە

بەهۆی سەردانی ژمارەیەکی زۆری زیاتکەرەکانیشەوە، ئەو کەرتەی بەیەکێك لەکەرتە زۆر قازانجەکان لەقەلەمدا.

لای خۆشییەوە، سامی ئەعرەجی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی عێراق رایگەیاند: دەستەکەی مۆلەتی دروستکردنی هوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی بەهەموو پێداویستییەکانییەوەو بەبودجەی ١٢٠ملیۆن دۆلار داوەتە کۆمپانیای جەنەراڵ میدترینیان–گروپی هوتێلەکانی رۆیالی جیهانی.

وتیشی "کەرتی گەشتوگوزار لەئێستا یەکێکە لەچالاکترین کەرتەکانو زۆرترین وەبەرهێنانی بیانیو ناوخۆیی تێدا دەکرێتو ژمارەیەکی زۆر سەرمایەدار دەیانەوێت هوتێلو چێشتخانە دروستبکەن".

# بەم نزیکانە گفتوگۆکانی دیاریکردنی سنووری نێوان عێراقو ئێران دەستپێدەکاتەوە

دەستوور

بریارە مانگی داهاتوو کۆبوونەوەکانی ئەولیژنە هاوبەشەی عێراقو ئێران بۆ دیاریکردنی سنوور دەستپێبکاتەوە.

محەمەد حاجی حمود بریکاری وەزیری دەرەوەی عێراق بە ئاژانسی ئاکی ئیتالی وت "وەزارەتەکەی سەرقالی دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی دەستپێکردنەوەی دانوستاندنەکانی دیاریکردنی سنوورە لەگەڵ لایەنی ئێرانی لەرێی ئەو لیژنەی هاوبەشەی کە بۆ ئەو مەبەستە چەند مانگێکە پێکهێنراوە".

لەبارەی ناکۆکییەکانی هەردوولا لەسەر خاوەندارێتی بیری فەکەی نەوتی، لێپرسراوی عێراقییەکە روونیکردەوە "ئەو مەسەلەیە تەکنیکییە نەك سیاسی، دەکرێت لەرێی کۆبوونەوە دوو قۆلییەکانی لیژنەی دیاریکردنی سنوورەوە چارەسەر بکرێت".

وتیشی "مەسەلەی دیاریکردنی سنوور ئەرکی وەزارەتی دەرەوەو هەر ئەو وەزارەتەیش بەدواداچوون بۆ مەسەلەی بیری فەکە دەکات".

چەند رۆژێك لەمەوبەر، نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەنالی نیمچە رەسمی ئەلعیراقیەوە رایگەیاند "ئەو لیژنەی هاوبەشەی هەردوو ولات بۆ دیاریکردنی سنوور پێکیانهێناوە، خاوەندارێتی بیرە نەوتەکانی فەکە بەگوێرەی نەخشە رادەگەیەنێت".

هەر لەو چاوپێکەوتنەکەیدا، مالیکی وتی "کار بەپرەنسیپی رێگەنەدان بەهیچ دەستوەردانو پێشێلکردنێکی سنوور دەکەین".

هەفتەی رابوردوو هێزێکی سەربازیی ئێران، دەستیان گرت بەسەر بیری ژمارە ٤ی کێلگەی نەوتی فەکە کە دەکەوێتە پارێزگای میسانەوەو ئەو کارە شەپۆلێکی نارەزایی جەماوەرییو حکومی بەدوای خۆیدا هێنا.

# بەیاتی: یاسای هەڵسوکەوتی هەڵبژاردن لەگەڵ دەستووردا ناکۆکە

دەستوور

عەباس بەیاتی پەرلەمانتاری ئیئتلافی یەکگرتووی عێراق رایگەیاند: زۆربەی برگەکانی رەشنووسی یاسای هەڵسوکەوتنی هەلبژاردن لەگەڵ دەستوردا ناکۆکە.

لەلێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا، بەیاتی دەلێت: ئەو رەشنووسە لەبەرژەوەندی پرۆسەی سیاسییەدا نییە بەلکو لەبەرژەوەندی هەندێك لایەنی دیاریکراوداو بەگوێرەی دەستور، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار لەهیچ بارودۆخێکدا سنوور بۆ دەسەلاتەکانی سەرۆك وەزیرانو حکومەت بەحکومەتی راییکردنی کارەکان دابنێت، لەبەرئەوەی واباوە هەموو حکومەتێك دوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی تا ئەو کاتەی حکومەتی نوێ پێکدەهێنرێت، کارەکان رایی دەکات.


عەباس بەیاتی


سەربازێکی ئەمریکی لەپاڵ بابانۆێلدا

# سەربازانی ئەمەریکا بەماتەمینیەوە یادی کریسمسیان کردەوە

راپۆرتو فۆتۆ: زانا حەمە غەریب

گەرچی حەوت جەژنی سەری سال بەسەر هاتنی سەربازانی ئەمریکا بۆ عێراق تێپەڕی کردووە، بەلام یەکێك لەسەربازەکانی

هەرکاتێك سەربازێکی ئەمریکی دەبینیت بەتایبەت لەو یادەدا بێتاقەتی و ماتەم لەسیمایاندا دیارە کەئەوەش خۆیان ووتەنی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە دوورن لەخێزانەکانیان.

ئەمەریکا کە ناوی ئامودیوە بەدەستووری وت "بێگومان ناخۆشە کەدوور لەخێزانەکەم یادی کریسمس دەکەمەوە بەلام خۆشحالم بەوەی کەهاتنەکەم بۆ ئەوەیە ولاتێکی تر جگە لەولاتەکەی خۆم بەرەو ئاشتی و سەقامگیری دەبەم".

ئۆلسون یەکێکی ترە لەسەربازانی ئەمریکا ئەو سەبارەت بەکریسمس دەلێت "ئەمە سێیەم کریسمسە لەعێراقمو بۆ منیش وەك هەرکەسێکی تر ناخۆشە کەدوورم لەخێزانەکەم و


هاوولاتییەکی عێراقی پیرۆزبایی لەسەربازەکانی ئەمریکا دەکات

کچە بچکۆلەکەم کەدوور لەئەوان ئەم یادە ئەکەمەوە بەلام خزمەت کردنم لەعێراق کارێکی پێویستە کەئەویش گۆرینی دۆخی عێراقە"

بەپێچەوانەی قسەی ئەو دوو سەربازە، لێپرسراوێك لەبالیۆزخانەی ئەمەریکا ئەوە رەتدەکاتەوە هەست بەبێتاقەتی بکەنو وتی "یادکردنەوەی ئەو جەژنە لەعێراق بۆ ئێمە زۆر خۆشەو هەست بەبێتاقەتی ناکەین هەرچەند دوورین لەولاتو خانەوادەکانمان بەلام لێرەش خۆش بەختانە لەگەل هاورێو خەلکی عێراق ئەو یادە دەکەینەوە کەئەمە جێگەی شادمانیمانەو ئەوەی هەمیشە لەبیرمەوە گەر بگەرێمەوە ئەمریکاش لەبیرم ناچێتەوە ئەو پەیوەندییە پتەوەیە کە لەگەل عێراقیەکان هەمانە".

www.arsivakurd.org

# بەهۆی پشتیوانی نەکردنیانەوە، زۆربەی کارگەکانی عێراق لەکارکەوتوون

دەستوور

پەیمانگای عێراق بۆ چاکسازیی ئابووری رایگەیاند: بەهۆی پشتیوانی نەکردنی کەرتی پیشەسازییەوە لەلایەن حکومەتەوە، نزیکەی ٦٠٠ کارگە لەکارکەوتوون. لەمیانی کۆڕێکدا کە پەیمانگاکە لەشاری بەغدا لەبارەی خراپبوونی رەوشی کەرتی پیشەسازیی‌و چۆنیەتی پێشخستنی رێکیخستبوو، راگەیەنرا، زۆربەی کارگەکانی عێراق کە ژمارەیان دەگاتە ٦٠٠ کارگە، داخراون.

مەنافع سائیغ ئەندامی دەستەی ئەمینداریەتی پەیمانگە بەسایتی سۆمەریەنیوزی وت "خراپبوونی رەوشی ئەمنی‌و کردنەوەی سنوورەکان‌و هێنانی کاڵا بەشێوەیەکی هەرەمەکی‌و دوورکەوتنەوەی حکومەت لەپشتیوانیکردنی کەرتی تایبەت، پیشەسازیی عێراقی وێرانکردووەو عێراقی بەتەواوی گواستۆتەوە بۆ ئابووری بازار".

لای خۆشییەوە، وەلید خدر راوێژکاری وەزارەتی پیشەسازی بەسایتەکەی وت "لەپێناو بووژاندنەوەی کەرتی پیشەسازی، وەزارەتی پیشەسازی قەزری داوەتەوە ٣ هەزار پرۆژەی پیشەسازیی بچووک‌و مامناوەند".

داوایشی لەپەرلەمانی عێراق کرد پەلەبکات لەپەسەندکردنی یاسای پاراستنی بەرهەمی عێراق‌و یاسای تاریفەی گومرگی کە پێشبینی دەکرێت بەرهەمی ناوخۆیی لەکێبڕکێ بپارێزێت‌و کارگەکان بەگەڕبخاتەوە.

لەلایەکی ترەوە، موعتەز عەبدولحەکیم پسپۆڕی ئابووری رایگەیاند "ئەگەر حکومەت ئابووری بازاڕیش پیادەبکات، بە ر پر سیا ر ێتییە کە ی بەپشتیوانیکردنی کەرتی تایبەت کۆتایی نایەت".

وتیشی "هەرچەندە عێراق ئابووری بازار پیادەدەکات، بەڵام دیدێکی روونی بۆ کارکردن نییەو کەرتی پیشەسازی نابوژێتەوە، لەبەرئەوەی هیچ یاسایەك نییە بەرهەمی ناوخۆیی بپارێزێت".

هەر لەو بارەیەوە باسم جەمیل ئەنتوان پسپۆڕی ئابووری، حکومەت‌و کەرتی تایبەت بەخراپکردنی کەرتی پیشەسازی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە تۆمەتبارکردو روونیکردەوە "پێشتر قەبارەی بەرهەمی پیشەسازی دەوڵەت ٨٠٪ی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدەهێنا، بەڵام ئێستا بەرهەمی ماست‌و ئاوی کانزایی لەدەرەوە دەهێنرێت‌و داهاتی کەرتی پیشەسازی تەنیا ١,٥٪ی داهاتی نەتەوەیی پێکدەهێنێت لەکاتێکدا پێشتر ١٤٪ بووە".

هەر لەمیانی کۆڕەکەدا، پەرلەمانتار عامر بەلداوی ئەندامی لیژنەی ئابووری پەرلەمان رایگەیاند "گەورەترین رێگر لەبەردەم بوژانەوەی کەرتی پیشەسازی، کۆنی ماکینەو کەرەستەکانی کارخانەکانەو پێویستیان بەچاککردنەوەو پەیرەوکردنی شێوازی نوێی بەڕێوەبردن هەیە بەجۆرێك لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکاندا بگونجێن".

داوایشیکرد سوود لەیاسای وەبەرهێنان وەربگیرێت بۆئەوەی وەبەرهێنی بیانی وەبەرهێنان لەکەرتی پیشەسازیدا بکات کەئەزموونی لەو بوارەدا زۆرە.

لەهەرێمی کوردستانیش، بەهۆی پشتیوانی نەکردنی حکومەتەوە، زۆربەی کارخانەکان داخراون‌و بەرای چاودێران هەرێم بووەتە بازاڕێکی گەورە بۆ ساخکردنەوەی ئەو کاڵایانەی لەدەرەوە دەهێنرێت.

پشتیوانی نەکردن لەکەرتی پیشەسازی وایکردوە لەئێستادا دەیان کارگەی بچووك‌و مامناوەندی دابخرێن، لەوانە کارگەی جگەرەو تەماتەو دروستکردنی رۆن.


کارگە کۆنەکان ناتوانن کێبڕکێ بکەن

# گرانبوونی ئاڵتون هیچ بنەمایەکی ئابووری نییە

نیویۆرك – روبینی نورییل
ئا: دەستوور

بەرزبوونەوەی نرخی ئاڵتون بەو شێوەیەی کە گەیشتە ١٠٠٠دۆلارو لەهەفتەی کۆتایی یەك ئۆقیە لە١٢٠٠ دۆلار نزیکبووەوەو ئێستا لایەنگرانی ئاڵتون ئەوە بڵاودەکەنەوە کە دەگاتە ٢٠٠٠ دۆلار، جێی گومانەو هیچ پاساوێکی سەرەکی ئابووریی نییە.

نرخی ئاڵتون تەنیا لەدوو باردا زۆر بەرزدەبێتەوە، کاتێك ئاستی هەڵئاوسان بەرزببێت‌و زیاد بکات، ئاڵتون دەبێتە پەردەپۆشێك لەدژی هەڵئاوسان‌و کاتێکیش مەترسی سستبوونی ئابووری وا لەوەبەرهێنەران بکات بترسن لەچارەنووسی ئەو پارانەی دەیخەنە بانکەکانەوەو ئەو کاتەش ئاڵتون دەبێتە پەناگەیەکی ئارام.

لەراستیدا ئەم دوو ساڵەی رابوردوو هەردوو حاڵەتەکە لەئارادابوو، بۆیە لەنیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ کاتێك بازارە تازەپێگەیشتووەکان چالاکییەکی زۆریان تۆمارکردو نرخی کاڵای سەرەکی بەرزبووەوە، چاودێران مەترسی خۆیان لەبەرزبوونەوەی ئاستەکانی هەڵئاوسان لەو بازارانەی دەبوژانەوە راگەپاند، بەشێوەیەکی خێرا نرخی ئاڵتون بەرزبووەوە، ئەو بەرزبوونەوەیە تەنیا بۆ ماوەیەك بوو، لەنیوەی دووەمی ئەو ساڵەدا بازاری ئاڵتون هەرەسی هێنا، ئەو دەمەی ئابووری جیهانی کەوتە زۆنگاوی متبوونەوە، دوای ئەوەی نرخی بەرمیلێك نەوت گەیشتە ١٤٥ دۆلارو گەشەی ئابووری جیهانی کوشت، لەگەڵ پەیدابوونی مەترسی چونەوەیەك لەجێی مەترسی هەڵئاوسان، نرخی ئاڵتونیش وردە وردە دابەزی.

دووەم بەرزبوونەوەی خێرای ئاڵتون ئەو کاتە تۆمارکرا کە کۆمپانیای لیمان برازەر هەرەسی هێناو ترس‌و تۆقاندن لەنێوان وەبەرهێنان بڵاوبووەوەو ترسان لەقەواڵە داراییەکانیان‌و ئەو سامانەی خستبوویانە بانکەکانەوە، بەڵام ئەو ترسانە کۆنترۆڵکران دوای ئەوەی گروپی وڵاتانی پیشەسازیی حەوت بەڵێنیاندا زەمانەتی ئەو پارانە بکەن کە دەخرێنە بانکەکانەوەو پشتیوانی لەسیستمی داراییش بکەن، لەگەڵ کەمبوونەوەی مەترسییەکان بەکۆتاییهاتنی ساڵی ٢٠٠٨، جارێکی تر نرخی ئاڵتون کەمبووەوەو هەر لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئابووری جیهانی لەئاستی متبوون، بەکارهێنانی ئاڵتون لەسەر هەردوو ئاستی بازرگانی‌و پیشەسازی‌و تەنانەت دوای خۆرازاندنەوە بەرەو کەمبونەوە چوو، بەڵام لەمانگەکانی شوبات‌و ئاداری ئەمساڵ، نرخی ئاڵتون ١٠٠٠ دۆلاری تێپەراند، ئەو کاتەی بەشی هەرەزۆری سیستمی دارایی لەئەمەریکاو ئەوروپا خەریکبوو لەنابووتبوون نزیك دەبووەوەو زۆرێك لەحکومەتەکان نەیاندەتوانی زەمانەتی ئەو سامانە بکەن کە دەخرێنە بانکەکانەوەو پشتیوانی لەسیستمی دارایی بکەن لەبەرئەوەی بانکەکان زۆر گەورەتربوون لەوەی نابووت بن‌و ئەو حکومەتانەیش نەیاندەتوانی رزگاریان بکەن،

پاشان ترسەکە کەمبووەوەو نرخی ئاڵتون سەرلەنوێ دابەزی دوای ئەوەی بانکەکانی ئەمەریکا خرانە ژێر تاقیکردنەوەی بچووککردنەوەو پشتیوانی بەهاناوەچوونی قەواڵە پەککەتووەکانی سیستمی دارایی، لەرێی سڕینەوەی قەواڵە خراپەکان لەتۆماری بودجەی گشتی بانکەکان سەرباری وردە وردە باشبوونی ئابووریی جیهانی دوای ئەوەی گەیشتبووە نزمترین ئاست، بەڵام بۆچی لەماوەی چەند مانگی رابوردوودا جارێکیتر نرخی ئاڵتون بەرزبووەوە، وێڕای نەمانی مەترسییەکانی هەڵئاوسان‌و متبوون لەماوەیەکی نزیکدا؟

زۆر هۆکار هەن لەپشت گرانبوونی نرخی ئاڵتونەوە، هەموو ئەو هۆکارانەش ئاماژەدەکەن بۆ وردە وردە بەرزبوونەوەی ئەگەریی رووداوی راستکردنەوە لەجیاتی بەرزبوونەوەی خێرا بۆ نزیکەی ٢٠٠٠ دۆلار، هەروەکو لایەنگرانی ئاڵتون ئەمرۆ بانگەشەی بۆ دەکەن.

یەکەم: هەرچەندە ئێمە لەجیهانێکدا دەژین کە لەدەست چوونەوەیەکی ئابووری دەژی، زۆری سستی تەمویلکردن مەترسییەکانی هەڵئاوسان لەماوەیەکی مامناوەندیدا دەبوژێنێتەوە.

دووەم: شەپۆلێکی فراوانی خستنەبازاری دراو هەیە کە سیاسەتی پەیرەوکراوی دراو دروستیکردوە، قەواڵەکان لەوانە کاڵا سەرەکییەکان دەگرێتەوەو لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی هەڵئاوسان.

سێیەم: زۆرێك لەبۆرسەکان کە مامەڵە بەدۆلارەوە دەکەن کاردەکەن بۆ دابەزینی نرخی دۆلار جگە لەپەیوەندی پێچەوانەی نێوان بەهای دۆلارو نرخی کاڵا سەرەکییەکان بەدۆلار.

هەر کاتێك نرخی دۆلار دابەزێت، نرخی نەوت‌و وزەو کاڵا سەرەکییەکانیتر لەوانە ئاڵتون بەرزدەبێتەوە، هۆکاری ئەوەیە کە خستنەرووی جیهانی لەئاڵتون سنورداره، جا ئەوەی کەهەیە یاخود تازە بەرهەمهێنراوەو داواکاری لەسەری زۆر زیاترە لەسەر توانای خستنەروو، هەندێك لەو داواکارییانە لەلایەن بانکە ناوەندییەکانەوە لەهیندستان‌و چین‌و کۆریای باشوورەوەن، بۆ نموونە هەندێك لەداواکارییەکانیش لەلایەن وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەتەوەیە کە ئاڵتون وەکو پەردەپۆشێك لەدژی مەترسییەکانی ئەگەریی (بەستنەوەی زیادبوونی هەڵئاوسان بەخولێکی تری متبوونی قوڵەوە)، لەراستییدا وەبەرهێنەرەکان بەشێوەیەکی زۆر دەخوازن هەرزوو خۆیان لەو جۆرە مەترسییانە بەدووربگرن، لەبەر نەبوونی نەرمونیانی لەمەسەلەی خستنەرووی ئاڵتون، هەر هەنگاوێك لەلایەن بانکەکانەوەو وەبەرهێنەرەکانەوە بەئاراستەی ئاڵتون لەوانەیە ببێتەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکەی.

دوایین هۆکاریش زیادبوونی مەترسییەکانی سەروەرێتییە وەکو ئەو کێشانەی ئێستا رووبەرووی وەبەرهێنەران لەدوبەی‌و یۆنان یان بازارە تازە گەشەکردوەکان‌و هێزە ئابوورییە پێشکەوتووەکان بووەتەوە، ئەمانە هەموویان هۆکارن بۆ بوونی مەترسی لەئەگەریی بێتوانایی حکومەتەکان لەپشتیوانیکردنی سیستمی دارایی‌و رزگارکردنیان، بەڵام بەهۆی پێنەدانی بەهایەکی گەوهەریی بەئاڵتون، ئەگەریی راستکردنەوەی نرخە نزمەکان لەئارادایەو لەکۆتاییدا بانکەکان ناچاردەبن نرخی سوود زۆر کەمبکەنەوە، ئەمەش مەترسی لەسەر قەواڵەکان لەوانە کاڵا سەرەکییەکان دروستدەکات، بەوەش بۆمان دەردەکەوێت کەچاکبوونی جیهانی لەرزۆك‌و لاوازە بەرادەیەك دەبێتەمایەی زیادبوونی هەستی مەترسیی بەدابەزینی بازاریی کاڵا سەرەکییەکان‌و دابەزینی نرخی دۆلار.

گرانبوونی ئەم دواییانەی نرخی ئاڵتون هیچ پاساوێکی ئابووریی ئەوتۆی نییەو تائێستا دیارنییە بۆچی وەبەرهێنەرەکان ئاڵتون عەمبار دەکەن ئەگەر ئابووری جیهانی رووەو متبوون ملی ناو ئەگەرەکانی متبوون‌و چوونەوەیەکی ئابووری سەریهەڵدایەوە، ئەگەر تۆ دەترسی لەهەرەسهێنانی ئابووری جیهانی باشترە چەك‌و خواردنی لەقتونراوو کاڵا سەرەکییەکانی تر عەمبار بکەیت کە دەتوانیت لەکوخە دارەکەت بەکاریان بهێنیت.



بازاڕی ئاڵتون ئاگر دەکاتەوە

# بە قیست فرۆشتن دەبێ بەیاسا رێکبخرێ

فەیسەڵ عەلی

لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، دیاردەی کڕین‌و فرۆشتن بە قیست بوەتە مۆدێلێکی نوێ‌و زۆرێك لەکۆمپانیاو بازارەکان لە لایەك‌و هاووڵاتیان لەلایەکی ترەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان پەنای بۆ دەبەن، قیست جۆرێکە لە جۆرەکانی پێدانی دواخراوە، بەمانای دواخستنی پێدانی بەهای کاڵای کڕراوە بۆ ماوەی دیاریکراو کەبەسەر چەند بەشێکی دیاریکراودا دابەش دەکرێت کە بەپێی گرێبەستێك لە نێوان هەردوو لایەنی فرۆشیارو کڕیاردا واژۆ دەکرێ، کڕیار دەبێ پابەندی تەواوی مەرجەکانی فرۆشیار بێ، بەوەی کە لایەنی دووەم سودمەندی سەرەکییە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم کڕین‌و فرۆشتنە بەقیست، لەگەڵ ئەوەی هاوڵاتیان پێی خۆشحاڵن، هەروەها کۆمپانیاکانیش لەوەی لەماوەیەکی کەمتر بەبەراورد بەفرۆشتنی کاش کاڵای زیاتر دەفرۆشن، بەمەش هەردوولا ئامانجەکانی خۆیان دەپێکن، وەلێ ئەو پرۆسەیە لەکۆمپانیایەکەوە بۆ یەکێکیترو لەشارێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازی هەیە، چ لەجۆری کاڵاکان‌و چ لەماوەو بڕی زیادەی سەر نرخی (کاش)ی ئەو کاڵایانە، رەنگە ئەمەش وەك ململانێی نێوان کۆمپانیاکان بۆ راکێشانی بەکاربەر بۆ لای خۆیان تەماشا بکرێ، بەڵام بە دیوێکیتریدا، جێگەی نیگەرانییە کە کۆمپانیاکان هەر یەکەو بەئارەزووی خۆی جۆری ئەو گرێبەستەی نێوان خۆیان‌و بەکاربەر دادەڕێژێ، بەبێ ئەوەی لە بنەرەتدا ئەو پرسە لەلایەن حکومەتەوە یاساو دیسپلینێکی دیاریکراوی بۆ دانرابێ‌و لەسەر ئەو بنەمایە کۆمپانیاکان گرێبەستەکانیان دابڕێژرێ‌و بڕی زیادەی سەر نرخی (کاش)ی کاڵاکان دیاری بکرێت.

لەپرۆسەی کڕین بەقیستدا زۆربەی جار کڕیار دەکەوێتە بەردەم حاڵەتێکی نائاسایی بەوەی هێندە لەژێر کاریگەری بڕی مانگانەی قیستەکاندا دەبێ، هێندە بیری بۆ لای نرخی راستەقینەی کاڵاکە ناچێ کە بەرێژەی چەند نرخی کاڵاکەی لەسەر زیاد کراوە، بەتایبەتی کە لەهەرێمی کوردستاندا ئەو پرۆسەیە لەرێگەی یاساوە رێك نەخراوەو کۆمپانیا یان هەر ناوەندێکی بازرگانی سەرپشکە لەوەی چۆن رێژەی قازانج لەسەر دوا خستنی وادەی دانی تەواوی نرخی کاڵاکە دادەنێت. پرۆسەی کڕین‌و فرۆشتنی کاڵا بەقیست، لەزۆربەی دەوڵەتانی دنیادا هەیەو کاری پێ دەکرێت، بەڵام ئەو پرۆسەیە لەرێگەی یاساوە رێکخراوەو تێیدا دەبێ مافی هەردوولایەنی پرۆسەکە پارێزراو بێت، نەك وەك ئێستا کە بەکاربەر تەنیا دەبێ بەئارەزووی فرۆشیار گرێبەستەکە پڕ بکاتەوەو بەبێ ئەوەی بۆی هەبێت لەیەك لەو مەرجانەی بۆی دیاری دەکرێت، قسەی هەبێت.

ئەوەی لێرەدا پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە، دەبێ ئەو پرۆسەی کڕین‌و فرۆشتنە لەچوارچێوەیەکی یاساییدا رێك بخرێت‌و چیدی هیچ کۆمپانییەك‌و ناوەندێکی بازرگانی بەئارەزووی خۆی رێژەی زیادەو مەرجەکانی خۆی بەسەر بەکاربەردا نەسەپێنێت، بەکاربەر وەك لایەنێکی لاوازی پرۆسەی کڕین‌و فرۆشتنەکە تەماشا نەکرێت. لانیکەم دەبێ بەپێی ئەو یاسایە وەك لە دەوڵەتانی تردا کاری پێدەکرێ، وەزارەتی پیشەسازی‌و بازرگانی دوای وەرگرتنی رای ژووری بازرگانی‌و پیشەسازی مۆڵەت بەو کۆمپانیاو دامەزراوە بازرگانیانە بدات کە دەیانەوێ بەقیست کاڵاکانیان بفرۆشن، بۆ ئەوەی ئەو دوولایەنە لەهەر کێشەیەك کە رووبەرووی پرۆسەی بەقیست فرۆشتن دەبێتەوە ئاگاداربن‌و لە چارەسەرکردنیدا بتوانن رۆڵی بەرچاو بگێرن، ناکرێ لەهەر پرۆسەیکی کڕین‌و فرۆشتندا ئەو کۆمپانیا یان ناوەندە بازرگانییە مۆڵەتی مامەڵکردنی بەقیست لەحکومەتەوە وەرنەگرتبێ لەکاتێکدا تاکە زامنی ئەو کۆمپانیا یان ئەو ناوەندە بازرگانییە هاوردنی نوسراوی فەرمی یەك لە فەرمانگە حکومییەکان بێ بۆ ئەوەی ببێتە باشترین یان بەهێزترین بەڵگە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیەو بەبێ ئەو بەڵگەیە زۆر زەحمەتە کەسێك بتوانێ کاڵایەك لەکۆمپانیایەك بەقیست وەربگرێت.

رێکنەخستنی مامەڵەکردن بەقیست لەرێگەی یاساوە وەك ئەوەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا باوە، دەبینین هەر کۆمپانیاو ناوەندێکی بازرگانی بەئارەزووی خۆی ماوەی قیست‌و بڕی قیست دیاریدەکات، تەنانەت دەبێ کڕیار بایی بڕێکی دیاریکراو کەلوپەل بکڕێ ئەوکات بۆی هەیە بەقیست پارەکەی بداتەوە، ئەو بڕەش لەکۆمپانیایەکەوە بۆ یەکێکیتر دەگۆرێت، هەموو ئەو هۆیانەی سەرەوە دەخوازێ کەحکومەتی هەرێمی کورستان بۆ ئەم مەبەستە پرۆژە یاسایەك ئامادە بکات‌و رەوانەی پەرلەمانی کوردستانی بکات.

# کەموکورتییەکی بنەڕەتی دامەزراندنی کۆماری تورکیا

مستەفا ئاکیۆڵ، ڕۆژنامەی حوررییەت دەیلی نیوز

لە١ی ئایاری ١٩٢٠، مستەفا کەمال ئەتاتورک کە هەر زوو دەبێتە دامەزرێنەری کۆماری تورکیا، لە ئەنکەرە لەناو پەرلەماندا وتارێکی گرنگی پێشکەش کردو وتی "ئەو خەڵکەی ئەم ئەنجومەنە باڵایەیان پێکهێناوە تەنیا تورک نین، چەرکەزو کوردو لازیشیان تێدایە، ئەوانە پێکهاتە جیاجیاکانی ئیسلامن‌و هەموویان ڕێز لەیەکترو ڕێز لەمافە رەگەزی‌و کۆمەڵایەتی‌و جوگرافییەکانی یەکتر دەگرن".






ئەوکاتە جەنگی رزگاری تورکیا (١٩١٩-١٩٢٢) بوو، مستەفا کەمال وەك رابەرێکی ئەم خەباتە نەتەوەییە بۆ رزگارکردنی نیشتیمانەکە لەچنگی داگیرکەرانی ئەورووپی ئەو جۆرە گوتارەی بەکاردەهێنا بۆ سەرنجراکێشانی هەموو "پێکهاتەکانی ئیسلام لەئاسیای بچوك، (پێکهاتەی غەیرە موسولمان، ئەرمەنەکان بەشێوەیەکی تراژیدی لە١٩١٥دا وەدەرنرابون).

کۆماریی، کۆتایی بەئاشتی دێنێت

لەراستیدا، کەمال وەك خۆی لایەنگری ئیسلام نەبوو، زیاتر بروای بەناسیۆنالیزمی تورکی هەبوو وەك لەنەتەوەیەکی فرەیی بەناسنامە جۆراوجۆرەکانییەوە، بەهەرحاڵ ئەوکاتە گونجاو نەبوو کە ئەو رایانەی خۆی دەربرێت، هەربۆیە تا دووساڵی دواتریش بەردەوام باسی "برایەتی" هەموو موسولمانانی دەکرد، بەتایبەتیش برایەتی تورك‌و کورد کە دوو گەورەترین گروپ بوون لەئەنادۆڵ. زۆربەی کوردەکان بروایان بەم پەیامەی هێناو پشیوانیان لەجەنگی رزگاری کرد، هەر کە جەنگەکە برایەوە، گوتاری کەمال دەستبەجێ گۆڕا کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٣دا دامەزراندنی کۆماری تورکیای راگەیاند، چیدی باسی "پێکهاتەکانی ئیسلامی نەکردەوە کە ڕێز لەیەکتر دەگرن"، بەڵکو تەنیا باسی "نەتەوەی تورکی" دەکرد، ئەو دەستورەشی کە ساڵی دواتر دایرشت هەنگاوێکی ئازاتری ناو رایگەیاند کە "خەڵکی تورکیا هەموویان پێیان دەوترێت تورك بەبێ رەچاوکردنی ئاین‌و رەگەزیان"، هەمان ساڵ ئەتاتورك خەلافەتی هەڵوەشاندەوەو هەموو فێرگە ئیسلامییەکانی قەدەغەکرد کە هەردووکیان لەناو کوردە موحافزکارە ئیماندارەکانی باشوری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ جەماوەرێتیان زۆر بەرز بوو، لەسەرەتای ١٩٢٥دا یەکەم وەڵامی ئەتاتورك درایەوە کاتێك کە یاخیبونێکی کورد بەپێشەوایەتی شێخێکی ئیسلامی بەرپاکرا، لەبەرامبەردا حکومەتە کەمالیستەکە نەك تەنیا بەدڕندانە یاخیبونەکەی سەرکوتکرد، بەڵکو حوکمی عورفی لەهەموو وڵاتەکەدا دامەزراند، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان‌و تەنانەت رێکخراوە ناحکومییەکانیشی داخست، ئەم سیاسەتە توندە بووەهۆی بەرپابونی یاخیبونی زیاتری کورد کە دیسانەوە بە دڕندانە سەرکوتکران، لەیەکێکیاندا کە لەدەرسیم ساڵی ١٩٣٧ بەرپابوو، شارەکە بە فڕۆکەی جەنگی بۆردومانکرا، یەکێك لەو فڕۆکەوانانەی بۆردومانی شارەکەی کرد (سەبیحە گۆکچەن) کچە بەخێوکراوی مستەفا کەمال بوو.

ئەتاتورك دەستپێشخەری لەسیاسەتی "بەتورککردن" کردو کەوتە سەرکوتکردنی شۆڕشەکانی کورد، لەرێگەی پەروەردەو پروپاگەندەوە دەبوایە قەناعەت بەکورد بکرێت کە ئەوان لەبنەرەتدا تورکن، بەڵام ناسنامەی خۆیان لەبیرکردووە، ئەتاتورك لەلێدوانێکیدا لەساڵی ١٩٣٢ وتی: دیاربەکرەکەمان نیشتیمانی تورکە رەسەنەکانە، ئێمە هەموومان منداڵی ئەو نیشتیمانەین"، ئەم پەیرەوی تورکایەتیە چارەسەرێکی کەمالیستانەبوو بۆ کێشەی کورد، وا باوەڕ دەکرا کە ئەگەر دەوڵەت تەواو ستایشی تورکایەتی بکات، لەکاتێکدا هەموو دەربرینێکی کوردبوون قەدەغەبکات، ئەوا کێشەکە چارەسەر دەبێت.

## لە دەوڵەتەوە بۆ کۆمەڵگا

ئەوە هەڵەیەکی بنچینەیی دامەزراندنی کۆماری تورکیابوو کە باوەڕی وابوو دەوڵەت ماف‌و دەسەڵاتی هەیە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە بۆ هەر شتێك کە خۆی بیخوازێ، دەوڵەت بەسادەیی وتی "با کورد نەبێت"و هیوای خواست هەموو کەسێکیش ئەم تیشکە رەسمیە ببینن‌و بەباشیشی بزانن، من خۆم یەکێکم لەوانەی بەو پرۆژەیە رازی نیم لەسەر چەند بنەمایەکی فەلسەفی، لەو بروایەدام کۆمەڵگەو ئەو تاکانەی پێکیدەهێنن پێش دەوڵەت دەکەون، بۆیە دەبێت دەوڵەت بەگوێرەی خواستەکانی کۆمەڵگە بنیادبنرێت، نەك بەپێچەوانەوە، تەنانەت ئەو تورکانەشی کە ئەو نارەزاییە فەلسەفییەیان نییە کە دەوڵەت مافی خۆیەتی کۆمەڵگە بگۆڕێت، داندەنێن بەوەی ئەو هێزەی نییە بتوانێت ئەو کارە بکات، تەنانەت ئێستا هەندێك لەکەمالیستەکان لەوە گەیشتون کە ناتوانرێت لەوە زیاتر "پەروەردەبکرێن" لەسەر ئەوەی تێبگەن کە ئەوان بەراستی "تورکی رەسەن"ن.

## کەواتە دەبێت چی بکەین؟

وەڵامی ژیرانە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە ئەو هەڵە بنچینەییەی لەدارشتنی کۆماریدا کراوە، راست بکرێتەوە، بەواتایەکی دیکە بکرێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی کە رێز لەفرەیی کۆمەڵگە بگرێت، نەك دەسەڵاتێك کە ناسنامەو ئایدۆلۆژی رەسمی بسەپێنێت، ئەمە ئەو شتەیە رۆشنبیرە لیبراڵەکان کە بەحەسرەتی "دووەم کۆمارین"، هەمیشە باسی دەکەن.

هەروەها پارتی دادو گەشەسەندنی دەسەڵاتدار لەگەڵ هەموو هەڵەو کەموکورییەکانی لە٢٠٠٢ەوە ئازاترین هەنگاوی ناوە بەرەو ئەم دیموکراتیزەکردنە، بەهەرحاڵ رووبەرووی دوو کۆسپی گەورە دەبینەوە، یەکەم، زۆر لە تورکەکان بەحەماسەوە سوڕن لەسەر پاراستنی ئەو هەڵەیەی لەدامەزراندنی کۆماریدا کراوە کە بووە بەبەشێك لەئاین‌و عەلمانیەتی نەتەوەییان، ئەوان بەهەموو هۆکارێك بەربەرەکانی گۆڕان دەکەن، دووەمیش، هەندێك لە کوردەکان ئەوەندە بوون بەناسیۆنالیست کەئیدی وایلێهاتوە مەحاڵە بتوانرێت جارێکی دیکە بەریفۆرمی دیموکراتی بکرێنەوە بەدۆستی دەوڵەت، رق‌و کینەیان بەرامبەر بەشەکانی دیکەی تورکیا گەیشتۆتە ئاستێك کە بەراستی زۆر زەحمەتە ئاشتبکرێنەوە، بەواتایەکی دیکە کەموکورتی دامەزراندنی کۆماریی کۆمەڵگەیەکی زۆر کەموکورتیشی خولقاندووە، هەرلەبەر ئەوەیە کە زۆر گەشبین نیم بەرامبەر بەئایندەی ئەم مەسەلەیە.

و: لە ئینگلیزیەوە:
کامەران ئەحمەد حەمەد

# قەیرانەکە قوڵدەبێتەوە

ئا: محەمەد کەمال

گەرمترین باسی ئەمرۆی تورکیا بردنی سەرکردە دیارەکانی دەتەپەیە بۆ دادگاو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیە لەگەڵیاندا، لەکاتێکدا رایانگەیاندبوو کە بەهیچ جۆرێك ناچنە دادگاو ئامادەی لێکۆڵینەوەکان نابن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادوەری بڕیاری دەستگیرکردنیان لەرێی پۆلیسەوە دەردەکات‌و رۆژنامەو چاودێرانی سیاسیش پێیانوایە کە ئەمە بۆمبێکی تەوقیتکراوەو تەقینەوەی لەئان‌وساتدایە، چونکە حکومەت کەوتۆتە وێزەی دانیشتوانی شارو شارۆچکە کوردنشینەکان‌و بەتۆمەتی ئەندامێتی کۆماجڤاکێن کوردستان دەیانی لێ دەستگیرکردوون‌و لەبەرامبەریشدا خۆپیشاندان‌و نارەزایەتی هاووڵاتیان بەردەوامە.

## بەزۆر بردنی سەرانی دەتەپە بۆ لێکۆڵینەوە

لەکاتێکدا کە پەرلەمانی تورکیا بەبۆنەی سەری ساڵی نوێوە لەپشوودایە،بەڵام پشووەکە پێناچێت درێژەی هەبێت، بەهۆی ئەوەی سەرانی دەتەپەی داخراو کە بریتین لەهەریەك لە ئەحمەد تورك‌و ئایسەل توغلوك‌و ئەمینە ئاینا، رۆژی سێشەممەو سەلاحەدین دەمیرتاش‌و سەباحەت تونجەل، رۆژی چوارشەممە بەزۆرو لەرێگەی بەکارهێنانی هێزەوە ببرێن بۆ لێکۆڵینەوە، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە سووربوون لەسەر ئەوەی نەچن بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەو لەبەرامبەریشدا پۆلیس پێداگری لەسەر بەکارهێنانی هێز دەکردەوە بۆ بردنیان، هەوڵەکانیش بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە هێشتا دەرەنجامی لێنەکەوتۆتەوە.

هۆکاری بردنیان بۆ لێکۆڵینەوەش جیاوازە لەوەی لەیلا زانا کە لەساڵی ١٩٩٤دا بەزۆر لە پەرلەمان هێنایانە دەرەوە، لەودەمەدا پەرلەمان حەسانەی ئەو پەرلەمانتارانەی هەڵدەگرت کە داوا دەکران بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام لەئێستادا ئەمان حەسانەکانیان لەسەر هەڵنەگیراوەو کارێکی لەوجۆرە لەئارادا نییە. هەروەك بیانوی دادگا بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەم پێنج پەرلەمانتارەدا ئەوەیە کە ئەمانە پێش ئەوە بەپەرلەمانتار هەڵبژێررێن داواکراون بۆ لێکۆڵینەوە، یاسای سزادانی تورکیش ئەو مافەی بەخشیوەتە دادگا کە بەزۆرو بەبێ رەزامەندی کەسەکە دەتوانێت لەبەردەم دادگادا ئامادەی بکات بۆ لێکۆڵینەوە، ئەگەر دادگا بەپێویستی زانی.

## ئەو پێنج پەرلەمانتارە کوردە چییان بەسەر دێت؟

دوای تەواوبوونی دادگاییەکەیان بەدڵنیاییەوە حوکمی زیندانیکردن یان قورستریان بەسەردا دەسەپێنرێت، هەر بەوجۆرەش مافی پەرلەمانتارییان لێدەسەنرێتەوە بەبێ گەرانەوە بۆ پەرلەمان‌و بەپێی ماددەی ٨٤ کە دەڵێت نەك بەبڕیاری پەرلەمان، بەڵکو بەبڕیاری دەسەڵاتی دادوەری لەئەندامێتی پەرلەمان دەخرێن، پاش ئەوەش کە بڕیاری کۆتایی دەدرێتە پەرلەمان، کارەکە لەرووی یاساییەوە تەواودەبێت‌و لەو بەروارەشەوە لەسێدارەدان دەست پێدەکات.

## پەرلەمانتاران سوورن لەسەر نەچوون بۆ دادگا

لەحاڵەتی نەچوونیاندا بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا، پۆلیس بەزۆر دەیانبات، بەڵام ئەوان تا ئێستا پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە نارۆن بۆ لێکۆڵینەوە، لەو بارەیەشەوە سەلاحەدین دەمیرتاش رایگەیاند: لەو رۆژەدا لەدیاربەکر دەبم، دەتوانن هەڵکوتنە سەرم، بەڵام نارۆم لەگەڵیان، مەگەر بەراکێشان بەزەویدا بمبەن، لەحاڵەتێکدا ئەگەر پەرلەمانتارەکان لەناو بینای پەرلەماندا بمێننەوە، چوونە ناوەوەی پۆلیس بۆ نێو بیناکە دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی نوێ. دادگا بڕیاریدا بەزۆرو لەرێی پۆلیسەوە بەرەو لێکۆڵینەوەیان بەرێت

سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممەش دادگای تورکیا بڕیاری دەستگیرکردن‌و بەرەو دادگاکردنەوەی هەریەك لەئەحمەد تورك‌و ئایسەل توغلوك‌و سەلاحەدین دەمیرتاشی دەرکرد، بەجۆرێك ئەگەر لەهەر جێگایەك بینران راستەوخۆ قۆڵبەست بکرێن‌و بەرەو دادگا ببرێن بەمەبەستی لێکۆڵینەوە.

ئایسەل توغلوك بەتۆمەتی پروپاگەندەکردن بۆ پەکەکە لێپێچینەوەی لەگەڵدا ئەنجامدەدرێت‌و دادگایی دەکرێت.

## دەستگیرکردنی ٤٣ کەس لە ماوەی سێ رۆژدا

لەشارەکانی باکووری کوردستان بەگشتی‌و لەباتمان‌و وان‌و هەکاری بەتایبەتی، هێزە ئەمنییەکانی تورکیا هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی کۆماجڤاکێن کوردستانیان دەستپێکردووەو تائێستا دەیان کەسیان دەستگیرکردووە، لەوچوارچێوەیەشدا لەماوەی سێ رۆژی رابردوودا ٤٣ کەسیان بەتۆمەتی ئەندامێتی کەجەکە لەزیندان هاوێشتووە کە ژمارەیەك بەرپرسی رێکخستنەکانی دەتەپەی داخراوی تێدایە. لەلایەکی دیکەوە بەرپرسی رێکخستنەکانی دەتەپە لە قەزای ویراشەهری سەر بەشاری ئورفاش لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراوە، هەروەك ژمارەیەك لەسەرۆك شارەوانییەکانی شارو شارۆچکەکانی باکووری کوردستان بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ کۆما جڤاکێن کوردستان هەڵکوتراوەتە سەریان‌و دەستگیرکراون.

## کاردانەوەی خەڵك بەرامبەر رەشبگیرییەکانی حکومەتی ئاکەپە

وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بەدەستگیرکردنی دەیان کەس لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، هاووڵاتیانی ناوچە کوردییەکان رژانە سەرشەقامەکان بۆ نارەزایی دەربرین دژی ئەو سیاسەتانەی حکومەتەکەی ئاکەپە لەدژیان پەیرەوی دەکات، لەو چوارچێوەیەشدا لەهەریەك لەشارەکانی هەکاری‌و شرناخ ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی خۆپیشاندانیان سازکردو رێگە سەرەکییەکانیان گرت، دواتر پێکدادان لەنێوان پۆلیس‌و خۆپیشاندەراندا هاتەئاراوەو پۆلیس بەزەبری گازی فرمێسکرێژ بڵاوەی پێکردن.

## عوسمان بایدەمیریش لە لێکۆڵینەوە بێبەش نەکرا

داواکاری گشتی بەبیانووی بەکارهێنانی وشەی نەشیاو لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە بەبۆنەی دەستگیرکردنی ژمارەیەك سەرۆك شارەوانی سەر بەدەتەپەی پێشو و دەتەپەی ئێستاوە سازیکردبوو، داوایەکی دژی عوسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی گەورە شاری ئامەد کردەوەو ئێستاش لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بەردەوامەو بەپێی ماددەی ٣٠١ ی یاسای سزادانی تورکی کە تایبەتە بەلەکەدارکردنی تورکبوون‌و کۆماری تورکیاو دەزگاکانی حکومەت‌و دەوڵەت، لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

لەبارەی لێکۆڵینەوەکەشەوە بایدەمیر رایگەیاند: بابەتەکە ئەو وەڵامە نییە کە من لەبەرامبەر دەستگیرکردنەکاندا داومەتەوە، بەڵکو ستەمێکە وەك ئەوەی ساڵی ١٩٩٤و دووبارە دەبێتەوە، پێویستە دیمەنەکەی ئەوکات بێنینەوە یادی خۆمان، مرۆڤایەتی جارێکی دیکە بەسەر زەویدا پەلکێشدەکرێت، پێویستە خەڵکی تورکیاو تورکەکان گوێیان لەدەنگمان بێت، با بێدەنگ نەبن، چونکە ئەگەر بێدەنگ بن رۆژێك سەرەی ئەوانیش دێت، چونکە ئەمە زوڵمێکە لەهەمووان دەکرێت بەبێ جیاوازی بیرو بۆچوون، وتیشی: ئێمە هەنگاو بەرەو دەوڵەتی پۆلیس دەهاوێژین‌و نابێت کەس بیانووی بۆ ئەم کارە کرانەوە بێت، ئێمە ئەمە قبول ناکەین، لەبارەی سەرۆك شارەوانییە زیندانیکراوەکانیشەوە رایگەیاند: یان ئەوان ئازاد دەکرێن، یان ئێمەش دەبرێینە لایان.

## بارێکی نائاسایی لەکۆبوونەوەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا

لەکۆبوونەوەی رۆژی یەکشەممەی رابردووی دامەزراوەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەسەرۆکایەتی عەبدوڵڵا گیول، حاڵەتێکی ناباو بەدیکرا، ئەویش بانگێشت کردنەوەی موراد ئۆزچەلیکی بالیۆزی ئەو وڵاتە بوو لەبەغداوە بۆ بەشداریکردن لەو کۆبوونەوەیەدا کە سەرەکیترین باسی بنەبرکردنی پەکەکە بوو، هەروەك باسکردن بوو لە جێبەجێکردنی پرۆژەی یەکێتی نەتەوەیی‌و کرانەوەی دیموکراتی‌و چۆڵکردنی کەمپی مەخمور لەعێراق‌و کات‌و وادەی جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە، لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لەکۆبوونەوە سێقۆڵییەکانی ئەم هەفتەیەی بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا کرا کە تێیدا تاوتوێی دامەزراندنی ناوەندێکی هەواڵگریی سێلایەنەی هاوبەش کراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە، لەو رێگەیەشەوە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لەنێوان هەرسێ لایەنەکەدا دەکرێ، هەروەها باس لەکۆبوونەوەکانی ئاتالای لەگەڵ هەریەك لەمەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم‌و بەرهەم سالحی سەرۆك وەزیران کراو تاوتوێی دەرەنجامەکانی کرا.

## پەکەکە بنەو بارگەی بۆ ئەرمەنستان دەگوازێتەوە

ساواش ئەیلمەز سەرۆکی یانەی بەرەنگاربوونەوەی بانگەشە بێبنەماکانی جێنۆسایدی ئەرمەنەکان رایگەیاند: دوای ئەوەی فشاری زۆر لەسەر پەکەکە لەلایەن هەریەك لەعێراق‌و ئێران‌و سوریاو پارتەکانی باکووری عێراقەوە دروستبوو، پارتی کرێکارانی کوردستان ناوچەی قەرەباغی شاخاوی وەك مۆڵگەو بنکەیەك بۆ دروستکردنی کەمپەکانی هەڵبژاردووە، شاخەکانی قەرەباغ ناوچەیەکی سەر بەوڵاتی ئازەربایجانەو چەند ساڵێکە لەلایەن سوپای ئەرمەنستانەوە داگیرکراوە، هەروەك ئەیلمەز داوای لەحکومەتی وڵاتەکەی کرد کە لەگەڵ ئازەربایجاندا رێك بکەوێ بۆ رێگەگرتن لەجێگیربوونی پەکەکە لەو ناوچەیە، چونکە ساواش ئەیلمەز پێیوایە ئەو ناوچەیە گرنگییەکی زۆری بۆ تورکیا هەیە، وتیشی: ناوچە شاخاوییەکانی قەرەباغ لەسەر هێڵی بەرکەوتنی تورکیایە لەگەڵ دەرەوەداو ئەرمەنستان بەئاسانی دەتوانێ یارمەتی بگەیەنێت‌و دۆخی ناوچەکە بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی دیارینەکراوەو لەحاڵەتی کێشانەوەی سەربازەکانی روسیا لەگورجستان‌و جێگیرکردنیان لەو ناوچەیە، پەکەکە زۆر بەئاسانی پرچەك دەکرێ، هەر ئەم هۆیانەشن کە وای لەپەکەکە کردووە ئەو ناوچەیە بۆ پەناگەی خۆی هەڵبژێرێ.

# "حیزبی دیموکرات بەداهاتووی بزووتنەوەی خەڵکی ئێران گەشبینن"

## قادر وریا ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دەستوور

ئا. دەستوور

قادر وریا ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا، باس لەناکارابوونی بزووتنەوەی جەماوەری لە کوردستانی ئێران دەکات، هۆکارەکانی دەخاتەروو، وریا دەڵێت حیزبەکەی گەشبینە بەوەی بزوتنەوەی سەوزو نارەزاییەکانی جەماوەری ئێران بە ئامانج بگات.

**دەستوور:** زیاتر لە شەش مانگە، بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەهێز، کۆمەڵگای ئێران‌و بەتایبەت شارە گەورەکانی ئێرانی تەنیوەتەوە، هەموو دەرکەوتەکانی ئەم چەند مانگە باس لە بەردەوامبوونی ئەم بزووتنەوەیە، جیدیبوونی گۆران لە کۆمەڵگاو تەنانەت ئەگەری هەرسهێنانی سیستەمی سیاسی دەکات، بەلەبەرچاوگرتنی خەباتی دوورودرێژی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات، هۆکارەکانی نائەکتیڤبوونی بزووتنەوەی کوردستان لەم ساتە هەستیارەدا بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**قادر وریا:** بە بروای من خەڵکی کوردستان‌و هەروەها رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانیش لە بوونی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییەو بەردەوامبوون‌و بەرەوپێشچوونی خۆشحاڵن، لەگەڵ بەشێك لەم داواو ئەو داخوازیانەدان کە بزووتنەوەکە هێناونیە گۆڕێ، نائەکتیڤبوونی بزووتنەوەی کوردستان، یا بەجۆرێکی دیکە بڵێین بەرچاو نەبوونی بەشداریی خەڵکی کوردستان لەم بزووتنەوە جەماوەرییەی خەڵکی ئێراندا، پێش هەموو شتێك دەگەڕێتەوە بۆ کەشوهەوای ئەمنییەتیی زاڵکراو بەسەر کوردستانداو بچووکبوونی شارەکان، لەبەرئەوەی



قادر وریا

کە خەڵکی کوردستان رابردوویەکی درێژیان لە دژایەتی‌و بەرەنگاریی رژێمی کۆماری ئیسلامیدا هەیە، بەردەوام لەگەڵ سەرکوت‌و هەرەشە بەرەورووو بوون‌و رژێم بێپەروایانە لێی کوشتوون، بەداخەوە ئەو سەرکوت‌و کوشتارەش کە کۆماری ئیسلامی لە کوردستان کردوویەتی، دەنگدانەوەی جیهانی‌و مەحکومییەتێکی ئەوتۆی جیهانیی بەدواوە نەبووە، بۆیە خەڵکی کوردستان‌و هێزە سیاسییەکان، لە هەلومەرجی ئێستادا بە پارێزەوە هەڵوێست دەگرن‌و نایانەوێ بیانوو بکەوێتە دەست ئەم رژێمە تا رقی کۆنی بەم خەڵکە برێژێ، دیارە ئەمە هۆیەکی دیار نەبوونی بەشداریی بەرچاوی خەڵکی کوردستان لەم بزووتنەوە جەماوەرییەدایە. هۆیەکەی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ پڕەنگنەبوون‌و دیارنەبوونی ویست‌و داخوازە نەتەوایەتییەکان لەنێو دروشمەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا.

**دەستوور:** لێکترازان‌و ئینشقاق لەناو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان تا چەند لەم بابەتەدا دەوری گێراوە؟ ئایا بەرای بەڕێزتان ناکۆکی لە نێوان حزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵات، توانیویەتی وەك لەمپەرێك لەبەردەم دروستبوونی گوتاری هاوبەش لە کوردستان بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم پرسە گرنگە، دەور بنوێنێت؟

**قادر وریا:** یەکگرتوو نەبوون‌و لەتبوونی نێو حیزب‌و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتیش، بە بروای من دەوری هەیە لە نائەکتیڤبوونی بزووتنەوەی کوردستان، چ لە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی جەماوەری‌و سەرانسەریی ئەمڕۆی ئێران‌و چ لە بوارەکانی دیکەدا. جگە لەوەی کە جیاوازی هەبووە لە روانین‌و هەڵوێستی حیزبەکان بەرامبەر بەم بزووتنەوەیەو هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌و ئاکامەکانی، لەسەر ئەم مەسەلەیەش کە خەڵکی کوردستان چۆن بەرەورووی رووداوەکان‌و ئاڵوگۆڕەکان ببنەوە، هاوهەنگاوی‌و هاوهەڵوێستی‌و هاوکاری لە نێوان حیزب‌و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتدا بەدی ناکرێ، بێگومان ئەگەر ئەم حیزب‌و رێکخراوانە کۆدەنگی‌و یەك هەڵوێستی لەنێوانیاندا هەبێ‌و بەیەکەوە رووی قسەی خۆیان بکەنە خەڵکی کوردستان یا بزووتنەوەی سەوز یا کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان، تەئسیریان لەسەر رووداوو ئاڵوگۆڕەکان زۆر زیاتر دەبێ.

**دەستوور:** ئێوە وەك حیزبی دیموکراتی کوردستان تا چەند توانیوتانە لەم دەرفەتە بۆ قازانجی بزووتنەوەی کوردستان، کەڵك وەربگرن، ئایا تا ئێستا بەکردەوە هەنگاوێکتان بۆ ئەم بابەتە هەڵگرتووە؟

**قادر وریا:** حیزبی دیموکراتی کوردستان بەر لە هەڵبژاردنی سەرکۆمارییش، پێی وابوو کە خەڵکی کوردستان دەبێ لە دەرفەتەکان بە قازانجی هێنانەگۆڕی داخوازییەکانی خۆیان کەڵك وەربگرن، ئەوەش کە دوو لە کاندیداکانی پۆستی سەرکۆماری (کەرووبی‌و مووسەوی) لە بەرنامەی خۆیاندا بۆ هەڵبژاردن تا رادەیەك بایەخیان بە مەسەلەی نەتەوایەتیی پێکهاتەکانی خەڵکی ئێراندا، لە مەرجداربوونی بەشداریی خەڵکی کوردستان لە دەنگداندا سەرچاوەی دەگرت، لەدوای ئەوەش دەسەڵاتدارانی پاوانخواز کودەتایان لە دەنگەکانی خەڵك کردو خۆپێشاندانەکانی خەڵك دەستیان پێکرد، حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوەندەی بۆی گونجاوە هەوڵی داوە پێوەندی بگرێ بە لایەنەکان‌و کەسایەتییە شوێندانەرەکانی نێو بزووتنەوەکەو لەم راستییە ئاگاداریان بکاتەوە کە پێویستە بایەخ بە پرسی نەتەوەکان بەتایبەتی پرسی کورد بدەن.

قسەی حیزبی ئێمە لەگەڵ خەڵکی کوردستانیش هەر ئەوە بوو کە ئێمە وەك کورد دەبێ لەنێو رووداوو ئاڵوگۆڕەکانی ئێراندا هەبین، بەڵام نەك بە قیمەتی توانەوە لەنێو بزووتنەوەکەداو دەست هەڵگرتن لەداواکانی خۆمان، بەڵکوو بۆ شوێندانان لەسەر رەوتی رووداوەکان بەقازانی نەتەوەکەی خۆمان، پێموایە لەم بارەیەشەوە کاریگەریمان هەبووە.

**دەستوور:** لە دوای رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆك کۆماری، ئیسلاحخوازانی دەوڵەتی لە ئێران بەشداریەکی چالاکانەیان لە ریزی نارازیاندا کردووەو تەنانەت بەشێکی بەرچاو لەکەسایەتیە ناسراوەکانی ئەم باڵەی سیستەمی سیاسی ئێران دەستگیرو رەوانەی بەندیخانەکان کراون، کەچی ئیسلاحخوازە کوردەکان بێدەنگیان هەڵبژاردو بەکردەوە هیچیان لێنەبینراوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشووتر هەمان ئیسلاحخوازانی کورد، حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردیان بە ناواقعبین‌و تەنانەت تێکدەری پرۆسەکە ناوزەددەکرد، جەنابتان هۆکاری بێدەنگبوونی ئەوان بۆچی دەگێڕیتەوە؟

**قادر وریا:** ئێمە دەبێ بارودۆخی ریفۆرمخوازانی کورد دەرك بکەی، ئەوانیش بەم هۆیەوە کە کوردن‌و لە کوردستان دەژین و،"حساسیت"ەکانی رژێم هەمبەر بەکوردستان دەناسن، بە پارێزەوە هەڵسوکەوت دەکەن، کاتێك کەسانی وەك رەمەزانزادەو تاج زادەو ئەبتەحی کە لە دەوڵەتی خاتەمیدا پلەو پایەی زۆر بەرزیان هەبوو و لەسەر ئاستی دنیادا ناسراون، بەم جۆرەی ئێستا دەکەونە بەر رق‌و تۆڵەسەندنەوەی دەوڵەتی کودەتا، ریفۆرمخوازانی کورد، ئەگەر هەندێك تێبینی رەچاو نەکەن لەوانەیە زۆر خراپتریان بەسەر بهێنرێ، لەو باوەرەدام کە ئەوانیش بێدەنگو بێهەڵوێست نین، بەڵکو رەچاوی ئەم بارودۆخە تایبەتییەی کوردستان دەکەن.

**دەستوور:** وەك دوایین پرسیار، ئێوە وەك لایەنێکی سیاسی لەکوردستانی رۆژهەڵات، تا چەند بە ئایندەی ئەم بزووتنەوە لە ئاراستەی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵکی کوردستان گەشبینن؟

**قادر وریا:** من وەك خۆم زۆر بە داهاتووی ئەم بزووتنەوەیە گەشبینم، حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بە داهاتووی بزووتنەوەی ئەمڕۆی خەڵکی ئێران گەشبین‌و هیوادارە، چونکە ئەم بزووتنەوەیە دژی دیکتاتۆری‌و سەرەرۆییە، خەریکە سنووری هەندێك داوای وەك" ئیسلاحی قەوارەی نیزام" تێدەپەرێنێ‌و گۆرینی سیستەمەکە لە تەواوەتی خۆیدا دەکا بە ئامانج، ئەم بزوتنەوەیە زۆر بەربەرینە، رووداوەکانی چەند مانگی رابردوو نیشانیانداوە کە جار لەگەڵ جار بەتین‌و گوری زیاترەوە دێتەوە سەر شەقامەکان، جۆراوجۆریی خەڵکی بەشدار لەم بزووتنەوەیەداو ئەو دروشمانەی تا ئێستا داویانن، پێمان دەڵێ کە تەنیا سیستمێکی دیموکرات کەرێز لە جۆراوجۆرییەکانی خەڵکی ئێران‌و مافو ئازادییەکانیان بگرێ، ئەم خەڵکە رازی دەکا، ئەم بزووتنەوەیە هەڵگری داوای دیموکراسی‌و مافی مرۆڤو نەهێشتنی جیاوازی دانان‌و چەوساندنەوەی نەتەوەیی، ئایینی‌و رەگەزییە، بۆیە ئایندەکەی لەخزمەت بەرژەوەندییەکانی هەموو ئێرانییەکاندایە.

خەڵکی کوردستانیش، ئەو کاتە دەتوانن دەسکەوتی زیاتریان لە داهاتووی ئەم بزووتنەوەیە هەبێ کە وەك هێزێکی کاریگەر لەنێو رووداوەکاندابن‌و هەولبدەن شانبەشانی داخوازییە گشتییەکان، ویست‌و داخوازییەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ.

# خۆپیشاندانی نارازییان بەردەوامە

## "رووداوەکانی رۆژی یەکشەممەی ئێران بوون بەرووداوگەلێکی چارەنووسساز"

هیوا سەلیمی

خۆپیشاندانەکانی نارازیانی ئێران لە رۆژی یەکشەممە، بەدەیان کوژراوو برینداری لێکەوتۆتەوەو بارودۆخێکی تەواو نائاسایی باڵی بەسەر ئێراندا کێشاوە. زۆربەی هەواڵنێرییەکانی جیهان‌و لەوانە بی بی سی، فەرەنسە، ئەلجەزیرەو ئەلعەربیە، خۆپیشاندانی نارازییان لە رۆژی یەکشەممەی شارەکانی ئێران‌و بەتایبەت پایەتەختیان بە گەورەترین‌و خوێناویترین رووداوی ئەم حەوت مانگەی نائارامییەکانی ئێران وەسف کرد. خۆپیشاندانی نارازییان بە بیانووی رۆژی عاشورا زۆربەی شارەگەورەکانی وەك تاران، شیراز، ئەسفەهان، تەبرێزو زۆر شاری دیکەی گرتەوەو بەڵام زۆرتری پێکدادانەکان لە پایەتەخت رووی دا. فلیم‌و رپیۆرتاژە وێنەییەکانی سەر تۆرەکانی ئەنتەرنێت باس لە خرۆشانێکی جەماوەری بەهێز دەکات‌و چەندین ناوەندی سەربازی، ئۆتۆمبیل‌و ماتۆری هێزە ئەمنییەکانی ئێران لەلایەن خۆپیشاندەرانی تورەو نارازییەوە ئاگریان تێبەردرا. لە ئەنجامی تەقەکردنی هێزەکانی حکوومەتی ئێران، خوشکەزای میرحسێن مووسەوی، یەکێك لە رێبەرانی بزووتنەوەی سەوز کوژراوەو چەندین کوڕو کچی دیکەی بەرپرسانی پێشووی ئێرانیش گیراون. دروشمەکانی خۆپیشاندەران توندترو رادیکاڵتر لە هەموو خۆپیشاندانەکانی پێشووتر بووەو لە چەندین شوێنی تاران وێنەی عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی لە لایەن نارازییان، سوتێندراوە.

### شەقامەکانی تاران بوونە گۆڕەپانی شەڕ

بەدرێژایی ئەم حەوت مانگەی رووداوەکانی ئێران، خۆپیشاندانی هێمنانەو دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی مانیفێستی هەموو نارازییان بووەو سەرەرای تەقەکردن، گرتن‌و لێدانی نارازیان، خۆدزینەوەی لە توندوتیژی تاکتیکی سەرەکی خۆپیشاندەران بووە. لە رۆژی یەکشەممە ئەم واتایە پێچەوانە بووەوەو لە ئەنجامی سەرکوتی زۆرو گوشاری هێزەکانی حکومەت، خۆپیشاندەران بەشێوەیەکی زۆر توورە هەلیانکوتایە سەر هێزەکانی پۆلیس‌و چەندین ئۆتۆمبێل‌و تەنانەت چەندین بنکەی سەربازیان ئاگر تێ بەردا. ماڵپەری رادیۆ فەردا هەواڵی سووتاندنی ٤ ئۆتۆمبیل‌و چەندین بنکەی پۆلیسی پشتراست کردەوەو فلیمە ناردراوەکان بۆ سەر سایتی یوتوب زیاتربوونی زیانەکان نیشان دەدات. چەندین جارو لەچەندین شوێنی جیاجیای تاران، وێنە هەڵواسراوەکانی خامنەیی هێندرانەخوارەوەو لەلایەن خەڵکی توورەوە ئاگری تێبەردرا. دروشمەکان توندترین چەشنی دروشم بوون‌و زۆربەی دروشمەکانی ئاراستەی" ویلایەتی فەقیە" کران. دوکتۆر مێهرداد دەرویشپوور مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆکانی سوید رووداوەکانی رۆژی تاسوعاو بەتایبەت عاشورا بە مەزنترین شکستی سیاسی دەسەڵاتی ئێران وەسف دەکات، لەمبارەوە بەدەستوور دەڵێت " سی ساڵ لەمەوپێش رێبەرانی ئێستاکەی ئێران لەوەها رۆژێکدا بەکەڵکوەرگرتن لە هەستی ئایینی خەڵك، خرۆشانێکی جەماوەرییان دروستکردو زەمینەکانی رووخاندنی دەسەڵاتی پێشووی ئێرانیان لە ماوەیەکی کورتدا خولقاند. بەوپەری سەرسورمانەوە مێژوو دووبارە بووەو لە هەمان رۆژ، واتە لە عاشورای ئەمساڵدا کە دەبوا ببوایە بە سەرچاوەی مەشرووعییەت، کاریگەرترین گورز لە دەسەڵاتی سەرەرۆی ئایینی درا.توندرەوییەکانی دەسەڵات بووە هۆی توورەبوونی خەڵك‌و ئەم بابەتە بووە هۆکار بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی بچێتە قۆناغێکی دیکەوە".

سالار پاشایی چالاکوانی سیاسی لە رۆژهەڵات‌و سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاسۆی رۆژهەڵات باس لە بەزاندنی لایەنی بەرامبەر دەکات‌و لەمبارەوە بە دەستوور دەڵێت " بزووتنەوەی بەرهەڵستکارانەی جەماوەری نارازی لە ئێران لە عاشورا چووە قۆناغێکی دیکەوە: یەکەم ئەوەی کە بزووتنەوەکە پاش شەش مانگ سەرکوتی بێ بەزەییانەی خەڵکی نارازی، سەلماندنی کە نەتەنیا هیچ پاشەکشەیەکی بەرچاوی نەکردووە بەڵکوو بۆ ئەوەڵ جار لە مێژووی ئەم چەند مانگەدا هێرشبەرانە هەلیکوتایە سەر چەند شوێنێکی دەوڵەتی، خەڵکی نارازی زۆر نەترسانەو بەهێز توانیان هێزی تا ددان چەکداری سوپای پاسداران و لیباس شەخسیەکان ببەزێنن و پاشەکشەیان پێ بکەن.

### ئەگەرەکانی هەرسهێنانی سیستەمی سیاسی ئێران بەهێزتر بووە

ئەگەرچی لە رۆژەکانی سەرەتاوە باس لە ئەگەری هەرسهێنانی سیستەمی سیاسی ئێران، باسێکی جیدی‌و گەرموگوڕی ناوەندە لێکۆڵینەوەییەکانی سیاسی جیهان بووە، بەڵام رووداوەکانی رۆژی عاشورا ئەم باسەی ماندارتر کردووەو تەنانەت لە زۆربەی کاتژمێرەکانی رۆژی یەکشەممە، بەکردەوە زۆربەی گەرەك‌و شەقامەکانی پایەتەخت کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی خەڵك. هەر لەسەرتاکانی دەستپێکردنی خۆپیشاندان لە چەندین شەقامی جیاجیا لە تاران. هیچ یەك لە لایەنەکانی بەشدار، حازر بە پاشەکشە نین‌و ئەلترناتیڤێکی سێهەم بۆ سیستەمی سیاسی ئێران لەبەردەستدا نییە. موحسینی کەدیوەر کەسایەتی ناسراوی ئایینی لە تازەترین وتووێژ لە گەڵ هەفتەنامەی ئەشپیگلی ئەلمانی، ئەگەری رووخان‌و هەرەسهێنانی سیستەمی سیاسی ئێران بەدوور نازانێت‌و دەڵێت کە نەدۆزینەوەی خێرای رێگەچارەیەك، خێراییەکی زیاتر بەم رەوتە دەبەخشێ. مێهرداد دەرویشپوور لەوبارەوە دەڵێ:" لێکدانەوەی من ئەوەیە کە رووداوەکانی رۆژی یەکشەممە بوو بە رووداوگەلێکی چارەنووسسازو حکوومەتی ئێران لە بەرەوخۆارکەی رووخاندن‌و هەرەسهێنانە". لەلای خۆیەوە سالار پاشایی باس لە رادیکالیزەبوونەوەی بزووتنەوەی جەماوەری‌و بیرکردنەوە لە هەڵتەکاندن دەکات‌و لەمبارەوە دەڵێت: " بە لە بەرچاوگرتنی دروشمەکان و هێرشبەر بوونی نارازیان، بزاڤەکە زیاتر رادیکالیزەتر بووە، بە چەشنێك کە ئێستا دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری لە ئێران هەنگاوی ناوەتە نێو ئاراستەی هەڵتەکاندنی یەکجارەکی نیزامی ویلایەتی فەقیەو چی دیکە خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خەڵك و حاکمیەت بۆ هەرچەشنە سازانێك یان ریفۆرمێك لە یاسای بنەرەتی ئێران نەماوەتەوە کە پێمان وابێت ئاراستەکە بەرەوە ئاقارێکی هێوربوونەوە دەروات. بیرکردنەوە لە چۆنیەتی رووخانی دەسەلاتی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیە چۆتە ئەجیندای کارو خەباتی ئازادیخوازانەو هەنگاوەکان لەم ئاراستەدا هەنگاودەنێت.



بەرەنگاربوونەوە بەردەوامە

یەکەمی ئەو پارتە لەشاری دیاربەکر دانی بەبوونی کێشەی کورددا نا.
ئەو لێدوانەی ئەردۆگان لەلایەن زۆرێك لەچاودێرانەوە بەگۆرانکارییەك لەسیاسەتی مامەڵەکردنی دەولەتی تورکیا لەگەڵ مەسەلەی کورد لێکدەدرایەوەو پێیانوابوو رەنگە چیتر پێویست نەکات پەنا بۆ چەك ببرێتەوە لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیەو دەرگا لەبەردەم چاکسازییە سیاسییەکان‌و ئابوریی‌و فەرهەنگییەکان ئاوەڵابکرێت.
لەمیانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی سالی ٢٠٠٧یش، پارتی کۆمەڵگای دیموکراسی کوردی توانی رێژەی ١٠٪ ببرێت‌و بە ٢٤ پەرلەمانتار بچێتە ناو پەرلەمانی تورکیاوە.
هەرچەندە پارتی دادو گەشەپێدان، کە لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەو ساڵەدا توانی نیوەی دەنگی کوردەکان بەدەستبهێنێت، لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠٠٩، پارتی کۆمەڵگای دیموکراسی بووە رکابەری سەرەکی‌و شارەوانیی چەند شارێکی بردەوە لەوانە دیاربەکرو تونجەلی‌و باتمان‌و هەکاری‌و شیرناخ، بەڵام لێدوانی لێپرسراوانی دادو گەشەپێدان لەبارەی دەستپێشخەری کرانەوەی دیموکراسی‌و لابردنی هەندێك کۆت‌و بەند لەسەر مەسەلەی بەکارهێنانی زمانی کوردی‌و دامەزراندنی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی جیاکاریی‌و ناونانەوەی هەندێك گوندی کوردستانی باکور بەناوەکانی خۆیان، لەگەڵ دامەزراندنی دەستەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لەسکاڵاکانی پەیوەست بەئەشکەنجەدان‌و رێگەدان بەپەخش بەزمانی کوردی، ئومێدی لای چاودێران دروستکرد بەوەی پارتەکەی رەجەب تەیب ئەردۆگان دەتوانێت گۆرانکاریی گەورەی سیاسی لەوڵاتەکەی بهێنێتە کایەوەو کۆتایی بەململانێی چەکداری چەند دەیەی رابردوو بهێنێت، بەڵام بڕیاری دادگای گشتی بەداخستنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراسی لە رۆژی ١١ی ئەم مانگە بەبیانووی هەرەشەکردن لەسەروەریی تورکیاو پێشێلکردنی دەستوور، ئەو ئومێدەی کردە بلقی سەرئاوو لەگۆری نا.
خەباتی کوردەکانی کوردستانی باکور بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بەردەوام دەبێت‌و باشترین بەلگەش بۆ ئەم گریمانەیە ئەو شەپۆلی نارەزاییە بەرفراوانەیە کە ناوچە کوردنشینەکانی گرتەوە لەبەرامبەر بڕیاری داخستنی دەتەپەدا.

***کوردستانی رۆژهەڵات، چەند هەنگاوێك بەرەودواوە**

هەڵبژاردنی محەمەد خاتەمی ریفۆرمیست بەسەرۆکی ئێران لەهەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی سالی ١٩٩٧، کوردەکانی ئێران دلخۆشکرد بەوەی سەرۆکی نوێ چەند هەنگاوێك دەنێت بۆ چەسپاندنی لانیکەمی مافە فەرهەنگییەکانیان لەوانە برەودان بەزمانی کوردی.
لەگەڵ هاتنە سەردەسەڵات، خاتەمی یەکەم کوردی بەپارێزگاری سنە بەناوی عەبدوڵا رەمەزان زادە دانا.
هەر لەسەردەمی ئەم سەرۆکەدا، پارتی چاکسازیی کوردی‌و رێکخراوی بەرگری لەمافی کوردەکان بەسەرۆکایەتی محەمەد سادق کەبودوەند لەساڵی ٢٠٠٥ پێکهێنرا، بەڵام سالی ٢٠٠٤، شەش نوێنەری کورد لەپەرلەمان دەستیانلەکارکێشایەوەو حکومەتەکەی خاتەمییان بەپشتگوێخستنی مافە یاساییەکانی کورد تۆمەتبار کرد.
رۆژی ٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٥، هەلسوراوێکی کورد بەناوی شوان قەدری لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە بەشێوەیەکی دڕندانە لەشاری مەهاباد کوژراو شەپۆلێکی نارەزایی بەدوای خۆیدا هێنا کە شارەکانی مەهاباد، سنە، بۆکان، سەقزو بانە، شنۆو سەردەشتی گرتەوەو ماوەی ٦ هەفتە بەردەوام بوو.
هەمان ساڵ، پارتی ژیانەوەی کوردستان (پژاك) دامەزرێنرا، کە خەباتی چەکداری لەدژی رژێم دەستپێکردوەو تائێستا چەندین پۆلیس‌و سەربازیی کوشتوە.
هەر لەم دەیەیەدا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و کۆمەلە چەند ناکۆکی کەوتە نێوان ئەندامەکانیانەوەو بوون بەچەند بەشێکەوە.
کوردەکان کە بەپێی خەملاندنەکانی سالی ٢٠٠٦، ٦,٢ملیۆن کەس‌و ٧٪ی کۆی دانیشتوانی ئێران پێکدەهێنن کە ٦٩ کەسن، بێبەشکراون لەوەی بەزمانی دایك بخوێنن هەرچەندە لەهەردوو مادەی ١٥و ١٩دا باس لە مافی کەمینەکان دەکات لەبەکارهێنانی زمانی دایکیان لەبوارەکانی خوێندن‌و کەلتوری.
تائێستا ژمارەیەك لەرۆژنامە کوردییەکان داخراون‌و زۆرجار پارێزگارو فەرمانبەرە بالاکانی فەرمانگەکانی ناوچە کوردنشینەکان بە رەگەز فارس‌و تورکن.
لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەحمەدینەژاد بەسەرۆك کۆمار لەساڵی ٢٠٠٥، ئەو ئازادییە کەمەی لەسەردەمی خاتەمی بەدەستهاتبوو بەرتەسك بووەو ژمارەیەك لە رۆژنامە کوردییەکان داخران. جگەلەوەش خواستی ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی ئێرانی رووبەرووی نارەزایی کۆمەڵگای نێودەولەتی کردوەتەوە کەتائێستا وڵاتانی زلهێز چەندین گەمارۆی ئابوورییان بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاندووە.
دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمسالدا کەتیایدا ئەحمەدینەژاد جارێکی تر بەسەرۆك کۆمار هەڵبژێرایەوە، شەپۆلێکی نارەزایی بەرفراوان ئەو وڵاتەی گرتووەتەوەو کەتائێستاش بەردەوامەو بە رای چاودێران ئایندەی رژێمی سیۆکراتی ئەو وڵاتەی خستووەتە مەترسییەوە.

***هەرێمی کوردستان رزگاریی بوو لەدیکتاتۆرێکی دڕندە**

بە رووخانی رژێمی سەدام لەخولی دووەمی جەنگی دژی تیرۆر، کورد لەکوردستانی باشوور دوژمنێکی سەرسەختی لەکۆڵ بووەوە، کە پرۆسەی جینۆسایدی لەدژی ئەنجامداوەو بەشێکی زۆری خاکەکەی وێران کردبوو.
دوای رووخانی رژێمی سەدام، کورد رۆلێکی کاریگەریی هەبوو لە بنیاتنانەوەی دەولەتی نوێی عێراق‌و دارشتنەوەی دەستوور. لەهەردوو هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی سالی ٢٠٠٥ دووەم فراکسیۆنی ناو پەرلەمان بووە.
لەگەڵ ئەوەیشدا لەدوای سالی ٢٠٠٧ زنجیرەیەك ناکۆکی لەنێوان هەرێم‌و بەغدا سەرهەڵیداوەو تائێستا یەکلایی نەکراونەتەوە، کە گرنگترینیان جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠و مەسەلەی کەرکوك‌و ناوچە جێیناکۆکەکانی تر.
هەروەها هەردوولا ناکۆکن لەسەر ناوچە بوونی هێزی پێشمەرگەو بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان‌و یاسای نەوت‌و غازو چەند مەسەلەیەکی تر.
لەژێر کاریگەریی رووداوەکانی بەغدا، تائێستا دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی‌و هەڵبژاردنێکی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەهەرێم بەرێوەچووەو بە رای چاودێران هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی تەمووزی رابوردوو رووداوێکی گرنگە لەمێژووی سیاسی هەرێم، لەبەرئەوەی بۆ یەکەمجار هێزی ئۆپۆزیسیۆن لەپەرلەمان دروستبووە.
لەرووی ئابوریشەوە سالانە ١٧٪ی پشکی بودجەی هەرێم بۆ هەرێمی کوردستانەو ئەمەش وایکردووە سەرمایەکی زۆر روو لەهەرێم بکات، جگە لەوەش ژمارەیەك کۆمپانیای بیانی کاری وەبەرهێنان دەکەن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدا بەچارەسەرنەکراوی رەنگە لەدەیەی دووەمی هەزارەی سێیەمدا ئاکامی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە.
هەر لەدەیەی یەکەمی هەزارەی سێیەمدا، رۆژنامەگەری ئەهلی لەهەرێمی کوردستان دروستبوو، ئێستا چەندین کەنالی راگەیاندنی سەربەخۆ کاردەکەن کەزۆربەیان بارەگای سەرەکییان لەشاری سلێمانییە.
هەر لەچەندین سالی رابوردوودا، ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان چەندین لەلایەن ئێران‌و تورکیاوە بۆردومانکراون‌و هێزەکانی تورکیا لەمانگی شوباتی ٢٠٠٨ لەشکرکێشییان کرد بۆ ناو هەرێمی کوردستان.
لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەراست‌و جیهانیشدا، لەم دەیەیەدا چەندین رووداوی پربایەخ روویانداوە،کەبریتین لە:

*سۆنامی

رۆژی ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤، زەمینلەرزەیەك بەگوری ٩,٣ پلە بەپێوەری ریختەر چەند دوورگەیەکی لەزەریای ئارام هیندی گرتوەو بەهۆیەوە پتر لە ٢٠٠هەزار کەس گیانیان لەدەستداو هەزارانی تریش ئاوارەبوون.

***کوژرانی رەفیق حەریری**

رۆژی ٢٠٠٥/٢/١٤، لەکردەوەیەکی تیرۆریستیدا، رەفیق حەریری سەرۆك وەزیرانی پێشووی لوبنان کوژرا.
کوژرانی حەریری چەند پێشهاتێکی بەدوای خۆیدا هێنا لەوانە ئەمەریکا هێزەکانی سوریای بەناچاری ئەو وڵاتە بەجێبهێلێت‌و ئەو وڵاتەی خستووەتە گێژاوێکەوە کە تائێستا بەدەستییەوە دەنالێنێت.
بۆ ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی دەستیان لەو رووداوەدا هەبووە، دادگایەکی نێودەولەتی پێکهێنراو تائێستا ئەنجامدەران‌و دارێژەرانی پیلانەکە ئاشکرانەکراون.

***دوو جەنگی عەرەب ئیسرایل روویانداوە**

لەکاتێکدا دەیەی یەکەمی هەزارەی سێیەم بەجەنگی دژی تیرۆر ناسراوە، هەر لەم دەیەدا ئیسرایل دوو جەنگی لەدژی لوبنان‌و کەرتی غەزە هەڵگیرساندوە.
مانگی تەموزی سالی ٢٠٠٦، دوای رفاندنی دوو سەربازی ئیسرایل لەلایەن حیزبەڵای لوبنانەوە، ئیسرایل زنجیرەیەك پەلاماری ئاسمانی‌و هێرشی زەمینی کردە سەر لوبنان‌و زیانێکی زۆری بەژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە گەیاند.
لەجەنگەکەدا کە لەرۆژی ١٢ی تەمووز تا ١٤ی ئاب بەردەوام بوو ٤٣ رۆژی خایاند، سەدان کەس کوژران‌و بریندداربوون‌و جەنگە بەدەرکردنی بڕیاری ١٧٠١ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە کۆتایی هات، کەتیایدا جەخت دەکاتەوە لەسەر پاشەکشەکردنی هێزەکانی ئیسرایل‌و حیزبەڵا لەباشووری لوبنان‌و جێگیرکردنی هێزەکانی سوپای لوبنان‌و هێزێکی نێودەولەتی کە بەیونیفل ناسراوە بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەو بریارە.
رۆژی ٢٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨، ئیسرایل هێرشێکی بەرفراوانی سەربازیی بۆ سەر کەرتی غەزە دەستپێکرد کە ماوەی ٢٢ رۆژی خایاند.
لەو جەنگەدا کە تا رۆژی ١٧ی کانوونی دووەم بەردەوام بوو، ١٤١٧ فەلەستینی کوژران کە ژمارەیەکیان سەر بەبزووتنەوەی حەماس بوون‌و ٥٤٥٠ کەسیش بریندداربوون.
بەگوێرەی خەملاندنەکانیش ١,٩ملیار دۆلار زیان بەژێرخانی ئابووری کەرتی غەزە کەوتووە کەخۆی لە رووخانی٤١٠٠ خانوو ٣٥ مزگەوت‌و ١٢٠ بینای حکومی دەبینێتەوە، جگە لەوێرانبوونی چەند خانوویەکی تر.

***قەیرانێکی دارایی جیهانی گرتەوە**

لەدواسالەکانی دەیەی یەکەمی هەزارەی سێیەم، قەیرانێکی دارایی جیهانی گرتەوە کە بە رای ئابووریناسان، دووەم قەیرانی ئابوورییە کەئەمەریکای لەسالانی سییەکانی سەدەی رابوردووەوە گرتبێتەوە.
قەیرانەکە ئەو کاتە دەستیپێکرد، کە بانکەکانی ئەمەریکا قەرزێکی زۆریاندا بەهەزاران کەس لەوانەی کە داهاتیان کەمەو دواتر نەیانتوانی بیدەنەوە، ئەمەش وایکرد ئەو بانکانە نابووت بن.
بەگوێرەی سندوقی دراوی نێودەولەتی زیانەکانی جیهان بەهۆی ئەو قەیرانەوە نزیکەی ١,٤ تریلیۆن دۆلارەو زیانی پشکی کۆمپانیاو بانکەکانیش بەنزیکەی ١٥ تریلیۆن دۆلار دەخەملێنرێت.
لەسالی ٢٠٠٧ نرخی نەوت زۆر بووەوە بەجۆرێك کە لەمانگی تەمووزی سالی رابوردوو گەیشتە ١٤٧,٥٠ دۆلار بۆ بەرمیلێك نەوت‌و بەهۆیەوە نرخی خۆراك لەجیهاندا زۆر بەرزبوەوە. بەڵام بەهۆی قەیرانە داراییەکەوە نرخی بەرمیلێك نەوت بۆ کەمتر لە ٣٠ دۆلار دابەزی‌و بەو هۆیەوە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت داهاتێکی زۆریان لەدەستدا.

***بڵاوبوونەوەی پەتاو گەرمبوونی گۆی زەوی**

وێرای رووداوە سیاسییەکان‌و جەنگەکان، لەدەی یەکەمی هەزاری سێیەمدا، چەندین پەتای جیهانی بڵاوبووەوە، کەدیارترینیان سارس‌و ئەنفلۆنزای پەلەوەرو بەرازە.
هاوکات گۆرانکارییەکانی کەشوهەوا بەیەکێك لەگەورەترین مەترسییەکان بۆ سەر گۆی زەوی دادەنرێت‌و بەگوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەم دەیەدا بەرزترین پلەی گەرما تۆمارکراوە لەچاو سالانی رابوردو. هەروەها بەهۆی کارەساتە سروشتییەکانی وەکو لافاو بومەلەرزەوە هەزاران کەس گیانیان لەدەستداو زیانەکانیشیان بەسەدان ملیۆن دۆلار دەخەملێنرێت.



قەیرانی ئابووری ناسنامەیەکی تری دەیەی یەکەمە

## بەرووخانی رژێمی سەدام لەخولی دووەمی جەنگی دژی تیرۆر، کورد لەکوردستانی باشوور دوژمنێکی سەرسەختی لەکۆڵبووەوە


گەرمبوونی گۆی زەوی هەڕەشەیەکی ترە

## شەپۆلی بەرفراوانی نارەزایی ئاییندەی رژێمی سیۆکراتی ئێرانی خستۆتە مەترسییەوە

# دەیەی یەکەمی هەزارەی سێیەم.. دەیەی جەنگو تەقینەوە

ئا: دەستوور

دەیەی یەکەمی هەزارەی سێیەم، بەجەنگی دژە تیرۆر یان جەنگی جیهانی لەدژی تیرۆر دەستپێکرد.

دوای پەلاماردانی بورجەکانی ناوەندی بازرگانی جیهانی لەشاری نیویۆرکو بارەگای وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا (پێنتاگۆن) لە رۆژی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١، کە بەیانزەی سێپتەمبەر ناسراوە، جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمەریکا جیهانی بەسەر هەردوو بەرەی خێرو شەر دابەشکردو عێراقو ئێرانو کۆریای باکوری خستە بەرەی شەڕەوە.

بەر لەهێرشەکانی یانزەی سێپتەمبەر، ئەمەریکا دووچاری چەندین پەلاماری تیرۆریستی بووەوە لەوانە:

–رۆژی ٢٦ی شوباتی ١٩٩٣، ئۆتۆمبیلێك لەناو گەراجی تەلاری ناوەندی بازرگانی جیهانی لەشاری نیویۆرك تەقییەوەو بەهۆیەوە ٦ کەس گیانیان لەدەستداو پتر لە ١٠٠٠کەسیش برینداربوون.

–لە ٧ی ئابی ١٩٩٨، هەردوو باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەشاری دارولسەلامی پایەختی تەنزانیاو نایرۆبی پایەختی کینیا تەقێنرایەوەو لەئاکامدا ٢٢٥ کەس کوژران‌و پتر لە ٤٠٠٠ کەسیش بریندابون.

لەبەرامبەردا بیل کلینتۆنی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا لە رۆژی ٢٠ی ئابی هەمان ساڵ فەرمانیدا بەبۆردومانکردنی چەند ئامانجێك لەسودان‌و ئەفغانستان بەموشەکی توماهۆکو رێکخراوی قاعیدە بەئەنجامدانی تەقینەوەکان تۆمەتبارکراو ناوی ئوسامە بن لادنی سەرۆکی رێکخراوەکە لەئاستی دنیا بۆ یەکەمجار ناسراو لەنێو ئەو ئامانجانەی لەسودان بۆردومان کران، کارگەی شیفای دەرمان بو. واشنتۆن رایگەیاند: ئەو کارگەیە پشتیوانی دارایی پێشکەشی بن لادن‌و قاعیدە کردوە. لەئەفغانستانیش، ئەمەریکا بارەگاکانی مەشقو راهێنانی ئەندامانی قاعیدەی بۆردومان کرد.

–رۆژی ١٢ی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠، هێرشێکی خۆکوژی لەدژی کەشتیگەلی کۆلی ئەمەریکی لەبەندەری عەدەن لەیەمەن ئەنجامدراو بەهۆیەوە ١٧ دەریاوان گیانیان لەدەستداو ٣٩ دەریاوانی تریش برینداربوون.

دوای کەمتر لە ٢٤ سەعات لە پەلامارەکانی یانزەی سێپتەمبەر، رێکخراوی پەیمانی ناتۆ رایگەیاند: هەر هێرشێك بۆ سەر ئەندامانی رێکخراوەکە وەکو هێرشکردن بۆ سەر هەر ١٩ ئەندامەکەی ناتۆ لەقەڵەمدەدرێت.

دوای ماوەیەکی کەمیش لە هێرشەکان، ئەمەریکا پەنجەی تاوانی ئاراستەی رێکخراوی قاعیدەو ئوسامە بن لادن کرد. رۆژی ١٦ی هەمان مانگ، لەکەناڵی جەزیرەوە، بن لادن وتی: "رەنگە گروپێك کەئامانجی تایبەتیان هەیە لەپشت ئەو هێرشانەوە بن". رۆژی ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٠١، لەمیانی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی Daily Ummatی پاکستانی، بن لادن بڵاویکردەوە: "هیچ پەیوەندییەکی بەو هێرشانەوە نییەو ئاگاداریش نییە"، بەڵام لەجەنگی ئازادکردنی ئەفغانستان‌و لەمانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠١، لەکەلاوەیەکدا هێزەکانی ئەمەریکا لەشاری جەلال ئاباد کاسێتێکیان بەردەست کەوت، کەتیایدا بن لادن لەبارەی هێرشەکانەوە قسە بۆ دوو ئەندامی رێکخراوەکەی دەکات.

پاش تێپەربوونی ٣ ساڵ بەسەر هێرشەکان‌و رۆژی ٢٩ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤، ئوسامە بن لادن لەکاسێتێکی تۆمارکراو چەند رۆژێك بەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا، بەرپرسیاریێتی رێکخراوی قاعیدەی لەپەلامارەکانی یانزەی سێپتەمبەر راگەیاند.

هێشتا ئەمەریکییەکان شۆکی پەلامارەکانیان تێنەپەڕاندبوو، کۆنگرێسی ئەمەریکا دەستبەجێ ٤٠ ملیار دۆلاری بۆ جەنگی دژی تیرۆر خستە بەردەستی بوش‌و ٢٠ ملیار دۆلاریشی بۆ هاوکاریکردنی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی ئاسمانی تەرخانکرد، بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە ئابوورییەی دوای پەلامارەکان دوچاریان بوو.

## شەڕی ئەفغانستان، خولی یەکەمی جەنگی دژی تیرۆر

هەندێك لەشارەزایان، جەنگی ئەفغانستان بەخولی یەکەمی جەنگی دژی تیرۆر دادەنێن. رۆژی ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١و پاش ٢٧ رۆژ لەپەلامارەکەی یانزەی سێپتەمبەر، ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی کەبریتی بوون لەبەریتانیا، ئەڵمانیا، کەنەدا، ئوستراڵیا، نیوزلەندا، ئیتاڵیا، فەرەنسا، ئیسپانیا، پاکستان، پۆڵەندا، کۆریای باشورو هێزە نەیارەکانی رژێمی تالیبان پەلاماری ئەفغانستانیان داو ئامانجی راگەیاندنی جەنگەکە دۆزینەوەی ئوسامە بن لادن‌و لێپرسراوانی تری رێکخراوی قاعیدە بوو، جگە لە لەناوبردنی رێکخراوەکەو رووخاندنی رژێمی تالیبان کەببووە پەناگەیەك بۆ قاعیدە.

لەهێرشەکەی هێزەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی رژێمی تالیبان رووخاو سەرانی ئەو رژێمەو زۆربەی لێپرسراوانی قاعیدە لەناوچە شاخەوییەکانی ئەو وڵاتە خۆیان شاردەوە.

خولی یەکەمی جەنگی دژی تیرۆر، دوو پرۆسەی سەربازیی لەخۆگرت، کەیەکەمیان بەپرۆسەی ئازادیی بەردەوام (OEF) ناسراوەو دوای رووخانی رژێمی تالیبان‌و پاککردنەوەی بەشێکی زۆری ئەفغانسان لەو رژێمە، ئێستا لەناوچەکانی خۆرهەڵات‌و بەشێك لەناوچەکانی باشووری نزیکی پاکستان بەرێوەدەچێت‌و هێزەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیان لەدژی چەکدارەکانی قاعیدەو تالیبان دەجەنگن‌و نزیکەی ٢٨٨٠٠سەربازی ئەمەریکا بەشێکن لەو هێزە.

پرۆسەی دووەمیش، هێزێکی نێودەوڵەتی ئەمنییە کە بە ئیساف (ISFA) ناسراوەو لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان لەکۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٠١ بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی کابوولی پایەتەخت‌و دەوروبەری پێکهێنراوەو لە ٢٠٠٣ ئەو هێزە چووە ژێر رکێفی هێزەکانی پەیمانی ناتۆو پتر لە ٦٤ هەزار سەرباز دەبن‌و ٤٢ دەوڵەت بەشداریی لەو هێزەدا دەکات.

دوای رووخانی رژێمی تالیبان لەکۆتایی ٢٠٠١، حکومەتێکی نوێ لەو وڵاتە دروستکراوو ئەنجومەنی پیاوماقوڵان (لۆیا جێرگا) پێکهێنراو تائێستا دوو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەو وڵاتە بەرێوەچووە.

گەرچی دوای شکستهێنانی هێزەکانی تالیبان لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠١، ئارامی بەرێژەیەکی بەرچاو باڵی بەسەر ئەفغانستاندا کێشا بەڵام لەم دوو ساڵەی دواییدا ئەو هێزانەو چەکدارەکانی قاعیدە پەرەیان بەجموجۆڵ‌و چالاکییەکانیان داوەو لەئێستادا ئەفغانستان گەورەترین بەرەی جەنگە لەدژی تیرۆرو لەو چوارچێوەیەدا ئەمساڵ باراك ئۆباماى سەرۆکی ئەمەریکا بریاریدا ٣٠ هەزار سەربازیی تر رەوانەی ئەو وڵاتە بکات.

## جەنگی ئازادکردنی عێراق

جەنگی ئەمەریکا لەعێراق کە ناوی جۆراوجۆری لێنراوەو لە رۆژی ٢٠ی ئاداری ٢٠٠٣ تا ١ی ئایاری هەمان ساڵی خایاند، خولی دووەمی جەنگی جیهانی دژی تیرۆرە.

جەنگەکە لە ٢٠ ئاداری ٢٠٠٣ دەستیپێکرد کۆتایی بە ٣٥ ساڵ حوکمی بەعسییەکان لەعێراق هێنا. پاساوی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ جەنگ ئەوەبوو، کە رژێمی سەدام بریارەکانی تایبەت بەلێبردنی جبەخانەی کۆمەڵکوژی جێبەجێناکات‌و بەردەوامە لەدروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ. جگە لەوەش ئەمەریکا لەسەر زاری کۆلن پاوڵی وەزیری دەرەوەو بەر لەنزیکەی دوو مانگ لەدەستپێکردنی جەنگ، عێراقی بەبوونی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوی قاعیدەو رێکخراوە تیرۆریستییەکانی تر تۆمەتبارکردو رایگەیاند: "هەڵسوراوەکانی قاعیدە لەعێراقدا تەراتێن دەکەن‌و ئەندامانی ئەو رێکخراوە سەرقاڵی پەرەپێدانی چەکی کۆمەڵکوژن لەناوچەیەکی باکوری عێراق".

ئەمەریکا توانی پشتیوانی ٤٩ دەوڵەت بۆ جەنگەکەی لەدژی عێراق بەدەستبهێنێت‌و هاوپەیمانێتییەکی بەناوی "هاوپەیمانی ئارەزوومەندان" پێکهێناو پتر لە ٣٠٠هەزار سەربازییان بۆ جەنگەکە دابینکرد کەبەشێکی پێکهاتەکەی بەم شێوەیە بوو:

–ئەمەریکا ٢٥٠هەزار سەرباز کە دەکاتە ٨٣٪ی ئەو هێزانەی بەشداریی لەجەنگەکەدا کرد.

–بەریتانیا ٤٥ هەزار سەرباز کە دەکاتە ١٥٪ی رێژەی هێزەکان.

–کۆریای باشوور، ٣٥٠٠ سەرباز کە دەکاتە ١,١٪ی هێزەکان.

–ئوستراڵیا، ٢ هەزار سەرباز کەدەکاتە ٠,٦٪ی هێزەکان.

–دانیمارك، ٢٠٠ سەرباز کە دەکاتە ٠,٠٦٪ی هێزەکان.

–پۆڵەندا، ١٨٤ سەرباز کەدەکاتە نزیکەی ٠,٠٦٪ی هێزەکان.

جگە لەوەش ١٠ وڵات بەژمارەی کەمی سەربازو هێزی ناجەنگی بەشدارییان لەجەنگەکەدا کرد، کە زیاتر پشتیوانییەکی مەعنەوی بوو.

بەرەبەیانی رۆژی ٢٠ی ئادارو دوای ٩٠ دەقیقە لەتەواوبوونی ئەو وادەیەی کە جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمەریکا دابووی بەسەدام‌و هەردوو کورەکەی (عودەی‌و قوسەی) بۆئەوەی عێراق بەجێبهێڵن، چەندین تەقینەوە بەغدایان هەژاندو دوای ٤٥ دەقیقەش، سەرۆکی ئەمەریکا رایگەیاند: فەرمانی داوە بەلێدانی خانوویەک کە بەگوێرەی زانیارییەکان سەدام لەو خانووەدا بووە.

هێزەکانی ئەمەریکا، بەهەمان شێوەی جەنگی ئازادکردنی کوێت، لەئاسمانەوە زۆربەی ئامانجە سەربازیی‌و ئابوورییەکانی عێراقیان لەناوبردو بۆئەوەی وەکو جەنگی دووەمی کەنداو سەدام کێڵگە نەوتییەکان نەسووتێنێت، هێزەکانی بەریتانیا بەهاوکاری هێزەکانی ئوستراڵیا دەستیانگرت بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی رومێلەو بەندەرەکانی ئوم قەسرو فاو.

بۆ خۆبواردنیان لەجەنگی ناوشارەکان، رۆژی ٢٧ی ئادار، تانکەکانی ئەمەریکا لەبیابانەکانی عێراق بەرەو پایەتەخت دەستیان بەجوولە کرد. هێزەکانی عێراق لەنزیك شارەکانی نەجەف‌و کوفەو ناسریە بەرگرییان کرد. هێزەکانی بەریتانیاش چواردەوری شاری بەسرەیان گرت بۆ ماوەی دوو هەفتەو رۆژی ٢٧ی ئەو مانگە، ١٤ تانکیان تێکشکاندو دەستیان بەسەر شارەکە گرت.

لەهەمان کاتدا، هێزێکی پەرەشوتی ئەمەریکی لەهەرێمی کوردستان دابەزین، لەبەرئەوەی پەرلەمانی تورکیا رێگەی نەدا هێزەکانی ئەمەریکا بەناو خاکی ئەو وڵاتەدا بێنە ناو عێراقەوە. موشەکەکانی ئەمەریکاش لەدەریای سورەوە، بارەگاکانی جوندولئیسلام‌و هاوپەیمانەکانیان لەناوچەی هەورامان بۆردومان کردو ئەو ناوچەیەیان لێ پاککرایەوە.

دوای سێ هەفتە لەدەستپێکردنی جەنگ، هێزەکانی ئەمەریکا بەرەو بەغدای پایەتەخت جوڵان‌و رۆژی ٥ی نیسان، هێزێکی زرێپۆشی ئەمەریکا

> دەیەی یەکەمی هەزارەی سێیەم، بەجەنگی دژەتیرۆر یان جەنگی جیهانی لەدژی تیرۆر دەستپێکرد

کە ٢٩ تانك‌و ١٤ زرێپۆشی جۆری برادلی بون، هێرشیان کردە سەر فرۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی بەڵام لەلایەن هێزەکانی پاسەوانی فرۆکەخانەوە بەرپەرچدرانەوە.

دوو رۆژ دوای ئەو هێرشە، هێزێکی زرێپۆشی ئەمەریکا هێرشی کردە سەر کۆشکی کۆماری بەغداو دەستیانگرت بەسەر چەند شوێنێکی ناو کۆشکەکە. رۆژی ٩ی نیسانیش هێزەکانی ئەمەریکا کۆنترۆڵی زۆربەی گەرەکەکانی بەغدایان کردو پاشنیوەرۆی ئەو رۆژە پەیکەرێکی سەدام لەگۆرەپانێکی بەردەم هوتێل شیراتۆن رووخێنراو ئەو رووداوە بوە سیمبولی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی چەند دەیەی حیزبی بەعس.

تۆمی فرانکسی یەکەم فەرماندەی سەربازیی ئەمەریکا لەعێراق، دوو مانگ دوای رووخانی رژێمی سەدام، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ هەفتەنامەی دیفێنس ویك، ئاشکرایکرد "لەکاتی جەنگەکەو گەمارۆدانی بەغدا، ئەمەریکا پارەی داوە بەئەفسەرەکانی سوپای عێراق بۆئەوەی بنکە سەربازییەکانیان بەجێبهێڵن".

دوای کەوتنی بەغدا لە ٩ی نیسان، رۆژی ١٠ی نیسان هێزەکانی ئەمەریکا چوونە ناو کەرکوك و رۆژی ١٥ی هەمان مانگ، سوپای ئەمەریکا چووە ناو شاری تکریتەوە.

دوای شەش هەفتە لەدەستپێکردنی پرۆسەی "ئازادکردنی عێراق"، جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمەریکاو تۆنی بلێری سەرۆکی ئەمەریکا لە رۆژی ١ی ئایاری ٢٠٠٣، تەواوبوونی پرۆسەی سەربازییان راگەیاند.

رۆژی ١٦ی ئایار، پۆل بریمەر بە حاکمی مەدەنی ئەمەریکا لەعێراق راگەیەنراو لە رۆژی ٢٣ی ئایار، هەڵوەشاندنەوەی سوپاو سەرجەم دەزگا ئەمنییەکان‌و پرۆسەی ریشەکێشکردنی بەعسی راگەیاند کە بەگوێرەی ئەو پرۆسەیە گەورە لێپرسراوانی پێشووی ئەو حیزبە بۆیان نەبوو پۆستی باڵا لەحکومەتدا وەربگرن.

بەسەرۆکایەتی پۆل بریمەر، دەسەڵاتی هاوپەیمانان پێکهێنراو رۆژی ١٢ی تەمووزی ٢٠٠٣، بەبریاری دەسەڵاتی هاوپەیمانان ئەنجومەنی حوکم دامەزرا.

کارەکانی ئەنجومەنی حوکم کە لەنوێنەرانی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق پێکهاتبوو تا رۆژی ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ بەردەوام بوو، دواتر هەڵوەشێنرایەوەو حکومەتێکی کاتی بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی پێکهێنرا.

ئەنجومەنی حوکم، لە ٢٥ کەس پێکهاتبوو کەبریتیبوون لە ئیبراهیم جەعفەری، ئەحمەد شیاع بەراك، ئەحمەد چەلەبی، ئەیاد عەلاوی، جەلال تالەبانی، حەمید مەجید موسا، دارا نورەدین، عەبدولکەریم ئەلمەحمەداوی، عەدنان پاچەچی، سەلامە خەفاجی (شوێنی عەقیلە هاشمی گرتەوە کە لەئەیلولی ٢٠٠٣ لەلایەن چەکدارێکەوە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا تەقەی لێکراو دوای چەند رۆژێك بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا)، غازی عەجیل یاوەر، موحسین عەبدولحەمید، محەمەد بەحر ئەلعلوم، مەحمود عوسمان، مەسعود بارزانی، موەفەق روبەیعی، نەسیر کامل چادرچی، وائیل عەبدوللەتیف، یونادم کنا، رەجا حەبیب خوزاعی، سەمیر شاکر مەحمود سمەیدەعی، سەڵاحەدین محەمەد بەهادین، سون گول چابوك، عیزەدین سەلیم، عەبدولعەزیز حەکیم، کەچەند کەسێکیان لەو ماوەیەدا سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەیان دەکرد.

رۆژی ٢٢ی تەمووزی هەمان ساڵ، لەخانوویەکدا عودەی‌و قوسەی کوری دیکتاتۆری پێشووی عێراق کوژران. لە رۆژی ١٩ی ئابی ٢٠٠٣، بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لەبەغدا تەقێنرایەوەو سێرجیۆ ڤێیرا دی میلۆی نێردەی رێکخراوەکەو ٢٠ کەسی تر کوژران، جگە لەبریندارببوونی ١٠٠ کەسی تر.

دوای ئەم تەقینەوەیە، زنجیرەی تەقینەوەکان کەتائێستاش بەردەوامن دەستیپێکردو دواتر لەتەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکدا لەشاری نەجەف، محەمەد باقر ئەلحەکیمی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی لەمزگەوتێکدا کوژرا.

لە رووداوێکی مێژوویدا، رۆژی ١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣، سەدام حسێنی دیکتاتۆری پێشووی عێراق لەباخێکدا لەنزیك تکریت دەستگیرکراو دواتر لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە بەتاوانی کوشتنی پتر لە١٤٠کەس لەشارۆچکەی دوجەیل دادگایی کراوەو رۆژی ٢٠٠٦/١٢/٣١ لەسێدارەدرا.

رۆژی ١ی حوزەیران‌و دوای نزیکەی ١١ مانگ لەپێکهێنانی، ئەنجومەنی حوکم هەڵوەشێنرایەوەو پۆل بریمەر عێراقی بەجێهێشت‌و حکومەتێکی کاتی بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی پێکهێنرا.

ئەم حکومەتە ئامادەسازیی کرد بۆئەوەی دەستوور بنووسرێتەوەو هەڵبژاردنی پەرلەمان سازبکرێت، ئەوەبوو رۆژی ٢٠٠٥/١/٣٠ یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد بەرێوەچوو، سونەکان بایکۆتی پرۆسەکەیان کردو شیعەکان زۆرینەی کورسییەکانیان بردەوەو کوردیش بووە دووەم فراکسیۆنی ناو پەرلەمانەکە.

رۆژی ٦ی نیسانی هەمان جەلال تالەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە بەسەرۆکی عێراق هەڵبژێردراو ئیبراهیم جەعفەریش لەلیستی ئیئتلافی یەکگرتووی شیعە بووە سەرۆکی حکومەت.

رۆژی ١٥ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، راپرسی لەسەر رەشنووسی دەستوور کراو ٧٨٪ی بەشداربووانی پرۆسەکە پەسەندیان کرد.

لە رۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥، دووەم هەڵبژاردنی پەرلەمان بەرێوەچوو، ئیئتلافی شیعە ١٢٨ کورسی‌و کورد ٥٨ کورسی لەکۆی ٢٧٥ کورسی بەدەستهێناو لەم هەڵبژاردنەدا لایەنە سیاسییە سونەکان بەشدارییان کرد.

لەمانگی نیسانی ٢٠٠٦، جارێکی تر جەلال تالەبانی بە سەرۆکی عێراق هەڵبژێردرایەوەو هەریەك لەتاریق هاشمی لەعەرەبی سونەو عادل عەبدولمەهدی بەجێگرانی سەرۆك دەستنیشانکران. سەرۆك کۆمار نوری مالیکی راسپارد کە سێیەم حکومەت لەدوای ئازادکردنی عێراقەوە پێکبهێنێت‌و بریارە رۆژی ٧ی مانگی ئاداری ساڵی داهاتوو سێیەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەرێوەبچێت.

### *رووداوەکەی قامیشلو

هەر لەدەیەی یەکەمی هەزارەی سێیەمدا، لە شارۆچکەی قامیشلوی کوردستانی رۆژئاوا، رۆژی ١٢ی ئاداری ساڵی ٢٠٠٤، لەکاتی بەرێوەچوونی یاریی نێوان یانەی شارەکەو یانەیەکی تردا، لەیاریگای قامیشلو تەقە لەژمارەیەك هاووڵاتی کورد کراو لەئەنجامدا ١٠ کەس کوژران‌و ژمارەیەکی تریش برینداربوون.

دوای رووداوەکەو تائێستا ناوە ناوە هێزە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە هاووڵاتیانی کورد دەستگیردەکەن، کەخوازیاربوون هەمان سیناریۆی روخانی رژێمی بەعسی عێراق لە سوریاش دووبارە ببێتەوەو لەو زولموزۆرە رزگاریان ببێت کەچەندین ساڵە دووچاریان بووەتەوە.

رووداوەکەی قامیشلو رۆژانی دوایی سەرجەم ناوچە کوردنشینەکانی گرتەوەو لەئەنجامدا ژمارەیەك کەسی تر کوژران‌و ژمارەیەکی زۆریشیان لێدەستگیرکرا.

دوای سەرکوتکردنی نارەزایی خۆپیشاندەران، ژمارەیەك کەسایەتی کورد کوژران لەوانە شێخ محەمەد مەعشوق خەزنەوی کە لە رۆژی ٢٠٠٦/٦/١ لە رووداوێکی تەمومژاویدا کوژرا.

هەر بەهۆی ئەو هەلومەرجەوە ژمارەیەك گەنجی کوردستانی رۆژئاوا ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون.

خۆپیشاندانەکە دوای چەندین دەیە لەبێدەنگی، سەرجەم شارو شارۆچکەکانی گرتەوە لەوانە: عامودە، حەسەکە، حەلەب، عفرین‌و چەند شوێنێکی تر.

### *بێئومێدبوون لەچارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لەتورکیا

دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، لەمانگی شوباتی ١٩٩٩ بەپلانێك، لەسەرەتای دەیەی هەزارەی سێیەم‌و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدانی ئیسلامییەوە، لەساڵی ٢٠٠٦، رەجەب تەیب ئەردۆگانی کەسی ←



پەلاماردانی بورجەکانی ناوەندی بازرگانی جیهانی لەشاری نیویۆرك



رووداوەکەی قامیشلو، کوردستانی رۆژئاوای هەژاند

# داکۆکی لەسەر بەرژەوەندی یان شووناسی ئایینی

## لەپەراوێزی مشتومڕی نێوان سەلەفیەکانو بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا

نەجمەدین حەمەعەلی



بەهۆی ئەو لێکترازانە بەردەوامەی کەهەر لەسەرەتای ئیسلامەوە لەناو ئەم ئاینەدا سەریهەڵداو چەندین کێشەو ناکۆکیو تەنانەت شەریشی لەنمونەی شەرەکانی (سەفینو جەمەل)ی بەشوێن خۆیدا هێنا کە لەنێوان خودی ئەو کەسانەدا روویدا کە لەنزیکترین کەسەکانی پێغەمبەر بوون، دواتر بەهۆی چەق بەستوویی فیکر لەناو ئاینی ئیسلامداو شوێنکەوتنی بیروڕای هەندێك لەفەقیهەکان، مەزهەبو مەزهەبکاریو رەتکردنەوەی یەکتر سەری هەڵداو هەر ئەمەش دواتر بووە هۆی دروستبوونو سەرهەڵدانی چەندین رێچکەو گروپی جیاوازی تەقلیدی ئاینی، بەتایبەتی لە ئەمرۆدا لەسەر بنەمای ئەم بیرکردنەوە تەقلیدیە بۆ ئاین دونیاو دونیابینی ئیسلامی، دوچاری گەورەترین لێکترازان بووەتەوەو بێمانایەکی زۆر لەسەر دەستی ئەم گروپانە لەئارادایە.

سەلەفییەکانو بزووتنەوە ئیسلامییەکان وەك دوو گروپی بیرکردنەوەی تەقلیدی نێو دونیای ئیسلام کە هەردووکیان دەرکەوتەو دەرەنجامی ترادسیۆنی فیقهی (نائەقلانیەت)ی ئیسلامینو بەهیچ شێوەیەك ئەم دوو لایەنە لەئێستاو لەرابردووشدا کەمترین بەرخوردیان لەگەڵ فیکرو فەلسەفەی ئیسلامیدا نەبووەو ناشبێت، بگرە تابشتوانن لەسەنگەری دژایەتیکردنی هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی لەو شێوەیەدا دەوەستنەوە، سەرەتاو کۆتایی بنەمای بیرکردنەوەو کارکردنی ئەم دوولایەنە پابەندە بەفەتوای فەقیهەکانی مێژووی رابردو و ئێستای ئاینی ئیسلامەوە، ئەم دوو لایەنە لەچەند روانگەیەکەوە یەك دەگرنەوە، وەك ئەوەی کە هەردووکیان بوونی خۆیان لەچوارچێوەی ئاینی ئیسلامدا دەبیننەوەو لەناو ئەو ئایینەشدا زۆربەیان لەهەردوولا خۆیان بە(ئەهلی سونەو جەماعە) دەزانن‌و پەیرەوی لە(کیتابو سونە) دەکەن‌و تەنانەت هەریەکەیان لەلایەن خۆیەوە خۆی بەنوێنەری راستەقینەی ئەهلی سونەو جەماعە دەزانێت‌و بۆ ئەمەش چەندین بەڵگە لەناو فیقهو لەسەر زمانی زانایانی ئەهلی فیقە بۆ ئەم مەبەستە دەخەنەروو، هەروەها لەروانگەی تێروانینیان بۆ دەوروبەرو غەیری خۆیان‌و ئەو فەتوایانەی کەبەرامبەر ئەوانی تر دەیدەن تارادەیەکی زۆر هاوڕاو هاو هەڵوێستن، بەڵام لەکۆتاییدا هەرچی بن، ئەمانە مۆدێلی نائەقلانیەتی ئاینین‌و پەپرەوکەری کۆمەڵێك ئەرك‌و تقوسی رواڵەتی ئاینین.

روانگەیەك یاخود جیاوازیەك کە لەنێوان سەلەفییەکان‌و بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا هەیە ئەوەیە کە سەلەفییەکان زۆر رادیکاڵی ترن‌و باوەریان بە مۆدێلی دروست کردنی حیزبی سیاسی ئیسلامی نییەو بەتوندی دژی دەوەستن‌و دروستکردنی هەرجۆرە کۆبوونەوەیەکی لەم شێوەیە لەچوارچێوەی حیزبی ئایینیدا بە بیدعەو لەرێ لادان دەزانن، لەولاشەوە حیزبە ئیسلامییەکان، سەلەفییەکان بەهەلە دەزانن‌و پێیانوایە کە دینداری بەو شێوەیە ناکرێت کە بۆ خۆت لە سوچی مزگەوتێکدا گۆشەگیربیت‌و باکت بەلای کاری بەکۆمەڵ‌و کۆوە نەبێت، واتە سەلەفییەکان باوەریان بەسیاسەتکردن نییە بەناوی دینەوەو هەر هەوڵێکی لەو جۆرە بەهەلە دەزانن.

لەئێستادا بزووتنەوە ئیسلامییەکان، سەلەفییەکان بەهۆکارێکی خراپ دەزانن بۆ سەر بەرژەوەندییە حیزبیەکانی خۆیان، هەر بۆیە لەم چەند رۆژەی رابردوودا لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی یەکێك لە حیزبە ئیسلامییەکانەوە راستەوخۆ هێرش کرایە سەر سەلەفییەکان لەسەر ئەوەی کە ئەوان باوەڕیان بەحیزبی سیاسی ئیسلامی نییەو بەبیدعەی دەزانن، لەدەرەنجامیشدا سەلەفییەکان لەو شوێنانەی کەبوونیان هەیە بەتایبەتی لە هەولێرو چەمچەماڵو کەلارو سلێمانیش لەرێگەی ئەو مزگەوتانەی کە وتار بێژەکانیان لە سەلەفییەکانن زۆر بەتوندی وەڵامی ئەو هێرشەی تەلەفزیۆنی ئەو حیزبە ئیسلامییەیان دایەوەو ئەوانیان بەموبتەدیع‌و سەرلێشێواوو دەرچوو لەبازنەی سونەو جەماعە وەسفکرد، تائێستاش ئەم یەکتر قبوڵ نەکردنەو وەڵامدانەوەیە بەردەوامەو پێدەچێت زیاتر پەرەبسێنێت.

ئەو کێشەو ئاڵۆزیانەی کەسەریان هەڵداوە لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا بەهیچ شێوەیەك لەبەرژەوەندی حیزبە ئیسلامییەکاندا نایەتەوەو خودی بزووتنەوە ئیسلامییەکانیش هەستیان بەم مەترسییە کردووەو لە ئێستادا کەوتونەتە خۆیان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بەڵگانەی کە سەلەفییەکان دەیخەنەروو سەبارەت بەنارەوابوون‌و بەبیدعەبوونی کاری سیاسیو حیزبایەتی ئیسلامی، ئەو ترسەی کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان هەیانە بەرامبەر بەسەلەفییەکان، لەلایەکەوە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە سەلەفییەکان ئەو بەڵگانەی کە دەیخەنەروو سەبارەت بەحەرامبوون‌و بیدعەبوونی حیزبی سیاسی ئیسلامی لەناو خودی قورئان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەرو فەتواو رای ئەو فەقیهانەوە سەرچاوەی گرتووە کەخودی ئەم سەرچاوانەش مەرجەعی بزووتنەوە ئیسلامییەکانن، ئەمەش لێرەدا کێشەیەکی زۆری بۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکان دروستکردووەو رووبەرووی دوولایەنیی کردوونەتەوە، چونکە ناتوانن بەو ئاسانیە وەڵامی بەڵگەو دەلیلەکانی سەلەفییەکان بدەنەوە، لەبەرئەوەی هەردوولا بەکەمو کورتیو ناتەواوییەکانی یەکتر ئاشنان‌و دەزانن خاڵی لاوازی هەریەکەیان لەکوێ دایەو لەکوێوە کار لەسەر لاوازکردن‌و خستنی یەکتر بکەن، بەڵام گەر هەریەك لەم دوولایەنە لەگەڵ بیرکردنەوەی فیکریو فەلسەفی کۆمەڵێکی دیکەدا رووبەروو ببونایەتەوە ئەوا زۆر ئاسانتربوو بۆیان‌و بێ چەندو چون بە(زەندیقو مونحەریفو گومرا) وەسفیان دەکردن‌و لەبازنەی دین دەیانکردنە دەرەوە.

لەم نێوەندەدا سەلەفییەکان بەهیچ شێوەیەك رووبەرووی هیچ زەرەرو زیانێك نابنەوە، چونکە شتێکیان نییە تا لەدەستی بدەن چ لە ئێستاو چ لە داهاتوودا خاوەنی هیچ رێکخراوو دامەزراوەیەك نین، واتە هیچ بەرژەوەندییەکی نە مادیو نە مەعنەویان نییە تا لەدەستی بدەن، بەڵام حیزبە ئیسلامییەکان پێچەوانەی سەلەفییەکان لەپاڵ حیزبەکانیاندا خاوەنی کۆمەڵێك بەرژەوەندی مادیو مەعنەوین‌و نایانەوێ بەهیچ شێوەیەك بەرژەوەندییەکانیان رووبەرووی مەترسی ببنەوە، بەتایبەتی دوای ئەو شکستەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەمووزدا بەسەریان داهات‌و نەیانتوانی وەك ئەوەی کەخۆیان چاوەڕێیان دەکرد دەنگی پێویست بەدەستبهێنن تابتوانن لە پەرلەمانی کوردستاندا شوێنی خۆیان بکەنەوە، بۆیە ئەم هەڵبژاردنە رای چڵەکاندن‌و بەهۆی دەرەنجامەکانیەوە تووشی شۆك هاتن.

لەئێستاشدا هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە کە خۆیان رێك بخەنەوەو بنکەو پێگەی جەماوەریان بونیاد بنێنەوە، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە ئێستا بەرەو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەچین، بۆیە بزووتنەوە ئیسلامییەکان دەیانەوێ لەم هەڵبژاردنەدا تۆڵەی شکستی خۆیان بکەنەوەو بەپێی ئەوەی کە خۆیان چاوەڕێی دەکەن ژمارەیەکی بەرچاو دەنگ بەدەستبهێنن‌و ئەو چارەنووسەی کە لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا بەسەریان داهات، لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا دووبارە نەبێتەوە.

بۆیە بەتوندی رووبەرووی هەر هەوڵێك دەبنەوە کەببێتە هۆی لاوازکردنی بنکەو پێگە جەماوەرییەکەیان، نایانەوێ بەهیچ شێوەیەك خۆیان بەلاواز پیشان بدەن چ لە رووی تیۆریو چ لە رووی پراکتیکییەوە بێت، بۆیە لەهەر مشتومڕێك کەبکەونە ناویەوە هەموو هەوڵێك ئەدەن کەخۆیان بە بەهێز نمایش بکەن، لەئێستاشدا دەیانەوێ بەهەموو شێوەیەك رووبەرووی سەلەفییەکان ببنەوەو بەهەرشێوەیەك بووە بیسەلمێنن کە ئەوان نوێنەری راستەقینەو پراکتیزەکەری ئیسلام‌و ئەهلی سونەو جەماعەن، چونکە ئەوەی کە سەلەفییەکان دەیڵێن بریتیە لە سەراپا هەڵوەشاندنەوەو خستنەژێر پرسیاری بوونی بزووتنەوە ئیسلامییەکانە.

najmhak@yahoo.com

# سیاسەتو ئەخلاق لە تیۆری ئەرستۆدا

د. ئەسفەندیاری تەبەری

ئەوەی کە مرۆڤ وەك گیانلەبەرێکی سیاسی خاوەنی ئەقلە، ریشەی لە ئەندێشەکانی سوکراتو ئەفلاتوندا بوونی هەیە کە هەنووکەش بنەمای هەموو سیستمە هزرییەکانە، ئەرستۆ یەکەم فەیلەسوفە کە شرۆڤەو شیکاریی قولی لەمەر سیاسی بوونی مرۆڤ کردووە، سیاسی واژەیەکە بۆ (دەولەت شار)و بەیانکەری کەسێکە کە لەپۆلسدا واتە لە( دەولەت شارەکان)دا ژیان دەکا، بەڵام ئەم تایبەتمەندییە سیاسییە، نە لایەنی گشتی هەیە نە لاپەنی رێکەوت، بۆ هەرکەسێك کە لە پۆلسدا ژیان دەکا جێی بایەخە، هەر کەسێك کە لەپۆلس واتە (شار)دا ژیان دەکا بەشێوەی سروشتی پۆلۆتیکالە، ئەرستۆ نالێت کە زۆرێك لە تاکەکان لە ناو دەولەت شاردا بە دوای خواستە تایبەتییەکانی خۆیانن، بەم پێیە سیاسی یان پۆلۆتیکال نین، بەلکو سیاسیبوون سروشتی تایبەتی مرۆڤە، سروشتی سیاسی بوونی مرۆڤ تایبەتمەندی سروشتی بەخشیوە بە مرۆڤ، واتە شتێك کە بەبێ دژەکردەوەی مرۆڤ لە خودی مرۆڤدا بوونی هەیە، بەڵام لە روانگەی ئەرستۆوە ناوەرۆكو تایبەتمەندی لەگەشەکردن‌و کاملبوونی شووناسی خۆی دەدۆزێتەوە، بەواتایەکی دیکە ئەوەی کە مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا سیاسییە دیاردەیەکی خۆرسکە کە لەقۆناغەکانی دواتری گەشەکردن رەوتێکی کاملبوون دەگرێتە بەر، بەم پێیە بنەمای سیاسیی بوون رەوتێکی بەرەو کاملبوونی مرۆڤە کە تایبەتمەندیی "بوون"ی پێدەبەخشێ، بەڵام تاکێك چۆن دەتوانێت سیاسی بێت؟ لە روانگەی ئەرستۆوە تەنیا حکومەتی دەولەت شارە کە دەتوانێ ئەم دەرفەتە بۆ تاك برەخسێنێ، دەولەت شار بەدوای بەختەوەریەوەیەو ئەم ئامانجە دەگوازێتەوە بۆ ئەندامەکانی خۆی، ئامانجی حکومەت دەبێ ئەوە بێت کە تاکەکان بگەیەنێتە لوتکەی کاملبوون کە بە"ئیودایمۆنی" (eudaimonie) ناسراوە، بەختەوەری لە ئەخلاقی ئەرستۆ بەو مانایەیە: یەکەم تاك لەرووی مادییەوە کێشەی نەبێت، دووەم: تاك نابێ بەگوێرەی ئارەزووی غەریزەی خۆی کردەوە بنوێنێ، بەلکو دەبێ رێز لەیاساکانی (دەولەت شار) بگرێت، بەم جۆرە حکومەت ئەرکی سەرەکی دەبێتە دابینکردنی بەختەوەری بۆ تاکەکانی، لە روانگەی ئەرستۆوە تایبەتمەندی سیاسی بوونی تاکەکان لە(دەولەت شار)دا خۆی لە تایبەتمەندی ئەقلانی بوونی ئەواندا دەبینێتەوە، ئەقلانیەت بەو مانایە کە تاك بەرژەوەندی خۆی لە ژیانی تاکیدا دەبینێتەوە، لۆگۆس بەواتای پەیڤو ئەقلە بەمانایەکی دیکە هاوولاتیان لە رێگەی ئەقلو راگۆرینەوەوە دەگەنە ئاستی ئەقلانیەت، لۆگۆس بە مانای هەموو وتەیەك نییە، بەلکو وتەیەکی دیالێکتیکییە کە لەسەربنەمای باسو وتووێژ کە بونیادی دەولەت شار پێکدێنێت، لەلای ئەرستۆ بوون بەخاوەن ئەقل دوو قۆناغی هەیە: ئەقلێك کە لە ناخی تاکدا هەیە ئەقلێکە کە لەرێی دەولەت شار بەدەستدێت، جۆری یەکەمی ئەقل تیۆریە، جۆری دووەمی ئەقل کردەیی یان سیاسییە، بەم شێوەیە کێبرکێ بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری دوو رووی کردەییو تیۆری هەیە، ئەرستۆ لە بەرهەمی سیاسی خۆی پێنج تێزی پێشکەش کردووە:

تێزی یەکەم: حکومەت بەرزترین جۆری کۆمەڵگەی مرۆییە کە بەختەوەری مرۆڤەکان دێنێتەدی.

تێزی دووەم: حکومەت دیاردەیەکی سروشتییە.

تێزی سێیەم: مرۆڤ لەسروشتی خۆیدا گیانلەبەرێکی سیاسییە.

تێزی چوارم: حکومەت لە هەر شێوەیەکدا خاوەنی رابردووی خۆیەتی.

تێزی پێنجەم: مرۆڤ تەنیا گیانلەبەرێکە کە توانای قسەکردنی هەیە، چونکە بۆ دادپەروەریو مۆرال تێدەکۆشێت.

بە کورتی دەتوانین لە چەند خالێك دا ئاماژە بە فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆ بکەین:

١– حکومەت لە روانگەی ئەرستۆوە ژینگەیەکە بۆ بەختەوەری نەك کەرەستەیەك بۆ سەرکوتکردن.

٢– مرۆڤ تەنیا لە رێگای ئەندامێتی لە دەولەت شارەوە دەتوانێ وەك مرۆڤ بناسرێت، لەم گۆشەنیگایەوە جیاوازی لە نێوان دوو چەمکی هاوولاتیو مرۆڤ لە ئارادا نییە.

٣– مرۆڤ تەنیا لە رێگای دادپەروەرییەوە دەتوانێ کامل بێت، پەبێ دادپەروەری جیاوازییەکی لەگەل ئاژەلدا نییە.

٤– لە دیدی ئەرستۆوە دادپەروەری مەرجێکی پێویستە بۆ پێکەوە ژیان.

٥– دیالۆگ لە نێوان مرۆڤەکاندا دێتە ئاراوە، لەم رێگایەوە دەکرێ رێگای راست بۆ گەیشتن بە بەختەوەری بگیرێتە بەر.

بەسەرنجدان لە روانگەکانی ئەرستۆ لەمەر دەولەت شار، دەتوانین بگەین بە فەلسەفە کە هەولیدا بە شێوازێکی رێناسانە ئەخلاقێکی کردەیی بە دەستبێنێت کە تێیدا کردەوەو دژەکردەوەی مرۆڤەکان چارەنووسسازن، واتە لە رێگای شیکردنەوەی روالەتیی ناتوانین بگەین بە فەلسەفەیەکی کردەیی ئەخلاقی، بەلکو کردەوە مرۆییەکان بناغەی وەها کردەوەیەك پێکدێنن، ئەرستۆ بۆ وەها فەلسەفەیەکی کردەیی چوارچێوەیەکی روون دەستنیشان دەکات کە مۆرالی کردەیی بناغەی سەرەکی پێکدێنێ، لەگەل ئەوەی کە سیاسەتو ئەخلاق لە فەلسەفەی ئەرستۆدا جیانەکراوەیە، ئەخلاق هەموو فەلسەفە کردەییەکانی لە خۆنەگرتووە، بەلکو بەشێکە لەو، سەرەرای ئەوەش سیاسەت لە روانگەی ئەرستۆوە زۆر ئالۆزترە لە ئەخلاق، نەك هەر لایەنی ئەخلاقی، بەلکو لایەنی تەکنیکی، واتای ئامانجداربوونی ئەقلانییەتیشی هەیە، بەپێچەوانەی ئەفلاتون، ئەرستۆ ناتوانێ بگاتە چەمکێکی بەختەوەری، چەمکی بەختەوەری لەلای ئەرستۆ هەر لەکردەوەی تاکدا دەردەکەوەێ، بەم هۆیە ئەرستۆ بەدوای فەلسەفەیەکی کردەییە کە تێیدا لایەنگیری ئارەزووە تاکییەکان رۆلێکی سەرەکی تێدا دەگێرێ، ژیانی سیاسی بەگوێرەی یاسای زانستی دەستنیشان ناکرێت، بەلکو لەسەر بنەمای دادپەروەری، چەمکە ئەزمونییەکانی وەك لێهاتوویی ئازایەتی فۆرم دەگرێت، بەشێوەیەکی ساکارتر فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆ بەدوای چاکی رەهاوە نییە، بەلکو بەدوای ئەوەپە کە چ شتێك بۆ هاوولاتیانی کۆمەلگە بەکەلکە، واتە ئەرستۆ بەپێچەوانەی ئەفلاتون (پلاتۆن) نەك چەمکی تیۆری، بەلکو چەمکی کردەیی چاك بوون لە بەرچاو دەگرێ، مرۆڤ ئەو کاتە دەتوانێ بە سەرکەوتوویی گرنگی بەئەخلاق بدا کە تەنیا هەر لاپەنی تیۆری ئەخلاقی لە بەرچاو نەگرێت، بەلکو گرنگی بەکردەی ئەخلاقی تاکەکانیش بدات.

دەکرێ تێزی ئەرستۆ بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: ئەو شتەی کە ئەخلاقو سیاسەت لە ئەسلی تیۆری جیا دەکاتەوە ئەوەیە ئاخێزگەی سیاسەتو ئەخلاق لایەنی ئاشکرای هەبێ نییەتی، سیاسەتو ئەخلاق وەك فەلسەفەی کردەیی خاوەنی دوو شوێنگەی تیۆری کردەییە، دەبێ لێکولینەوە لەسەر هەردوولایەن بکرێت، بەم هۆیە کە ئەرستۆ چاکی هاوولاتیانی بە شێوەی (ئوتوس)ی پێش مەرجی ئەخلاقیو سیاسی لە قەلەم دەدا، ئوتوس شێوە ژیانێکە کە تاك بە ئەندام بوونی لە دەولەت شاردا فێر بووە، فەلسەفەی کردەیی لەلای ئەرستۆ تایبەتمەندی لێکولینەوەی هەیە، بەدوای دۆزینەوەی شێوازێکی کردەیی بۆ بریارە سیاسییەکان، ئەرستۆ چەمکی "رادەی نێوان"ی هێناوەتە ناو فەلسەفەی کردەیی خۆیەوە: نابێ بەتەواوی حسیو ناشبێ بەتەواوی ئەقلانی هەلسوکەوت بکرێت، بەلکو دەبێ رادەی رێژەیی لەبەرچاو بگیرێت، رێژە پەیوەستە بەبابەتی کردەوەو دژە کردەوەوە، بۆ وێنە لە پەیوەندی لەگەل دادپەروەری، پێدانی پارە یان وەرگرتن، یا ن لەپەیوەندی لەگەڵ ئازایەتی، پێویستی بەپەرچەکردار هەیە کە لە بارودۆخێکی دیاری کراودا دێتە ئاراوە، بەجۆرێك دەبینین هەولی ئەرستۆ بۆ بەئەخلاقی کردنی سیاسەت دەگاتە ئەو ئەنجامە کە بە میتۆتگەلی کردەیی، پێوەرە زەیینیەکان بەدەستدێنین، بەشێوەیەك کە دەبینین ئەم روانگەیەی ئەرستۆ لە بەرانبەر فەلسەفەی "کانت"دا خۆی دەبینێتەوە.



و: رەحمان ئەمیری

# تێروانینە فەلسەفییەکانی سوکرات ٧

و: ئیسماعیل سەعدی

### بەشی دووەم و کۆتایی

کەسنەفون لەسەر تایبەتمەندی سوودگەرایانەی بۆچونەکانی سوکرات تەئکید دەکاتەوە، ئەم قسەیەش بەتەواوی راستە کە سوکرات بەتەواوی پراکتیك گەرابووە و ئەمەش لەهەندێ لە دایلۆگەکانی ئەفلاتوندا بەروونی دەردەکەوێت کەئەو (باشی) لەبەرامبەر بەدەستهێنانی یان سودمەندی یەوە داناوە. بەلام رەنگە لەناوەرۆکی قەبوڵ کردنی ئەم خاڵەوە بڵێین کە کەسنوفون ئەو نمونانەی کەخۆی هێناونی بەبەراورد بەواقیعو شتەکانی دەوروبەر گونجاوە. لەکاتێکدا کەسوکرات بۆچونی تری هەبووە لەسەر شتەکان، ئەو دەڵێت :سوکرات ئەیوت کەئەندازە تا ئەو رادەیە فێر ببێت بۆ ئەندازەکردن و پێوانی پارچە زەوییەك کە فرۆشراوە یان کراوە، یان بۆ خەملاندنی بەرهەمێك کە لەزەوی بەدەستی دەهێنیتەوە ئەمە شتێکی کافیو بەسە..یان ئەستێرەناسی تەنها بۆ ئەو مەبەستە بزانرێت کە بتوانی کاتو مانگو ساڵو رۆژی پێ دیاری بکەیو لەکاتی سەفەرکردنداو لەکاتی پاسەوانیو نمونەی ئەمانەدا پشتی پێ ببەسرێت. ئەم زانست و زانیاریانە ئەتوانی بەئاسانی لە لایەن راوچییەکانی شەوانەو کەشتی وانەکانەوە بەدەستیان بخەیت. "بەلام بە هاوڕێو دۆستەکانی خۆی دەوت کە لەئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی قوڵو فراوان لەبارەی ئەو ئەستێرانەی کە خولگەی جیاوازیان هەیەو دوورییەکانیان لە زەوییەوەو هەروەها هۆکاری جیاوازیەکانیان خۆیان دووربخەنەوە، چونکە ئەو هیچ سوودێکی لەمەدا نەدەبینیەوە "هەرلەم بەشەدا (یادەوەریەکان ٤، ٧، ٥–١) هاتووە کە کەسنوفون جەخت دەکاتەوەو دەڵێت: بۆچوونەکانی سوکرات لەم بارەیەوە لەبێ ئاگاییەوە نەبوو، چونکە ئەو لەزانستی بیرکاریدا دەریایێکی بێ پایان بوو هەروەها بەبەشەکانی ئەستێرەناسیش نا ئاشنا نەبوو.

تەواوی ئەو راستییانەی کەباس کران لەگەل دایلۆگی فایدۆنی ئەفلاتون ( a٩٦ و دواتر) کە سوکرات لەناو ئەودا " ژیانی رابردووی خۆی باس دەکات" یەك دەگرێتەوە، بە باشی دەردەکەوێت کە فایدون لەم بارەیەوە هەڵهێنجراوی واقیعیەتێکی مێژووییە.

" بەلام لەگەڵ هەندێك لەبەشەکانی تری فەلسەفەی کۆمارەکەی دا یەك ناگرێتەوە، بەتایبەتی لەو شوێنەدا کە سوکرات هەول ئەدات کە بیرکاری و ئەستێرەناسی بۆ مەبەستی پراکتیکی بەکار بهێنێ، ئامۆژگاری دەوروبەرەکەی دەکات کە ئەم زانستانە وەك هۆکارێك بەکار بهێن بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی هزری خۆیانو بۆ گواستنەوەیان لە جیهانی ماددییەوە بۆ جیهانی ئایدیاکان(فۆرمەکان)، بەچەند خاڵێك لەبارەی ئەندازە لە٥٢٦d–c پێش و دوای ئەم بەشە بە تێروانینێکی گشتگیرو هەمەلایەنانە پەیوەست بە سوکراتەوە دەڵێت " پێویستە ئەو ئەنجامە لەبەر چاو بگرین کە ئەفلاتون لە کۆمارەکەی خۆیدا زیاتر لەوە پێی گەیشتووە کە سوکرات لەمێژووەکەی خۆییدا پێی گەشتوە، (کیرکەگور) پێیوایە لەم بارەیەوە لەنێوان ئەفلاتون و کەسنوفوندا، ناهەماهەنگیەك بوونی هەیە.

سوکرات لە شوێنێکدا وادەڵێت: لەسەردەمی لاویەتیدا بەفەلسەفەی سروشتی حەزوو ئارەزوو پەیوەندییەکی بەهێزی پەیداکرد، بەئومێدی ئەوەی (هۆ)ی شتەکان بزانێ، تەنەکان بۆچی هەن؟، بۆچی هاتونەتە بوون؟ بۆچی دووبارە لەناودەچنەوە؟ ئەو تیوریەکی زۆری لەبارەی سەرچاوەکانی ژیان، فیزولۆژی، دەروونناسی، جیهان ناسییەوە خوێندەوەو لێیان راما، لەکۆتاییدا گەیشتە ئەو ئەنجامە کە ئەم کارە لەتوانای ئەودا نییە، بەلام ئومێدەکانی ئەو جارێکیتر گەشانەوە بەبیستنی ئەم وشەیە کە ئەناکساگوراس، (عقل– ژیری) بەهۆکاری یەکەمین دەزانی، دووبارە ئەو ئومێدی بۆگەرایەوە. بەلام کاتێك کەتێبینی کرد یاساکەی ئەناکساگوراس دووبارە لەتیوریەی (تەفصیلی) لەگەل تیوریەکانی تردا جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە، بۆیە دووبارە نائومێد بوویەوە چونکە ئەناکساگۆراس لە هۆکاری رۆڵی سەرەکی عەقل بێ ئاگابوو بوو. روونکردنەوەکانی ئەو ئەوەندە ماددي و میکانیکی بوون کە ئەتوت عەقل هیچ رۆڵێکی نییە لەوەدا، هەر لەبەر ئەمە سوکرات بەو بۆچوونەی خۆیدا چوویەوە کە تەنەکان بەتەنها لەکاتی کارکردندا ئەتوانرێت روونبکرێنەوە. بۆیە لەزانستی سروشتی رووی وەرگێراو رووی کردە شێوە تەواو جیاوازەکانی لێکۆڵینەوە.

ئەفلاتۆن ئەم داستانە لەبارەی بۆچوونو ئامانجەکانی خۆیەوە دەگوازێتەوە، بەلام زۆر دوورە کە ئەمە بە شێوەیەکی گشتگیر بەدروستکراو بزانین، بۆ گونجاندنی ئەو ئەتوانین بەهەماهەنگی لەگەل بۆچوونەکانی کسنوفون بیانگونجێنین، بەهەمان شێوە گریمان تێروانینی سوکرات لەبارەی (هەورەکان)ەوە بەتەنها موبالەغەیەکی گالتە ئامێزانەی بەشێك لە تێروانینە بەناو بانگەکانی ئەون، نەك داوایەکی تەواوی بێ کۆتایی بن. کاتێك هەورەکان نمایش کران، ئەفلاتۆن جگە لەمنداڵێك هیچی تر نەبوو، رەنگە بتوانین وشەی لاو بۆ ئەو رۆژانەی کە سوکراتی تێدا دەژیاو کەهێشتا ئەفلاتون ئەوی نەناسی بۆ بەکار بهێنین. ئەگەرچی تەمەنی ئەویش گەیشتبووە چل ساڵ، زۆر جێگەی خۆیەتی کە ئەریستۆڤانس بەچاکی دەیزاني کە سوکرات لەکاتێکی زووەوە دلی پەیوەست بەزانستی سروشتی یەوە کەم بووەتەوە.

ئەگەر سوکرات لەسەردەمێکدا بەم شێوەیە بیری کردبێتەوە، بۆ ئەریسۆڤانس کە مەبەستی بوو تەواوی شتە ناپێویستەکان لەکەسایەتی ئەودا کۆبکاتەوە بەهانەیەکی باشی بۆ ئامانجەکانی کەمێك بەدەست هاتبوو، قسەکانی ئەرستۆ لەسەر بنچینەی ئەوە بنیات نرابوون کە زانستی سروشتی لەسەردەمی سوکراتدا "لەناوچوو" لەقسەیەکی بەتال هیچی تر نەبوو، چونکە کۆی ئەوکەسانەی کە گرنگیان بەم زانستە دابوو لەسەردەمی سوکراتدا ئەتوانین ناوی چەند کەسێك ببەین لەوانەش: دیوگنیس ئەپولونیایی،ئەرخلانوس( کەپەیوەندیەکی واقیعی تەواوی هەبوو لەگەڵ سوکراتدا)، هەروەها بەشێك لەسۆفستاییەکان– گۆرگیاس کە قوتابی ئەمپیدکلس بوو، بەتیوری "بوار وتیشکدانەوە spores and effluencesی ئەو هاوپەیوەندبوو، ئەلکیداماس دانەری کتێبێك لەسروشتدا، ئەنتیفۆن دانەری حقیقەتو گەواهی گریتیاس. هەروەها دیموکریتۆس تاوەکو پاش کۆچی دوایی سوکرات درێژەی بەکارو چالاکی یەکانی خۆیدا، هەرچەند ئەم مەسەلەیە بەتەواوی روون نییە کە کتێبەکەی ئەو تاچەند بەلای ئەسینیەکانەوە ناسراوبوو. بۆیە ئەو بەلگە باوەڕپێکەرانە دیاری دەکەن کە سوکرات لەسەردەمی خۆیدا گرنگییەکی تەواوی بەزانستی سروشتی داوە، ئەم بەلگانەش کەم نین، هەرچەند هەندێك باوەریان وایە بەشێك لەو بەلگانە واپیشان دەدەن کە سوکرات لەحالی پەرگری کردندا بووە، بەلام بەهەرحال هەموو لایەك ئیعتیباری مێژوویی ئەویان بەلاوە پەسەندە.

هەموو ئەمانەش بۆچونەکانی ئەریستۆڤانس _ کەسنوفون– تەنانەت خودی ئەفلاتون لەفایدوندا بەتال دەکاتەوە. سوکرات لە(١٨b) دەڵێت "من حەکیم نیم کە لەبارەی تەنەکانی ئاسمانەوە قسە بکەم بەلێکۆلینەوەی ئەوەی کە لەژێر زەویدا هەیە بنووسم، بەبەلگەی لاواز و بێ هێز بەلگەکانم بەهێزبکەم"لە(٢٣b)شدا دەڵێت: " ئەمانە تۆمەتانێکی ئامادەکراون کەبەرامبەر هەرفەیلەسوفێك لەلایەن چەند کەسێکەوە ئاراستەی دەکەن کە لەقۆناغێکدا پەرش و بلاون) هەروەها لە( ١٩C) زیاتر دەدوێت و دەڵێت"ئێوە خۆتان ئەم تۆمەتانەتان لەکۆمیدیای ئەریستۆڤانس دا وادەبینرێت کەکەسێك بەناوی سوکراتەوە لێدوان دەداتو دەڵێت ئەتوانێ بەناو هەوادا بروات، قسانێکی بێ مانای زۆر لەبارەی شتەکانەوە دەکات کەمن کەمترین هەلوێستم لەسەر نەکردوون و زانیاریم لەبارەیانەوە نییە، مەبەستی من بەخراپ دانانی ئەم زانستانە نیە، بەلکو دەمەوێت ئەوە بلێم کەمن پەیوەندیەکم بەو زانستانەوە نی یە، بێجگە لەوەش لەم بارەیەوە دەتوانم ئێوە هەموتان بگرم بەشایەت و تەواوی ئەو کەسانەشی کە قسەکانی منیان بیستووە( بەلێنی ئەوان کەم نیە) پرسیارێك بکەم ئایا ئێوە هیچ شتێکتان بیستوە لەبارەی ئەو بابەتانەوە کە باسم کردن؟

دوای ئەوەی لەلایەکەوە بۆمان دەرکەوت کە بەلگەمان هەیەو لەلایەکی ترەوە رووبەرووی ئەم جۆرە قسانە دەبینەوە، ئەم کێشمەکێشەش ٢٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا درێژەی هەیە زانیاریەکانی ئێمە لەم بارەیەوە زۆر ناتەواون، ناتوانین بلێن ئومێدمان هەیە بەو واقیعە بەلام بەشێوەیەکی گونجاوتر ئەتوانین بلێن ئەو قسانەی سوکرات کە لەپێشەوە ئاماژەمان پێکردن پوچەل بکەینەوە، تەنانەت ئەگەر بەتەواوەتیش بیسەلمێنین کەئەو هیچ کاتێك بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بەم زانستە نەداوەو تیوریەیەکی تایبەت بەخۆشی نییە لە بارەی ئەم زانستەوە، هەرچەند بێگومان بەیارمەتی هاوڕێ هەلبژێراوەکانی زۆر بەشێوەیەکی جدی لێکۆلینەوەی لەسەر زۆر لەبیردۆزەکان کردووە، بۆ نمونە کاتێك لەدەوروبەری ئەسینای کۆندا لێدوانی ئەداو لەگەل شار نشینەکاندا ئەکەوتە گفتوگۆوە یان لەوەرزشگاکاندا لەگەل لاوان و رۆشنبیراندا ئەکەوتە قسەکردن زۆر بەروونی لەبیرو فیکری زانایان و دانیشمەندان تێگەییبوو بۆیە بەپێویستی دەزانی خۆی بناسێت و پێیان بلێت کە" دینداری یانی چی؟ بێ دینی یانی چی؟جوانی چی یە؟ ناشیرینی چییە؟ عەدالەت چی یە؟ نادادپەروەری کامەیە؟ ئازایەتی و یارمەتی و حەسودی چی یە؟ دەولەت چی یە ؟ دەولەت داری چ مانایەکی هەیە؟مەبەست لەحکومەت کردن کردن چییە ؟ چۆن پێویستە حوکم بەسەر خەلکیدا بکەیت و حاکم یانی چی؟" ئەگەر سوکرات لە سی یان چل ساڵی کۆتایی تەمەنی خۆیدا مێشکي خەلکی بەم پرسیارانەوە سەرقال کردبوو، ئایا کەسێك هەیە بلێت ئەو لەبەشێك لەتەمەنی خۆیدا بەزانستی سروشتییەوە سەرقال نەبووە، بۆیە ئەوەی کەدەڵێت ئەو قسانەی سوکرات کە لەبەرامبەر داواکاری کوشتنی محکەمەکەرەکانەوە دەیلێت هیچ پەیوەندیەکی بەم زانستەوە نییە؟ ئەو بەهیچ شێوەیەك ئەم زانستەی لەولایەنەوە کە بەتەنها وەك زانستێك وەرنەگرتووەو پرسیارەکانی ئەویش لەگەل پرسیارەکانی تیورزانەکانی زانستی سروشتی جیاوازییان هەیە، پرسیارکردن لە (چیەتی)بوون، بۆچی هەمووجیهان بەم شێوەیەیە ؟هۆکاری بوونی ئێمە لەم جیهانەدا چییە؟ ئەو لەسەرەتاوە واتەصەوری دەکرد کە ئەمە هەمان ئەو پرسیارانەیە کە زاناکان کردویانن. بەجدی بەدوای وەلامی ئەماندا دەگەرا تا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەزاناکان تەنها ئەو پرسیارە دەخەنەروو کە جیهان چۆن هاتووەتە بوون؟ "دیوگنس ئەپولونیایی دەتوانین لەم بابەتەدا ئیستیسنای بکەین".. ئەوەی جێگەی سەرنجە کاتێك ئەریستۆڤانس سوکرات لەپلەی بیریارە گەورەکاندا داناوە، سەرەتا تیوریەکانی کەشناسی دیوگنیسی لەسەر زمانی ئەو گێراوەتەوە، بەلام کاتێك دیوگنیس دەست دەکات بەلێکۆلینەوە لەوانە بێت سوکرات وازی لەزانستی سروشتی هێنابێت لەهەمان کاتدا کە سەرەتای ئامانج ناسی ئەو قەبول دەکات، حەزی نەدەکرد بەتیۆریە ماددی گەرایانەکەی ئەودا بچێتەوە کەبەشێك لەتوخمەکانی سروشت بە هێزی رێنمایی کەرەوە دەبەستێتەوە. بەم شێوەیە کاتێك خاوەن هێزەکان تێروانینێکی خراپیان لەسەر سوکرات وەرگرتووە، بەم شێوەیە توانیویانە پەیوەندی پێشینەی ئەو بخەنە بەر تیرە ژهراوییەکانیان، هەروەك چۆن لەئەمرۆدا لەبارەی هەندێك لە فەیلەسوفەکانی جیهانو گەورە پیاوە سیاسییەکانی ئەمریکاوە دەبینرێت.

سوکرات زانستی سروشتی خستەلاوە و دەستی کرد بەلێکۆلینەوەی ئەخلاق (مۆرال)و بلاوکردنەوەی بنەماکانی ژیان کە لەسەر بنچینەی بنەماکانی سروشت دایرشتبوون، بەلام ئەرستۆ دەڵێت" مەعریفە بۆهەمیشەیی تایبەتە بە رەوشی سوکراتەوە" هەرچەندە ئەگەر ئەو ئەم زانستەی لەقوتابخانەیەکدا پەرە پێدابێت کەشایستەی ئەم زانستە نەبووبێت بەهەمان شێوە گیگۆنیش دەلێت: بەبۆچونی ئەرستۆ سوکرات لە مێژووی فەلسەفەدا رۆلێکی دوالیزمانەی گێراوە. رەوش و بنەمایەکی تەرح کردوە کە لەتوێژینەوەو پلەبەندیە دیارەکانی سروشتەوە هەلنەهێنجراوە، بەلام بەهەرحال سوکرات هێمایەکە بۆ کۆتایی هێنان بەسەردەمی فەلسەفەی زانستی سروشتی و دەست پێکردنی فەلسەفەی ئەخلاقی.

لێرەدا پێویستە ئەوە بیری هەموولایەك بهێنینەوە کەلەم بابەتەدا پەنجە نومایەکمان خستوەتە سەر جیاوازیەکانی سوکرات و سۆفستاییەکان، لەلایەکی ترەوە ئەگەر فەلسەفە بەواتای وردی خۆی واتە گەران بەدوای حەقیقەتدا لەبەرچاوبگرین لەسونەتی کۆنی خۆیدا واتە گەران بەدوای حەقیقەتدا رەتدانەوەی ئەم سونەتە کۆنەش تەنها و تەنها سوکرات بوو کەرێگەی فەلسەفەی بەرووی ژیانی مرۆڤەکاندا والاکرد، واتا هەولیدا ئەخلاق و سیاسەت وەك بابەتێکی لێکۆلینەوەی زانستی خستە بەرچاو و پەنجەی خستە سەر بنەماو رێساو حەقیقەتەکانی ئەم بوارە وئەم کارەی لەبەرامبەر رێژەگەراییەوە ئەنجامدا، کە لەسەر بنەمای ئەو تەواوی بوون( وجود) زیاتر لەباوەرێك ( دۆکترین)ێك شتێکی تر نییە و گوێی مرۆڤەکان لەهەلبژاردنی کەسانێکدایە کە زمانێکی نەرم و قەناعەت پێکەریان هەبێت، بۆ ئەمەش ناتوانرێت پروتاگوراس نەخەینە ناو ئەم بازنەیەوە و کەسانێکی وەکو گۆرگیاس و پۆلوسیش لەم زەمینەیەدا درەوشاوەن.

سەرچاوە:www.iptra.ir


سوکرات

> من حەکیم نیم کە لەبارەی تەنەکانی ئاسمانەوە قسەبکەم بەلێکۆڵینەوەی ئەوەی کە لەژێر زەویدا هەیە بنووسم، بەبەلگەی لاواز و بێهێز بەلگەکانم بەهێز بکەم

> تەنها سوکرات بوو کە رێگەی فەلسەفەی بەرووی ژیانی مرۆڤەکاندا والاکرد، واتە هەوڵیدا ئەخلاق و سیاسەت وەک بابەتێکی لێکۆڵینەوەی زانستی خستە بەرچاو و پەنجەی خستەسەر بنەماو رێساو حەقیقەتەکانی ئەم بوارەو ئەم کارەی لەبەرامبەر رێژەگەراییەوە ئەنجامدا

---

حەسەن یاسین

سپی

# ئەنسار ئیسلامو کۆمەڵی ئیسلامیو....

## پێدانەچوونەوە

ئەنسار ئیسلام کە یەکەمجار بەناوی جوندولئیسلامەوە خۆی لەیەکی ئەیلولی ٢٠٠١دا لەناوچەی هەورامانی هەرێمی کوردستانی عیراقدا راگەیاند، لەبەیاننامەی خۆراگەیاندنەکەیاندا وەك لایەنێکی جیهادی دژ بە خاکی کافرنشینان (دار الکفر) کە دەبێ بەزەبری هێز کوفر لەناو بباتو لەجێگەیدا شەریعەتی ئیسلام، بەوشێوەیەی کە خۆیان لێی تێگەیشتوون، نەك بەوشێوەیەی کە هەیە، خۆیان ناساند. پاشان باڵی ئیسلاح کە لەلایەن مەلاکرێکارەوە سەرکردایەتی دەکراو لەئەنجامی رووداني پێکدا هەلپژانێك لەنێوان لایەنگرانی ئیسلاحو لایەنگرانی کۆمەلی ئیسلامی، لەسەر ئەوەی کێ مافی ئەوەی هەیە پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی جیهاد بێت لەسلێمانی، سلێمانیان جێهێشتو روویان لەناوچەی هەورامان کردو لەگوندی گولپ نیشتەجێ بوونو ئیدی مەلاکرێکار کەوتە هەولی هێنانەدیی خەونی لەمێژینەی، بۆ ئەوەی ببێ بە (ئەمیر)ی گروپێکی توندرەو و کارای ئیسلامی، بۆ ئەو مەبەستەش کەوتە فرێدانی قسە کە ئەگەر سەرکردایەتیی ئەنسار ئیسلام ئەویان بە ئەمیر قبولّ بێ ئەوا ئامادەیە، گروپەکەی لەگەلّ ئەوان تێکەلّ بکاتو ببن بەیەك مالّ، بۆ ئەو مەبەستەش، ژێر بەژێر کەوتە پەیوەندی بەستن لەگەلّ (ی.ن.ك) کە ئەگەر ئەوان پشتگیریی بکەنو ئەرێو بەلێنی ئەوەی پێ بدەن، کە گروپەکە، واتا ئەو گروپەی لەئەنجامی ئاوێتەبوونی بالی ئیسلاح دروست دەبێ، لەپرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا بەشداریی پێدەکرێ، ئەوا ئەو ئامادەیە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، یەکگرتنەکە روویداو جوندولئیسلام، پاش یەکبوونیان لەگەلّ بالی ئیسلاح، ناوەکەشیان گۆردراو بوو بە ئەنسارو لئیسلامو مەلاکرێکار بوو بە ئەمیرو ئەبوعەبدوللای شافیعی، کە ئەمیری جوندولئیسلام بوو، بوو بەجێگری ئەمیر بەلام لەواقیعدا ئەبوعەبدوللا شافیعی کە بالەکەی ئەو کە هێزی (٢)ی سۆران بوو، چونکە زۆرینەی هێزەکانی ئەنسار ئیسلامی پێکدەهێنا، بەکردەوە لەئەمیر دەستڕۆیشتوو تر بوو! ئەوەی مەلاکرێکار دەیویست بەشێکی هاتەدی، بوو بە ئەمیری ئەنسار ئیسلام، بەلام بەشەکەی دیکەی ئامانجەکەی کە هێنانی ئەنسار ئیسلام، وەك گروپێکی ئیسلامی سیاسی، بۆ ناو پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا، لەپالّ گروپەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسی، وەك یەکگرتوو، کۆمەلی ئیسلامیو، سەرینەگرت. شکست هێنانی وتوێژەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو ئەنسار ئیسلام، یان راستتر شکست پێهێنانی وتوێژەکە لەلایەن بالی دەست رۆشتووی نێو ئەنسار ئیسلام، ئەوەش بەئەنجامدانی کردەوەیەکی نامەردانە، کە بریتی بوو لەکوشتنی شەوکەتی حاجی مشیرو هاورێکانی لەئانو ساتی دانوستاندا لەلایەن وەفدە وتوێژکەرەکەی ئەنسارەوە، بووە رێگر لەبەردەم هێنانەدیی بەشی دووەمی ئامانجەکەی مەلاکرێکار.

سەرەنجام شەر لەنێوان هێزەکانی ئەنسار ئیسلامو (ی.ن.ك)ەوە هەلگیرسایەوە، پاشماوەی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، کە ناوچەکانی هەلەبجەیان بەدەستەوە بوو، رێگرنەبوون لەوەی هێزەکانی (ی.ن.ك) لەو ناوچانەوە سەنگەربەندی بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئەنسار ئیسلام، بەلام کۆمەلی ئیسلامی کە ئەوکاتە لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا، دوای هێزەکانی حزبوللای لوبنان، گەورەترین هێزی چەکداریی ئیسلامی بوو، نەك هەر ملی نەدا بۆ داوای (ی.ن.ك) بۆ چۆلکردنی ناوچەکە بەلکو رازیشنەبوون بەناوچەی دارەشمانەی لای قەلادزێ بۆ جێگیرکردنی هێزەکانی، چونکە رایگەیاندبوو کە ئەوان رازی نابن لەناوچەکانی قەلەمرەویی هێزەکانیانەوە، هێزەکانی (ی.ن.ك) پەلاماری (برایانی ئەنساری ئیسلام) بدەن!

سەرکردایەتی کۆمەلی ئیسلامی، کە ماوەیەکی کەم بوو لەناو هەناوی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، وەك گروپێکی تازەی ئیسلامی سیاسی، هاتبوونە مەیدانی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستانەوە دەیتوانی دەست بەرێ بۆ ئەنجامدانی دەست پێشخەرییەك بۆ ئەوەی لەنێو کۆمەلی ئیسلامیدا، وەك گروپێکی ئیسلامیی جیاواز لەبزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، وەرچەرخانێکی فیکریو سیاسیو شەرعی لەئاراستەی گروپەکەدا بهێنێتە ئاراوە، کە ببێتە مایەی گۆرانێکی ریشەیی لەسیاسەتو میتۆدی بیرکردنەوەی سیاسیانە لەنێو کۆمەلی ئیسلامیدا، بۆ ئەوەی هەم لەنێو کادرو ئەندامانی حزبەکەیاندا دەنگدانەوەیەکی ئیجابی بدابایەتەوەو رووەو هاتنەسەر ئەو باوەرە بچونایە کە دەبێ حزبەکەیان بەشداربێت لەسەقامگیرکردنی هێمنیو ئاشتی لەهەرێمی کوردستاندا.

کە نەیانتوانی ئەمە بکەن، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان چیی لەبەردەمدا مابووەوە، بۆ ئەوەی ئەوان، نەك هەر ناتوانن جێبەجێی بکەنو نەبن بەو (رۆن)ەی کە هەمیشەو بەبەردەوامی یارمەتیدەری هەلسورانی چەکدارەکانی ئەنساربن، بگرە دەیانەوێ بەم کردەوەیان، کە خۆدزینەوەیە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لە پشتگیریکردنی ئەنسار ئیسلام، ئەوا دەبێ کارێك بکات کە هەم بەرەی شەر کە رووبەروو بوونەوەیی چەکدارانە لەگەلّ ئەنسار ئیسلام، فراوانتر نەکاتو کۆمەلیش کە هێزێکی گەورەی سەربازیی چەکدارییە پەلکێشی نێو شەرەکە نەکات، کە ئەگەر ئەمە روویدات هیچ گومانی تێدا نابێت هێزەکانی کۆمەلّ دەچنە پالّ هێزەکانی ئەنسارو سەنگەر لەهێزەکانی (ی.ن.ك) دەگرن، دەبێ یەکێتی کارێك بکات کە هەم مایەی ئەوە بێت کە ئەم بەربەستە، کە هێزەکانی کۆمەلی ئیسلامین، لەسەر رێگەی خۆی، بەمەبەستی باشتر بەرەنگاربوونەوەی چەکداری لەگەلّ هێزەکانی ئەنسار ئیسلام لاببات!

# کامەرانی لە فەلسەفەی ئەخلاقدا

د. ڕەحیمیان*

ئاساییە ئەگەر بڵێین کامەرانی تایبەتمەندیەکی هەیە کەنەتوانرێت لەیەك دوو کات ژمێردا وردو درشت باس بکرێت، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم ماوەیە زیاتر لێکۆڵەرانە لەسەری بدوێین وەك ئەوەی تەنیا کۆکردنەوەی بۆچوونەکان بێت نەتوانرێت کامەرانی توێژینەوەی لەسەر بکرێت، لەو بوارانەشدا کە هیچ پەیوەندیەکیان بەفەلسەفەی ئەخلاقەوە نەبێت وا دابنێ لەلایەنی جوانناسی یەوە توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێت توێژینەوەی لەسەر بکەم کامەرانیە لەفەلسەفەی ئەخلاقدا.

فەلسەفەی ئەخلاق لەرووی زمانەوانییەوە بەیەکێك لەدوالیزمەکانی فەلسەفە دەزانرێت کەلە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت یەکێکیان ئەخلاقە کەزیاتر بایەخ بەلێکۆلینەوە لەماناناسی و مەعریفەناسی ئەخلاق دەدات، بۆ نمونە چەمکە ئەخلاقیەکانی وەکو چاکەو خراپە یان دەستەواژە ئەخلاقیەکانی وەك، دەبێت دادپەروەربین پێویستە راستگۆبین ...شیکاری ماناکەی چی یە؟

مانای خراپە و چاکە چی یە؟

لەسەروی ئەخلاقدا ئێمە یەك بابەتی دیاری کراو دەربارەی بەهانە ئەخلاقیەکان وەرناگرین و ناڵێین چی باشە و چی خراپە، یان ناڵێین کەدادپەروەری چاکە یان خراپە. راست وتن چاکە یا خراپە، تەنیا شیکاری مانایی ئەم دەستەواژانە دەکەین. پێدەچێت یەکێك بۆچوونی ئەوەبێت چاك بێت و ئەوی تریش دیدگای ئەوەبێت خراپە. یان ئەخلاق زانستێك وەك دەڵێن زانستی پلەدوو، واتا زانستێك کە لەقۆناغی پێشوودا بوونی هەبوو بێت وەك زانستی ئەخلاق کەکەسێك دەڵێت بۆ نمونە (دادپەروەری چاکە. کەسێکی تریش دەڵێت خراپە، لەسەرو ئەخلاقدا شیکاری مانای چاکەو خراپە ئەنجام دەدەین، ئەلبەتە ئەخلاق بابەتێکی پر بایەخ و گرنگ دادەنرێت کەیەکێك لەلقە سەرەکیەکانی فەلسەفەی ئەخلاقە، ئەوەی کەلەرۆژئاوادا بە ( meta ethic ) ناودەبرێت کەلەپانتایی بان ئەخلاقدا دادەنرێت، ئێمە بەفەلسەفەی ئەخلاق وەری دەگێرین، دوولقی سەرەکی هەیە یەکێکیان (بان ئەخلاق)ە کە باسەکانی باسی چاك سازی تیۆریە، لەوێدا هەڵوێست لە ئەخلاق وەرناگرین، تەنیا روونکردنەوەو باسکردنی پێکهاتنی رستەی ئەخلاقی دەکەین، چۆنیەتی بەدەست هێنانی راستی و ناراستی رستەی ئەخلاقی سەر بەم گروپەیە، بەڵام لقی دووەم کەلقێکی گرنگەو بەethical theory ناودەبرێت بەبایەخەوە باسی کامەرانی دەکات، کە

لەزاراوەدا پێی دەوترێت تیۆری ئەخلاقی یان ئەخلاقی نۆرماتیف Normative ethic، فەلسەفەی ئەخلاق، فەلسەفەی ئەخلاق لە(فەلسەفەی ئاینی)شدا بەشێك لەکاری فەلسەفەی ئەخلاق خۆی دەچێتە ناو ئەخلاقەوە، واتا دەچێتە گۆرەپانی ئەخلاق، ئەگەر بێت بەدوای روونکردنەوەو شیکاری ئەخلاقەوە بین دەبی ئەو پرسیارە بکەین بۆچی پێویسە ئێمە ئەخلاقی بین، یان بۆچی دەبێت تێچوی چالاکی ژیانی، ئەخلاقی بدەین ئەم لقە بەئەخلاقی تیۆری یان ئەخلاقی پراکتیکی دەوترێت کەلەم بوارەشدا بۆچونی جیاواز هەن، کەزیاتر لەم وانەیەدا کار لەسەر ئەم بەشەی فەلسەفەی ئەخلاق دەکەین، چونکە شوێنی لێکۆلینەوە لەکامەرانی بەم بەشەوە پێویستە بۆ ئەوەی پێکهاتەی کامەرانی بناسین، ببیستین چ مەکانەتێکی لەفەلسەفەی ئەخلاقدا هەیە، ئێمە توێژینەوە لەسەر ئەخلاقی پراکتیکی دەکەین کە لەراستیدا لەئەخلاقی نۆرماتیڤدا دوو بۆچونی جیاواز بوونیان هەیە، واتا دوو رێچکەی بنەرەتی هەن کە هەموو بۆچونەکانی ترلەژێر ئەم دوو رێچکەیەدا پۆلێن دەکرێن، ئەلبەتە هەر رێچکەیەك پێدەچێت زیاتر لە(١٠)رێچکەی لێ ببێتەوە وەیان ئەو وەلامە گشتیەی کە پێشکەشتان دەکەین یەکەمیان ئەنجام گەرایی Dentologiolئەوی تریشیان رێچکەی ئەرك خوازانەیە Consquenrialishic بەشێوەیەکی گشتی بۆچوونی کەسانێك کەئەنجام گەرایانە بۆ ئەخلاق دەروانن و بۆچونی کەسانێك کەئەرك گەرایانە تەماشای ئەخلاق دەکەن، جیاوازیان چی یە؟ ئەنجام گەراکان بەهای ئەخلاق لەخودی کاری ئەخلاقیدا ناناسن، بەلکو بەهای ئەخلاق، ئەوەی کەبۆچی ئێمە پێویستە ئەخلاقیانە مامەلە بکەین بەلکو وای دەبینن کەپەیوەستە بەبەشێکی ترەوە، مرۆڤ داواکاریەکی هەیە، هەنوکە پێدەچێت ئەو داخوازییە چێژ بێت، وە ئێمە ئەنجام خوازی چێژگەرایین، واتا جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێو وردەکاریەکانی ئەنجام گەراییدا کەئێمە ناچینە ناو وردەکاریەکانیەوە، بەلکو بەشێوەی گشتی قسە لەسەر (کلیات) دەکەین، ئەنجام گەراکان پێیانوایە کەئەخلاق خۆی مەوجودێك نیە لەشێوەی بەهادا، ئەوەی کەئێوە دەڵێن عەدالەت چاکەیە، یان راست وتن چاکەیە، بۆچی دەڵێن چاکە بەهۆی ئەوەوەیە کەسود بەخشە واتا ئەو سودە کە لەلای ئێوەوە داواکارەو ئێوە بەدوای ئەوەوەن، ئەنجام گەراکان ئەوانەن کاتێك دەڵێن شتێك چاکە یان شتێکی ترخراپە، کارێك پێویستە ئەنجامی بدەین یانەیکەین سەرنج بدەن، بزانن ئەو

فەرمانەچ پەیوەستیەکی، یاهاورێژەییەکی بەو داواکراوە یا ویستراوەوە هەیە کەمرۆڤ بەدواوەیەتی، ئەگەر یارمەتی مرۆڤ بدات بۆ گەشتن بەویستراو ئەوەچاکەو ئەگەر رێگربێت لەبەردەمیدا خراپە، چاکی وخراپی شتێك نیە کەلەزاتی خودی شتەکانەوە هەلقولابێت بەلکو پەیوەستە بەرۆلی ئەو شتەوە لەفەراهەم کردنی خواستەکانماندا، ئەمە بۆچونی ئەنجام گەراکانە، کەدیارترینیان ئێستا لەرۆژئاوا بەسودگەراکان Utilitarian ناسراون یانی کاتێك سودگەرایەك یاسایەك دابنێت یاسایەکی ئەخلاقی یا ماف، دەبێت چی لەکۆمەلگا بکەین، پێویستە ئێمە خەلکی کۆبکەینەوەو بزانین، ئەم یاسایە یائەم فەرمانە ئەنجامەکەی یا پلەکەی بۆ کۆمەلگاو ئەمنیەتی گشتی و بەرژەوەندی خەلکی چی یە؟ ئەگەر رۆلێکی پۆزەتیڤی هەبوو ئەوا دەلێن چاکەو ئیترناپرسین خۆی چی یە ؟ بۆیە ئەوان باوەریان بەسەربەخۆیی خودی ئەخلاق نیە، بەشێوەیەك بگوترێت ئێستا ئەوکارەی بمانەوێت بیکەین نائەخلاقیە، نائەخلاقی بوونی نیە, نائەخلاقی واتا ئەوشتەی کەئەنجامی نیە، لەسەر ئەم بنەمایە ئەنجام گەراکان ئەوکەسانەن، کەبەها ئەخلاقیەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی ئەو کردەیە هەلدەسەنگێنن و بەکاری دەهێنن بەلام ئەرکگەراکان کەدیار ترینیان (کانت)ە پێیانوایە ئەخلاق خۆی بونیادە، ئێمە کاتێك دەلێین دادپەروەری چاکە یان راست وتن چاکە، ئەمە بۆ ئەوەنیە کە دادپەروەری یان راست وتن سودێکی هەیە، هەرچەندە لەوانەیە سودیشی هەبێت، بەلام ئەو سودە مەبەستی ئێمە نیە، ئێمە کاتێك دەلێین دادپەروەری چاکە، مانای ئەوەنیە بەشتێکەوە خۆمان خەریك بکەین وەك ئەوەی کە بەرژەوەندی خوازەکان لێی دەروانن، ئەرك گەراکان لەناویشیاندا (کانت)، هیچ گرنگیەك نادەن بەوەی کەئایا ئەو کارە چ ئەنجامێك یاچ پاش هاتێکی هەیە؟ بەلکو پێیانوایە خودی ئەخلاق بونیادی خۆی هەیە وخۆی بەهای هەیە، ئەخلاق لەسەر هیچی تر بوونیات نەنراوە. راست وتن وەك کارێکی هونەری جوانە، بۆخۆی بەهای هەیە نەك لەبەر شتێکی تر.

لەدیدگای کانتەوە ئەخلاق هەلگری سیفەتی خۆشەویستیەکی وەهایە کە پێویستە مرۆڤ بەدوایدا بچێت، هەلبەتە لەژیانی واقیعیدا بەختەوەری لەنێو ژیانی ئەخلاقی دا پەیدا دەبێت، بەلام ئەگەر بمانەوێت زانستیانە تر قسەبکەین ، کامەرانی مەرجێکی ئەخلاقی نیە، واتا پێویست ناکات بۆ ئەوەی بەهای ئەخلاقی بزانین یا پێناسەی بکەین یاقەبولی بکەین شتێك لەژێر تایتلی کامەرانیدا بخوازین، بۆ ئەوەی بابەتەکە کورت بکەینەوە ئەگەرێینەوە لای ئەنجام گەراکان چونکە ئەرك گەراکان وەك بابەتێکی گرنگی ئەخلاق باس لەکامەرانی ناکەن. یەکێك لەگرنگترین هۆکارى نەیاری کانت و ئەرك گەراکان لەگەل ئەنجام گەراکاندا ئەوەیە کەدەلێن ئەنجام گەراکان پرۆژەی ئەخلاقیان بێ ئیعتبار کردوە، گریمان لەجێگایەکدا بەرژەوەندیو چێژ لەوەدایە کەئەمان دەیخوازن، لەرێگایەکی وەك رێگای خیانەتو درۆوە بەدەست دێت. بەپێی ئەو بنەمایەی کەئەنجام گەراکان هەیانە گرنگ ئەنجامەکەیە، بۆیە پێویستە مرۆڤ دەست ببات بۆ ئەو هۆکارەو بەوبەلگەیە ئەنجام گرنگەو پێویستە ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنێت، بەرژەوەندگەراکان بەم شێوەیەن، بۆنمونە لەسیستمی یاسایی هۆلەندا کە لەم دوایانەدا بەرژەوەندی خوازەکان بنەماکانی سیاسەتگوزاریان دانا کۆمەلێك بابەتی نائەخلاقیان قەبول کرد بۆ نمونە لەباربردنی کۆرپەلە ودروست کردنی خێزان لەنێوان هاورەگەزەکاندا (هۆمۆسێکچوال)، بۆیە دەلێن ئێمە هیچ شتێکمان بەناوی ئەخلاقەوە قەبول نیە کەهەلگری شوناسێکی سەربەخۆبێت بەلکو ئێمە بەدوای ئەوەوەین کەبەرژەوەندی کۆمەلگای تێدایە وەك جێگرەکانی کۆمەلگاو ئاسایش و هێمنی کۆمەلگاو خۆشگوزەرانی وچەندین قسەی تری لەم جۆرە، لەکاتێکدا ئەم شتانە لەبەرژەوەندی کۆمەلگادان ئێمە دەبێت دەستیان بۆ بەرین و تەنانەت بەبەشێکیش لەمان پێناسە بکەین.

لەکلتوری مەسیحی و ئیسلامیدا بنەمای فەلسەفەی ئەرستۆیە نوێکان بەم شێوەیەیە کەدەلێن پێویستە ئێمە کامەرانی لەگەل ئەو داواکراوەدا قەبول بکەین و بلێین ئەخلاق بێ ئامانج نیە، بەلکو ئەخلاق بۆ گەیشتنە بەئامانجی ئەنجام گەراکان لەوێدا راست دەلێن ئێمە پێویستە کامەرانی بەو ئەنجامە داواکراوە قەبول بکەین و بلێین ئەخلاق بێ ئامانج نیە، ئەخلاق بۆ گەشتنە بەو شتەی کەئەنجام گەراکان دەیانەوێت، لەم رووەوە ئەنجام گەراکان راست دەلێن پێویستە ئامانجێك بۆ ئەخلاق دەست نیشان بکەین، بەلام بۆچی خودی کامەرانی ئەخلاق نەگونجێنین، ئەخلاق یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی کەمرۆڤ دەیەوێت. کامەرانی کەمرۆڤەکان دەیخوازن خودی ئەخلاقەو ئەخلاقیش ئەوەیە کەمرۆڤەکان بەدوایەوەن، بەلام دەکرێت شتانی تریش هەبن، لەبەرانبەر ئەمەدا گرفتێك کەئەنجام گەراکان هەیانە چارەی دەکەن، چونکە هیچ کاتێك ئامادەنین دەست لە ئەخلاق هەلگرین چونکە ئەخلاق خودی کامەرانیە، گرفتی ئەنجام گەراکان بەم شێوەیە چارەدەکەین کەئێمە بۆگەشتن بەکامەرانی لەو تاقمانە نین دەست لەئەخلاق هەلگرین.

فەزیلەتە ئەخلاقیەکان هەم خاوەنی بەهایەکی سەربەخۆن هەم بەهایەکی شکۆیان هەیە، وەك ئەرستۆ دەلێت هەم خۆیان خوازراون هەم بەهۆی ئەوەشەوە پەیوەستن بەپەیدابونی کامەرانی یەوە خوازراون.

کامەرانی لە ئەخلاق دا لەئەرستۆ و ئەفلاتونەوە دەستی پێکردوە، هەرچەندە سەردەمانێك لەرۆژئاوا پەراوێز خرابوون بەلام دووبارە زیندوو دەکرێنەوە، ئەرەستۆپە نوێکان لەبواری ئەخلاقدا جموجولی بەرچاویان هەیە، دیدگای ئێمە بۆکامەرانی چییە؟ لەم رونکردنەوەدا کەئاماژەم پێکرد یەکێك لە خاڵەکانی کامەرانیمان ناسی. بەهەرحال هەر راڤەیەك بۆ کامەرانی بکرێت ئەخلاق لەپێشینەی ئەودایە واتا ئەخلاق وەك پێشینەیەکی ئەو دەخرێتە روو، لەفەلسەفەی ئەخلاقدا هێندە دیدگایەکی جیاواز هەیە کەپێدەچێت هێندەی ژمارەی مرۆڤەکان بێت، هەرکەسێك بەشێوەیەك راڤەی دەکات کەواتە گرانە ئێمە روونیان بکەینەوە، بەشێوەیەکی گشتی پەیرەوانی فەزیلەتی ئەخلاقی چەند جۆرێکن کەهاوبەندی لەنێوانیان کامەرانی و فەزیلەتە ئەخلاقیەکاندا دروست دەکەن، بەلام پێشیان وایە جگە لەفەزیلەتە ئەخلاقیەکان هیچی تر پێویست نیە، هەر ئەوەی کەمرۆڤ فەزیلەتی ئەخلاقی هەبێت، ئەخلاقیانە بژیین، کافیە ئەگەرچی بەنارەحەتی بژییت و چەرمەسەری بچێژیت و نانیشت نەبێت، لەراستیشدا رۆلی کامەرانی فەزیلەت بەجێ دەهێنیت نەك نان وئاو، بەلکو تەنها فەزیلەت . ئەرستۆ لەگەل ئەم بۆچونەدا نەبوو، بەلکو ئەو پێی وابوو ناکرێت بەکەسێك بگوترێت بەختەوەر کەنانی خواردنی نەبێت و بەنارەحەتی وچەرمەسەری بژیت. ئەرەستۆ سەرەرای ئەوەی باوەری هەبوو بەوەی کەفەزیلەتی ئەخلاقی رۆلی گرنگی هەیە لەخولقاندنی کامەرانیدا، بەلام پێی وا بوو شتانی تریش پێویستن، ئەرەستۆ دووشتی تریشی بۆئەم زیاد کرد، یەکەمیان

فەزیلەتە عەقلانیەکانە، فەزیلەت لەفەلسەفەی ئەخلاقدا بەباشترین باری شتێك دەوترێت، کە لەبنەمادا لەفەلسەفەدا بەم شێوەیە تەفسیری فەزیلەت دەکرێت، ئێوە دەتانەوێت بلێن ئەم چەقۆیە چەقۆیەکی باش یان خراپە چۆن چۆنی دادوەری دەکەن؟ ئەم چەقۆیە فەرمانی چی یە؟ یان چی لەچەقۆ چاوەروان دەکرێت ؟ چاوەروانی لەچەقۆ تەنها برینە، ئەگەر چاك ببرێت ئەوا دەگوترێت چاکە بۆ نمونە سەیر ناکەیت بزانیت رەنگی ئەو چۆنە، چونکە رەنگ لەپەراوێزدایە چەقۆی چاك ئەو چەقۆیەیە کەچاك ببرێت فەزیلەتی چەقۆیەك لەحالەتی تەندروست و نۆرمال ئەوەیە کەلێی چاوەروان دەکرێت، ئەمە مەفهومی فەزیلەتە لەراستیشدا بەتەواوی بەرجەستەکردنی ئەوەیە کەبریارە بەرجەستە ببێت تیایدا، لەفەلسەفەی ئەخلاقیشدا بەهەمان شێوەیە کاتێك کەدەوترێت فەزیلەتی ئەخلاقی یانی چی؟ فەزیلەتی ئەخلاقی واتا مرۆڤ بونێکە کەسەرپشکی کارکردنە، ئەگەربەچاکی جێ بەجێی کرد، لەوپەری جوانیدا بەرجەستەی کرد، ئەوا فەزیلەتە، بۆ نمونە لەجەنگدا ئازایەتی کردارێکی چاکە، ترۆپکی ئەوەیە کەمرۆڤ چاوەروان دەکرێت پاکیەتیش لەکرداری مرۆڤدا بەهەمان شێوەیە، لەمەبنای ئەم دەستەواژانەوە فەزیلەت ماناکەی روونە. ئەرەستۆ باوەری وابوە کامەرانی جگە لەفەزیلەتی ئەخلاقی وعەقلانی، پێویستی بەگەورەیی بیرمەندی مرۆڤ هەیە ئەو پێی وابووە ئەو مرۆڤەی کەپراوپر ئەخلاقیانە مامەلەدەکات بەلام خاوەنی عەقلێکی تەواو نیە، ئەو لایەنێکی بەتەواوی گەشەی کردوە و لایەنێکی نەفی کردوە، کامەرانێکی حەقیقی نیە، کامەرانی بەشێکی گرنگی پەیوەستە بەتوانا عەقلانیەکانی مرۆڤەوە، بۆیە هەرچەندە ئەم تواناو لێهاتوییە عەقلانی و پێشکەوتنە جیاوازەکانی گشت لایەنەکانی عەقلی فەراهەم بن کامەرانی زیاتری بۆ بەرجەستەدەبێت، لەدیدی ئەرەستۆدا هەرچەندە مرۆڤ عەقلی بەرزەفرترو دووربین تر بێت کامەرانترە ئەم بۆچونەی ئەرەستۆ لای هەندێك لەعاریفەکانمان بەهەمان دەستەواژەی (مراقبە وشهود)ی عیرفانی تەفسیر دەکرێتو سروشتی عیرفانی ئێمە زیاتر لەگشت بۆچونە ئەخلاقیەکان لەئەرەستۆوە نزیکترە.

ئەرستۆ جگە لەفەزیلەتی ئەخلاقی و عەقلانی خاڵێکی تر دەستنیشان دەکات ئەویش چاکە دەرەکیەکانە، وەك پارە، شوێن و ئاسایش کەچاکە دەرەکیەکانیان پێدەوترێت.چونکە بەتەواوی لەژێر کۆنترۆلی من"تاك"دانین. ئەرستۆ باوەری وایە ئەوانە شتانێکن لەکامەرانی مرۆڤدا رۆلیان هەیە بەلام بەتەواوی لەژێر رکێفی ئەودانین، ئەرستۆ بەتەواوی بەپێچەوانەی کانتەوە

دەلێ:مەلەکوتی سەعادەت لەدەستی خۆتاندایە، بەهەمان رێرەو کەئیرادەی چاکەخوازیتان تێدایە، کامەران دەبن، بەلام ئەگەرنارەحەتیو ئەشکەنجەدابنێن لەئیرادەتاندا ئەوا کامەرانی شتێکی شکاودەبێت، بۆنمونە :تەمەندرێژی، تەندروستی، ئاسایش، هاورێ ی چاك، پارە، توانا کەهەموو ئەمانە بەبەشێك لەچاکە سەرەکیەکان دەزانێت کەکاریگەرن لەسەرکامەرانی، کەکامەرانی شتێکە قابیلی شکانە بۆیە دەکرێت مرۆڤ لەدەستی بدات، ئەوە نیە بەتەواوەتی لەژێر رکێفی مرۆڤ دابێت، هەندێك لە بیرمەندان لەنمونەی (تامس نیگل) لەدیدگای ئەرەستۆوە سێ شت بۆکامەرانی دادەنێن:

- چاکە دەرەکیەکان .
- فەزیلەتە عەقلانیەکان .
- فەزیلەتە ئەخلاقیەکان.

هەندێکی تر فەزیلەتێکی تر دەخەنە سەری و زیاتر ئەو کەسانەن دیدگایەکی ئاینییان بۆ ئەخلاق هەیە بۆ نمونە(ئەکواینەس و غەزالی)، کەئەو تەفسیرەی ئەرەستۆ بۆ کامەرانی کردویەتی ئەوە نیە ئەمان لەدیدگای دینییەکەوە بۆی دەچن، ئەمانە راستە هیچ دژایەتیەکیان نیە لەگەل قسەکانی ئەرەستۆدا بەلکو دەلێن پێویستی بەزیادە یەك هەیەو فەزیلەتی تریش بهێنرێتە ناو ئەم چوارچێوەیەوە..ئەوان دەلێن لەبەر ئەوەی ئێمە ئاینمان هەیەو جیهانبینی وبەرچاو روونیی خۆمان هەیە بۆ ژیانی ئێستاو ژیانی دوایی لەم رووەوە پێیانوایە سێ فەزیلەتی تر پێویستە ئەو سێ فەزیلەتە کامانەن؟ ئەم سێ دانەیەکە ئەکواینەس ئاماژەیان پێی دەکات و دەلێت بۆئەوەی مرۆڤ کامەران بێت، کامەرانیەکی واقعیی ومرۆیانە جگە لەو شتانەی ئەرەستۆ باسی کردون چەند شتێکی تر پێویستە.

١–ئیمان

٢–رجا(تەوەکول)–(پشتبەستن).

٣–چاکە، ئەلبە تەفەیلەسوفە نوێیەکان شتانی تریان خستووەتە سەر ئەم خالانە، غەزالی باس لەهەشت رەهەند دەکات و پێیوایە سێ خال نیە، بەلام بۆچونی گشتی ئەمەیە : واتا جگەلە فەزیلەتە ئەخلاقیەکانی وەك ئازایەتی وپاکی ودادپەروەری وجگە لەفەزیلەتە عەقلانیەکانی وەك بیرتیژی وتوانای بیرکردنەوەو قول بوونەوە، جگەلە چاکە دەرەکیەکانی فەزیلەتە ئاینیەکانیش شتانێکن بۆ تەرحی کامەرانی لەروانگە ئاینیەکەوە پەیوەستن.

لەکۆتاییدا دەتوانین بلێین کامەرانی لەفەلسەفەی ئەخلاقدا زیاتر لەلایەن ئەنجام گەراکانەوە باس دەکرێت و کۆتایی ئەخلاق(فەزیلەت) زیاتر لای ئامانج خوازانەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە، سوننەت و فەلسەفەی ئەخلاقی ئیسلامیش زیاتر ئەخلاق (فەزیلەتدا) لەبەرچاو دەگرێت، فارابیو تەنانەت ئیبن سیناو ئیبن (مسکویە)ش هەمان بۆچونەکانی ئەرستۆیان هەیە، ئەلبەتە هەندێکیان دینیانە هەندێکیان نائاینیانە قسەیان کردوە، بۆنمونە فارابی باس لەفەزیلەتە ئاینیەکان ناکات، من هۆکارەکەی نازانم، لەوانەیە نەیویستبێت بچێتە ناو ئەم کێشەیەوەو باس لەم بارەیەوە بکات، فارابی سێ کتێبی لەسەر فەلسەفەی ئەخلاق نوسیوە، بەلام هەمان بۆچونەکانی ئەرەستۆ دووبارە دەکاتەوە، لەلای ئەرەستۆ خودا لەئەخلاقدا رۆلی هەیە، بەلام نەك رۆلێکی تەشریعیانە، بەلام وەك شتێکی جوان کەپەیوەندی بەبریارە بیستراوەکانەوە هەیە، فارابیش بەهەمان شیوەیە بەلام هەندێکی تریان وەك ئیبن مسکویە..هەندێك مەفهومی دینی بۆسەعادەت دەدەن بەدەستەوە، بەشێوەیەکی گشتی لەفەلسەفەی ئەخلاقی ئیسلامیدا حالەتی ئەخلاقی (فەزیلەت) لەبەرچاو دەگیرێت و قەبول دەکرێت، بۆیە تیۆریەکانی کامەرانی باوەری تێدا دادوەرن.

*مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆی تاران
و: فاتیمە ئەدهەم





کامەرانی لەفەلسەفەی ئەخلاقدا زیاتر لەلایەن ئەنجامگەراکانەوە باس دەکرێتو کۆتایی ئەخلاق (فەزیلەت) زیاتر لای ئامانجخوازانەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە

کامەرانی مەرجێکی ئەخلاقی نییە، واتا پێویست ناکات بۆئەوەی بەهای ئەخلاقی بزانین یا پێناسەی بکەین یاقەبولی بکەین، شتێک لەژێر تایتلی کامەرانیدا بخوازین



لەدیدی ئەرستۆدا هەرچەند مرۆڤ عەقلی بەرزەفرترو دووربین تر بێت، کامەرانترە، ئەم بۆچونەی ئەرستۆ لای هەندێک لەعاریفەکانمان بەهەمان دەستەواژەی (مراقبەو شهود)ی عیرفانی تەفسیر دەکرێت

# تاوتوێکردنێکی کورتی دیاردەی ئوسوڵیەتی ئیسلامی



بزاڤی ئوسوڵیەتی ئیسلامی لە ماوەی سەدەکانی رابردوودا نیشانی داوە کەلە باڵانسێکی بەردەوام و بەردەوامییەکی ناسروشتی بەهرەمەندەو لە ڕێگای پەرەسەندنی خۆی لە شێوازێکی دوور لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتی-سیاسی دەرکەوتوون.



زانیار زەمانی

سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی بێگومان یەکێك بووە لە بەرچاوترین دیاردەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانی بەتایبەتی لە کۆتایی دەیەی 1970و بە درێژایی دەیەی 1980 زایینی، کۆمەڵێك رەهەندی جیاواز کاریگەرییان هەبووە لە سەرهەلدانی ئیسلامی سیاسی بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کەئەمەش لەبریاری نێوخۆیی دەوڵەتانی ناوچەکەو سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی زلهێزدا راشکاوانە دەبینرێ.

بزووتنەوەو گرووپە سیاسییەکان کە بەماکی سەرهەلدانی ئیسلامی سیاسی ناوزەد دەکرێن، نە تەنیا لە ژێر کاریگەری ناکۆکییە ئایدۆلۆژیەکانو نەبوونی هاوشێوەبینی لەمەر شێوەی بەرێوەبردنی حکومەتو دانانی سیاسەتی نێوخۆییو دەرەکی حکومەتەکانی ناوچەکە دژایەتییان کردووەو بەشێوەی جۆراوجۆر لە هەوڵی رووبەروو بوونەوەو لەنێوبردنی ئەوان بوون، بەڵکو لەگەڵ پشتیوانە دەرەکییەکانیاندا ئەوان واتە ئەمریکاو هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانیش بەرەو رووبوونەوە، پاش تێکشکاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە نازناوی ئیسلامیان کردبووە بناغەی رەوایی سیاسی خۆیان، لاوان، رووناکبیران، رێبەرانی خێڵەکی نەتەوەی عەرەبی، مزگێنی چاخێکی نوێیان لەحکومەتی سەربەخۆیی عەرەبی دا، بەڵام ئەم خۆشیە ماوەیەکی زۆری نەخایاندو زالبوونی دەسەڵاتدارە رۆژئاواییەکان بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا دوای شەری یەکەمی جیهانیو پاشان دابەشکردنیان بەکۆمەڵێك وڵاتی گەورەو بچوکی جۆراوجۆر، تۆوی بێ هیواییان لەناو وڵاتە عەرەبییەکاندا چاند، ئەم رەوتە کاتێك گەیشتە ترۆپك کە تاقمێکی بچوك لەجولەکەکانی فەلەستین توانیان دەست بەسەر وڵاتی کەم دانیشتوانی فەلەستیندا بگرنو ساڵی 1948 دەوڵەتی ئیسرایل دابمەزرێنن، شۆڕشی 1952ی میسرو دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی نوێی عەرەبی بەرێبەرایەتی جەمال عەبدوناسرو بڵاوبوونەوەی بزاڤەکەی بۆ بەشەکانی تری جیهانی عەرەب لەلایەكو دەرکەوتنی سۆسیالیزمی عەرەبی لەژێر رێبەرایەتی حیزبی بەعس لەلایەکی دیکەوە، جارێکی ترهەستو سۆزێکی تری لەنێوان لاوانی عەرەب پێکهێنا کە دەتوانن بەپشت ئەستوور بوون بەم لایەنە هزریو سیاسییە نوێیە بەسەر تەنگو چەڵەمەکاندا سەرکەونو دەستراگەیشتن بەیەکێتیی عەرەبیو سۆسیالیزمی بەعسی، جەمال عەبدولناسر رێگای سەرکەوتن بەسەر سەهیۆنیزمو پێکهاتنی سیستمێکی دادپەروەرانەی ئابووری سیاسی بەدوور لەچەوسانەوەو دیکتاتۆری لەجیهانی عەرەب بهێنێتە کایە.

بەڵام ئەم سۆزو تامەزرۆییە زۆری نەخایاند، دۆرانی شەری 1967ی عەرەبەکان لەبەرانبەر ئیسرایل کەلێنێکی زۆری خستە ناو وڵاتانی عەرەبیو بەرین بوونەوەی باسو خواستەکانی نێوانیان لەسەر کێشەی زەوییەکانو بەرژەوەندی گروپی، جگە لەوەش پێکهێنانی جیاوازی چینایەتی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا بەهۆی سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەتانی عەرەبیو هەروەها درێژەدان بەسیاسەتی سەرکوتو گوشارو دیکتاتۆری دژ بەئازادیخوازان جارێکی تر بووە هۆی خەمساردی لاوانو رووناکبیرانی عەرەب، دەیەی رابردوو شایەتی بەرزبوونەوەو قولبوونەوەی ئاگایی ئیسلامی لەنێوان کۆمەڵگای موسلمانانی سەرتاسەری جیهان بووە، نوێ بوونەوەی ژیانو سەرهەڵدانی ئیسلام رواڵەتێکی زەینی کۆمەڵایەتی، ئابووریو سیاسی هەیە، ئامانجی سەرەکی سەرهەڵدانی ئیسلامی هاوچەرخ هەروەکو سەدەکانی رابردوو گەڕانەوە بۆ بنجوبنەوانەکانی باوەڕە ئیسلامییەکان بەپێی نەریتی پێغەمبەری ئیسلامە.

ئوسولیەتی ئیسلامی هۆکاری دەرکەوتنی تایبەتمەندییە رواڵەتییەکانی جیهانی ئیسلامە کە لەماوەی سێ سەدەی رابردوودا بەهۆی قەیرانە ناوخۆیو دەرەکییەکانەوە بەشێکی مەزن لە دەسەڵاتی خۆی لەدەست داوە، دارمانی یەك لەدوای یەکی دەسەڵاتی ئێرانو عوسمانیو بەرەو رووبوونەوە لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپایی پێویستی بەتاوتوێ کردنی بەردەوامی هزرو بنەما فیکرییەکانی ئیسلامی هێنایە بەرباس.

کۆمەڵگای ئیسلامی هەروەك سەدەکانی رابردوو وەڵامێکی کلتوریو خۆماڵی ئەو قەیرانەی دایەوە، گەڕانەوە بۆ ئیسلامو بنەما بنەرەتییەکانی ئوسولیەتی ئیسلامی یان بەوتەی (گیدنز) نەریتێك کە بەنەریت پارێزگاری لێ دەکرێ لەشێوازی خەباتیشی لە ماوەی چەند دەیەی رابردوو لە وڵاتانی جۆراوجۆردا بەم شێوەیەی خوارەوە خۆی نواند:

– شۆڕشی ئیسلامیی ئێران.

– داگیرکردنی مزگەوتی مەزنی کەعبە لە عەرەبستان.

– بەربەرەکانێ لەبەرانبەر داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەت.

– راپەرین دژی رژێمی بەعس لە سوریا.

– تیرۆری "ئەنوەر سادات" سەرکۆماری میسر.

– شۆڕشو خۆپیشاندان لە جەزایرو میسرو مەراکیش.

بزاڤی ئوسولیەتی ئیسلامی هاوچەرخ، بەشێوازی نائەکتیڤو شەرخوازانەکەشیەوە، هەڵگری سێ تایبەتمەندی مەزنە کەبریتین لە:

– گشتگیربوون.

– فرە ناوەندی.

– بەردەوامی.

گشتگیرە، چونکە بزاڤە ئیسلامخوازەکان لەراستیدا لە هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا بێ سەرنجدان بەپانتاییو تایبەتمەندی سیاسیو ئابووریو کلتوری ئەو وڵاتانە سەریان هەڵداوە.

بزاڤی سەرهەڵدانی دووبارەی ئیسلام چەند ناوەندیشە، چونکە رێبەرێکی دیار یان رێکخراوێکی ناوەندی یەکگرتوویان نییە، کەوابوو بزاڤی ئوسولیەتی ئیسلامی لە ماوەی سەدەکانی رابردوودا نیشانی داوە کە لە باڵانسێکی بەردەوامو بەردەوامییەکی ناسروشتی بەهرەمەندەو لە رێگای پەرەسەندنی خۆی لە شێوازێکی دوور لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتی-سیاسی دەرکەوتوون، رەوتی چوونە سەری ئاگایی ئیسلامی کۆمەڵێك ناوی جۆراوجۆری وەك بووژانەوە، نوێ بوونەوە، پاك دینی، ئوسولیەتی خەباتخواز، باوەر بەدەرکەوتنی رزگاریکەرێك لە هەر هەزار ساڵی (مهدویت)ی بەخۆوە گرتووە، ئەم دەستەواژانە لەسەریەك بۆ پیاهەڵگوتنی چروپری دیاردەی ئیسلامی بەکەڵکن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە جۆرێك دابەزینو شاراوەیی بەئیسلامەوە دەلکێنێ کە لەگەڵ راستییەکاندا رێك ناکەون، شیاوترین دەستەواژە هەر ئەو (بنەما ئیسلامیەیە)، چونکە بەواتای گەڕان بەدوای بنەما بنەرەتییەکانی ئیمانو بنچینە رەواکانی دەسەڵاتە، بزاڤێکی ئەوتۆ زۆرتر جەخت لەسەر رەهەندی سیاسی بزاڤی ئیسلامی دەکا تاوەکو لایەنە مەزهەبییەکانی، ئەو کەسو گروپانە کە بۆ بەرەو پێشڤەچوونی ئامانجەکانیان لەو بزاڤانەدا چالاکن بەخۆیان دەڵێن (ئوسولیەکان).

نوێ بوونەوەی دروشمەکانو باوەڕی ئیسلامی لەدەورانی هاوچەرخدا، دیاردەیەکی چروپرە کە بەنۆرەی خۆی نێوئاخنێکی ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووری هەیە، شێوازی تێگەیشتنی رۆژئاوا لەبزاڤی ئوسولیەت لە ژێرناوی (فاناشیزم) یان بەدواداچوونو بەکارهێنانەوەی لەراڤەیەکی دادگەرانەی بێلایەنانەدا بوونی نییە، ئێستا دوای شیکردنەوەیەکی کورتی ئوسولیەتی ئیسلامیو پێناسەکەی، تیشك دەخەینە سەر بۆچوونی چەند بیرمەندێکی رۆژئاوایی. بیرمەندانی رۆژئاوایی یەك لەوان "مارکس"و "ماکس ویبەر"و "دورکایم"و "برگر" لەو پێداگرە رادیکاڵانەن کە لەو بروایەدان بێبەشی کۆمەڵایەتیو ئابووری دەبێتە هۆی زیادبوونی تایبەتمەندی مەزهەبی.

قۆناغی ئێستای سەرهەڵدانو نوێ بوونەوەی شارستانیەتی ئیسلامی دەکرێ بەهێمای دووری ساتەوەختە قەیراناوییەکانی بزاڤی ژیانەوەو نوێ بوونەوە کە بۆ سەردەمی پێغەمبەر دەگەرێتەوە، بەگونجاو بزانین، ئەم میتۆدە دیالێکتیکیە کە میراتی "ئیبن خەلدونە" بەتەنیا لە راستییەکانی مێژووەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو بزاڤە ئیسلامخوازەکانی ئەمرۆکەش بەهەمان شێواز دەروانــنە خۆیانو جیهانی دەورووبەریان، لەراستیدا ئوسولیە ئیسلامییەکانی هاوچەرخ خۆیان بەجێگرو شوێنکەوتوانی راستەقینەی رێبەرانو بزاڤەکانی رابردوو دەزانن.

ناساندنی چەند بزاڤێکی ئوسولیەتی ئیسلامی

– بزووتنەوەی عەباسییەکان: گروپی (موعتەزیلە)ی عەباسییەکان کە هەوێنی ئەقڵانیەتییان پێکهێنابوو، داواکاری هەژموونی ئەقڵ بوون بەسەر سروشی قورئانی بوونو بووبوون بە بنەماخوازێکی ئیسلامی سوننی، مەکتەبی فیقهی حەنبەلی، ئوسولیەتی وەهابی-بەئایدۆلۆژیای فەرمی شاکانی عەرەبستانی سعوودی ناوزەد دەکرێ.

– ئیخوان ئەلموسلمین: دامەزرێنەری ئەم بزاڤە کەسێکە بەناوی "حەسەن بەننا" لە وڵاتی میسر کە دەتوانین بە یەکێك لە قوتابیانی سەدەی بیستەمی ئیمام غەزالیی بزانین.

– وەهابییەکان: یەکێك لە بزاڤە ژیانەوەخوازەکانی کۆتایی سەردەمی عوسمانییە، دوور بوون لەدەسەڵاتی عوسمانیو پتەو بوونی بیری خێڵەکی لەژێر رێبەرایەتی کاریزماتیکی مەزهەبی هۆکارێکی یارمەتیدەر بوو بۆ سەرکەوتنی ئەم بزاڤە، رێبەری ئەم بزاڤە "محمد بن عبدالوهاب"ە کە دەیویست لە رێگای پەیرەوی بێ ئەملاو ئەولا قورئانو نەریتی ئیسلام لە داهێنانو بەلارێدا بردن بپارێزێ.

– بزاڤی چاکسازی ئیسلامی (سەلەفیە): رێبەری ئەم بزاڤە "سەید جمالەدین ئەسەد ئابادی"یە، لەساڵانی (1838–1897) بۆ یەکریزی سەرانسەری ئیسلامیو بەربەرەکانێ لەگەڵ ئیمپریالیزم لەرێگای گەڕانەوە بۆ ئیسلامێك کە خاوەنی تایبەتمەندییەکی نوێ بێت پروپاگەندەی دەکرد.

کەسایەتیو تایبەتمەندییەکانی کەسێکی ئوسولی

– ئوسولی پێش هەموو شتێك مرۆڤێکی لەرادەبەدەر بێزارە، بێزاریەکەی ئاکامی راستەوخۆی ئەو ناوچە قەیراناوییەی عەرەبی-ئیسلامییە کە ئەمە دەبێتە هۆی وەلانانی ناسریزم-کاپیتالیزمی لیبراڵ-سۆسیالیزمو نوخبەکانی دەسەڵاتدارەکانی عەرەب، ئەم بێزاریە دەمارگرژییە ئەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی تاك لە کۆمەڵگاو تەنانەت بە ئەندام بوونی لە رێکخراوێکی ئوسولیدا.

– دۆگماتیزم: لەم قۆناغەدا تاکی ئوسولی بۆی دەردەکەوێ کە بەتەنیا هزرو رێبازی ئەو دروستو راستەو لە ئاکامیشدا بەتوندی نیسبەت بەو رێکخراوە ئوسولیە هەست بە وەفاداری دەکا.

– بێ بایەخی-سەروەریی: هەستی بێ بایەخی لە نێوان ئوسولیەکاندا ئاکامی راستەوخۆی بێزاریو بێ هێزیە لە دۆزینەوەی پێگەیەك لە کۆمەڵگادا، ئەم هەست بە بێبایەخ بوونە لەگەڵ داگیرانو پەیوەست بوون بەباوەڕی ئیسلامی دەگۆرێ بۆ جۆرێك هەستی سەروەریخوازی.

– ئەکتیڤ بوون-شەرخوازی: ئوسولیەکان زۆرجار لە ئاست بێ بەشییەکانیان لە کۆمەڵگاداو بەهۆی باوەڕیان بەم مەسەلە کە بێباکەکان سەرلێشێواون، کردارێکی شەرئەنگێزانەیان لەگەڵ کافرانو موسڵمانە نائەکتیڤەکاندا هەیە، ئوسولیە ئیسلامیەکان بۆ سەپاندنی بیروباوەری خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا لەشێوازە شەرەنگێزە جۆراوجۆرەکان کەڵك وەردەگرن.

– دەسەڵاتخوازی: ئوسولییەکان گەلێك لەتایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی دەسەڵاتخوازیان هەیە، ئەم دەسەڵاتخوازیە راستەوخۆ لەتایبەتمەندی رەهابوونی بارهێنانیانو هەروەها مەحکوم کردنی بەردەوامیان لە پێکهێنانی گۆرانکارییەکی رادیکاڵ لەکۆمەڵگاو هەروەها بیرکردنەوە لەدەسەڵاتو داگیران لە سەرکەوتنی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ.

– تاکی ئوسولی بەتەنیا لە خواو پێغەمبەرو رێبەری زاناو کاریزمایی بزووتنەوەکاندا لەرێگای پەیرەویکردنێکی رەهاوە کرداریان سەختو توند دەبێ لەگەڵ نۆرمەکانی گروپدا کە لەلایەن رێبەرەوە دیاریدەکرێ.

– خوێندەواری: لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ کە ئوسولییەکان یان خوێندەوارییەکی ئەوتۆیان نییە یان ئەگەریش هەیان بێ زیاتر لە بوارە تەکنیکییەکاندا خوێندوویانە.

و: جەلال کشوەردووست

ژێدەر: گۆڤاری ئاشتی ژمارە دوو

# عەلمانییەکانو بۆنــە ئاینییەکان

مەڤاڵ عەلی



ئەو مامەڵە ناتەندروستەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرامبەر بەئایین ئامادەیی هەیە، بەتایبەتی ئەو بەرخوردەی کە حیزبە عەلمانییەکان پراکتیزەی دەکەن بەرامبەر بە ئاینو تاکی کورد پێی ئاشنایە کە ئەویش بریتیە لەو مامەلە دوولایەنییە بەرژەوەندی خوازانەیەی کە لە گوتارو بەرنامەی کردەیی ئەم حیزبانەدا لەبەرچاو دەگیرێت بەرامبەر بەئایین.

ئەم حیزبانە لەلایەکەوە داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن کە دەبێت ئایین لە ناوەندی سیاسی وەدەرنرێتو بکرێتە دەرەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەدەستی خۆیان ئایین پەلکێشدەکەنەوە بۆناو کایە سیاسییەکانو رۆڵی کاریگەری خۆی پێ دەبەخشنەوە، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا نەیان توانیوە ئەم باڵانسە ناتەندروستەش رابگرنو وەك خۆی تێیپەرێنن، بۆیە لە دواجاردا زۆر بەشێوەیەکی نەرێنی بەسەریاندا شکاوەتەوەو پێچەوانەی ئەو ئامانجە وەستاونەتەوە کە ویستویانە بەدەستیبهێنن.

لەکاتی بۆنە ئایینییەکاندا دەبینین کەناڵەکانی راگەیاندنی حیزبە عەلمانییەکان هەندێك جار لە حیزبە ئایینیەکان زیاتر گرنگی بەبۆنە ئایینیەکان دەدەن، ئەمە نەك لەبەرئەوەی کە ئەم بۆنانەیان بەلاوە گرنگ بێت، نا بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی سیاسی خودی خۆیانە. سەرەرای ئەوەی کەئەم تێکەڵکردنە بەدیوێکدا کێشەیەو بەدیوێکی تردا قۆستنەوەی ئەو هەلانەیەو بەکارهێنانیانە لەبەرژەوەندی خودی حیزبدا، بەڵام لە زۆربەی ئەم حاڵەتانەشدا نەیان توانیوە بەشێوەیەکی گونجاوو سیاسییانە رەفتار لەگەڵ ئەم بارودۆخانەدا بکەنو لەکۆتاییدا بەزەرەری سیاسی خودی ئەم حیزبانە کۆتایی پێهاتووە، هەر بۆ نمونە لەم رۆژانەی کە تیایانداینو تێیان دەپەڕێنین، خەریکین رووبەروو دەبینەوە لەگەڵ هەندێك لە بۆنە ئایینییە ئیسلامیو مەسیحیو یەزیدییەکاندا، بەڵام سەرەرای ئەو مامەلە ناتەندروستەی کە حیزبە عەلمانییەکان دەینوێنن بەرامبەر بە بەکارهێنانەوەی ئایین لە بواری سیاسیدا، کەچی دەبینینو شاهێدی ئەوەین کە ئەم حیزبانە ئەوەندەی گرنگی بەبۆنە ئایینییە غەیرە ئیسلامییەکان دەدەن نیو ئەوەندە گرنگی بەبۆنە ئیسلامییەکان نادەن، کاتێك کەئەوان بۆ بەرژەوەندی سیاسی ئەم کارە دەکەنو دەیانەوێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوی پەرلەمانی عیراقدا زیاترین دەنگ بەدەستبهێننو ئامانجیان بەدەستهێنانی کورسی زیاتر بێت، دەبوایە ئەوەیان لەبەرچاو بگرتایە کە تاکی کورد زۆربەی زۆری موسڵمانەو زۆربەشیان پابەندن بەئایینەوەو رێژەیەکی کەم لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە مەسیحیو یەزیدیەکانن، بەڵام ئەوەی کە لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بەتایبەتی راگەیاندنی هەردوو حیزبی دەسەڵاتەوە بینیمان زۆر پێچەوانەبوو، ئەوەندەی ئەم کەناڵانە گرنگیان بەبۆنە یەزیدیو مەسیحییەکاندا زۆر کەمتر لەوە گرنگیان بەبۆنە ئیسلامییەکاندا، ئەمە ئەوەندەی بابەتێکی سیاسییە هیچ ئەوەندە پەیوەندی بەرێزگرتنی ئاینەکانەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لێرەدا مەبەستەکە ئەوەنییە کە با رێز لە بۆنە ئایینییەکان نەگیرێتو ناکرێت بابەتەکە بەم ئاراستەیەدا ببرێت.

یەکیەتیو پارتی نەیان توانی ژیرانەو سیاسیانە ئەم هەلانە بقۆزنەوەو لەبەرژەوەندی خۆیاندا بەکاریانبهێنن، چونکە راگەیاندنەکانی ئەم حیزبانە ئەوەندەی لەسەر بنەمای رقو کۆنەقین لەگەڵ بۆنە ئیسلامییەکاندا دەجولێنەوە، هیچ ئەوەندە سیاسیانە نەیانتوانیوە هەلسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن، وا دەزانن مامەلەکردن لەگەڵ بۆنە ئایینیە ئیسلامییەکاندا سازشکردنە بۆ حیزبە ئیسلامییەکان؟ بۆیە بەهۆی ئەم ناهاوسەنگیەی کەناڵەکانی راگەیاندنی هەردوو حیزبەوە لەهەلسوکەوت کردنیان لەگەڵ بۆنە ئاینیەکاندا نارەزاییەکی زۆری لەناو خەڵکدا بەتایبەتی لەناو خەڵکی عەوامدا دروستکردوەو لەکۆتاییشدا باجەکەی هەر خودی ئەم حیزبانە دەیدەن!

راگەیاندنی حیزبە ئیسلامیەکانیش ئەم بارودۆخانە بەهەل دەزاننو توانیان ژیرانە مامەلە لەگەڵ ئەم دۆخەی راگەیاندنی حیزبە عەلمانییەکاندا بکەنو زیاتر جەماوەر بوروژێننو بابەتەکەیان زیاتر خستەروو، لێرەوە تارادەیەکی زۆر توانیویانە ئەو پەیامە بگەیەنن بەوەی کە ئەوە ئەوانن تەنها رێز لە ئاینو بۆنە ئایینییەکان دەگرنو خۆیان بەنوێنەری راستەقینەی دین بزاننو کەلێنێك دروست بکەن لەنێوان جەماوەرو خودی گوتاری حیزبە عەلمانیەکانداو سۆزی خەڵك بەلای خۆیاندا رابکێشن، بەمەش سودێکی باشیان لەو هەلەیەی هەردوو حیزب بینیو دەشبینن، بەتایبەتی کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا حیزبە ئیسلامییەکان بەلیستی جیاوازو جیا لەهاوپەیمانی کوردستان بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، ئەم بارودۆخەش لەکۆتاییدا بە زەرەری یەکێتیو پارتیو بەسوودی حیزبە ئیسلامیەکاندا دەشکێتەوە.







# گرانترین فیراری

فیراری جۆری ٢٠٥ Testa Rossa یەکێکە لە جوانترین ئۆتۆمبیلەکان کە تا ئێستا بەرهەم هێنرابێت، ئۆتۆمبێلێکە مۆدێلی ساڵی ١٩٥٧ەو بە بڕی ١٢,١ ملیۆن دۆلار فرۆشراوە.

کۆمپانیای فیراری لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٥٨ تەنها ١٢ ئۆتۆمبیلی بەو شێوە نایابە دروست کردووە، کە هێزەکەی دەگاتە هێزی ٣٠٠ ئەسپ، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٦١ لە کۆی ١٩ پێشبڕکێ ١٠یانی بردووەتەوە.

لە بەرزکردنەوەیەکی ئاشکرادا کە بۆ ٣٢ جۆری فیراری سازکرابوو Testa Rossa بە بڕی ١٢,١ ملیۆن دۆلار فرۆشرا، کە دەکاتە بەرزترین نرخ ئۆتۆمبیلی پێ فرۆشرابێت تا ئێستا.



# شارلی شین توندوتیژە بەرامبەر ژنەکەی

بەتۆمەتی ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر ژنەکەی، پۆلیسی ویلایەتی کۆلۆرادۆ هونەرمەندی ئەمەریکی شارلی شینی لەماڵەکەی خۆی لەسەیرانگەی ئاسپین ئەلشتۆی دەستگیرکرد.

پێگەی تی ئێم زێد بڵاویکردەوە "رۆژی ٢٦ی ئەم مانگە، کەسێك کەپێدەچێت ژنەکەی شین بووبێت پەیوەندی بەپۆلیسەوە کردوەو داوای هاوکاری کردوە، پۆلیسیش ئەکتەرە ئەمەریکییەکەی بەتۆمەتی پەلاماردان‌و هەڕەشەکردن‌و بێزارکردن دەستگیرکردوە".

ئاشکراشیکرد، دواتر پۆلیس شینی بەکەفالەتی ٨٥٠٠ ئازادکردووە.

جێی ئاماژەیە، شارلی شین، تائێستا سێ ژنی هێناوەو ساڵی ٢٠٠٨ بروك مۆلەری هێنا.



# نانسی عەجرەم وێنەگرتنی کلیپەکەی دواخست



بەهۆی خۆڵبارینەوە، ژنە گۆرانیبێژی لوبنانی نانسی عەجرەم ناچاربوو وێنەگرتنی کلیپە نوێیەکەی "من غیری أنا" دوابخات.

رۆژنامەی دەستووری میسری بڵاویکردەوە "نانسی بەنیازبووە دیمەنەکانی کلیپەکەی لەباشوری لوبنان تۆماربکات بەڵام بەهۆی خۆڵبارینەوە، ناچاربووە ئەو کارە دوابخات".

ئاماژەی بەوەشداوە دوای باشبوونی کەشوهەوا، نانسی کلیپەکەی تۆماردەکات. ئاشکراشیکرد ئێستا ئەو گۆرانبێژە سەرقاڵی تۆمارکردنی دیمەنەکانی سیدییە نوێیەکەیەتی لەنێوان لوبنان‌و میسرو وڵاتانی کەنداو چەند رۆژێکیش لەمەوبەر دوای تۆمارکردنی چەند گۆرانییەك لەمیسر گەڕاوەتەوە بۆ لوبنان.

دەستووری میسری نوسیویەتی: یەکێك لەگۆرانییەکانی سیدییە نوێیەکەی ناسی، گۆرانییەکە بەناونیشانی "یسعد الله مساك"ە.

# لۆکەو دەشنێ بەشداریی لە ئاهەنگەکانی سەری ساڵدا دەکەن

بڕیارە هەریەك لەکچە گۆرانیبێژان لۆکە زاهیرو دەشنێ موراد بەشداریی لەئاهەنگەکانی سەری ساڵدا لەئەڵمانیا بکەن کە لەچەند شارێکی ئەو وڵاتە بەڕێوەدەچێت.

بەگوێرەی زانیارییەکانی دەستوور، ئاهەنگەکان لە شارەکانی بەرلین، هانۆڤەر، کۆلن، میونشن، شتوتگارت‌و مانهایم بەڕێوەدەچن‌و لەپاڵ ئەو دوو کچە گۆرانیبێژەدا چەند گۆرانیبێژێکی تریش بەشداریی دەکەن.



# سەگ دوژمنی ژینگەیە

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، سەگ کەهاوڕێی مرۆڤە دوژمنی ژینگەیەو هەموو سەگێك دووهێندەی ئۆتۆمبیلێك دووەم ئۆکسیدی کاربۆن فڕێدەداتە هەواوە.

ئاژانسی فرانس پرێس بڵاویکردەوە "دوو زانای نیوزلەندی کەناویان رۆبەرت‌و برندا فایلە لێکۆڵینەوەیان کردوەو بۆیان دەرکەوتووە، "سەگێکی قەبارە مامناوەندی، ساڵانە نزیکەی ١٦٤ کیلۆ گۆشت‌و ٩٥ کیلۆ دانەوێڵە دەخوات‌و رووبەری ئەو زەوییەی خۆراکی سەگ بەرهەمدەهێنێت، دەردەکەوێت کاریگەریی لەسەر ژینگە دووهێندەی کاریگەریی ئۆتۆمبێلی چوار تایەیە کە ١٠ هەزار کیلۆمەتر ساڵانە ببڕێت".

فرانس پرێس نووسیویەتی، گۆڤاری نی نیوساینتست داوای لەپەیمانگای ستۆکهۆڵم بۆ ژینگە کردوە، تاقیکردنەوە لەسەر کاریگەری سەگ لەسەر ژینگە بکەن‌و هەمان ئەنجامیان بەدەستهێناوە.

هەردوو زانا نیوزلەندییەکە دەڵێن: "تەنیا سەگ کاریگەریی خراپی لەسەر ژینگە نییە بەڵکو پشیلەش کاریگەریی خراپی هەیە کە کەمتر لەکاریگەریی لێخورینی ئۆتۆمبیلێکی گۆلفی فۆلکسڤان لەماوەی ساڵێکداو تەنانەت جۆرە ماسییەك هەیە کە ئەو وزەی سەرفی دەکات، دەگاتە بڕی وزەی دوو مۆبایل".

ئاماژە بەوەشدەکەن کە کاریگەریی گیانلەبەرەکان تەنیا دەرپەڕاندنی کاربۆن نییە بەڵکو زیانیش بەژینگەی وشکانی دەگەیەنن‌و ئاو پیس دەکەن‌و نەخۆشی بڵاودەکەنەوە.

بەگوێرەی گۆڤاری نی نیوساینتست، لەبەریتانیا ٧,٧ ملیۆن پشیلە هەیە کەساڵانە ١٨٨ گیانلەبەر راودەکەن‌و دەخۆن‌و هەر پشیلەیەك ساڵانە نزیکەی ٢٥ چۆلەکەو خشۆك‌و بۆق دەخوات، جگە لەوەش سەگ کاتێك بەناو ئاوێکدا تێپەردەبێت، ئۆکسجینی ئاوەکە کەمدەکاتەوەو ژیانی زیندەوەرەکان دەخاتە مەترسییەوە.

لای خۆشییەوە، ریها هاتن سەرۆکی کۆمەڵەی مافەکانی گیانلەبەرانی فەرەنسا (٣٠ملیۆن هاورێ)، رایگەیاند: ئاکامی لەناوبردنی ئەو گیانلەبەرانە زۆر ترسناك دەبێت لەبەرئەوەی یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ رزگاربوونی لەخەمۆکی‌و فشاری دەروونی‌و زۆر بەکەڵکن بۆ بەتەمەنەکان.



# هاککردنی تویتەر هەڵە بووە

هاککردنی تویتەر لە هەفتەی رابردوودا هیچ نەبووە، جگە لە راگواستنی ئەو کەسانەی سەردانیان کردووە بۆ ماڵپەڕێکی دیکە، نەك هاککردنی خودی ماڵپەڕەکە، ماڵپەری تویتەر لە لایەن گروپێك هاکەری ئێرانی بە ناوی (Iranian Cyber Army) وە لە ماڵپەرەکەیاندا ئالایەکی سەوز هێمایانەو ناوی ئیمام حسەین (خوا لێی رازی بێت) ی لەسەر نوسراوە، لەژێر ئالاکەشەوە نوسراوە: گەر سەرۆك فەرمان بکات هێرش دەکەین و گەر بشیەوێت سەرمان دادەنەوێنین، ئەگەر بشیەوێت هێمن بین ئەوا چاوەڕوان دەبین .

هاکەران تەنها تونیویانە تۆماری (DNS)ی ماڵپەرەکە بگۆرن بۆ زانیاری ماڵپەرەکانی تایبەت بە خۆیان، کە ئەمەش بە واتای راگواستنی سەردانیکەرانی تویتەر دێت بۆ ماڵپەرەکانی خۆیان. هەروەك توانیویانە ماڵپەری (www.mowjcamp.org) یش هاك بکەن کە ماڵپەری خۆپیشاندەرانی بزوتنەوەی سەوزە.




# لە ئۆسلۆ 4G جێگەی 3G دەگرێتەوە

ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ بوو بە یەکەم شاری جیهان لە بەکارهێنانی رایەڵەی 4G مۆبایل برۆدباند کە کۆمپانیای (Netcom) لە شارەکەو لە شارەکانی دیکەی نەرویژیش لە ساڵی داهاتوودا پێشکەشی دەکات.

ئەم خزمەتگوزارییە تازەیە دەبێتە هۆی هاتنە ئارای پێشکەوتنێکی گەورە لە رووی خێرا بەکارهێنانی مۆبایل برۆدباند بە خێرایی (٢٠) مێگابایت لە چرکەیەکدا کە دەکاتە چوار هێندەی خێرایی 3Gو خێرایی برۆدباند نزیك دەکاتەوە لە هێڵی ئاسایی ئینتەرنێتی گشتی.




# (Nintendo wii)ی ئاڵتون

لەدوای دیزاین و دروست کردنی (iphone)و (ipod)ی ئاڵتون لەلایەن ستوارت هیوگسی بەریتانیەوە کە بووە هۆی راکێشانی سەرنجی ژمارەیەکی زۆری خەڵك، ئەو دیزاینەرە ئێستا ئامێری یاریکردنی نیتاندۆی لە ئاڵتونی عەیارە ٢٢ دروست کردووە، کە کێشی ٢,٥ کیلۆیەو نرخەکەی ٤٩٠ هەزار دۆلارەو تا ئێستاش بە گرانترین ئامێری یاریکردن دادەنرێت، جگە لە هەموو ئەوانەش دوگمەکانی ئامێرەکە بە ئەلماس رازێنراوەتەوەو ماوەی شەش مانگی ویستووە تا ٣ دانەی لی بەرهەم هێنراوە.




# گۆرانییەکەی سۆزان زۆرترین خەڵك لە ساڵی ٢٠٠٩دا تەماشایان کردووە



سۆزان بۆیلی سکۆتلەندی کە یەکێك بوو لەو بەشداربووانەی پاڵێورا بۆ قۆناغی کۆتایی بەرنامـــەی (بەریتانیا بەهرەی تێدایە)و لەرێی وتنی گۆرانی (I dreamed a dream) لە بەرنامەکەدا توانی ببێتە کەسێك کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی تەماشای گۆرانییەکەی بکەن لەسەر ماڵپەری (Youtube) لە ساڵی ٢٠٠٩دا کە دەکاتە زیاتر لە ١٢٠ ملیۆن کەس.

لەدوای ئەویشـــــوە ڤیدیۆیەك دێت بەناوی (David After Dentist) کە باس لە چیرۆکی منالێك دەکات کە چووەتە لای دانسازو لەگەڵ باوکیداو تووشی هەستێکی سەیر بووە، ئەم ڤیدیۆیەش زیاتر لە ٣٣ ملیۆن کەس بینەری بوون لەسەر هەمان ماڵپەر.

# ئەمریکا خاوەنی زەبەلاحترین سێ کۆمپیوتەرە لە جیهاندا

چین بووە خاوەنی یەکێك لە زەبەلاحترین کۆمپیوتەرەکانی جیهان و ئەو کۆمپیوتەرەش لە (National Super Computer Center) لە شاری تیانجین دانراوە، کە لە ریزبەندی کۆمپیوتەرە زەبەلاحەکاندا پێنجەمینە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەنی سێ بەهێزترین کۆمپیوتەری جیهانە کە یەکەمیان بە ناوی جاگوارە خێراییەکەی دەگاتە ١,٧٥٩ petaflop لە یەك چرکەدا هەر petaflopێکیش یەکسانە بە ١ تریلیۆن ژماردن لە چرکەیەکدا، کۆمپیوتەرەکە پێکهاتووە لە ٢٢ هەزار چپ کە بەکاردەهێنرێن بۆ توێژینەوەی زانستی لە بواری گەردووناو ریژەی پیس بوونی ژینگە.

# پاریس هیلتۆن شووی کرد!

پاریس هیڵتنی کچە شۆخی ئەمریکی کە بەردەوام جێی باسی میدیاکانە، شووی بە پێرس مۆرگانی پێشکەشکاری تەلەفزیۆنی کرد بە هۆی پێویستی ئەو رۆلەی هیلتن لەو زنجیرەیەدا وەریگـــرتبوو! پاریس کە لە وێنەگرتنی زنجیرەکەدا جلی بوکێنی لەبەر کردبوو رایگەیاند: زۆر خۆشحالبووم بەلەبـــــەرکردنی ئەو جلانە، مۆرگانیش کە دەسگیرانی سیلیا والدنی نووسەرە ئەوەی نەشاردەوە کە بەپەسەندکردنی داواکەی لەلایەن هیلتنەوە زۆر بەختیار بـــــووە، زنجیرە پرۆگرامەکە ناوی "پێرس مۆرگان لە لاس ڤێگاس"ە و هەفتەی داهاتوو پەخش دەکرێت.



# کۆمپانیای LG تەنکترین تەلەفزیۆن بەرهەمدەهێنێت

کۆمپانیای LGی کۆریای باشوور تەلەفزیۆنێکی قەبارە (٤٢) بە نوێترین تەکنەلۆژیای LED بەرهەم هێنا کە تەنها (٢,٦) ملم ئەستورەو بە تەنکترین تەلەفزیۆن ئەژمار دەکرێت لە جیهاندا، ئەو تەلەفزیۆنە نوێیە ٥٠٪ تەنکترە لەو تەلەفزیۆنانەی کە پێشتر بەرهەم هێنراون بە هەمان تەکنەلۆژیا، کێشەکەشی تەنها (٤) کیلۆگرامە. بریاریشە تەلەفزیۆنەکە لە کۆنفرانسی جیهانی CES کە لە ٧تا ١٠ی مانگی کانوونی دووەمی داهاتوو دەبەسترێت، نمایش بکرێت.



# نەفەرتیتی بوو بەموڵکی ئەڵمانیا



لێپرسراوانی مۆزەخانەی بەرلین رایانگەیاند: پەیکەرەکەی نەفەرتیتی کەمێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ نزیکەی ٣٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر موڵکی ئەلمانیایە.

ئاژانسی فرانس پرێس لەزاری فریدیریکی سیفرید بەرێوەبەری مۆزەخانەی میسری و گروپی کاغەزی بەردی لەمۆزەخانەی نویس لەبەرلین بڵاویکردەوە "هەلوێستی ئەلمانیا لەو رووەوە رونەو هەرێمی بروسیا لەرێی یاساییەوە بووەتە خاوەنی ئەو پەیکەرە".

پێشتر زاهی حەواس ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای شوێنەواری میسر رایگەیاندبوو: "وڵاتەکەی بە رەسمی داوای ئەو پەیکەرە لەئەلمانیا دەکاتەوەو بەگوێرەی بەلگەنامەکان میسر خاوەنیەتی".

ساڵی ١٩١٢، لەباشووری میسر لەلایەن شوێنەوارناسێکی ئەلمانییەوە بەناوی لودفیگ بورخاردت ئەو پەیکەرە دۆزراوەتەوەو لەسییەکانی رابوردووەوە قاهیرە داوای دەکاتەوە.




ن: کۆچەری

بەسە نازیلێ
چیم بۆ دەڵێی؟
چیتر تاقەتی کێشانی هیچ تابووتێکم نەماوە
لێوم مژ هەڵناگرێ
جگەرەکان بێ سووتوون
تا کێشانی دوایین تابووت
جگەرە هەیە بۆ سووتان!
لێوەکانم
تاقەتیان هەڵناگرێ
فلچەکەم لە دەست گرە
تا سووتانی ئەم جگەرەیە
پڕم لە هەرچی تابووتە
ئەم تابووتانە دەم سووتێنن

نن
ی
ت
وو
س
م
ە
د

سووتان لە تەنیاییدا
باشترە لە کێشانی دوو تابووت
بە شانێ !
شانم تابووتێکیش هەڵناگرێ
مژم لە لێوتا
"تەنیاییم
ئۆقرەی ناگرێ"
تا داگیرسانی ئەم شیعرە
تابووتێکم پڕ لە وشە
X+Y=Y+X

لە کۆرسی ماتماتیکیشدا
قوتابییەکی تەمبەڵ بووم!
کێشانی ئەم تابووتانە
تەنگ بە نەفەسم هەڵدەچنن
نووسینی ئەم شیعرە
پڕم دەکا لە تۆ
ئەم ئێوارەیە
پڕم لە هەرچی Xە
ئاوێتەم بە هەرچی تۆیە
تا سووتانی ئەم تابووتە
جگەرە هەیە بۆ کێشان
دەمکەی بە سووتوو
نازیلێ ؟!

# ئەو پیاوەی هاواری دەکرد تێرازا

ئیتالۆ کالڤینۆ
و: کاوە فەتاحی



لە شۆستەکەیا پیاسەم دەکرد، چەن هەنگاو گەرامە دواوە، لە ناوەڕاستی شۆستەکە دەستم وەك بلنگۆ گرت بە بەردەمماو بەرەو نهۆمی سەرەوەی بینایەك هاوارم کرد:" تێرازا"
سێبەرەکەم ترساو لە ژێر تیشکی مانگا لە ژێر پێمدا خۆی شاردەوە.
کەسێ خەریکی پیاسەکردن بوو، هەمدیسان هاوارم کرد " تێرازا"
پیاوەکە گەیشتە لام‌و وتی:
"هەر چەن بەرز هاوار بکەی دەنگت نایگاتێ، وەرە پێکەوە هەول بدەین، تا سێ دەژمێرین پێکەوە هاوار دەکەین.
ئەو وتی: "
یەك، دوو، سێ
ئێمە پێکەوە هاوار دەکەین
–تێرازاااااا.
کەسێکی ترمان پێ پەیوەست دەبێ، چارەکە سەعاتێ دواتر دەستەیەکی ٢٠ کەسی لەوێ کۆبۆوە، هەر چەن ماوە جارێ کەسێکمان پێ پەیوەست دەبوو، لە هەموو ئەم ماوەیەدا ڕێکخستن بۆ بانگ کردنێکی باش کارێکی ئاسان نەبوو، هەمیشە کەسێ بەر لە وتنی ٣ دەستی دەکرد بە هاوار کردن یان کەسێکی تر هەر نەیدەبڕیەوەو درێژەی پێدەدا.
بەڵام لە کۆتاییدا تا رادەیەك پێکەوە هاوئاهەنگ بووین، ڕێك کەوتین بەوەی کە (تێ) دەبێ ئارامو درێژ، ( را) بەرزو درێژو (زا) ئارامو بەرز بوترێ، دەنگەکە باش بوو، بەڵام هێشتا دەمەبۆڵەیەك سەری دەگرت‌و دواتر زۆر زوو کۆتایی پێدەهات.
هەموو بۆ بانگ کردن ئامادە بوون، کەسێ کە بە دەنگیەوە وا دیار بوو کە دەبێ دەموو چاوێکی پڵ پڵی هەبێ، پرسی:
دڵنیان لە ماڵەوەیە؟
وتم: نە
کەسێکی تر وتی: چەن ناخۆشە ! کلیلەکەت لە بیر چووە، مەگەر وا نییە؟
وتم: لە راستیدا من کلیلم پێیە.
هەموان وتیان: زۆر چاکە ئەی بۆ ناچیتە سەرەوە؟
وەڵامم داوە: من لێرە ناژیم، من لە شوێنێکی تری ئەم شارە دەژیم.
کەسە دەم‌و چاو پڵپڵەکە پرسی: بمبوورە، دەبێ بمبووری! کە وایە کێ لێرە دەژی؟
وتم: من بە راستی نازانم.
حەشمەتەکە سەریان سووڕما. کەسێ کە زمانی دەگیرا پرسی:
تکایە بۆمان بڵێ، ئەی بۆ وەستاوی‌و هاوار دەکەی تێرازا؟
وتم چونکە دڵ لە دوام، ئێوە پێتان خۆشە دەتوانین بانگی ناوێکی تر بکەینو یان لە شوێنێکیتر ئەم کارە بکەین.
ئەوان لێم ڕەنجان، کەسە دەم‌وچاو پڵپڵەکە پرسی:
هیوادارم گاڵتەت پێ نەکردبێتین؟
بە دڵشکاویەوە وتم: بۆچی؟
بۆ ئەوەی پێیان بلێم کە من مەبەستی خراپم نەبووە، رووم کردە ئەوانیتر، سەرەتا شەرمیان کرد، کەسێ بە مێهرەبانییەوە وتی:
– سەرنج بدەن، جارێکیتر هاوار دەکەین و دواتر دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەکانمان.
بۆیە جارێکیتر پێکەوە هاوارمان کرد:
یەك، دوو، سێ، تێرازا!
بەڵام زۆر باش نەبوو، حەشمەتەکە گەرانەوە بۆ ماڵەکانیان، دەستەیەك لەملاوەو دەستەیەکی تر لەو لاوە، دەتوانم بڵێم گەیشتبوونە ناوەڕاستی فولکەکە کە هەستم کرد کەسێ هێشتا هاوار دەکا(تێ–را–زا)، کەسێ دەبێ لەوێ وەستا بێت‌و هاوار بکات، کەسێکی کۆڵنەدەرو شێلگیر.

# ڕۆژی کاری

ن: هێرتا موولێر
و: سەباح سادق

حەوت‌و سی دەقیقەی بەیانی، بە دەنگی کاتژمێرەکە بە ئاگا دێمەوە.
هەڵدەستم، جلەکانم دەر دێنم. لە سەر سەرینەکەی دادەنێم، بیجامەکەم لە بەر دەکەم، دەڕۆمە چێشتخانە، دەچمە حەمام، خاولییەکە هەڵدەگرم، دەم و چاوم وشك دەکەمەوە. شانەکە هەڵدەگرم، خۆمی پێ وشك دەکەمەوە، فلچەی ددان هەڵدەگرم، سەرمی پێ شانە دەکەم، لفکەکە هەڵدەگرم، ددانەکانمی پێ دەشۆم، دەڕۆمە توالێت، لەتێك چاییی دەخۆم و کووپێك نان دەخۆمەوە.
کاتژمێرەکەم دەکەمەوەو حەڵقەکە دەردێنم.
پێڵاوەکانم دەردێنم، بەرەو پێ پلیکانەکان دەڕۆم، دواتر دەرگای ئەپارتمانەکە دەکەمەوە.
ئاسانسۆر(مەسعەد) لە نهۆمی پێنجەمەوە دادەبەزێ بۆ نهۆمی یەکەم.
بە نۆ قادرمەدا سەردەکەوم تا دەگەمە سەر شەقامەکە. لە سۆپەر مارکێت ڕۆژنامە دەکڕم، دواتر دەڕۆمە وێستگەی مێترۆ و ساندویچ دەکڕم و کە دەگەمە دووکانی ڕۆژنامە فرۆشی سواری مێترۆ دەبم.
سێ وێستگە بەر لە سوار بوون دادەبەزم.
وەڵامی سلاوی پاسەوانەکە دەدەمەوە، پاسەوان سلاو دەکا و دەلێ، فەرموون تا چاو دەکەنەوە سەرەتای حەوتووەو حەوتوو تەواو بووە.
دەچمە ئیدارەوە، ماڵئاوایی دەکەم، پاڵتۆکەم لە سەر کورسییەکە دادەنێم، لە سەر جل گیرەکان دادەنیشم و کارەکەم دەست پێ دەکەم ، ٨ سەعات کار دەکەم.



هێرتا موولێر شاعیر و وتارنووسی بە ڕەچەڵەك ڕۆمانیایی نیشتەجێی ئەڵمانیا، ١٧ی ئۆگۆستی ١٩٥٣ لە دایکبووە، موولێر زیاتر بەوە ناوبانگی هەیە بەوەی لە نووسینەکانیدا وەسفی ژیانی دژواری سەردەمی دیکتاتۆری نیکۆلای چائۆشێشکۆ، دیکتاتۆری ڕۆمانیایی کردووە، نیکۆلای چائۆشیسکۆ ساڵی ١٩٨٩ بەر لەوەی لە وڵاتەکەی هەڵبێت کەوتە دەست خەڵك و گولله باران کرا. هێرتا موولێر براوەی نۆبێلی ئەدەبیاتە لە ساڵی ٢٠٠٩.

# کەشف و وێناکردنی لۆژیکی پاتریاکی لە حەساردا


ن: نەبەز محەمەد


بەشی دووەم

## مانا و وێناکردنی جیاواز لەمەرگ

کاتێك لەبەردەم ڕووداوی کوشتنی باوکدا خۆمان دەبینینەوە، تەنها ئەوە بەس نییە کە لە ڕەهەندی گوناه و چەمکی تاوانەوە لێی ڕامێنین، بەڵکو ڕاستتر وایە لەڕوانگەیەکی بەرینترەوە بۆ بابەتەکە بچین، یان بە واتایەکی تر لەلێکدانەوەی جیاجیاوە بۆ مەرگ و وێناکردنی لەمانای جیاوازەوە بۆ ژیان لەتێگەیشتنی قولترەوە لەمانای باوك، سەرنجی کوشتنی باوك بدەین، ئەگەر نا تەنها دەبێتە ڕووداوێك کە هەرزوو دەڕوات و لەبیردەچێتەوەو هیچ بایەخێکی لێکدانەوە لەخۆناگرێت.

بێگومان ئەگەر مانای باوك تەنها وەکو هێز، دەسەڵات، ئارەزوو خوازی و جڵەوگرتن لەکەسێکدا کۆببێتەوە، چەمکی باوك لەڕەهەندە پۆزەتیڤەکانی تری وەکو: خەمخۆری، بەرپرسیارێتی، سۆز، میهرەبانی، ڕەنجدان، تێکۆشان، دادەبڕێت، ئیتر خەیاڵی ڕووبەڕووبوونەوە و کوشتن لەبەردەمیدا سەرهەڵدەدات، چونکە مرۆڤ لەسروشتیدا ئیرادەگەرایەو مەیلی ئازادی و سەربەستبوونی هەیەو بەبێ جۆرێك لەسەربەخۆبوون ناتوانێت وەڵامی پێداویستیە غەریزی و عەقلییەکانی بداتەوە.

مرۆڤ چەند پێویستی بە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دی هەیە، ئەوەندەش پێویستی بەدوورەپەرێزی و چەشنە سەربەخۆییەك هەیە، بۆئەوەی هەست بەخۆی بکات، وەك دەبینین بکوژی باوك لە (حەسار)دا کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە، سەرەتا نایەوێت باوك بکوژێت، بەڵکو دەیەوێت خۆی و خەڵکی حەسار لە باوك هەڵبێن و حەساری بۆ چۆڵ بکەن (سەرەتا نەمویست یان زاتی ئەوەم نەبوو بیکوژم، بەهەموویانم وت "تەنها ئەوەیە ئەسپ و هێسترو سەگ و گورگ و پشیلەو مەیمون و سمۆرەو دڕندەکانی بەرەڵڵا دەکەم....دەرگای تەویلەو قەفەزو کولانەو کۆلیتەکان دەشکێنم و ئەوان و ئێمەش ئازاد دەبین...).

بەڵام بکوژو خەڵکانی ناو حەسار ئاشنانین بە ژیانی دەرەوەی حەسار، هیچ پەناگەیەکی تر شك نابەن، ئەو برایانەی کە هەڵاتوون دواجار چارەنووسیان مەرگە بەدەستی باوك، باوك لەسەفەرەکانیدا ئەگەر ژنێکی تازەی نەهێنابێتەوە، ئەوا جلوبەرگی خوێناوی یەکێك لەکورەکانی دەهێنایەوە: (نە من و نە براکانم نەماندەوێرا ئەو حەسارە بەجێبێڵین، نەشماندەزانی لەدەرەوەو لە دووری ئەو حەسارە، دنیا چیەو چۆنە، منی نۆبەرە نەدەکرا دایکان و براو خوشکانم لەبەر دەستی دڕندەیەکی وا بەجێبێڵم، زۆریش لەو برایانەی کە هەموو شوورەکانیان بڕی و خۆیان گەیاندە ئاقارەکانی دەرەوەی حەسار، لەهەر گەڕانەوەیەکی باوکە بۆ حەسار، بەدیاری جلی خوێناوی دەهێنایەوەو فڕێی دەدایە بەر دەممان: ئەها گورگ خواردوونی.

وەختێك هەر مانا ناشرین و نێگەتیڤەکانی وەکو: هێزداری و منەت و پەرستن و جڵەوگرتن و هەژموونگەرایی نێرینەیی لەباوکدا دەگاتە ترۆپك و هەڵاتن و دەربازبوون لە سنووری ڕەشەکانی دەسەڵاتی ئەو مانای مەرگ بێت، ئیتر گیانی یاخێتی و کوشتن و تۆڵە پتەوتر دەبێت و پیرۆزیش دەبێت، هەروەك چۆن شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لەبەردەم زوڵم و ستەمی داگیرکەرو دیکتاتۆرەکاندا ڕەوای و پیرۆزی بۆ خۆی پەیدا دەکات.

خاڵێکی گرنگتر کە لێرەوە دەبێت لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە ڕووداوی باوك کوشتن دیاردەیەکە سەر بەقۆناغی فیودالیزم و قۆناغی گواستنەوەیە لەفیودالیزمەوە بۆ سەرمایەداری، مەگەر بەدەگمەن، لەقۆناغی سەرمایەداریدا دیاردەی باوك کوشتن نیە، چونکە لەقۆناغی سەرمایەداریدا چەمکی (مرۆڤ) سەروەری هەیە نەك باوك، باوك لەسیستمی سەرمایەداریدا هەم پیرۆزی و هەم دەسەڵاتەکانی لەدەستدەدات، لەبەرامبەردا یاساو مافە تاکیەکان لەبرەودان، بەڵام لەسیستمی فیودالیزمدا باوك سەنتەرەو پیرۆزەو ڕەوایی مەرگیش بۆ هەر کوڕێك کە ئەم پیرۆزییە تێکبشکێنێت دەسەپێت.

هەروەها لەقۆناغی گواستنەوەدا زیاتر ئەم دیاردانە پەرەدەسێنێت، چونکە قۆناغی بەریەککەوتنی بیرە نوێ و کۆن و ڕزیوەکانە، لەم قۆناغەدا باوك لەبەردەم هەڵدێر و لەدەستدانی دەسەڵات و پیرۆزی و بیروباوەڕەکانیدایە.




بەمجۆرە دەتوانین بڵێین نۆڤلێتی حەسار سەر بەقۆناغی فیودالیزمەو نووسەر لەو فەزاو بارودۆخەدا کارە ئەدەبییەکەی ئەنجامدەدات، لەڕووداوی کوشتنی باوکدا نووسەر تەنها ڕووداومان بۆ ناگێڕێتەوە، تەنها هەواڵی مەرگێکمان ناداتێ کە هەروا سادەو سانا بە لێکدانەوەو زەینمان بکەوێت.

مەرگ، کوشتن، ژیان لەدەستدان، مردن، کە بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی توندوتیژی وەك کۆمەڵگەی ئێمە، سادەترە لەوەی تووشی بیرکردنەوەو سەرسورمانی بکات، بۆیە ئێمە هێشتا لەبەردەم مەرگ و مردنە سەیرو سەمەرەکاندا گوتارێکمان نیە، هێشتا کێشە نیە بۆ ئێمە کە هەرچۆنێك دەمرین، بەڵام نووسەر لەئاستی چەشنێك لە گوتار ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە، کە ساردو سڕی و بێ دەربەستی ئێمە لەبەرامبەر مەرگ تووشی شڵەژان و شۆك دەکات، ئەو لەگێڕانەوەی ئەم ڕووداوەدا بەجۆرێك نمایشی ڕۆحەکانی نێو حەسار بە جەللادو قوربانیەوە دەکات، کە تۆ نازانیت کێ جەللادەو کێ قوربانی؟ ئەو کاتەی جەللاد دەبێتە قوربانی، قوربانیەکان دەبنە جەللاد!.

جەللادی حەسار کە باوکە، کاتێك لەئامێزی جوانترین و ناسکترین ژیندا، بە فێڵ و پلانێك کە ژنە جوانکیلانەکەی خۆی نەخشەی کێشاوە، ئەوەندە دڕندانە دەکوژرێت و لەکەشێکی هێندە ناسکدا دووچاری مەرگ دەکرێت، کە سۆزو بەزەیی هەمووان دەجولێنێت، تادژی ئەو جۆرە کوشتنە بوەستینەوە.

نووسەر کە ساڵی ١٩٨٩ ئەم بەرهەمەی نووسیوەو دوای دووجار پاکنوسکردن لەساڵی ١٩٩٦دا بڵاویکردووەتەوە، بەتەواوی کەشفی ڕۆحیەتی ئەو قوربانیانەمان بۆ دەکات کە ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت، ئەوانیش چەند جەللاد دەبن.

باشترین نموونەش لەکۆمەڵگەی ئێمەدا لەسێدارەدانی سەدام حسێن بوو، کە بەجۆرێکی هێندە ناشرین و قێزەون کۆتایی بەتەمەنی هێنرا، ئێمەی قوربانی چەندین ساڵەی دەستی ئەو دیکتاتۆرە بەزەییمان پیایدا هاتەوەو مردنەکەیمان پێ نارەوا بوو!.

هەروەها ئەگەر بەراوردێك بکەین، ئەو کەشەی کە سەدامی تیا لەسێدارەدرا بەرەبەیانی یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو، ئەمەش زۆر لێکچووە لەگەڵ ئەو کاتە ناسکەی کە باوکی حەساری تیادا دەکوژرێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە نووسەر چەند ژیرانە توانیویەتی کەشفی ڕۆحەکانی حەسار بکات و یاخود کەشفی ڕۆحەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بکات، ئەو زۆر سەرکەوتووانە عەقڵی قوربانی و عەقلی تۆڵە دەناسێت و لەم ڕووداوەدا کەشفیان دەکات: (لەو ساتەوەختەی کەهەموو شادەمارو خانەو ماسولکەکانی خاوبوونەوە، توند دەستم لەسەر مشتوی خەنجەرەکە توندکردو تاتوانیم هەڵمبڕی بۆ حەوا، شێتانە سێ خەنجەری بەزەبرم وەشاند...نامە سەرشانی چەپی، لەگەڵ دواساتەکانی ئەودا، من لەناو گۆشتی تورتی تەکانم بە دەمی خەنجەرەکە دەدا، ئەو شەهوەتی ژەهراوی خۆی دەرژاندە ناو هەناوی رابێ و منیش قەهری خۆم دەرشت...فوارەی خوێن قەلبەزەی کردو ئەم تریقایەوە وەی لەو ساتەی کە لەزەت و مەرگ تێکەڵ بەیەکتری دەبن، هەوەسی شەهوەت و هەناسەی نغرۆبوون...).

(ئەم ژنە منالکارە دەیویست بزانێ تامی دەست لەملانێی مەرگ و گیانەڵڵا چۆنە)

ڕابێ وەك بڵێی بەر لەو خوێنرشتنە...زووتر خوێنی سەد پیاوێ دەیبێ، قەت نەشڵەژا، وەك لە حەمام هاتبێتە دەرەوە کراسی بووکێنی لەبەربکات، بێباکانە کراسەکەی لەبەرکردو خوێنی مەییوی لەسەرەپەنجەکانی دەلستەوە.

گۆڕینی ڕۆژی جەژن بە شین و دەست لەملانێ و یەکتر گوشینی هاوسەری بۆ خوێنرژان و خوێن فیچقەکردن و دەست لەملکردنی مەرگ، لەناکاو و لە پشتەوە خەنجەر وەشاندن لە ناسکترین ساتەکانی چێژو خۆشی و دەست لەملاندا، نمایشکردن و پیشاندانی عەقلی تۆڵەیە، عەقڵێك کە تەنها بەرهەمی توندوتیژی و بێ مێشکیەو هیچ ئاگایەکی لەچەمکی لێبوردن نیە.

نووسەر تەنها کەشفی عەقڵی تۆڵەو ڕۆحی قوربانیەکان ناکات، کە ئەوانیش جەللادێکی ترن، ڕەنگە کارامەتریش بن لەجەللادیدا، ئەگەر زەمینەیان بۆ ڕەخسا، بەڵکو ئەو لە پرۆسەی مەرگانندا، هەوڵی ساتی شیاو بۆ مردن و هەستی ستاتیکیانە بۆ مەرگ دەدات، ئەو لە یەککاتدا هەم کوشتن و هەم بکوژ (کەخۆی قوربانیە) ناشیرین دەکات و هەروەها جوانیەك بەمردنێك دەبەخشێت کە مەرگی جەللادە: (باوکە...وەك دەعبایەکی سەیر کە ملی بۆ نەسورێتەوە دوا ئاوڕی لێدامەوە، وەك ئەوەی کە سوپاسم بکات لە خۆشترین سات و لەنێو ئامێزی ژنە بچکۆلەو زێدە خۆشەویستەکەی دەمرێت، کاس بە عەتری یاسەمین)

لەدیدی فەلسەفیانەوە ڕوانین بۆ مردن و گەیشتن بە ساتی شیاوو گونجاو بۆ مەرگێکی دروست و لەبارو جوان زادەی عەقلی فەلسەفیانەی ڕۆژئاوایەو لە (نیچە)دا بە تەواوی بەرجەستە دەبێت، نیچە کە لەڕوانگەی هێزەوە سەرنجی مەرگ دەدات پێیوایە کە مرۆڤ دەبێت هەوڵ بدات لەساتی گونجاو و شیاودا بمرێت نەك بە زەلیلی بچێتە بەردەم مردن.

لەڕوانگەی نیچەوە مرۆڤ دەبێت مردنیش کۆنترۆڵ بکات، بەرادەیەك ئەگەر مرۆڤ زانی ژیانی گەیشتووەتە لوتکە، دەبێت خۆی بکوژێت، نەك مردن لە هەر کاتێکدا ویستی پەلاماری بدات و بە زەلیلی بیکوژێت، نیچە لەسەر زاری زەردەشتەوە بانگەشەی مەرگێکی خۆویست دەکات و دەڵێت: (ئەو مەرگە چەند جوانە کەمن خۆم هەڵیدەبژێرم، ئەو مەرگەی لەسەر داواکردنی خۆمە، بەڵام داخۆ چ کاتێك شیاوی ئەوەیە کە مرۆڤ داوای مەرگ بکات).

گوتاری کوردی تائێستا گوتارێك نیە لەبەرامبەر مەرگدا قسەی هەبێت، جگە لە گوتاری پرسە، کە گوتاری ڕۆشنبیری کوردی نیە، بەڵکو گوتارێکە پشت لەژیان دەکات و ڕوو لەقیامەت، گوتارێکە کە کار لەسەر ملکەچی و بێ دەسەڵاتی مرۆڤ و ئارامبوون و سەبرکردن دەکات، ئەم گوتارە گوتاری ئایینی و قیامەت و بیستنە، کە سەر بە ترادسیۆنی ئیسلامیە، نەك گوتاری عەلمانیەکی ڕادیکاڵانەو دنیاگەرو ژیاندۆستی.

کورد کە خاوەنی گوتارێکی بەرفراوان لەمەر ژیاندۆستی نیە، ناتوانێت سەرنجی فەلسەفیانەو ئیستاتیکیانەی بۆ مەرگیش هەبێت، بەڵام نووسەری حەسار لەکاتی گێڕانەوەی کوشتنی باوکدا، خەیاڵی خوێنەر بۆ ئەوە دەجولێنێت و دەوروژێنێت کە دەشێت ساتی جوان بۆ مردن هەبێت، ئەگەرچی ئەوی باوك تیایدا دەبێتە قوربانی، لەو ڕوانگەیەوە هەستدەکەیت نووسەر لەکاتی وێناکردنی کوشتنی باوکدا، مانای جیاوازیمان سەبارەت بەمەرگ بۆ بەرهەم دەهێنێت.

> ئەگەر مانای باوک تەنها وەکو هێز، دەسەڵات، ئارەزوو خوازی و جڵەوگرتن لەکەسێکدا کۆببێتەوە، چەمکی باوک لەڕەهەندە پۆزەتیڤەکانی تری وەکو: خەمخۆری، بەرپرسیارێتی، سۆز، میهرەبانی، ڕەنجدان، تێکۆشان، دادەبڕێت، ئیتر خەیاڵی ڕووبەڕووبوونەوە و کوشتن لەبەردەمیدا سەرهەڵدەدات



# کات .. فیلم نامەیەکی کورت


ن: حسەین مورتەزاییان ئابکنار
و: محەممەد هاشمی


خانوویەکی کۆن، پیرە ژن و پیرە پیاوێ لە سەر قەنەفەیەکی بچووك دانیشتوون، پیرەژنە چاوێکی شین و گەشی هەپە و خەریکی چنینی جلێکی مندالانەیە، جلە تا نیوەی چنراوە، پیرەپیاوەکە کە خاڵێکی گەورە لە سەر گۆنایەتی خەریکی خوێندنی ڕۆژنامەیە.

پیرەژنە واز لە چنین دێنێ و چاو لە کاتژمێرێکی دیواری گەورە دەکات، سەعات پێنج و دە دەقیقەیە.

دەنگی چۆڕە چۆڕی شێری ئاو دەبیسترێ.

پیرەژنە: شێری ئاوەکە هەر ئاوی لێ دەچێ!

پیرە پیاو: دەبێ فولکەی ئاوەکە ببەستم!

پیرەپیاوەکە چاویلکەکەی دادەگرێ و بە دەسرەکەی دەیسرێ، پیرەژنە چاو لە پیرە پیاوەکە دەکات، پیرەپیاوەکە چاویلکەکەی لە سەر چاوی دادەنێتەوەو هەست بە تەماشا کردنی دەکات.

پیرەپیاو چاو لە کاتژمێرەکە دەکات، سەعات پێنج و دە دەقیقەیە، زۆر هەڵدەستێ و بەرەو کەنتۆرێکی بچووکی چێوی دەڕوات، لە سەر کەنتۆرەکە سندووقێکی بچووك هەیە، زۆر ئارام دەرگای سندووقەکە دەکاتەوە و کلیکلیك دێنێتە دەر، دەرگای سندووقە بچووکەکە دەبەستێ و بە کلیلەکە دەرگای کەنتۆرەکە دەکاتەوەو کاسێتێکی ڤیدیۆیی هەڵدەگرێ، پیرەژنە لە بێدەنگیدا تەماشای دەکات.

پیرپیاو کاسێتەکە دەخاتە ناو ڤیدیۆکەو تەلەفیزیۆن و ڤیدیۆکە هەڵدەبن، تەلەفیزیۆنەکە سەرەتا هاژە هاژێ دێ، بەڵام دواتر وێنەکەی دەردەکەوێ.

پیرەژنە کە لە شوێنەکەی هەستاوە لە بەردەم تەلەفیزیۆنەکەدا دادەنیشێ، پیرەپیاوەکە لە تەنیشتی دادەنیشێ.

ڤیدیۆکە ژنێکی گەنج نیشان دەدات کە خەریکی جۆلانە کردنە بە کوڕێکی دوو ساڵان کە لە سەر جۆلانەکە دانیشتووە، هەردووکیان خۆشحاڵن و پێدەکەنن، منالەکە پێدەکەنێت، ڤیدیۆکە هیچ دەنگێکی لە سەر نییە، دایکە لەگەڵ منالەکەیدا یاری دەکا و بەردەوام خێرا و خێراتر ڕایدەشەکێنێ. هەندێ جار ماچی دەکاتو... کامێرا بە دەوریاندا دەخولێتەوەو بەم لا و ئەولادا دەڕوا، وێنەکە لەرینەوەی زۆرە و دیارە کامیراکە لە سەر دەست یان لە سەر شانی کەسێکی ترەوەیە.

ژنە بە پێکەنین و خۆشحاڵییەوە بەرەو کامێراکە دەڕا و چاوە شین و درەوشاوەکانی هەموو دیمەنە پڕ دەکات، دەستی ژنە بەرەو کامێراکە درێژ دەبێتەوەو کامێراکە بەرەو ئاسمان دەسوورێتەوەو بۆ چەند ساتێك وێنەکە شین دەبێت، دواتر پیاوێکی گەنج دەبینین کە بە پێکەنینەوە بەرەو منالەکە دەڕوا و ماچی دەکا و دەست بە قژیدا دێنێ و بە پێکەنین و خۆشحاڵیەوە لە گەڵی یاری دەکات و جۆلانەی پێ دەکات، پیاوە گەنجەکە کە خاڵێك لە سەر ڕوومەتیەتی بەردەوام چاوو لە کامێراکە دەکا و پێ دەکەنێت...

پیاوە گەنجەکە خێراتر جۆلانەکە دەجوولێنێ... کوت و پڕ لە یەك ساتدا بە جووڵەی ئارامی دیمەنەکە، دەبینین هاوسەنگی جۆلانەکە تێك دەچێ... کامێراکە وێل و سەرلێ شێواو خوار و ژوور دەکا و دەخولێتەوە! وێنە نامێنێ و هاژە هاژ و خشەخش دەست پێ دەکاتەوە.

خشەخش و هاژە هاژ چەند چرکەیەك درێژەی دەبێت ، لە پڕ دەنگی دەبردرێ و دەستی پیرەپیاوەکە دەبینین کە دەست بە دوگمەکەدا دەنێ و تەلەفیزیۆنەکە دەکوژێنێتەوە.

پیرەژنە بە ڕوخسارێکی کز و بێ ڕۆحەوە چاو لە تەلەفیزیۆنەکە دەکات، پیرەپیاوەکە کاسێتەکە لە ناو ڤیدیۆکە دەردێنێ، بەرەو کەنتۆرە چێویە بچووکەکە دەڕوا، کاسێتەکە لە ناو کەنتۆرەکە دادەنێ و کلیلەکەی دەخاتە ناو سندووقە بچووکەکە، دەرگای سندووقەکە دەبەستێ و بەرەو قەنەفەکەی دەڕوات، لە سەر قەنەفەکە دادەنیشێ و چاویلکەکەی دەردێنێ و خەریکی خاوێن کردنەوەی دەبێت، دواتر دەزانێ قۆپچەی کراسەکەی کەوتووە.

پیرە پیاو: قۆپچەی ئەم کراسەشم داکەوتوووە!

پیرەژنە: دەیدووریێنمەوە.

پیرە پیاو گلۆزە بەنەکە دەگرێتەوە بە دەستییەوە. دەنگی چۆڕە چۆڕی ئاو دەبیسترێ، دیمەنەکە زۆر ئارام ڕەش هەڵدەگەڕێ.

**سەرچاوە: گۆڤاری کارنامە**

# وەرگێڕانی بریندار لەسەر دەستی سەلەفییەتی مۆدێرن

بەشی دووەم
ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

ئەگەر بمانەوێ ئاورێك لە زمان بە واتاکەی‌و زمانی تۆمارکراوی کوردیی بەتایبەتی بدەینەوە تەمەنێکی کورت و پاشخانێکی هەژاری نقیساریی نەبێ چیتر شك نابەین. ئەمەش خەسارێکی جیدییە کە رووبەرووی زمان و بەگشتیی کلتوری ئێمە بە هەموو واتاکانی بووەتەوە. دیارە کە لێکۆڵینەوە لە بنەما و هۆکارەکانی ئەم گرفتە ئەستەمە، تووشی خەمساردییەکی کلتوری و هەلومەرجی پر تەوژمی لەمێژینەی ژیانی کۆمەڵایەتیی دەبێ کە ئەگەر خۆمانی لێنەشارینەوە، لێوانلێوە لە شەر و ئاڵۆزی و داشکان و خییانەت. ئەم ئاریشەیە فەزا و بارودۆخێکی وەها دەخولقێنێ کە بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی شوێنەواری قورس لە سەر تەواوی پێکهاتەکانی جەماوەرێك، گروپێك یان کۆمەڵگایەکدا بەجێدێڵێ. ئەم کاریگەرییە جاری وابووە بە قیمەتی خەسانی یەك یەکی ئەقڵی تاکەکان و لە سەر دەستی ئەمەش کارابوونی ئەندێشەی خەسێنەری کۆمەڵگای لێکەوتووەتەوە. دەزانین کە ئەمە باسی ئەو کۆمەڵگایەیە کە بێبەریی بووە لە وشیاریی بە گشت ماناکانییەوە. بەمجۆرە پرسی لاوازی و دەستکورتیی کتێبخانەی کوردی بەشی هەرە زۆری دەگەرێتەوە بۆ ئەو مێژووەی بارگاویی کراوە بە زەینییەتێکی نەگۆر و ئەقڵێکی دەستەوەستان. دەمەوێ ئەوە بڵێم کە لە فەزایەکی ئاوا مەیبودا دیارە کە سەرقالییەکان بە خەساربردنی ئەویتر بووە، کەڵکەڵەکان بە فیرۆچوواندنی توانستی قووڵبوونەوە بووە لە دنیا و لەو گرێ و گۆڵانەی کە دەروونی بێدەرەتانی تەنیوەتەوە، داماڵینی هێز و وزەی پشکنین و دۆزینەوە و داهێنان بووە. ئەو مرۆڤەی کە پێناسەکەی دەشێت بە گشتیی بکوژی ئاوەزی داهێنەرانە بووبێ، نەیویستووە خۆی لەو فەزایە دابڕێ کە کەشف ناکا، نەیویستووە لە جیهانی مردووی دەروونی خۆی دەرباز بێت و دیارە کە سەیری دنیایەکی جیا لە هی خۆی نەکردووە یان نەیدۆزیوەتەوە کە گەشەی سەندووە یان، خۆی لە هەمبەر خۆی و دەرەوەی خۆی بە بەرپرس نەزانیوە..

ئەم پرسە کلتورێکی گێژ و مەنگی ڕاهێناوە کە نەیتوانیی بە هەناوی پوونی مرۆڤ، خەمەکانی مرۆڤ و کەلکەلەکانی مرۆڤدا شۆڕ بێتەوە. ئەم پرسە ئەگەر لە درێژماوەدا ڕاستەوخۆ نەبووبێ بێگومان ناڕاستەوخۆ لە سەر جوولە و ئەقڵی داهێنەرانە و دۆزەرەوەدا کاریگەریی هەبووە. هەر بۆیە نووسراوی کوردیی بە داهێنان و بەرهەمهێنانییەوە بەشی زۆری تەمەنی بە فیرۆ چووە.

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لەم کێشەیە و هەروەها کە باسەکەمان بە ئەدەبیاتەوە ببەستینەوە، تەنیا رێژەیەکی کەم و چەند ناوێك دەردەکەون کە ئەمانیش بە پێی پێویست نین و لە پاشکەوتی ئەدەبی کوردیدا تەنیا و تەنیا خانی و نالی و مەحوی و جزیری و چەند ناوێکی دی شك دەبەین کە بتوانین بارتەقای مێژووی ئەدەبی نووسراوەی کوردیی پێ بەراورد بکەین. ئەمە سەرنجم بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو وتەیەی ماتیۆ ئارنۆڵد ڕادەکێشێ کە پێیوایە دەستنیشانکردنی ئاستی نوسین و داهێنانی هەر نەتەوەیەك دەباتەوە سەر بەرهەمەکانی بەر لە خۆی، واتە دەقی هەنووکەی هەر گەلێك بەپێی نووسراوەکانی پێشووتری بەراورد دەکرێ. باسی هەڵسەنگاندنی ئەو دەقانە دەکا کە لە خەزێنەی نقیساریدا شك دەبردرێن، لەو بەراوردکردنانە دەدوێ کە لە نێوان بەرهەم و بەناو ئافراندنەکانی حازر و داهێنانە کلاسیکییەکانی پێشوودا دێتە ئاراوە. بەم پێیە بەراستی پاش سەیرکردنی ئەو سرووشتە نەزۆکەی رابردووی ئەدەبی کوردیی، چۆن بتوانین دەوڵەمەندیی یان هەبوونی ئەدەبی هەنووکە بنرخێنین؟ تا چ ئاستێك هزری قالبووی ناو ئەو دەقانە توانیویەتی ململانێکانی لانیکەم دنیای زەینی و عەینیی ئێستای کۆمەڵگای شرۆڤە کردبێ و یان هەر نەبێ لێیان قووڵ بوویێتەوە؟

تا چەندە داهێنانەکانمان توانیویانە گێرانەوە و خولقێنەری فۆرم و شێواز و ڕێبازە نوێییەکان و هتد بن؟

بە ئاماژەکردن بەو داکەوتن و داشکانانەی رابردوو، یەکێك لە ئێلێمنتەکانی ژیانی مرۆڤ کە ئەدەبەکەی بێ، تووشی ناکۆکی و نەزۆکییەکی جەرگبر هاتووە. گۆش کراوە بە لاساییکردنەوە، دووپاتکردنەوە و دەرەنجامەکەشی دووپاتبوونەوە. بە پشت بەستن بەو سوننەتە لاوازەی ئەدەبی کوردیی کە بێجگەلە چەند ئەزموونێکی تارادەیەك دلخۆشکەری هەنووکەیی کە پێموایە نێوهێنانیان جارێ زووەو و ڕەنگە هەڵلاش بنێینەوە!! دەبینین کە بەگشتی دەق لە غیاب دایە یان کەوتووەتە پەراوێزەوە، واتا دەقی پر بە واتای خۆی لە ئارادا نییە کە بتوانێ بەدەر یان داماڵدراو لە ئەرکە پێ سپێردراوەکانی دەرەوەی دەقبوونی خۆی بێ یان بەتاڵ بێ لە گێڕانەوەی ڕووت و سادە و بە خەسڵەتی نقیساربوونی خۆی و ئەدەبیی خۆی گەیشتبێ. بەو ئاماژانەی کە لە بەشی یەکی ئەم باسەدا گوتم لەبەر پێویست بوونی دنیایەکی دی جیا لە دنیای تەنگەبەری خۆمان، ماوەیەکە بەشێکی هەرە زۆری چاپ و بڵاوبوونەوە لە کتێبەوە بگرە هەتا دەگاتە گۆڤار و ماڵپەرەکان رۆڵێکی گرنگ و کارابوویان وەخۆگرتووە، واتا بە بابەتی وەرگێران ئاخنراون و کەڵکە دەکرێن کە لە چەند سۆنگەوە دەیخەینە بەرباس و بە تایبەتی دەرفەت بە لایەنە پاتۆلۆژییەکەی بە پێی ویستی باسەکە دەدەین.

لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆرەپانی زمان و ئەدەبی کوردی بەتایبەتیی لەم بەشەی کوردستاندا شاهیدی جموجۆڵێکی دەتوانم بڵێم گەرموگور بووە لە چاو نوسین و بەرهەمی خۆکردیدا، کە بەشێکی زۆری لە لایەن وەرگێرکارانەوە یان

> **لەکاتی وەرگێڕان‌و هەست بەوەرگێڕانکردندا دەست بۆ میراتێکی گرنگ و خەزێنەیەکی دەوڵەمەند دەبەین کەلەسەر دەستی ئەو پاشخانە بەرفرەیەی فکرو شارستانییەت‌و شوناسی گەشەکردوودا هاتووەتە ئاراوە**

کەسانێك بەوناوە ئەنجام دەدرێ، بەشێکیشی وەك ستراتیژی چەند دامودەزگایەك رادەسپێردرێ. بۆ پشت راستکردنەوەی ئەم وتەیەم دەتوانم ئاماژە بە چەند دەزگایەك و گۆڤارێك بکەم کە بەشی هەرە زۆری وزەی مادیی و پیشەیی و زانستییەکەیان بە پێی سەلیقەی خۆیان تەرخان کردووە بۆ وەرگێران. لە سەرووی هەموویانەوە دەزگای سەردەم بەشی چاپی کتێب، دەزگای موکریانی، دەزگای ئاراس، خانەی وەرگێران سەر بە وەزارەتی رۆشنبیریی و تەنانەت هێندێك چاپخانەش خۆیان بڵێم لەم دەرفەتەوە گلاندووە و بە کەیفی خۆیان کتێبی وەرگێران دەوەشێنن. بەم پێیە و بە ڕواڵەت ئێمە دەبێ بەوە گەیشتبێتین کە لە کاتی وەرگێران و هەست بە وەرگێرانکردندا دەست بۆ میراتێکی گرنگ و خەزێنەیەکی دەوڵەمەند دەبەین کە لە سەر دەستی ئەو پاشخانە بەرفرەیەی فکر و شارستانییەت و شوناسی گەشەکردوودا هاتووەتە ئاراوە. دەست بۆ ئەو داهێنانە مەزنە درێژ دەکەین کە هەڵگری فەلسەفە بە کۆن و نوێوە و ئەدەبیاتی نوێ و بە گشتیی کلتوری نوێیە کە نەتەنیا دەتوانێ شوناسێکی نوێ بە گشت چییەتیەکانییەوە بەرووماندا والا بکا بەڵکو لەوانەش گرنگتر دەتوانێ زمانێك بەدی بێنێ کە پێشتر پێی نەنوسراوە، رابردوو بیری پێنەکردۆتەوە. دەزانین کە ئەو زمانەی پێشتر پێی نووسراوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ زمانی ئاسۆیی بووە، نەیتوانیوە لە ئاخافتنی ئاسایی رۆژانە لابدا، زمانێك بووە کە تەنیا لە کەشوهەوای کلتوری بریندارو کۆمەڵایەتیی هەلوەشاوەدا جوولەی کردووە. بێ ئەوەی هەوڵی دابێ گێرانەوەیەکی نوێی پێ بخولقێنێ، ببێتە هەڵگری کەشفێکی نوێ. بە شێوازی پەخشان ئامێز مەزنترین کارەسات یان سەرکەوتنەکانی خستووەتە بەر دەست، واتە وەسفکردنی شکستەکان یان خەون و خولیاکان. زمانێك بووە کە زۆر بە دەگمەن خۆی لە قەرەی وردبوونەوە و قوڵبوونەوە داوە. ئەوەی لێی دەدوێین توانستی ئەوەی هەیە رۆمانی بە واتا ئەمرۆژینەکەی پێ بخولقێنین، رەخنەی پێ بنووسین. لە سەر دەستی ئەم زمانەی بە وەرگێرانی پوختی دەقی سەرکەوتوو و جێدیی دێتە ئاراوە و داهێنان و شاکارە جیهانییەکانی پێ ئافرێندراوە دەکرێ بۆ ئەدەبی کوردیی زمانی شانۆ، کورتەچیرۆك و شیعر بە واتا ئەمرۆیینەکەی تێدا بەدی بێنێ. هەڵوێنجان و دۆزینەوەی پێوەرەکانی ئەم زمانە ئەدەبییەی لە رێگەی وەرگێرانەوە بریارە رووبدات دەتوانێ زمانی باقی زانستە لە غیابدابووەکانی خانەی فەرهەنگ و تۆرەی کوردیی تێدا بدۆزرێتەوە. گەیشتن بەمە دەبێتە دەسکەوتێکی گرنگ کە دەتوانین بەتایبەتی لە رێگەی وەرگێرانەوە بەدەستی بێنین. کاتێ دەڵێین خەزێنەیەکی دەوڵەمەند دیارە کە ئاماژە بەو دنیایە دەکەین کە چارەنووسی خۆیان و سەرلەبەری ژیانی مرۆڤایەتی دەگێرن و پێکدادان و لێکەوتەی نوێی هێناوەتە ئاراوە. باسی ئەو زمانە جیهانی و کلتورییە تۆکمەیە دەکەین کە ئیلیاد و ئۆدیسە، بابل، دوبلینییەکان و دادگایی و هەزار و یەکشەوە و هتدی پێ ئافرێندراوە. بە هۆی کەلەنوسەرانێکەوە وەگەر کەوت کە ئاراستەی ژیان و ئایدیالۆژی و ئایین و بە گشتی چارەنووسی مرۆڤیان گۆریوە. باسی ئەو دنیا زمانی و کلتورییەیە کە ناوی جیهانی یەکەمی ئاوێتەی هورووژمی پیشەکاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هتد کردووە. کە ئاماژە بە مارکێز و کافکا و جیمز جۆیس و نیچە و مارکس و کامۆ بکەین لێدوانە لەو شاکارانەی ڕێباز و شێوازی دیکەی بۆ بەرهەمهێنان و داهێنان و داهاتووی مرۆڤی خستووەتە رۆژەڤی دۆزینەوە.

بە هەست کردن و برواهێنان بەوەی کە بتوانرێ بەشێك لە بۆشایی یان نەبوونەکانی مرۆڤی ئێستای کورد پر بکرێتەوە، بە وەرگێرانی بەرهەمی دیاری کلاسیکی و شاکاری هاوچەرخی ئەدەبی جیهانی دەکرێ کە پێداویستی زمان و ئەدەبی کوردییە و پێویستییەکی هەرە خێرا و گرنگە کە نکۆڵی لێناکرێ. لێرەدا کە ئێمە دەپەرژێینە سەر کتێب و داهێنانە نقیسارییەکانی زمان و کلتورەکانی دیکە کە ئەدەب بە تایبەتی مەبەستی ئێستای ئێمەیە باسەکە تەنیا گوێستنەوەیەك ڕووت نییە کە من پێی بڵێم سادە، واتە وانییە کە تەنیا چیرۆك یان شیعر یان هەر دەقێکی ئەدەبی هەتا ئاستی سادەیی و ساکاریی زمان دابەزێنێ و وەریگێردرێتەوە سەر زمانی کوردی. باس لەو بەرهەم و داهێنراوە ئەدەبییەیە کە تێیدا گشت چرکەوەستان و تێرامانێك و هەموو ئەو شتانەی پێمانوایە ورد و بچوك و پەراوێزین، کە لە لای منی خوێنەری تا سەر ئێسکان دەستەوەستان، بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، بە پێچەوانەوە نیشانەن، ئامانجێکی تایبەت، نەگووتراو، نەنووسراو دەپێکن. باس لەو شاراوەییەیە کە ناخی بەرهەمەکە هەڵگرییەتی. باس لەو رەنج و تەقەللا و تاقەتپروکێنیانەیە نرخی زەمان و بوون و ژیانی داهێنەری بۆ بەخت کراوە. نموونەی ئەو رەنج و ئازارانەی شاهیدی نووسەرە ناودارەکانی رابردوو و ئێستان، دەتوانین ئۆلیس ی جیمز جۆیس بگرین بە شاهید کە لە پێناوی ئەم شاکارەدا چەندەها برسێتی و ژان چێژراوە. جۆیس و بنەماڵەکەی چۆن بە هەژاری و دەستکورتی، خەرج و تاوانی ئافرێنەریی ئۆلیس - یاندا کە چیها ساڵ سانسۆر کرا و ئەمرۆکە زمانێکی تایبەت و نایابی پێشکەش بە خانەی زمان و ئەدەب و ژیانی مرۆڤایەتی کردووە و ئەم گشتە واتایەی بە باشترین و گونجاوترین شێوە لە خۆیدا تواندووەتەوە. ئەمە رەمزی بایەخی ئەدەبی و هەرمانی ئەم شاکارانەیە. جا کە ئاوایە ئەم پرسیارە لێرەدا دێتە گۆرێ:

تا چەندە وەرگێرکارانی کورد هەستیان بەو لایەنە دیار و نادیارانەی نێو دەقی ئاڵەم جۆرەی زمانی سەرەکیی کردووە و هەقی شایانی ئەم چەشنە دەقە ژین پروکێنانەیان داوەتەوە؟

تا چەندە بە کەڵێن و قوژبنی ئەو زمانە بە پوتانسیەلەدا رۆچوون کە پێویستییەکانی ئەدەبی کوردی و چاوەروانییەکانی خوێنەری کوردی چێ کردبێ؟

ئێمە پێش گریمانەکانمان بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارانە با تەنیا هەر لێرەدا ئەرێ بێ، بەڵام ئایا زمانی کوردیی جیهانی سێیەمی، بە فکر و کلتورە جیهانە سێیەمییەکەشیەوە تا چەندە دەتوانێ یان توانیویەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەت و زمان و هزر و هتدی جیهانی یەکەمیدا بکا؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری نەگوتراوەی دیکە بەراستی ئاریشە و پرسی جیدیی و زۆر گرنگن کە پشوودرێژییەکی دیکەی دەوێ....


ئیسماعیل ئیسماعیل زادە



# شەپۆلی نوێی سینەمای فەرەنسا

ئا: هێمن حسەینی

شەپۆلی نوێ ، نازناوێکە لە لایەن رەخنەگرانەوە دراوەتە پاڵ بەشێك لە دەرهێنەرە فەرەنساوییەکانی ٥٠ و ٦٠ کە لە ژێر کاریگەری ستایلی نوێی رئالیسمی ئیتالیادا بوون، هەرچەن هیچ کات جوولەیەکی رەسەن لەم بارەوە نەکەوتە رێ، بەڵام دەرهێنەرەکانی شەپۆلی نوێ بە وشیاری تاکەکەسی خۆیانەوە هەوڵیاندا ستایلی سینەمای کلاسیك تێپەرینن و دەیانویست ئەو تابۆ بشکێنن، هەروەها بەشێکی زۆر لە دەرهێنەرەکانی شەپۆلی نوێ، بە کەڵك وەرگرتن لەم ستایلە توانیان گۆرانێکی بنەرەتی لە کۆمەڵگا و سیاسەتی رۆژدا پێك بێنن، ئەزموونە رادیکاڵەکانی خۆیان بە فۆرمی نوێ دارشت و ستایلێکی نوێ بینین و شێوەیەکی نوێی دەربرینیان پێشکەش کرد، کە دژ بە نەریتە باوە پارێزکارەکانی ئەو سەردەمە بوو.

هەندێك لە کەسایەتییە دیار و پێشەنگەکانی ئەم بزووتنەوەیە بریتین لە "ژان لۆك گۆدار"، "فرانسوا ترۆفۆ"، ئێرێك راهمێر، کلۆد چابرۆل و ژاکووس ریۆت، کە سەرجەمیان بوون بە رەخنەگرانێکی ناودار لە گۆڤاری سینەمای (Cahiers Du Cinema). یەکێك لە دامەزرێنەران و پسپۆرانی سینەمایی ئەم گۆڤارە ئەندرێ بازینە کە یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەم جوولەیە، بە بۆچوونی رەخنەگران و وتارنووسان، ئەم بەرەیە بنەما و ژێرخانێکیان لە شەپۆلی نوێی سینەماییدا دارشت کە دواتر بە تیۆری "نووسەر" ناوی دەرکرد.

تیۆری نووسەر بەو مانایەی دەرهێنەر، نووسەری فیلمەکەی خۆیەتی، ئەو رەخنەگرانە زۆر بە باشی باسی بەرهەمەکانی ژان رێنوار و ژان ڤیگۆ یان دەکرد و هەروەها ستایلی هەندێ لە دەرهێنەر و هونەرمەندە ناودارەکانی هۆلیۆد، لەوانە ئالفرید هیچکاك و جان فۆرد و نیکۆلاس رێ یان بە لاوە پەسەند بوو. دەستپێکردنی شەپۆلی نوێ بە شێوەیەك بوو کە بەشێك لەم دەرهێنەرانە، هەر خۆیان فەلسەفەی دەربرین و نووسینی خۆیان کرد بە فیلم و هەوڵیان ئەوە بوو ئەو فەلسەفەیە بگوازنەوە بۆ هەموو جیهان. بەدەر لە هەندێ لە فیلمەکانی ژان راچ کە لەم بوارەدا پێشکەش کران، فیلمی (Beau Serge, Le) بەرهەمی شابرۆل بە شێوەیەك هەمان نەریت خوازییە، بەڵام دەکرێ بڵێین سەرەتای شەپۆلی نوێ هاوکاتە لەگەڵ درووست کردنی فیلمی درێژ لە فەرەنسا. ترۆفۆ بە فیلمی چوارسەد لێدان(the ٤٠٠ Blows )(١٩٥٩) و ژان لۆك گۆدار بە فیلمی لە پێ کەوتوو(À bout de souffle)(١٩٦٠) سەرکەوتنێکی نێو نەتەوەییان بە دەست هێنا. هەردووکیان بە لای رەخنەگرانەوە سەرکەوتوو بوون و لە هەمانکاتدا توانیان سەرنجی جیهانی بەرەو چالاکانی شەپۆلی نوێ رابکێشن، پەرە بەم قوتابخانەیە بدەن. تەکنیك و کارەکتەرە بە وێنا کێشراوەکان ئیتر کەسایەتی یەکەم و بێ ئەملاو ئەولای فیلم نین، بەو شێوەیەی لە سینەمای کلاسیکدا باو بوو.

هەندێ جار لۆئیس مالی بە هەڵە بە یەکێك لە دەرهێنەرەکانی شەپۆلی نوێ ناو دەبرێ، بەڵام مالی هیچکات سەر بە کۆمەڵی Cahiers De Cinema نەبووەو ستایلی ئیش کردنی تا رادەیەك بە ستایلی "نووسەر" دەچێت.

کە پرسیار دەکرێ شەپۆلی نوێ لە کوێوە دەست پێ دەکات، زۆر کەس ئاماژە ئەدەن بە گۆڤاری ناوداری سینەمایی Cahiers Du Cinema . چابرۆل، رۆهامێر، ریۆیت و ئەوانی تر لە سەر ئەو باوەرەن کە ئەم گۆڤارە کاریگەری زۆری بووە لە سەر سەرهەڵدانی شەپۆلی نوێی سینەمای فەرەنسا بەوەی لە داهاتوودا رەوتێك بکەوێتە رێ جیاواز لە سینەمای کلاسیکی فەرەنسا کار بکات. هەر چەن شەپۆلی نوێی سینەمای فەرەنسا لە ساڵی ١٩٧٣ دا زۆر ناوبانگی دەرکرد، بەڵام ئەم شەپۆلە لە ساڵی ١٩٥٨دا پێك هات.


ژان لۆک گۆدار



# "باشترین تاقیگەی کوالیتی کۆنترۆڵ لەبەغدایە، نەک لەکوردستان"

## وەزیری تەندروستی هەرێم بۆ دەستوور

سازدانی: ئەیوب‌و گۆران

د.تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا، دەڵێت کۆنترۆڵی سەرجەم ئەو دەرمانانە کراوە کەلەبەغدادەوە دێت بۆ هەرێم، لەبەرئەوە باشترین تاقیگەی کوالیتی کۆنترۆڵ بۆ دەرمان لەبەغدایە نەك لەکوردستان، دان بەوەشدا دەنێت کە کۆنترۆڵی عیادەکانی لاکۆڵانیان پێناکرێت، دەڵێت "دوکانی لاکۆڵان کابرایەکی قاچاخچیە".

د.تاهیر هەورامی ئاماژە بەوە دەدات زیاد بونی نەخۆشی بەهۆی ئەوەوەیە کە سیستمی خواردنی خەڵك گۆرانكاری بەسەردا هاتووەو کەمتر دەجوڵێن.

**دەستوور:** بەپێی ئامارەکان رێژەی توشبوون بەنەخۆشیەکان زیادی کردووە لەوانە شێرپەنجە، جەڵتە، نەخۆشیەکانی دل، شەکرە... هتد هۆکاری زۆربوونی ئەم نەخۆشیانە بۆچی دەگەرێتەوە؟ خراپی سیستمی تەندروستی، ژینگەی کوردستان، نەبوونی هۆشیاری لای هاووڵاتیان؟

**د.تاهیر:** دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری لەلای هاوڵاتیان لەکوردستاندا، ئەگەر باسی سیستمی تەندروستی بکەیت، روپێوییەك کراوە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە چوار رۆژ پێش ئێستا لەوەزارەتی تەندروستی پێشکەشکرا، سیستمی تەندروستی لەو بونیە تەحتیەی هەیە سلێمانی وەکو بەغدا وایە دوای ئەو هەولێرو دهۆك دێت، واتە کوردستان دووهەم‌و سێیەم‌و چوارەمی هەموو عێراقە.

ئەگەر بەراوردی ئەم سیستەمەی ئێستا بکەی لەگەڵ ساڵی ١٩٩١و دواتر ئێمە ئێستا زۆر زۆر لەپێشەوەین، ناڵێین سیستمەکەمان زۆرباشە، زۆرباش نییە، سیستمێکی کۆنە، پێویستی بەهەندێ شت هەیە چاکبکرێت، پێویستی بەهەندێ ئیختساساتی زیاتر هەیە، بەڵام سیستمەکە ئەوەندە خراپ نیە کەبڵێین خەتای سیستمەکەیە.

**دەستوور:** ئەمە بەراوردکردنێکی ئیجابیانەیە، ئێمە خۆمان بەراورد بکەین بەسیستمی تەندروستی بەغداد؟

**د.تاهیر:** نابێت بەراوردی خۆمان بەوان بکەین، ئێمە ئەگەر بمانەوێت سیستمێکی باشمان هەبێت، دەبێت خۆمان بەراورد بکەین بەوڵاتێکی پێشکەوتوو، بەڵام ئەمە گۆرانکارییەکی ئەوێ کەسەدەها ساڵە عێراق بەسیستمێك دەروات تۆ ناتوانیت بەم ئیمکانیەتەی ئێستا هەیە ئەوە بگۆریت، چونکە گۆرینی سیستمی تەندروستی پێویستی بەوەهەیە کە لەعێراقدا سیستمە تەندروستیەکە بگۆرێت، پێویستی بەوەش هەیە کە ئەو سیستمەی دەیهێنی بۆ ئێرە بۆ نموونە سیستمی ئێرانی، بەریتانی، ئەمریکی، سیستمی ژاپۆنی، ئەمانە بواری پزیشکی تیایاندا بەلاش نییە، لەوێ ئەبێت خەڵك پارە بدات لەنەخۆشخانەی حکومیشدا نەوەك لەنەخۆشخانەی ئەهلی یان عیادەکان، لەهەموو شوێنێکدا پارە ئەدەیت. کۆمپانیای تەئمین هەیە، پێویستە ئەم کۆمپانیای تەئمینە دابمەزرێت، پێوستە ئاستی دەخلی خەڵك بەجۆرێك بێت کەئەو خۆی پارەکە بدات لەرێگەی کۆمپانیای تەئمینەوە، لەکوردستان کۆمپانیای تەئمین نیە، لەبەغداش نیە، ئێمەش پارە لەبەغداوە وەردەگرین میزانیەمان لەبەغداوەیە دەبێت پابەندبین بەسیستمی دارایی عێراقەوە.

**دەستوور:** ئەگەر بچینەوە سەر پرسیارە سەرەکییەکە دەربارەی زیادبوونی نەخۆشیەکان؟

**د. تاهیر:** خەڵك خواردنی گۆراوە، پێش ٢٠٠٣ خەڵك بەجۆرێك خواردنی دەخوارد، دوای ٢٠٠٣ جۆرێکی تر خواردن دەخوات، پێش نەوەدەکان جۆرێکیتر خواردنی دەخوارد، ئێستا خەڵك زیاتر خواردنی موعەلەب دەخوات، خواردنی ئامادەکراوی بازار دەخوات، خواردنی چەور دەخوات، گۆشت زیاتر بەکاردەهێنێت، ئەو خواردنەی هەیە لەکوردستاندا هەمووی هاوردەیە بەرهەمی ناخۆیی هەر زۆر کەمە تەنانەت سەوزەو پیازوو کەرەوز لەسوریاو ئێرانەوە دێت، ئەو خواردنەی دێتە کوردستانەوە ئەنواع‌و ئەشکال مەوادی کیمیایی بۆ بەکارهاتووە تاوەکو بەرهەمێکی زۆری هەبێت، لەبەر ئەوە گەورەترین هۆکار نەبوونی بەرهەمی ناوخۆیی‌و گۆرانی سیستمی خواردن‌و دانیشتنی خەڵکە، چونکە پێش ٢٠٠٣ خەریکبوو لادێکانی کوردستان دەبوژایەوە، هەموو ئاژەڵیان بەخێودەکرد، هەمووی دەجوڵان، کشتوکاڵیان دەکرد. ئەم کشتوکاڵ‌و جوڵانەی دەرەوە راستەوخۆ وەرزشێکە بۆخۆی، بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە، ٧٥٪ی میزانیەی هەرێم بۆ موچەیە، خەڵك ئیش ناکات، خەڵك ناجوڵێت، هەروەها ژینگەش بۆی هەیە، ژمارەی ئۆتومبێل پێش ٢٠٠٣ چەندبوو ئێستا چەندە؟

**دەستوور:** تەنها لەساڵی ٢٠٠٩دا (٨٠٠٠٠) ئۆتۆمبێل هاتۆتە کوردستانەوە.

**د. تاهیر:** بەلایەنی کەمەوە لەماوەی ساڵێك بۆ دوو ساڵدا (٨٠٠٠٠) پاتری خراپ دەبێت، ئەم (٨٠٠٠٠) باتریە خراپە تێزابەکەی تێکەڵی ئاو دەکرێت دەچێت بۆ ئەو دەریاچانەی کەئێمە ئاوەکەی دەخۆینەوە، ئاوو ئاوەرۆی هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەرژێتە ناو شیوو دۆڵ‌و هەموو پاشەرۆی ئاژەڵەکانیش هەروەها ئاژەڵی تۆپیویش دەخرێتە ناو شیوو دۆڵەکانی کوردستان باران دەبارێت دەیباتە دەریاچەکان، ئێمەش ئەو ئاوە بۆ خواردنەوە بەکار دەهێنین، ئێمە رێز لەژینگەی خۆمان ناگرین.

**دەستوور:** ئێستا باسی لەوەدەکرێت کوالیتی کۆنترۆل هەیە، بۆ کۆنترۆڵی جۆری ئەو خواردانانە ناکرێت؟

**د.تاهیر:** ئەو کوالیتی کۆنترۆڵەی لەکوردستاندا هەیە ئێستا وابەرەو دامەزران دەروا، ئێستا خەریکە زیاتر سەیتەرە دەکرێت بەسەر زۆربەی ئەو خواردنانەدا کەلە سنورەکانەوە دێت، بەڵام ئەو خواردنەی لەبەغداوە بۆت دێت هەندێکجار بەقاچاغ دەیهێنن، دەبێت خەڵك خۆی هۆشیاربێت لەکرینی خواردنی خراپ‌و ئەو جۆرە خواردنانە نەکرن.

**دەستوور:** بەڵام بەشێکی پەیوەندی بەسیستمی تەندروستی‌و حکومەتەوە هەیە؟

**د.تاهیر:** سیستمی تەندروستی ئێستا لەسلێمانی، ئێمە بەشی بەدواداچوون‌و پشکنینی بازارو چاودێری تەندروستیمان هەیە بەبەردەوامی لەبازاردا دەسورێتەوە، بەڵام لەسلێمانیدا چەند دوکان هەیە؟ دەکرێت بۆ هەر دوکانێك پاسەوانێك دابنێی؟ لەهیچ وڵاتێکدا شتی وانیە، وڵاتان دەزانی چۆن پێش دەکەون، دەبێت هەموو کەسێك هەستی هاووڵاتیبوونی هەبێت کەشتێکی خراپی بینی دەبێت هاووڵاتی خۆی لایەنی بەرپرس ئاگادار بکاتەوە، ئەمە تەنها ئیشی تەندروستی نیە.

**دەستوور:** ئەو دەرمانانەی دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان کوالێتیان، لەئاستی پێویستدا نیە، لەهەرێمدا چەندین کەس کاری بازرگانی دەرمان دەکەن بەشێکی زۆریشیان شارەزاییشیان لەو بوارەدا نیە، دەرمانەکانیش

> کۆنترۆڵی چی بکرێت، فەحسی یەک کەس کەبیکەیت بۆ ئەنفلۆنزای بەراز، زیاتر لە100دۆلاری تێدەچێت



> ئەو خواردنەی لەبەغداوە بۆت دێت هەندێکجار بەقاچاغ دەیهێنن، دەبێت خەڵک خۆی هۆشیاربێت لەکرینی خواردنی خراپ

ماوەی بەسەرچونیان زۆرکەمە، جگە لەو دەرمانانەی لەناو بازاردا دەفرۆشرێت؟

**د.تاهیر:** ئەو دەرمانانەی ئێمە خۆمان لەنەخۆشخانەکان بەکاری دەهێنین ٩٠٪ی لەبەغداوە بۆمان دێت.

**دەستوور:** مەبەستمان ئەو دەرمانانەیە لەرێگەی بازرگانیەوە دەهێنرێتە کوردستانەوە، کوالیتیان وەك پێویستە؟

**د.تاهیر:** ئەگەر ئەوانەی دەرمانخانەیان هەیەو دەرچووی بەشی دەرمانسازی بن هەموویان پابەندن بەکوالیتی کۆنترۆڵەوەو هەموویان دەرمانەکانیان باشن، هەمووشیان لەژێر چاودێری تەندروستیدان، بەڵام دوکانی لاکۆڵان قاچاخچیە، دەرچوانی دەرمانسازی ژمارەیەکی سنوردارەو دوکانی لاکۆڵان زۆر زۆرە، ئەوانە لەژێر چاودێری سەندیکای تەندروستی‌و دەرمانسازاندان ئەوان راپۆرت بەرز دەکەنەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوەی دایانبخات.

**دەستوور:** بۆ ئەو ئیجرائاتە نەکراوە؟

**د. تاهیر:** چۆن نەکراوە، من خۆم نەقیبی سەندیکابووم وابزانم ٩٠ راپۆرتمان داوە بەحکومەت‌و ئیجرائات کراوە، بەڵام دەبێت هاووڵاتی خۆی وشیار بێت‌و لەلاکۆڵان دەرمان نەکرێت.

**دەستوور:** ئەو وشیارپەی تۆ باسی دەکەیت لەناو خەڵکدا کولفەو کاتێکی زۆری دەوێت بۆچی کۆنترۆڵی "عیادەکانی لاکۆڵان" ناکەن سیستمێکیان بۆ دارێژرێت لەوە دەرچوون سزا بدرێت؟

**د.تاهیر:** سزادان‌و داخستنیان لەلای ئێمەوە نیە، ئێمە پۆلیسمان نیە دوکان دابخات.

**دەستوور:** ئەی ئەو بازرگانانەی لەدەرەوە دەرمان دەهێننە کوردستانەوە؟

**د.تاهیر:** ئەو بازرگانانەی لەدەرەوە دەرمان دەهێنن، بەنیزامێك دەیهێنن پێی دەوترێت نیزامی کوالیتی کۆنترۆڵ، لەم نیزامەدا بازرگانەکان وەرەقەی دامەزراوە دەهێنێت، لەگەڵ کۆمەڵێك رێنمایی یاسایی بەپێی ئەو رێنماییانە دەیهێنن، تەنها ئەوانە نەبێت کەبەقاچاغ دەیهێنن، بۆ نموونە لۆرییەك دەرمان چۆن لەئێرانەوە گازوایل دێت‌و بەنزین دێت‌و یان لێرەوە مەشروب بەقاچاغی دەروات بۆ ئێران، ئێمە ناتوانین سنور دانێین بەخەڵك بڵێین تۆ دەرمانت هێناوە ئێمە ناتوانین سەیتەرە بەسەر ئەوەدا بکەین، ئەگەر بێت‌و پێی بزانین دەیگرین‌و دەرمانەکە دەسوتێنین‌و سزای دەدەین.

**دەستوور:** بریاربوو، حکومەتی عێراق، لەبری ئەوەی دەرمانتان بۆ بنێرێت، ئیتر پارە بەخۆتانبدات، بۆ کرینی دەرمان، ئەمە بەچی گەیشت؟

**دتاهیر:** ئەوە ناکرێت، چونکە هێنانی دەرمان شتێکی زۆر ئاسان نیە عێراق لەژێر فشاری فەسلی حەوتەمی نەتەوەیەکگرتووەکاندایە، عێراق دەرمانەکە بهێنێت باشترە، چونکە باشترین تاقیگەی کوالیتی کۆنترۆڵ بۆ دەرمان لەبەغدا هەیە نەك لەکوردستان، پشکنینی یەك ئایتمی دەرمان چەندەها هەزار دۆلاری دەوێت، ئێمە (٥٠٠٠) ئایتم دەرمان دەهێنین، شەریکەیەکی تورکی بۆ ئەوەی یەك فەحسی ئاومان بۆ بکات داوای (١٠٠٠٠) دۆلار دەکات، فەحسی دەرمان زۆر لەوە قورسترە تۆ (٥٠٠٠)ئایتم بێنی هەموو جارێ بەس دەرمانێکیان بنێری بۆ کوالیتی کۆنترۆڵ واتە تۆ دەبێت ساڵانە نیومیلیار دۆلار بەس بەفەحسی ئایتمەکان بدەی، بەڵام بەغدا خۆی تاقیگەیەکی باشی هەیە لەئەبوغرێب، بەشی حکومەتی هەرێم ٢٠٠ملیۆن دۆلارە کەدەرمانمان بۆ دەهێنن‌و هەمووشی دەرمانی چاکی جیهانییە.

**دەستوور:** نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان زیادیان کردووە لەوانە (هەوکردنی جگەری، ئایدز، ئەنفلۆنزای بەراز... هتد هۆکاری زیادبوونی ئەم نەخۆشیە ڤایرۆسیانە بۆچی دەگێرنەوە؟

**د.تاهیر:** ئەگەر بەراوردی کوردستان بکەی لەگەڵ جیهاندا ئەوە ژمارەیەکی زۆر کەمە تائێستا، هۆکاری بڵاوبونەوەکەشی تۆ بەشێکی لەم جیهانە خەلکت هەیە دەچێت بۆ دەرەوەی کوردستان ڤایرۆسەکەت بۆ دەهێنێتەوە بۆ کوردستان.

**دەستوور:** کەواتە سنورەکانی هەرێمی کوردستان بەرووی هەموو جۆرە نەخۆشیەکانی وڵاتانی دەوروبەرو وڵاتانی تری جیهان کراوەن ؟

**د.تاهیر:** ئەگەر بەپێی یاسای نێودەوڵەتی برۆیت هیچ وڵاتێك بۆی نیە کە خەڵك بگری بڵێ خوێنم بەرێ فەحسی دەکەم، بەڵام لەکوردستاندا ئەوە دەکرێت، بەس لەکوردستاندا ئەوە هەیە، سنوریش کراوە نیە.

**دەستوور:** بەڵام لەبازگەکانی نێوان هەرێم‌و ناوچەکانی تری عێراق پشکنینی تەندروستی ئەنجام نادرێت، لەکاتێکدا نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان بەئایدزو ئەنفلۆنزای بەرازیشەوە لەناوچەکانی باشورو ناوەراستی عێراق رووڵەزیادبوونە؟

**د. تاهیر:** کۆنترۆڵی چی بکرێت، فەحسی یەك کەس کەبیکەیت بۆ ئەنفلۆنزای بەراز، ئەگەر فەحسەکە هەمووی بکەیت زیاتر لە١٠٠دۆلاری تێدەچێت. تۆ خۆت قبوڵی دەکەیت میزانیەی وڵاتەکەت بروات بۆ فەحسی ئەنفلۆنزای بەراز بەبەلاش، رێنمایی تەندروستی جیهانیمان هەیە، ئێمە بەپێی رێنماییەکان کۆنترۆڵ دەکەین نەك هەر کەسێك هات پەلی بگرین بۆ کۆنترۆڵ، لەفرۆکەخانەکان‌و سنورەکانی کوردستاندا کامێرای ئینفرارەیت هەیە کەکەسێك دێتە ژوورەوە بۆناو فرۆکەخانە ئەگەر (تا)ی هەبوو کامێرەکە ئیشارەت ئەدات‌و بانگی دەکەن بۆ بنکەی تەندروستیەکەو فەحسی دەکەن تای نەبوو فەحسی ناکەن، کۆنترۆڵەکە هەیە، لەباشماخ هەیە لەفرۆکەخانەکان هەیە لەئیبراهیم خەلیل هەیە، بەڵام کۆنترۆڵەکە لەنێوان سلێمانی‌و هەولێردا نیە لەنیوان سلێمانی‌و کەرکوکدا نیە.

**دەستوور:** گومانێك لەلای خەڵك هەیە دەڵێن ئەو هەڵمەتەی بۆ ئەنفلۆنزای بەراز دەکرێت تەنها هەڵمەتی راگەیاندنە بۆ وەرگرتنی پارەیە، بەوپێیەی پێشتر برە پارەیەکی زۆر بۆ ئەنفلۆنزای باڵندە سەرفکرا لەوبارەیەوە چی دەڵێن؟

**د. تاهیر:** ئەوە هەمووی پروپاگەندەیە دەتوانن بچن بۆ بەشی ئەنفلۆنزای بەراز لەهەموو نەخۆشخانەکانی حکومەتدا بزانن ئەو بەشە هەیە یان نا.

**دەستوور:** تاوەکو ئێستا چەند پارە بۆ ئەنفلۆنزای بەراز سەرف کراوە؟

**د.تاهیر:** تائێستا نزیکەی ٦ملیۆن دۆلار سەرفکراوە، لەگەڵ ئەو دەرمانەی کەعێراقیش ناردویەتی.

**دەستوور:** ئەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) چەندی بۆ ئەنفلۆنزای بەراز تەرخانکردووە بۆ هەرێم؟

**د.تاهیر:** ئەوەی من ئاگام لێی بێ خۆمان پارەمان سەرفکردووە، لەبەغداشەوە دەرمانمان وەرگرتووە، لەزەمانی مندا (WHO) هیچی سەرفنەکردووە لەماوەی ئەو پەنجا رۆژەی وەزیرم.

سەرچاوەیەك بەئێمەی راگەیاندووە نزیکەی ٥ملیۆن دۆلار تەنها بۆ ریکلامی ئەنفلۆنزای بەراز دانراوە؟

**د.تاهیر:** خۆی هەمووی ٦ملیۆن دۆلار بووە. چوار ملیۆن‌و نیو دۆلار هەر (تامیفلو)مان پێکریوە، ملیۆن‌و نیوێك دۆلاری دەمێنێتەوە، ئەو پارانەی کەوەریدەگرین هەمووی چاودرێری دارایی هەیە وەسل بەوەسل دەپشکنرێت. شتی وانیە برۆی لەخۆتەوە پارە سەرف بکەی، ئەگەر یەك دینارت بەوەسلی تەزویریش هێنابێت محاسەبە دەکرێیت، بەگرانیش هێنابێتت هەر محاسەبە دەکرێیت، بەنایاسایش هێنابێتت هەر محاسەبە دەکرێیت.

**دەستوور:** بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەنفلۆنزای بەراز سەرەتا لیژنەیەك پێکهێنرا لەوەزارەتەکانی (تەندروستی، ناوخۆ، رۆشنبیری، ئەوقاف) کاری ئەو لیژنەیە وەستاوە؟

**د.تاهیر:** ئێستا لیژنەیەکی تر هەیە، لیژنەکە منم وەك وەزیری تەندروستی‌و وەزیری خوێندنی باڵاو وەزیری پلاندانان، ئەو سێ کەسەین. لەسەر مستەوای وەزیرەکان سەرپەرشتی ئیشەکان دەکەین، بەڵام ئێمە ئەگەر پێویستمان بە بودجە هەبێت داوا لەوەزارەتی دارایی دەکەین، وەبودجەکە کراوەیە ئەگەر پێویستمان پێی بێت.

**دەستوور:** ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای بزن لەهۆلەندا بڵاوبووەتەوە، ئەگەری بڵاوبونەوەی ئەنفلۆنزای بزن لەکوردستان هەیە؟ هیچ حالەتێك تۆمار نەکراوە؟

**د.تاهیر:** (بەپێکەنینەوە) تائێستا لەکوردستاندا من نەمبیستووە ئەنفلۆنزای بزن هەبێت.

**دەستوور:** ساڵی پار بریاربوو کارتی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان دروست بکرێت بۆ ئەوەی وەك دلنیایی تەندروستی (تائمین صحی) بەکاربیهێنن، بەڵام تاوەکو ئێستا نەکراوە، بۆچی؟

**د.تاهیر:** تەئمین صحی پێویستی بە کۆمپانیایە، دەبێت کۆمپانیای تەئمین صحیت هەبێت خەڵك پارە بدات. ئێستا لەئێران خەڵك بووە بەسێ بەشەوە چینی فەرمانبەر بەئیجباری دەفتەری تەئمین صحی دەدرێتێ، لەموچەکەی دەبردرێت. چینی دەوڵەمەند یان خۆی بەشداری دەکات یان ئەو کاتەی نەخۆش کەوت کە دەچێتە نەخۆشخانەی حکومی دەبێت بەکاش پارەکە بدات، بۆ چینی هەژارەکە کۆمیتەیەك هەیە پێی دەوترێت کۆمیتەی(ئیمدات) وەك سۆشیەلی ئەوروپا، ئەو دەفتەرەکەی بۆ دەکات‌و ئەو پارەکەی دەداتێ. کەتۆ باسی کارت‌و ئەم شتانە بکەی پێش هەموو شتێك دەبێت ئەو جۆرە کۆمپانیانەت هەبێ، دووەم: دەبێت ئاستی موچەو ئیشکردنی خەلکەکە لەئاستێکدا بێت بتوانێت پارەی تەئمین صحیەکە بدات، نەك نەتوانێت پارەکە بدات.

سێیەم: هەندێ ناوچە لەهەولێرو سلێمانی‌و دهۆك دروست دەکرێت کەپێیدەوترێت "خزمەتگوزاری لەسەر ئاستی خێزان" وردە وردە دەست پێدەکەین، بەڵام ئەمە کاتی دەوێت. سیستمی تەندروستی دەبێت لەگەڵ عێراقدا بەیەکەوە بیگۆرین، کوردستان لەعێراق بەس لەتەندروستیدا جیاناکرێتەوە، چونکە هەندێ کێشەی تری تێدەکەوێت.

**دەستوور:** لەکوردستاندا چەند کۆمپانیایەکی ئەهلی هەیە کاری تەندروستی دەکەن لەبواری چاو، پشکنینی خوێن، جوانکاری..هتد بەشێکیان سەرکەوتوو نەبوون لەکارەکانیان هەست ناکەی کوردستان بۆتە تاقیگەو سەرچاوەی داهات بۆ ئەو کۆمپانیایانە، لەکاتێکدا لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە مۆلەتیان پێدەدرێت؟

**د.تاهیر:** ئەوە هەندێ شتی خراپی تیایەو هەندێ شتی باشیشی تیایە، ئێمە بریارمانداوە هەفتەی ئایندە کۆبونەوەیان لەسەر بکەین، ئەوەی دێتە کوردستانەوە دەبێت سێ مانگ پێشئەوە کارت‌و شەهادەمان بۆ بنێرێت، وردبینی بۆ ئیشەکانیان دەکەین تا بزانین بەکەڵك دێت لەکوردستاندا ئیش بکەن یان نا.

**دەستوور:** کێ کارەکانی ئەو کۆمپانیایانە هەڵدەسەنگێنی؟

**د.تاهیر:** سەندیکای پزیشکان‌و وەزارەتی تەندروستی‌و خوێندنی باڵا هەموویان، بەڵام هەڵسەنگاندنەکە هەندێ خەلەلی تێدایە هێشتا.

**دەستوور:** بەپێی یاسای پەرلەمان هەرکەسێك کەپۆستی وەزیر وەردەگرێت ئەو پۆستانەی پێشتر هەیبووە دەبێت وازی لێبهێنێت، بەپێی زانیارییەکانمان بەرێزت تاوەکو ئێستا دەوامی نەخۆشخانە دەکەیت لەنەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی بۆ دلنیایش رۆژی شەممان نەشتەرگەری ئەنجام دەدەیت؟

**د.تاهیر:** من عیادەم نەماوەو قتعەکانیشم لابردووە، دەوامی نەخۆشخانەش ناکەم تەنها هەندێ رۆژ نەبێت ئەویش بۆ هەندێ نەشتەرگەری رۆژانی شەممان، نەخۆشەکە نەپارەم لێوەرگرتووە نە بەپارە ئیشی بۆ دەکەم رۆژی شەممە وەکو خۆبەخشێك ئیش دەکەم، شەممە پشووی خۆمەو پارەش لەنەخۆشەکە وەرناگرم ئەمە کاسبی پێوەناکەم.

**دەستوور:** سەرەتای دەستبەکاربونتە لەوەزارەتی تەندروستیدا بەرنامەو پلانت چیە؟

**د.تاهیر:** من هەوڵدەدەم خۆپاراستنی سەرەتایی‌و تەندروستی سەرەتایی پەرەپێبدەم، هەروەها ئاستی پیشەی تەمریز بەرزبکەمەوە لەگەڵ ئاستی زانستی پزیشکی.

www.arsivakurd.org

# کوردەکان لەدەرەوە خۆیان دەنوسنەوە

## سالانە هەزارەها کتێب لەدەرەوەی کوردستان چاپ دەکرێن و چاپەمەنیە ئەهلیەکان لەبێ بازاڕیدا دادەخرێن

موعاز فەرحان لەسلێمانی

بەهۆی نەبونی ئامێری چاپی باش لەکوردستاندا سالانە بەهەزارەها کتێب دەبرێنە دەرەوەی ولات بۆچاپکردنیان، سەرەڕای بونی چەند دەزگایەکی چاپکردنی گەورەی حیزبی، چاپخانە ئەهلیەکانیش لەبێ بازاریدا دادەخرێن.

چاپخانە ئەهلیەکان کە لەلایەن کەرتی تایبەت و کەسانی سەربەخۆ خاوەنداری دەکرێن لەبازارەکانی هەرێمدا کاری چاپو بلاوکردنەوەی کتێب، گۆڤار، رۆژنامە دەکەن‌و لەئێستادا لەقەیرانی بێ بازاریدا رووبەروی داخستن دەبنەوە، لەلایەکی دیکە ناوەندەکانی بلاوکردنەوەی کتێب بەرهەمەکانیان لەوولاتانی دەرەوە چاپ دەکەن.

ئوردن، ئێران، تورکیا، لوبنان، چین ئەو ولاتانەن دەزگاکانی چاپو بلاوکردنەوە کتێبە کوردیەکانی لی چاپ دەکەن.

بەرزان حەمەئەمین بەرپرسی ناوەندی رۆشنبیر بۆ بلاوکردنەوە ئاماژەی بەوەدا هەرچەندە بەرهەماکانیان لەدەرەوە چاپ دەکەن، بەلام نرخیان‌و جوانیان لێرە گونجاوترە، وتی "جوانی‌و هەرزانی‌و کوالیتی لەئیشی دەرەوەدا هەیە، هەندێ کتێب هەیە لەکوردستاندا ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەك چاپ بکرێن".

> جوانی‌و هەرزانی‌و کوالیتی لەئیشی دەرەوەدا هەیە، هەندێ کتێب هەیە لەکوردستاندا ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەک چاپ بکرێن

بەرپرسی ناوەندی رۆشنبیر پێیوایە وەزارەتی رۆشنبیری هیچ هەولێکی نەداوە بۆهێنانی چاپخانەی کوالێتی بەرزو مۆدێرن بۆ کوردستان "ئەوانەشی کەهەن لەدەستی حیزبەکاندان‌و کەسانی نەشارەزایان بەسەرەوەیە".

بەرزان وتی "هەندێ چاپەمەنی هەیە رەنگە دە ساڵی تر نەگاتە کوردستان".

ناوەندەکانی چاپو بلاوکردنەوە، سەرباری کاری رۆشنبیری کاری بازرگانی دەکەن، بۆیە دەلێن چاپخانەکانی کوردستان لەتوانایاندا نییە، کتێب‌و پۆستەر بە کوالێتی بەرزو بەخێرایی‌و چەندێتی زۆرەوە چاپ بکەن.

رزگار ئەحمەد خاوەنی کتێبخانەی هەورامان دەلێت بۆ ئەوەی بەرگێکی جوان بۆ کتێب دروست بکەی دەبێت بچیتە دەرەوە، "بەرگی رەق لێرە گەر بکرێن بەدەست دەکرێت جوانیش نیەو نرخەکەشی گرانە، لەدەرەوە بەئامێرو بەهەرزانیش دروستی دەکەن بۆمان".

سەرەڕای ئەوەی وەزارەتی رۆشنبیری بەپێی یاسای بودجە، سالانە بودجەیەکی بەرچاوتری هەیە لە زۆربەی وەزارەتەکان، بەلام خاوەنی ناوەندەکانی چاپو بلاوکردنەوە دەلێن نەیتوانیوە کەلێنەکەکان پربکاتەوە.

رزگار وتی" تائێستا پەنجا پێشانگای کتێبم کردووەتەوە وەزارەت هیچ هاوکاریەکیان نەکردوم".

زۆربەی ئەو کتێبانەی کەپێویستیان بە"تەجلید" واتا بەرگی رەق هەیە دەبرێنە دەرەوە بۆ چاپکردنیان.

وتی "ئێمە تائێستا کتێبەکانمان لە بەیروت‌و تاران چاپ کردوە بیریشمان لەوە کردووەتەوە کە کتێب بنێرین بۆ ولاتی میسرو چین".

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی رۆشنبیری کە لەکتێبخانەی گشتی سلێمانی بەدەستور گەیشتووە، لەسنوری پارێزگای سلێمانی لەماوەی دوو سالی رابردوودا نزیکەی دوو هەزار کتێب بلاوکراونەتەوە کەزۆربەیان لەلایەن دەزگاکانی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری‌و حیزبەکانەوە چاپکراون.

محەمەد رەوف خاوەنی چاپخانەی دیلان لەسلێمانی دەلێت بازاریان رووی لەکزی کردووە، "کتێبیەکانی وەزارەتی پەروەدە کۆمپانیاکان چاپیان دەکەن‌و ئیشی ناو بازارەکەش چاپخانەکانی یەکێتی‌و پارتی دەیانکەن".

خاوەنەکەی چاپخانەی دیلان کزبونی بازار دەگەڕێنێتەوە بۆ هەیمەنەی حیزب بەسەر ناوەندی چاپکردندا، "پارەی کارەبا مەسروفاتی زۆر هەموو شتەکان لەئەستۆی خۆماندایە بەپێچەوانەوە ئەو چاپخانانەی کە لەژێر دەستی حیزبەکاندان هەموو شتێکیان بۆ دابین کراوە".

ئاری بەکر خاوەنی چاپخانەی بینایی ئاماژەی بەوەدا کەکتێب چاپکردن کەمبووەتەوە، وتی "ئەگەر کتێب هەبێت چاپ دەکەین لەسەدا حەفتا بەجوانی دەیانکەین هەر چەندە تیراژمان لەدوو هەزار تێپەری نەکردووە بەهۆی گرانی مەسروفاتەوە".

لەئێستادا هەندێ چاپخانە لەبەبێ بازاری داخراون، چاپخانەی "تیشك" یەکێکە لەو چاپخانانەی کەداخراوە هەرچەندە لەنەوەدەکاندا کراوەتەوەو یەکێك بوو لە چاپخانە بەناوبانگەکانی شاری سلێمانی، ئاکۆ محەمەدی خاوەنی چاپخانەکە بەدەستوری وت"لەبەر بێ ئیشی چاپخانەکەم داخست".

ئاکۆ سەبارەت بەهۆکاری داخستنی چاپخانەکەی وتی "لەکاتی تەندەردا حکومەت دەلێت ئێوە بەمیزانیەکی گرانتر لەچاپخانەکانی دەرەوە کتێب چاپ دەکەن، بەو هۆیەوە من بێ ئیش دەکات".

ئاکۆ وتی "پارەی کارەبا، وەرەقە، حیبر، زەریبە هەموو لەئەستۆی خۆماندایە لەکاتێکدا چاپخانەکانی سەربەحیزبەکان بەدەرن لەم گرفتە گەورانە".

محەمەد کوردۆ بەڕێوەبەری چاپو بلاوکردنەوەی سلێمانی کەسەر بەوەزارەتی رۆشنبیرییە ئاماژەی بەوەدا کەئەوان کتێبیان نەناردووەتە دەرەوە هەندێ چاپەمەنیش لەگەلیاندا کاردەکەن، "ئەوە پەیوەندی بەدامودەزگاکان خۆیانەوە هەیە، پێمناخۆشە کەئەو چاپخانانە بێئیشن، بەلام تاکەی کتێبمان وەك کتێبی میللەتانی ترنەبێت" کوردۆ وتی.

سەرەرای بوونی چاپخانە ئەهلییەکان و بودجەی حکومەتی هەرێم، نەك کتێب لە کوردستان چاپدەکرێت و نە چاپخانەی کوالێتی بەرزریش دەهێنرێتە کوردستان.

کوردۆ وتی "لەکۆتاییدا هەر دەبێت ئامێری هاوشێوە بێتە کوردستان".

نوسەران‌و رۆژنامەنوسان بەگومانەوە لەم حالتە دەروانن، ئاسۆس هەردی نوسەرو رۆژنامەنوس بەدەستوری وت "پێم سەیرە ئەو هەموو چاپەمەنیانە هەن کەچی زۆرێك لەو شوێنانە کتێب بلاودەکەنەوە دەچن کتێبەکانیان لەدەرەوە چاپ دەکەن ئەوەندەی من ئاگادارم لەهەولێر چاپخانەیەکی ئێجگار گەورە هەیە لەسلێمانی چاپخانەی پەروەردە هەیە ئەی باشە ئەگەر ئەم چاپخانانە بەکەلکی کتێب نایەن لەئەساسدا بۆچی کراون، کەبەپارەی حکومەت کراون، ئەگەر بەکەلکیش دێن بۆچی ئەم پارەیە بچێتە دەرەوە من لەم نهێنیە تێناگەم".

ئاسۆس هەردی دەلێت "هەق وایە هانی کەرتی تایبەت بدرێت کەئەم ئیشە بکات، کەرتی تایبەتیش کێشەکەی ئەوەیە کەبازارەکەی لەلایەن حیزبەکانەوە ئیحتیکارکراوە".



بۆچی ئەم پارەیە بچێتە دەرەوە؟ فۆتۆ: بیلال جەعفەر

# دوای فرۆشتنی منداڵەکانی دەستگیر کرا!

## ئەو ژنانەی بەتۆمەتی تیرۆر دەستگیرکراون چیرۆکی ژیانیان دەگێرنەوە

کانی کەمال لەکەرکوك

ئەو ژنانەی بەتۆمەتی کاری "تیرۆر" دەستگیرکراون، لەچاوەروانی دادگایکردندان‌و ئاماژە بەوە دەکەن ئەوان پەیوەندیان بە تیرۆرەوە نیەو چیرۆکی ژیان‌و دەستگیرکردنیان دەگێرنەوە.

لەدوای هاتنی هاوپەیمانان بۆ عێراق، تەقینەوەکان بەشێکبووە لەژیانی رۆژانەی خەلك‌و چەندین گروپ‌و کەس تۆمەتبار دەکرێن بەئەنجامدانی ئەو کردەوانە، چەندین ژنیش بە تۆمەتی "تیرۆر" دەستگیرکراون.

(أ.م.ع) ژنێکی عەرەبی ناوچەی تەلەعفەرە پەر لە سێ مانگ لەکەرکوك لەگەل مێردەکەی لەناومالدا گیراوە، پاش ئەوەی هێزە ئەمنییەکانی شارەکە کۆمەلی کەرەستەی تەقینەوە لەمالیان دەدۆزنەوە.

(أ.م.ع) کە لەدایکبووی ١٩٨٢، تائێستا لەژێر لێکۆلینەوەدایە، دەلێت ئەو ئاگاداری ئەوە نەبووە کە پیاوەکەی "تیرۆریستە" .

بەپێی قسەی (أ.م.ع) بەر لە چوار مانگ لەموسلەوە بەهۆی بێکارییەوە لەگەل پیاوەکەی هاتوونەتە کەرکوك.

بەپێی قسەی مفەوەزێکی پۆلیسی بەشی ژنان لەبنکەی گرتن‌و گواستنەوەی کەرکوك، کەنەیویست ناوی بلاوبکرێتەوە کەرەستەی تەقینەوە لەمالەکەی ئەو ژنەدا گیراوە، وتی"هەموو جارێك وتەکانی دەگۆرێ بۆ بازدان لەسەر راستییەکان".

ئێستا (أ.م.ع) لەناو زینداندا سکی پرە، بەلام گرێبەستی هاوسەرگیری نیە لەگەل پیاوەکەی، پیاوەکەشی لەهەمان کات لەگرتووخانە بەندکراوە لەکەرکوك بەتۆمەتی "تیرۆر"و بە"ئەمیری تیرۆریستەکان" ناسراوە.

بەشی ژنان لەبنکەی گرتن‌و گواستنەوەی کەرکوك ئێستا ١٧ ژنی تێدایەو بەتۆمەتی جۆراو جۆر گیراون، ١٠ لەو ژنانە بەلەسێدارەدان دادگایی کراون، ٧ ژنەکەی تریان تائێستا چاوەرێی دادگایی کردن دەکەن.

ئەو ژنانەی بەتۆمەتی کارێکی نایاسایی دەستگیردەکرێن لەهیچ جیگەیەکی لێکۆلینەوەو بنکەی پۆلیس بەند ناکرێن، راستەخۆ دەگوازرێنەوە بۆئەم گرتووخانەیە تاوەکو لەوێوە رەوانەی ئەو گرتووخانەیە بکرێت کەحوکمەکەی تیاجێبەجێدەکرێت.

(أ.ع.ع) ژنێکی دیکەیە لە گرتوخانەیە، ئەم ژنە لە عەرەبە "دەهەزاریەکان"ی کەرکوکە کە لەسەردەمی رژێمی سەدام لەسالی ١٩٩٤ لەبەغداوە بەبنەمالەوە هاتونەتە کەرکوك، لەگەرەکی "حی الندا" نیشتەجێن کەگەرەکێکە تەواوی دانیشتووەکەی لەو عەرەبانەیە کە لەخوارووی عێراقەوە لەچوارچێوەی سیاسەتی تەعریبکردنی کەرکوکدا هاتوونەتە کەرکوك.

(أ.ع.ع) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو لەمالە دراوسێیەکەیان دانیشتووە لەگەل ژن‌و پیاوی ئەو مالە، لەناکاو ئاسایشی شارەکە هاتوون پیاوی ئەو مالەیان گرتووە ئەمیشیان لەگەل ئەواندا گرتوون، وەك خۆی دەلێت "نازانم لەسەر چی گیراوم".

"أ.ع.ع" خاوەن ٤ منداڵەو ماوەی سێ مانگە زیندانی کراوەو تاوەکو ئێستا دادگایی نەکراوە، دەلێت "من متمانەم بەخۆم هەیە کە هیچم نەکردووەو کاتێ دێت دەربچم لێرە".

سەبارەت بەوەی چی وادەکات ژنان هەستن بەکاری "تیرۆریستی" (أ.ع.ع) هەندێ هۆکار هەیە وادەکات ژنان ناچار بکات کاری تیرۆریستی بکەن گرنگترینیان "بێکاریەو پێویستبوونی بەپارەیە بەتایبەت ئەگەر خاوەن منداڵ بێ".

(أ.ع.ع) وتیشی"من ئێستا خەیالم هەر لای منداڵەکانمەو ئومێدەوارم لێرە دەربچم‌و بگەرێمەوە ژیانی ئاسایی خۆم".

(م.ع.ح) ژنە عەرەبێکی خەلکی سوریایە لە گرتوخانەی کەرکوك، تەمەنی ٢٧ ساڵە، بەقسەی خۆی شووی بەکەسێکی عێراقی کردووەو پێنج ساڵ بەر لەئێستا هاتووەتە عێراق‌و نەیزانیوە خێزانەکەی "تیرۆریستە" پاشتر بۆی ئاشکرابووە یەکێك بووە لە"ئەمیرەکان".

(م.ع.ح) چیرۆکی ژیانی خۆی بەم شێوەیە گێرایەوە، "من شووم بەئامۆزای خۆم کردبوو لەسوریا، پاش ماوەیەك لە هاوسەرگیریمان داوای ئەوەی لێکردم کاری لەشفرۆشی بکەم ئەوەبوو ئەو داوایەم رەتکردەوە، کێشەکەمان بەجیابوونەوە کۆتایی هات، دوو منداڵم لەو ئامۆزایەم هەبوو لێمسەندەوە، پاش ماوەیەك کەسێکی عێراقیم ناسی لەسوریا بەلێنی زەواجی پێمداو پەیوەندی لەگەلمدا بەست، لەگەلیدا هاتم بۆ عێراق بەبێ ئەوەی گرێبەستی زەواجم بۆ بکات، بەلێنیدا لەعێراق بۆم بکات، ئەوەبوو کەهاتینەوە بۆ عێراق کۆمەلی کێشەی بۆ دروستکردم سەرەتا لەبەغدا هەردوو منداڵەکەمی فروشت، پاشتر هەر کێشەمان بوو، ئەو پیاوە کەنازناوی " ئەبو درع "ی لەخۆنابوو، یاریدەدەری بەرێوەبەری بنکەیەکی پولیس بوو لەتکریت، هەر لەپاش جیابوونەوە لێی بەماوەیەك هاورێیەکی خۆی زەواجی لەگەل کردم‌و منداڵێکم لێیبوو، جگە لەمن دوو ژنی دیکەی هەبوو، بەم شێوە مامەوە، دواتر بیانوی بۆدروستکردم بۆ ئەوەی دەستبەرداربێ لێم‌و چوو بۆ کوردستان خەبەری لێدابووم گوایە من لەسوریاوە هاتووم بۆ ئێرە بۆکاری تەقینەوە، من "ئەبو درع" ناسنامەکەی گۆرێبووم لەسورییەوە بۆ عێراقی‌و تەنانەت ناویشمی گۆرێبوو لە(ع) بۆ (م) ئیتر ئێستا لەسەر دوو تۆمەت لێرەم یەکێکیان لەسەر تەزویرکردنی ناسنامەیەو ئەویتریش تیرۆرە کەمن کاری لەو جۆرەم نەکردووە.

"ئەو سێ ژنە تیرۆریستە هیچ کامیان دانیان بەتۆمەتەکەیاندا نەدەنا، بەلکو خۆیان بەبێ تاوان لەقەلەم دەدا، ئەمە حالی هەموو ئەو گرتوانەیە کەلەوێ بەندن، لەکاتێکدا بەبەلگەوە ئەوان گیراون وەبەپێی مادە یاسایەکان فەرمانی گرتنیان بۆ دەرچووە" ئەمە قسەی کچە مفەوەزی بەشی ژنانی بنکەی گرتن‌و گواستنەوەبوو، وتی "رۆژانە جۆرەها حالەتی تاوانباریمان بۆ دێن لەبنکەکانی پۆلیسی کەرکوك وەك تەزویر، رفاندن، کوشتن، تیرۆرو لەشفرۆشی، لێرە دەمێننەوە تاوەکو ئەوراقیان تەواو دەبێ‌و لێکۆلینەوە لەگەلیان دەگاتە ئەنجامێك یان تاوانەکە لەسەری دەسەپێ یان بەر دەبێ‌و بێتاوان دەردەچێت".

عەقید خورشید حەمید مەجید ئامر بنکەی گرتن‌و گواستنەوە لەکەرکوك دەلێت لەبەری ئەوەی ئەوان لایەنی لێکۆلینەوە نین، نازانن ئەو کەسەی دەستگیر دەکرێ‌و دەیهێنن بۆ لایان لەسەر چی گیراوە، "تەنها دەزانین ئەوە لەسەر ئەو تۆمەتە، بەپێی ئەو مادە یاساییە گیراوە ئیتر ناوەرۆکی تۆمەتەکەی ناپرسین، چونکە ئەوە کاری ئێمە نیە".

تۆمەتبارەکان لەو بنکەیە دەمێننەوە تاکو حکومدەدرێن یان ئازاد دەکرێن، عەقید خورشید وتی "کاری ئێمە تەنها دابینکردنی شوێن‌و کەرەستەی پێویست‌و پێداویستیە بۆیان، رێیان پێدەدەین هەفتەی دووجار کەسوکاریان هاتوو چۆیان بکەن، لایەنی پزیشکیان بۆدابین دەکەین‌و ناهێلین پێویستیان بەهیچ ببێ تاوەکو دەگوازرێنەوە بۆ ئەو گرتووخانەیەی حوکمەکەی تیا بەسەر دەبات، وەکو گرتووخانەی چەمچەمال‌و بادوش‌و بەغداو سوسێ".



ژنان لە کردەوە تیرۆریستیەکانەوە دەگلێن فۆتۆ: کانی

# تاقیکردنەوەکان بەکۆمەڵێک کەموکوڕییەوە کۆتاییهات

## "تەنیا پرسیارەکانی پۆلی ١٠و١١ ی زمانی کوردی ١٧ هەڵەی تێدابوو"

نەجات ئەحمەد لەهەولێر

پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم-خولی یەکەمی سالی ٢٠٠٩-٢٠١٠ کە دەکاتە تاقیکردنەوەکانی نیوەی سال، بەکۆمەلێك کەموکورییەوە کۆتاییهاتوو بووە جێگەی نیگەرانی بەشێکی زۆری مامۆستایان، بەرپرسانی پەروەردەش لە رێگەی لێژنەی هەلسەنگاندنی ئەزموونەکانەوە خەریکی ئیجرائاتن.

دوای ئەوەی بەهۆی پەیرەوکردنی سیستەمی تازەی وەزارەتی پەروەردە، تاقیکردنەوەی نیوەی سال، بووە تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەمی خولی یەکەمو لەسەرجەم بەرێوەرایەتی پەروەردەکان لەقۆناغی ئامادەییەکان بەشێوەی کۆنترۆل مامۆستایان پشکنینی دەفتەری قوتابییەکانیان کرد، ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستایان لەسەر شێوازو چۆنیەتی هێنانەوەی پرسیارەکانی ئەو خولە گلەییان هەبوو.

مامۆستا هادی محەمەد کە لەیەکێك لەقوتابخانەکانی ناو شاری هەولێر وانەی بیرکاری دەلێتەوە وتی "جگە لەلایەنی تەکنیکی لایەنی زانستی پرسیارەکانیش زۆر لاواز بوو".

مامۆستا هادی ئاماژەی بەوەدا کەوا پرسیارەکانی بەشێوەیەکی چروپر نووسرابوون‌و زۆر بەزەحمەت قوتابی دەیتوانی پرسیارەکان لەیەکتر جیابکاتەوەو لایەنی زانستیشی باش نەبوو، لەبەرئەوەی زۆربەی پرسیارەکان لەبەشی ١و ٢ هاتبووەوە کەچی ئەوان بە ئێمەیان وتبوو تا بەشی ٣ داخیلە".

مامۆستایانی ئامادەیی باسیان لەوەدەکرد، دەبوایە شێوازی پرسیارەکانیش لەگەڵ گۆرینی سیستمەکە یەکی بگرتایەتەوەو مامۆستای باش‌و بەئەزموون ئاگادار بکرانایەوە بۆ دانانی پرسیارەکان.

مامۆستا دلاوەر ئاماژە بەوەدەکات لەسنوری پەروەدەی خەبات تەنانەت پرسیارەکانیش بەهەلە هێندراپوونەوە، لەوانە نزیکەی ١٥ خالم تەنیا لە پرسیارەکانی پۆلی ١٠و١١ گرتووە، بەنیازین بەنوسراوێك بۆ پەروەدە رەوانی بکەم.

مامۆستا دلاوەر وتی "ناونیشانی پرسیار بەهەلە هاتبوو لەپۆلی ١١ی ئامادەیی، دارشتنەکەش لەیەك بابەت باسی سێ بابەتی کردبوو کە بۆ قوتابی زۆر زەحمەت بوو، ئەمە جگە لەوەی چەند یاسایەکیش بەهەلە هێندرابوویەوە".

مامۆستا دلاوەر وتیشی "یەکێك لەپرسیارەکان ژماردن بوو، خۆی ٧ خال بوو کەچی لەسەر ٥ نمرە بوو، بۆیە ئەو مامۆستایەی کە دەیپشکنی، نەیدەزانی چۆن نمرەکان دابەش بکات، بەناچاری بەپێی میزاج‌و ویژدانی خۆی نمرەکانی دابەش دەکرد".

زۆربوون ئەو گلەییانەی کە مامۆستایانی ئامادەیی لەسەر شێوازی هێنانەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم لەبەرێوەبەرایەتی پەروەردەکانیان دەکردو پێیان وابوو ئەوان کەمتەرخەم بوون لەهەلبژاردنی ئەو کەسانەی کە پرسیاریان داناوە.

بەهۆی ئەوەی کە بۆ ئەم خولە پرسیارەکان بەشێوازی کۆنترۆل لەلایەن مامۆستای چوار تا پێنج قوتابخانەی نزیك یەکتر دەپشکنراو بەرێوەبەری یەکێك لەقوتابخانەکان دەبوە بەرێوەری ئەو کونترۆلە.

بەپێی ئەو بەدواداچوونەی رۆژنامەی دەستوور کردویەتی لەسەر ئەو قوتابخانانەی کە بوونەتە کۆنترۆل بۆ قوتابخانەکان، بەرێوەبەرەکان پیانوابوو کەوا زۆر کەمتەرخەمی بەدی دەکرێت، بۆیە یەکێك لەبەرێوەبەرەکان کە لەهەمان کاتیش بەرێوەبەری ئامادەییەکی کورانەو پێی باش نەبوو ناوی بنووسین وتی "کورە بەخوا ئەگەر بەرێوەبەری کۆنترۆل پارەی تێدا بوایە بەو ئاسانییە بەئێمە نەدەدرا، لەبەرئەوە بەلاشە بۆیە بەملی ئێمەیانەوە کردوە".

لەکاتی سەردانیکردنمان بۆ یەکێك لەو قوتابخانانەی کۆنترۆلی تاقیکردنەوەکانی تێدا دەکرا، مامۆستا فەرهاد محەمەد کەوانەی زمانی ئینگیلزی لەقۆناغی ئامادەیی دەلێتەوە هاتە پێش‌و وتی "کاکە پرسیارەکانی E لەباتی ئەوەی لەسەر ٥٠ بێتەوە لەسەر ٥١ هاتبوویەوە، بۆیە بووە گرفت بۆ ئەو مامۆستایەی کەدەفتەرەکانی دەپشکنی، بۆ نموونە قوتابیەك لەسەر ٥١ ، ٥٠ی هێنابوو نەماندەزانی چەندی بۆ دابنێین، ئەمە جگەلەوەی پرسیار بەهەلە هێندرابۆوە، لەوانە لەسەرەتای پرسیارەکان لەبری ئەوەی بنووسرێت (first sitting) کەبەمانای خولی یەکەم دێت نووسرابوو (first setting) کەبەمانای بارودۆخ‌و رێکخستن دێت، ئیتر من نازانم ئەو هەلانە وامامۆستا کردویەتی ئەی چۆن بەسەر سەرپەرشتیارەکاندا تێپەریوە".

لەهەمان ئەو قوتابخانەیە مامۆستا بێستون کە مامۆستای زمانی عەرەبیە دەیوت "پرسیاری تاقیکردنەوەی ئایینی خوێندنی ئێوارانیان بۆ خوێندنی بەیانیان هێنابوویەوە".

هەر لەسەر هەبوونی کەموکورییەکان مامۆستای زمانی کوردیش وتی "کاتێ کاتژمێر (٨:٣٠) پرسیارمان کردەوە کە لەپەروەردەوە بۆمان هاتبوو بینیمان لەبری زمانی کوردی پرسیاری ئابووری تێدایە، بۆیە تا کاتژمێر ١٠ش نەمان توانی پرسیار بۆ قوتابییەکان پەیدا بکەین ناچار بەتەلەفۆن دارشتنەکانمان لەقوتابخانەی تر وەرگرت تا پرسیارمان بۆ فۆتۆکۆپی کردن".

دەربارەی ئەو هەڵانەی لەتاقیکردنەوەکان‌و ئەو گلەییانەی مامۆستایان، پەیوەندیمان کرد بەمامۆستا پاکیزە تەلعەت بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر، لەمبارەیەوە بەدەستووری راگەیاند "لەدوای زانینی کەموکوریەکان لەسەر شێوازی هێنانەوەی پرسیارەکان لەسەرجەم بەرێوەبەرایەتی پەروەردەکانی سنوری بە رێو ە بە را یە تییە کە ما ن و بیستنی هەموو ئەو گلەییانەی لەسەر پرسیارەکان، ئێمە لەرێگەی لیژنەیەکەوە بەدواداچوونمان بۆ کردووەو خەریکی لێکۆلینەوەین، بێگومان لەکۆتاییشدا هەلسەنگاندن بۆ پرسیارەکان دەکرێت‌و سزای خۆیان وەردەگرن".

بەرێوەبەری پەروەردەی گشتی هەولێر وتیشی "بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەزمونەکانیش لەوەزارەت کە بەرپرسی راستەوخۆیە کار لەسەر ئەو کەموکورییانە دەکات ئەوکات هۆیەکان‌و ئەنجامەکەشی رادەگەیەنین، هیچ کارێکیش



پرسیارەکانی ئینگلیزی لەباتی ئەوەی لەسەر ٥٠ بێتەوە لەسەر ٥١ هاتبۆوە.

فۆتۆ: ئاکۆ محەمەد

# خوێندکاران لەخواردنی کافتریاکان دەتۆرێن

## گرانی نرخی خواردنی کافتریاکان بازاڕی خواردنگەکان بەرزدەکاتەوە

محەمەد عەبدوڵڵا لەسلێمانی

خوێندکاران دەڵێن بەهۆی گرانی نرخەکان و کەموکوری کافتریاکانی زانکۆی سلێمانییەوە، لە خواردنگەکانی دەرەوەی زانکۆ نان دەخۆن.

ئەیوب محەمەد خوێندکاری زانکۆ لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان وتی "خواردنەکانی ناو زانکۆ گرانترن بەبەراورد لەگەڵ خواردنەکانی دەرەوە".

ئەیوب دەڵێت ئەگەر خوێندکارێك بیەوێت لەناو زانکۆدا ژەمێك نان بخوات لانیکەم ٣ هەزار دیناری دەوێت، بەڵام لە دەرەوە بەنرخی هەرزانتر دەستی دەکەوێت، "هەندێك جۆر خواردنی ناو زانکۆ باش نییەو پلەی گەرمی‌و ساردی خواردنەکان رەچاو ناکرێت".

لەزانکۆی سلێمانی هەزاران خوێندکار دەوام دەکەن، تەنها دوو کافتریاو خواردنگەیەکی تێدایە، کە خوێندکاران بە خواردنەکانیان و نرخەکانیان قایل نین.

هاورێ مەحمود خوێندکاری زانکۆ لەکۆلێژی زانست ئاماژە بەوەدەدات چەندین هۆکاری جیاجیا وای لەخوێندکار کردووە لەدەرەوەی زانکۆ نان بخوات، لەوانە گرانی نرخی هەندێك جۆری خواردن‌و نەبوونی هەندێك جۆری خواردن کەخوێندکار ئارەزووی خواردنیانی هەیە.

هاورێ پێیوایە حەزو ئارەزووی خوێندکارو عادەت وای لەبەشێکی زۆری خوێندکاران کردووە لەدەرەوە نان بخۆن.

کافتریای زانکۆی سلێمانی سالانە لەرێگەی تەندەرەوە دەدرێت بەکرێ، دواتریش وەك لیژنەی سەرپەرشتی کافتریاکانی زانکۆ کەپێکدێت لەنوێنەری خوێندکاران‌و مامۆستایان‌و فەرمانبەران‌و کارگێری زانکۆ، ئاماژەی پێدەدەن هەفتانە سەردانی کافتریاکانی زانکۆ دەکەن بەمەبەستی چاودێری کردنی کارەکانیان.

سامان هەمزە نوێنەری خوێندکاران لەو لیژنەیە رایگەیاند "ئەو خوێندکارانەی دەچنە دەرەوەی زانکۆ بەشێکی زۆریان بەئارەزووی خۆیان دەچن، وتیشی "خواردنەکانی زانکۆ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ خواردنەکانی دەرەوە نییەو بەردەوام لەژێر چاودێری تەندروستی دایە".

نوێنەرەکەی خوێندکاران لەو لیژنەیە ئاماژەی بەوەش کرد کاردەکەین بۆهێنانەدی داواکارییەکانی خوێندکاران، بۆیە هەر خوێندکارێك داواکارییەکی هەبێت دەتوانێت پێشکەشی لیژنەکەی بکات، دوای پەسەندکردنی لەلایەن کافتریاکانەوە جێبەجێ دەکرێت.

سامان وتی "خوێندکاران‌و مامۆستایان‌و فەرمانبەران هەر تێبینیەکیان لەسەر جۆرو نرخ‌و ئاستی پاك‌و خاوێنی‌و هەرشتێکی تری کافتریاکانی زانکۆ هەبێت، دەتوانن ئێمەی لێ ئاگادار بکەنەوە".

سامان هەمزە ئەوەشی خستەروو بەدوای داواکارییەکانی خوێندکاراندا دەچن بۆ کەمکردنەوەی نرخەکان‌و باشترکردنی کوالیتی خواردنەکان.



نۆکاو خوێندکاران دەهێنێتە دەرەوەی زانکۆ

فۆتۆ: کارۆخ

جیهان بینی پەروەردە

فایەق سەعید



# پرۆسەی بیرکردنەوە لەلای منداڵ

بیرکردنەوە تێرمێکی گشتییەو هەموومان رەنگە ئەوە بزانین کە چییە، بەڵام رەنگە قۆناغەکانی بیرکردنەوە بەلای هەموومانەوە روون نەبێت، لەم هەفتەیەدا لەسەر لایەنێکی زۆر بچوکی پرۆسەی بیرکردنەوە لەلای منداڵان رادەوەستم.

هیچ کەس لەئێمە ناتوانێت ئەو سیماو تایبەتمەندێتییە گرنگە لەمنال وەربگرێتەوە کە ئەویش وەکو هەر بوونەوەرێکی گەورەی دیکە توانای هەیە بیربکاتەوە، بیرکردنەوە پرۆسەیەکی فرەرەهەندیەو خاوەنی یەك ستروکتورە، بەڵام لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە قۆناغەکانی لەیەکدان‌و لێکترازانی فاکتەرەکانی بیرکردنەوە جیاوازی هەیە.

بەشێوەیەکی دی گەورەکان‌و منداڵانیش وەکو یەك لەبارەی فاکتێکی دیاریکراوەوە پرسیار دەکەن‌و بیردەکەنەوە، بەڵام دەرەنجامەکانی ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی لۆژیکی جیاوازییان هەیە، ئەو فاکتەرانەی یا ئەو کەرەستەو ئامرازانەی هەردوولا دەیانخەنە ناو پرۆسەی بیرکردنەوەوە یا بۆ گەشتن زانستەکان‌و بینینی فیلم‌و ...هتد لەلای لایەنی یەکەم وادەکات ئامرازو فاکتە بەکاربەدەرەنجامەکانی بەکاری دێنن جیاوازییان هەیە. ئەگەر پرسیارێك زانستەکان‌و بینینی فیلم‌و ...هتد لەلای لایەنی یەکەم وادەکات ئامرازو فاکتە بەکارلەیەکێکی ٣٠ ساڵەو منداڵێکی ٥ ساڵە بکەین، پرۆسەی بیرکرنەوە لەلای هەردوولا دەستپێدەکات، زانیارییەکانی پێشوتر کە لەئەنجامی خوێندنەوەو چاوگێران بەتاقیکردنەوەو شیتەلکردنەوەی زانستەکان‌و بینینی فیلم‌و ...هتد لەلای لایەنی یەکەم وادەکات ئامرازو فاکتە بەکارهێنراوەکان لەپرۆسەی بیرکردنەوەکەدا لەئاستێکی بەرزابن‌و بەشی ئەوە بکەن کەوەلامێك برەخسێنن بۆ زۆربەی یا هەموو ئەو پرسیارە پاشکۆیانە کە لەبەردەوامی پرۆسەی بیرکردنەوەکەدا لەوانەیە بێنە ئاراوە، لەلای لایەنی دووەمیش فاکتە بەکارهێنراوەکان بریتین لەو زانیارییانەی کەبەشی هەرە زۆریان لەوانەیە بریتیبن لەو زانیارییانەی کە لەیادەوەریی منداڵدا تا ئەو تەمەنە کەلەکە کراون، نابێ ئەوەشمان لەیادبچێت کەفاکتە بەکارهێنراوەکان رۆڵێکی گرنگ لەشیکردنەوەی ئەو زانیارییانەدا دەبینن، بۆیە دەرەنجامەکان بەدوو شێوەی جودا بەرجەستە دەبن، لایەنی یەکەم پشت بەفاکت‌و زانیارییەکان دەبەستێت، بەڵام وەڵامی منداڵێکی ٥ ساڵە پشت بەیادەوەری‌و لۆژیك دەبەستێت، لەلای منداڵان لۆژیك بەشێکی گرنگی پرۆسەی بیرکردنەوە پێکدێنێت.

لێرەدا شارەزابوون لەهەندێك تێرمی دەروونناسی وەك گەشەسەندنی مەعریفی، ستروکتوری مەعریفی، ئۆپەراسیۆن‌و هێلکارییە مەعریفییەکانی مێشك ... هتد بەرچاورونیەکی زۆر باشمان پێدەبەخشێت‌و کاری تێگەیشتن لەم پرۆسەیە لەلای منداڵان بۆ ئێمە ئاسانتر دەکاتەوە.

فرۆیدو پیاژێ دوو تێروانینی هاودژیان لەبارەی بیرکردنەوەو هەستی منداڵ هەیە، فرۆید پێی وایە منداڵ لەبیرکردنەوەدا جیاوازە لەئێمەی گەورە، بەڵام هەمان هەستی ئێمەی هەیە، لەلای پیاژێ دەقاودەق پێچەوانەکەی دروستە، واتە لەهەستدا جیاوازە لەئێمە، بەڵام لەبیرکردنەوەدا وەکو ئێمە وایە، بەڵام بەشێوەیەکی تەواو جودا لەگەورەکان شیکاری بۆ شتەکان دەکات‌و تێگەیشتنێکی زۆر جوداشی لەبارەی جیهانەوە هەیە، واتە بەشێوەیەکی حەرفی ئەوان فەلسەفەیەکی دیکەیان هەیە.

پیاژێ بەشیکردنەوەی خاڵە سەیرەکانی جیهانی منداڵەوە یا وەکو خۆی پێی خۆشە جیهانبینی منداڵەوە ناوەستێت، بەڵکو لەهەولێکی بەردەوامدا بووە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو بیرکردنەوانەی بوونە هۆی بەرهەمهێنانی ئەو جیهانبینیە، لەلایەکی دیکەوە لەهەولی بەردەوامدا بوو بۆ ئەوەی ئەو شیکردنەوانە ببەستێتەوە بەزانستی دەرونناسی‌و دەرەنجامەکانی لەبواری پەروەردەناسیدا بەکار بێنێت یا بەشێوەیەکی دیکە وەکو کارل مارکس نەیدەویست بەتەفسیرەوە بوەستێتەوە، بەڵکو هەنگاو بەرەو گۆڕان بنێت.

لەکتێبێکی جەیمس ولیامدا مرۆڤ ئەوە دەخوێنێتەوە کەمناڵێکی کەرو لال لەمێشکی خۆیدا واتێگەیشتووە کەهەتاو، مانگ وەکو دوو خوداوەند لەهەموو جێگایەدا هەمیشە بەدەوری ئەوەوە دەسورێنەوە، ئەم تێروانینە مەعریفییەی منداڵ پەیوەندی بەجیهانبینی منداڵەوە هەیە لەبارەی ژیان‌و هەرخۆشی لەم جیهانبینیەوە باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە چ شتێك گیانلەبەرەو چ شتێك گیانلەبەر نییە، ئەم جیهانبینیەی منداڵ لەپارا دروست نەبووە، بەڵکو لەئەنجامی تێگەیشتنێکی منداڵەوە هاتووە لەدوو بابەتی گرنگ کە یەکەمیان ئەنیمیزمەو دووەمیشیان ئارتیفیسیالیزم یا دەستکردسازییە، واتە بەلای منداڵەوە هەموو شتە گیانلەبەرەکانی وەکو بەردو پاسکیل هەوریش خاوەنی هەندێك تایبەتمەندێتی‌و رووکەشن کەشتەکانی دیکە هەیانە، بەڵام چ شتێك بریار دەدات شتێك گیانلەبەر بێت یا نا ئەوە بابەتێکی دیکەیە لەجیهانبینی منداڵاندا.

منداڵ توانای ئەوەشی هەیە کە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کەخودی منداڵەکان دەیکەن‌و گەورەکان بەهیچ شێوەیەك توانایان نییە وەڵامی بدەنەوە، بۆ نمونە بۆچی خوێن سوورە؟ بۆچی ئاو بێرەنگە؟ بۆچی ئاو شلە؟ بۆچی بەرد رەقە؟ زۆرجار ئەو پرسیارە بێ وەڵامانەی منداڵ لەئێمەی دەکات ئەگەر بێت‌و ئێمە دووبارە لەخۆیانی بکەینەوە ئەوان وەڵامێکیان بۆیان هەیە، ئێمە نازانین بۆ خوێن سوورە، بەڵام منداڵێکی ٥ ساڵان دەڵێ لەبەرئەوەی رەنگی سوور زیاتر لەگەڵ پێستی مرۆڤدا دەگونجێت.

faiekk@hotmail.com

# کچان جگەرەکێشان تێدەپەڕێنن

## بەهۆی زیادبوونی کافتریا خێزانیەکان، کچان روو لەنێرگەلە کێشان دەکەن

فەرهاد قادر لەسلێمانی

کچان‌و ژنان روو لەنێرگەلە کێشان دەکەن‌و ئاماژە بەوە دەدەن لەهاوسەرو کەسە نزیکەکانیانەوە فێربوون، پسپۆرانی بواری پزیشکیش دەڵێن زیانەکانی کێشانی نێرگەلە لەکێشانی جگەرە زیاترە.

چەندین کافتریای تایبەت بەکێشانی نێرگەلەو کافتریای خێزانی لەشاری سلێمانی کراونەتەوە، رۆژنە جمەیان دێت لەو خێزانانەی که وەك پشوو وەرگرتن روویان تێدەکەن.

نیگا کەنەیویست ناوی راستەقینەی خۆی بڵێت، دەڵێت لەهاوسەرەکەیەوە فێربووە نێرگەلە بکێشێت، "کاتێك خەلوزم بۆ دەگەشاندەوە سەرەتا چەند جارێك بۆ سوتاندنی توتنەکە خۆم نێرگەلەکەم دەکێشاو بەو هۆیەوە فێربووم، ئێستا هەفتانە چەند جارێك بەشەو لەگەڵ هاوسەرەکەم دەیکێشین".

نیگا نێرگەلەکێشان لەلایەن کچان‌و ژنانەوە بەکارێکی ئاسایی دادەنێت، دەڵێت هیچ جیاوازییەك لەنێوان پیاو ژندا نابینێت، تا بۆ ئەوان ئاسایی بێت‌و بۆ ژنان قەدەغە.

نیگا باس لەوە دەکات تەنها لەماڵەوەو لەسەیران لەگەڵ هاوسەرەکەی یان لەگەڵ کەسە نزیکەکانیان نێرگەلە دەکێشێت، "بەهۆی خراپ تەماشاکردنی کۆمەڵگا بۆ ئەو ژنانەی نێرگەلە دەکێشن، ناتوانین بەئازادانە بیکێشین و شوێنیکی تایبەتیش نییە تا کچان‌و ژنان لەگەڵ هاورێکانیان نێرگەلەی تیادا بکێشن".



نیگا ئاماژەی بەوەدا کە "بەشێکی زۆر لەکچان‌و ژنان لەماڵەوە نێرگەلە دەکێشن، زۆربەشیان لەهاوسەرەکانیانەوە فێربوون".

بەهۆی زیادبوونی کافتریاکانی تایبەت بەنێرگەلەو کافتریاکانی تایبەت بەخێزان لەشەواندا رێژەی کێشانی نێرگەلە لەلایەن کچان‌و ژنانەوە زیادی کردووەو لەگەڵ خێزانەکاندا دەیکێشن.

ئاسۆ سابیر عەبدوڵلا لەکافیتریای شەوانی گەنجان، بەشێکی زۆر لەخێزانەکان دێنە کافیتریاکەیان، "ئەندامانی خێزانەکان پێکەوە نێرگەلە دەکێشن چ کچەکان‌و ژنەکانیش".

ئاسۆ سەبارەت بەسەردانی کچان‌و ژنان بۆ کافیتریاکەیان دەڵێت زۆرجار کچان پێکەوە دێن بۆ نێرگەلە کێشان، "چەند ساتێك لێرە قسەو باسەکانیان لەگەڵ کێشانی نێرگەلەدا تەواودەکەن، لەئێستادا ئەو دیاردەیە روولەزیادبوونەو گەنجانیش بەگشتی خەریکە لەگەڵ ئەو کارەدا رادێن‌و بەکارێکی ئاسایی دەبینن".

لەگەڵ ئەوەی ئارەزومەندانی کێشانی نێرگەلە لەهەردوو رەگەز رۆژبەرۆژ لەزیادبوندایە، بەڵام نرخی کێشانی نێرگەلەیەك لەکافیتریاکاندا لەنێوان پێنج هەزار بۆ بیست هەزار دیناره، هەرچەند بەپێی قسەی خاوەن دوکانی نێرگەلە فرۆشەکان کێشانی نێرگەلەیەك بەهەموو پێداویستیەکانیەوە تەنها (٥٠٠) دینار دەکەوێت.

فاروق رەشید خاوەنی پێشانگای (نەخلە) بۆ فرۆشتنی پێداویستیەکانی نێرگەلە، ماوەی دە ساڵە دوکانی فرۆشتنی نێرگەلەو توتنی نێرگەلەو سەرجەم پێداویستیەکانی تری نێرگەلەی هەیە، زیاتر کەلوپەلەکانی لەسوریاو چینەوە دەهێنێت.


قەترانی ناو نێرگەلە دەبێتە هۆی تووشبوون بەشێرپەنجە

فاروق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پێشتر ئەو کەسانەی دەهاتن بۆ کرینی نێرگەلەو توتن زیاتر پیاوان بوون، بەڵام لەئێستادا کچان‌و ژنانیش بەکەمی دێن‌و داوای توتن‌و نێرگەلە دەکەن بۆ ماڵەوە، "هەندێکیان هاوسەرکانیان یان کەسێکیان لەگەڵدایە، هەندێکیان دەڵێن بۆ هاوسەرەکانمان دەوێت یان دەڵێن بۆ براکەم بە دیاری بۆیدەبەم".

نێرگەلەکێشەکان پێیانوایە زیانەکانی نێرگەلە بۆ تەندروستی مرۆڤ کەمترە لەکێشانی جگەرە، بەڵام پسپۆرانی تەندروستی هۆشیاری ئەوە دەدەن کە زیانی نێرگەلە کێشان زیاترە.

بەبروای دکتۆر ئارام بارام پسپۆری نەخۆشیەکانی سنگ‌و دلبڵاوبونەوەی ئەو دەنگۆیەیەی کە گوایە کێشانی جگەرە زیانی زیاترە لەنێرگەلە، بەشێکی زۆر لەکچان‌و ژنان هانداوە روو لەو کافیتریایانە بکەن کەخێزانین‌و نێرگەلەی تیادا دەکێشرێت.

"پێویستە بزانین نێرگەلەکێشان چەندین ئەوەندەی جگەرەکێشان زیانی زیاترە، چونکە ئەو دوکەلەی بەنێرگەلە دەکێشرێت لەرێگای ئەو ئاوەوە رتوبە دروست دەکات‌و وادەکات زیاتر بکێشرێت‌و زیانی زیاتر دەگەیەنێت". دکتۆر ئارام وتی "ئەو قسانە راستنین کە دەڵێن جگەرە نیکۆتینی هەیەو نێرگەلە قەترانی هەیە لەبەر ئەوە جگەرە زیانی زیاترە، بەڵکو هەردووکیان لەتوتنەکەوە زیان دەبەخشن نەك لەکاغەزەکەوە، دواتر قەتران دەبێتە هۆی تووشبوون بەشێرپەنجە، بەڵام نیکۆتین کەسەکان مودمین دەکات لەسەر

### زیانەکانی کێشانی نێرگەلە زیاترە لە کێشانی جگەرە

# لە خۆنامۆبوونی لاو لەنێو بنەماڵەدا!

گەلاوێژ مێهفەر
بەشی دووەم‌و کۆتایی

زۆرجار جیا لەپەروەردەی نادروست، بەهۆی بوونی کێشەو دەمەقالەی نێو بنەماله بەتایبەتی دایك‌و باوك، دوبارەبوونەوەی ئەو شتە، ئەوەندە بێزاری دەکا کە لەهەموو شتێك بێزار دەبێ، حەز بەهیچ شتێك ناکا، بەشوێن جێگایەکدا دەگەڕێ کە ئارام بێ‌و بێدەنگ. قەت حەز ناکا گەر شەویش داهات بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، چونکە دەزانێ وەك هەمیشە کێشەو دەنگە دەنگی بێ هۆیە. منداڵانی نێو ئەو خێزانە هەموویان تا دێت خەمۆکتر دەبن، خۆ لەدەوروبەر دوور دەگرن، تێکەڵاو نابن، لەوانەکانیان دوا دەکەون، یاجاری واهەیە هەر نارۆنەوە بۆ قوتابخانە. لێرەدا ئەو لاوە هیچ کات خۆی لەنێو ئەو خێزانەدا نابینێتەوە، تەنانەت خوازیاری مەرگ دەکاو هیوای بەژیان نامێنێ، کەلێرەدا لەهەلەدایە، ئەو دەتوانێ لەرێگەی دەروونناس‌و راوێژکاری کۆمەڵایەتی، یا لەرێگەی کەسێکی نزیکیەوە چارەسەری کێشەکەی بکات.

ترس‌و شەرم بناغەی رووخانی خێزانە، ئەوەی کەسەری دەخا رێزو خۆشەویستیە، بەداخەوە لەلای ئێمە دایك‌و باوك شانازی بەوەوە دەکەن، کەمۆرەیەکیان لەمنداڵەکەیان کرد، لەترسان حەوت گەرەك هەڵدێت! بێئەوەی بزانێ ئەمە وا دەکا منداڵ هەمیشە خۆی دوور بگرێت، حەزی لەو شوێنە نەمێنێت، بەرقەوەو بەحەز بەتۆڵەسەندنەوە گەورە بێ‌و ناخی پڕبێ لەقین‌و ئازارو تەنیایی (مەبەستم لێدان‌و سووکایەتی بەردەوامە).

تاك کە هەستی بەهێمنی نەکرد، دەزانێ کەکەسێکی نامۆیە لەو شوێنەدا، خۆی لێون دەبێ، هەرچی دەکا خۆی نادۆزێتەوە، دەکەوێتە گێژاو، لەبەرئەوەی بواری ئەوەی بۆ نەرەخساوە کەکارێکی کرد، کارەکە کارێکی باش نەبوو، دایك‌و باوکەکە بەجێگەی لێدان، سەرکۆنەکردنی بەردەوام، جنێو ... منداڵەکەیان رێنوێنی بکەن‌و ئەمجارەش بیبەخشن، یان جاری وا هەیە بریارێك وەك هەرەشە بەسەر منداڵەکەدا دەسەپێنن، بێئەوەی توانای ئەو لەبەرچاو بگرن، کاتێك کەتێیدا سەرکەوتوو نابێ بەهیچ شێوەیەك غیرەتی ئەوەی نیە بگەرێتەوە بۆماڵەوە. بۆ نموونە قوتابیەك زیرەك نیەو لەچەند دەرس دەرنەچووە، لەماڵەوە بۆ هەرەشە کردن پێی دەڵێن "گەر دەرنەچی هەر دەتکوژین، نەیەیتەوە بۆ ماڵەوە" لێرەدا قوتابیەکە زۆرجار ناتوانێ سەرکەوتو بێ‌و لەوانەکاندا دەرناچێ. دەیەوێت بگەرێتەوە بۆ ماڵەوەو دەشترسێ، بۆیە یا لەگەڵ چەند کەس لەهاورێیانی بەترسەوە دەچێتەوە ماڵ، یان لەبەر شەرم‌و ترس ناتوانێ جارێکیتر بڕواتەوە بۆ ماڵەوە. بەداخەوە زۆر کات شاهیدی نمونەی لەو چەشنە بووینە کە ئەو کەسە یا پەنای بۆ خۆکوژی بردووە، یا ئیتر نەگەراوەتەوە ماڵەوە.

کاتێك منداڵ بەو پەروەردەوە گەورە دەبێت، دەبینین کە



کەسێکی خەمۆکە، لاوازە، توانای بریاردانی کەمە، هەست بە نامۆیی دەکات، هەمیشە ترسی هەیە کە شتێك خەڵەت نەکا، نەکا دەوروبەری رەخنەی لێبگرن‌و پێی پێبکەنن.

چۆنیەتی قسەکردن‌و دەربرینی وشەکان دەورێکی گرنگی هەیە، ئەوەتا لەسەر نەزانین‌و خراپ بریاردان چارەنووسی کەسێك‌و شێرازەی ماڵ‌و لەداهاتووشدا کۆمەڵگەتان شێواند.

چارەسەرکردنی کێشە هەمیشەییەکان زیاتر لە هەمیشە پێویستیان بەتێگەیشتنی یەکتری‌و ئیرادەی هەمەلایانە هەیە.

لەکوردستانی ئێران لەلایەك داب‌ونەریت‌و کلتورە دواکەوتوەکانی کۆمەڵگا، لەلایەکی دیکەوە یاساو رێساکانی کۆنەپەرستی دەسەڵاتی زاڵ رێخۆشکەرو هاندەرن بۆ زیاتر لەخۆنامۆبوونی لاو لەنێو بنەماڵەو کۆمەڵگادا.

یەکێکی تر لەهۆکارەکان بۆ لە خۆنامۆبوونی لاو، تەڵاقە. بەرزبونەوەی دیاردەی تەڵاق بۆتە یەکێك لە ترسناکترین کێشەکانی کۆمەڵگا، بەهۆی ئەم دیاردەوە پێکهاتەی خێزان لەبنەرەتەوە هەڵدەوەشێنێتەوە، هەرەشە لەئارامی خێزان دەکا.

جیابونەوەو لێك هەڵوەشانەوەی خێزان خەسارێکی زۆر گەورەیە کەلە کۆمەڵگا دەکەوێت. ئەندامانی کۆمەڵگا لێکتر دوور دەکەونەوە، تووشی چەندین کێشە دەبن. بەتایبەتی لەکۆمەڵگا سوننەتی‌و دواکەوتووەکان، بۆنمونە گەر کچێك دایکی تەڵاق وەرگرێت یا تەڵاق بدرێت، ئیتر ئەمە لەکەیەکە بەسەر ئەو بێ بەختەوە، خەڵکی دەڵێن "کێ نالێت ئەویش وەك دایکی نابێت!" بەراستی ئێمە بێ بیرکردنەوە هەمیشە قسانێك دەکەین، کە چارەنووسی خەڵکی بەخراپ پێ دەگۆرین.

ئەو کەسەی کەزیانی زۆرتری بەر دەکەوێت لەم نێوەدا، بەپلەی یەکەم منداڵە. ئەو هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە بۆئەم شتە روویدا، بۆ لەدایك یا باوکی دوورکەوتەوە، ئێستا وەك جاران توانای پێکەنینی نیە. گەرچی پێش جیا بوونەوەش ماڵ پر بوو لە کێشەو دەنگە دەنگ، بەڵام خۆشتر بوو لەئێستا کەهەموویان لەیەکتری دوور کەوتونەوە.

رێژەی تەڵاق لە ئێران بەرادەیەك زۆر بووە کە ١/٤ی ژیانی هاوبەش بەتەڵاق دەکێشرێت. ئەم ژمارەیە ئەوە دەگەیەنێت کەلە هەر سەد پرۆسەی هاوسەرگیری، ٢٥ یان لەیەکجیا دەبنەوە، دەبێت چەند منداڵ لەگەڵ ئەو نەهامەتیە گەورەیە بەرەو روو بن؟

زۆر هۆکاری تر وەك بێکاری، ئیعتیاد، ئایین، کەمئەندامیو... هتد وادەکەن لاوان بەرەو ون بوون‌و بێزار بوون لە خێزان رابکەن.

بەپێی راپۆرتی سایتی بۆرنای حکومەتی، نزیك بە ٣ ملیۆن کەس لەئێراندا موعتادن کەیەك ملیۆنیان تەمەنیان لەخوار ١٩ ساڵانە.

کاتێك کەلاو هەستی بەنامۆیی کرد، هەوڵدەدا بروا بۆ شوێنێك کەخۆی تێدا ببینێتەوە، کەبەداخەوە زۆرجار هەڵبژاردنی شوێنەکەی نادروستەو زیاتر لەجاران ژیانی دەشێوێنێ.

زۆرجار لەئەنجامی ئەو نامۆیی کردنە لەخێزان، دواجار بریار دەدا یا کۆتایی بەژیانی بێنێ، یاماڵەوە جێبێڵێ. کەکێشەکان لێرەوە سەرچاوە دەگرن، نەهامەتیەکان لێرە چرۆ دەکەن. چارەنووسی لاوێکی سەر لێشێواو دەبێ، لەشەقام چی بە سەردا بێ؟

بەپێی ئامارێك کەلەم دواییانەدا بڵاوکرایەوە، ساڵانە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کچ لەرێگای باندەکانی قاچاغی مرۆڤەوە بۆ وڵاتانی عەرەبی، پاکستان... هتد بە مەبەستی کاری سێکسی دەبردرێن. ماڵپەری " هم میهن" لە راپۆرتێکدا لەمەر ئەم دیاردەیە دەنووسێ، کەزۆربەی ئەو کچە ئێرانیانەی کە بۆ دوبەی‌و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بەقاچاخ دەبردرێن، تەمەنیان لە نێوان ١٠ تا ١٧ ساڵە دایە.

ئەم رێژەیە یەکجار زۆرو مەترسیدارە کە زۆربەی ئەو کچانەی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێن، هەمان کچانی راکردوو لە ماڵەوەن "دختران فراری".

لەبەر بێشوێنی‌و نەبوونی ئیمکانات پەنا بۆ زۆر کاری نابەجێ دەبەن، بەشێوەیەك کەدەتوانین بڵێین تووشی فەسادی کۆمەڵایەتی دەبن. زۆریان دەرۆنە ناو باندە لەش فرۆشەکان یاخود گروپە تیرۆریستەکان. چەندین کردەوەی چەوت‌و تاوان وەك دزی، قەتل، شەری بەردەوام، بێزار کردنی خەڵك.. ئەنجام دەدەن. کەدواجار نەزانین، لەشەقامەکانەوە بەرەو زیندان دەیان گوێزێتەوە.

بۆیە ئازیزانی کۆمەڵگەو ژیان، هەمیشە وردبینبن، لەبەرامبەر شتەکاندا کەمتەرخەم نەبن. ئەوەتا لەچارەسەر نەکردنی کێشەیەکی بچووك دیاردەیەکی ترسناکی وەك "لەخۆنامۆبوونی لاو"ی لێدەکەوێتەوە. باهەموومان لەبەرامبەر لاوەکاندا خۆمان بەبەرپرس بزانین، هاوکاریانبین‌و بۆ گەیشتن بەژیانێکی گەش‌و ئاسودە هەنگاویان لەگەڵ هەڵبگرین.

• سەرچاوە، بنەماکانی کۆمەڵناسی لاوان، وەرگێرانی یوسفی فەقێهی.

### کاتێک لاو هەستی بەنامۆیی کرد، هەوڵدەدا بروا بۆ شوێنێک کەخۆی تێدا ببینێتەوە

www.arsivakurd.org

# خانەقین بێدەرەتانەکانی ناگرێتە خۆی

## دەیان هاووڵاتی خانەقین لەسەر شەقامەکان شەوو ڕۆژ دەکەنەوەو بەرپرسانیش دەڵێن نازانین چیان لێبکەین!

**سەلام و فەرمان لە خانەقین**

ڕەشید حەسەن باجەڵانی سەرو ریش سپی بەجلو بەرگێکی دراوەوە کە چەوری‌و پەلە دایپۆشیوە، لەگەڕەکی سالح بەگی خانەقین لەپەنا دیوارێکدا لەسەر قەرەوێلەیەکی شکاو لەناو زبڵو خاشاکو مێش‌و مەگەزێکی زۆردا شەوو ڕۆژ دەکاتەوە.

باجەڵانی وەك خۆی دەڵێت هەموو تەمەنم بەکرێکاری لەخانەکەی سەعدی خانچی بەسەر بردووەو خزمەتی خەڵکی ئەم شارەم کردووە، کەچی ئێستا بەم شێوەیە "پاداشتم دەدرێتەوە!".

باجەڵانی ئێستا چاوەکانی لەدەستداوەو تەنها لەسەر قەرەوێلە شرەکەی دەمێنێتەوەو وتی"بۆ هیچ جێگەیەك نارۆم، بەنیازم هەر لێرە بەم نارەحەتیەوە بمرم".

ژمارەیەك لەهاووڵاتیانی شاری خانەقین شەوو ڕۆژ لەسەر شەقامەکان دەکەنەوەو هیچ کەسێکیان نیە پەنای بۆ بەرن، فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی‌و هیچ لایەنێکی حکومی نیە کەئاوریان لێبداتەوەو بەرپرسانیش دەڵێن نازانین چییان لێبکەین‌و بۆ کوێیان بەرین.

ڕەشید باجەڵانی ئاماژەی بەوەدا خەڵکی خێرۆمەن کە هەر ناشیان ناسم نانم دەدەنێ، جاری واش هەیە بە٢ڕۆژ پاروەە نانێکم دەست ناکەوێ بیخۆم‌و بەبرسێتیەوە دەتلێمەوە، وتیشی"تائێستا هیچ لایەن‌و بەرپرس‌و ڕێکخراوێك ئاوریان لێنەداومەتەوە".

بەپێی ئەو ڕومالەی ڕۆژنامەی دەستوور لەشاری خانەقیندا کردوویەتی نزیکەی ١٥هاووڵاتی لەپیاوو ژن شوێنی نیشتەجێبوونیان نیەو لەسەر شۆستەو شەقامەکان ژیان بەسەر دەبەن.

لەخانەقیندا فەرمانگەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی نیەو هیچ لایەنێکی حکومی نیە دەستگیرۆیی هاووڵاتیانی بێدەرەتان بکات، تائێستاش دانیشتوانی شارەکە چەندین هەولیانداوە بۆئەوەی لەڕێگەی ڕێکخراوە مرۆییەکان‌و دەزگا حکومیەکان، ئەم هاولاتیانە لەو بارودۆخە ناهەموارە ڕزگار بکەن بەلام بێسوود بووە.

لەپشت دەرگای ئاسنینی گەراجێکی پشتگوێخراوی ناوچەی پیشەسازی لەباشوری خانەقین دایکێك بەناوی فاتیمە موراد بیچان تەمەن ٢٩ساڵ‌و سێ کچی بەناوەکانی (زەهرە، بوشرا، شیرین) بەبێ ئاو، کارەبا، موچە، ڕەگەزنامە، دراوسێ‌و هاوڕێی گەڕەك‌و قوتابخانە، نیشتەجێن.



فۆتۆ: سەلام عەبدوڵا

فاتیمە بەدەستووری وت "ئێمە هیچ بەهایەکمان نییە، زیادەین‌و کۆمەڵگا پێویستییەکی ئەوتۆی پێمان نییە، بوون‌و نەبوونمان وەك یەك وایە، گەر حکومەت ناتوانێت ئیدارەمان بکات خۆ دەتوانێت ئەنفالمان بکات بۆ ئەوەی چیدی هەست بەکەمی خۆمان نەکەین".

دوای ساتێك بێدەنگی فاتیمە وتی "لەو ڕۆژانەی کە عەدنان خێروڵڵا کوژرا، من لەگەڵ دایك‌و باوکم چووین بۆ ئێران، باوکم لەکاتی ئەنفال پێشمەرگە بوو، برایەکم بەناوی نادر هەڵهاتووی جەنگ بوو، لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کوژراو باوکی مندالەکانیشم نورەدین عوسمان ئەحمەد ئیسماعیل، لەدایکبووی١٩٥٤ لەکەرکوك کۆچی دوایی کرد". جگەلەوەی لەپشت دەرگای ئەو گەراجە بێناوەوە، ئەم چوار ئافرەتە ژیانێکی تاڵ بەسەردەبەن، ڕووبەڕووی تانەو تەشەرو هەندێکجاریش ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسیش دەبنەوە.

فاتیمە باس لە حاڵەتێك لەو حاڵەتانە دەکات کە بەسەریان هاتووە، دەڵێت "لەشەوێکی تاریك، ڕووبەڕووی هەوڵی دەستدرێژی سێکسی بووینەوەو هەرچۆنێك بوو هەڵهاتین‌و خۆمان گەیاندە بنکەی پۆلیس، پۆلیسێك لەپۆلیسەکان وتی بوەستە منیش کەمێك جوڵامەوە، کەچی پۆلیسەکە تەقەی لێکردم‌و قاچێکی بریندارکردم، ئەوەش یاساو حکومەت! ئەگەر من خاوەنی مێردو ماڵ‌و کەسوکار بومایە لەڕێگەی دادگاوە مافی خۆم وەردەگرتەوە لەو پۆلیسە، بەلام ئێمە دادگاو خزمەتگوزاری شمولمان ناکات، لەبەرئەوەی ئێمە مرۆڤ نین، ئەگەر مرۆڤیش بین ئەوا کۆیلەی دەستی هەموو مرۆڤەکانی دەوروبەرمانین".

فاتیمە بێزاری خۆی لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤو ژنان‌و منالان دەردەبرێت‌و دەڵێت "زۆر تورە دەبم کاتێك ئۆتۆمبیلی ڕێکخراوێك دەبینم یان لای چایخانەیەکەوە تێدەپەرم گوێبیستی لێپرسراوێکی ڕێکخراوێکی ژنان یان مندالان یان باسکردنی مافی مرۆڤ دەبم، لەبەرئەوەی تائێستا هیچ ڕێکخراوێکی منالان بەدەنگ ٣منداڵەکەمەوە نەهاتوون، یان ڕێکخراوێکی ژنان بەدەنگمانەوە نەهاتوون لەکاتێکدا من ژنم‌و بێ کەسوکارو بێ سەرپەرشتم".

ئەحمەد سیا عەرەب یەکێکی ترە لەو پیاوانەی کە بێدەرەتانەو لەسەر شۆستەی شەقامەکان دەخەوێت‌و خێرۆمەن خێری پێدەکەن‌و خواردنی دەدەنێ، بۆ دەستوور دەڵێت: "کاتی خۆی نەوتی ڕەش‌و گازم دەگواستەوە بۆ گەرماوی (لەکلە) و(سەفەر) پاشان لەشارەوانی خانەقین‌و کفری‌و سەعدیە کرێکاریم کردووە، شوێنی نووستنم نیەو لەم گەراجە دەخەوم.

د.سابیر جیهانگیر ئەندامی خاچی سوری نێودەوڵەتی لەگەرمیان کە دانیشتووی خانەقینە سەبارەت بەهاوکاریکردنی ئەم بێدەرەتانانەی خانەقین بەدەستووری وت "کاری ئێمە وەك خاچی سووری نێودەوڵەتی بۆ کۆمەلە کەسێکە نەك بۆ چەند کەسێکی کەم، لەکاتێکدا ئەم کەسانە هەر یەکەیان لەشوێنێکن‌و ناتوانین کۆیان بکەینەوە، هاوکاریکردنی ئەو بێدەرەتانانە دەبێت لەلایەن حکومەتەوە بکرێت".

سەمیر محەمەد نوور سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی قەزای خانەقین لەو بارەیەوە بەدەستووری وت "ئێمە هیچ بودجەیەکمان لەلایەن دیالەوە پێنادرێت تابتوانین شوێنی حەوانەوە بۆ ئەو بێدەرەتانانە دابین بکەین، هەندێ جار کێشە بۆ ئێمەش دروست دەکەن، چونکە هەندێ لەو کەسانە لەبەردەم دوکان‌و ئۆتێلەکانی شاردا دەخەون‌و خاوەن ئۆتێل‌و دوکانەکانیش سکالایان لەدەست دەکەن، بەراستی نازانین چیان لێبکەین‌و بۆ کوێیان بەرین؟! پێویستە فەرمانگەی چاودێری کۆمەڵایەتی هاوکاری ئەو کەسانە بکەن‌و شوێنیان بۆ دابین بکەن، بەلام ئەو فەرمانگەیە ئەوەندە گەندەڵی تێدابوو، ئێمە بایکۆتمان کردن‌و ئێستا ئیشەکانیان ڕاگیراوەو وەك ئەوەوایە چاودێری کۆمەڵایەتی نەبێت لەخانەقین".

# چوار پارچەکەی کوردستان یەکدەگرنەوە

## ئەنتیکەخانەکەی ناو قەڵای هەولێر کەلەپوری کوردستان کۆدەکاتەوە

**گۆران وەهاب لەهەولێر**

ئەنتیکەخانەکەی ناو قەڵای هەولێر کەلەپوری هەر چوار پارچەکەی کوردستان لەخۆدەگرێت‌و خاوەنی ئەنیکەخانەکە دەڵێت هەرچەندە من بۆ پارە ئەم کارە دەکەم، بەلام تاوەکو ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هیچ هاوکارییەك نەکراوم.

خالس یونس مستەفای تەمەن ٥٤ ساڵ کە لەدایکبووی یەکێك لەگەڕەکە کۆنەکانی ناو قەڵای هەولێرەو ئەو ماڵەی تێیدا لەدایکبووە، لەلایەن باو باپیرانیەوە کراوەتە ئەنتیکەخانە، دوای مردنی باوکیشی، ئەو ئەنتیکەخانەکەی بەڕێوە بردووەو تائێستاش هەر بەوکارەوە سەرقاڵە.

خالس بەدەم کێشانی نێرگەلەوەو گوێگرتن لەگۆرانیەکانی عەلی مەردانەوە پێشوازی لەو میوانانە دەکرد کە سەردانی ئەنتیکەخانەکەی ئەویان دەکرد.

ئەنتیکەخانەکەی خالس کە لەناو قەڵای هەولێردایە، ساڵی ڕابردوو سوتا، بەوتەی خۆی بەو هۆیەوە زیانی زیاد لەملیۆنێك دۆلاری لێکەوتووە، ئەو ئێستا خاوەنی دوو ئەنتیکەخانەیە، کەیەکێکیان تائێستاش هەر لەناو قەڵادا ماوەتەوە، هەرچەند لەشوینێکی ئێجگار بچوکدایەو چەند مەترێك لەناو دەرگای گەورەی قەڵای هەولێرەوە دوورە، بەلام زۆورترین کەلوپەلی فۆلکلۆری کوردی تێدایە، جگە لەئەنتیکەخانەکەی ناو قەڵاشی، ئەنیکەخانەی ڕەنگاورەنگی لەشوێنێکی تری ناو شاری هەولێردا هەیە.

خالس، باس لەوەدەکات ئەو کارەی لەباو باپیرانیەوە بۆ ماوەتەوەو بۆ خۆیشی هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە خولیای ئەو کارەبووەو هەولی کۆکردنەوەی کەلوپەلی فۆلکۆری کوردیداوە، دەڵێت"نزیکەی ٤٠ ساڵە توانیومە هەر کەلوپەلێکی فۆلکۆری کوردی هەبێت کۆیبکەمەوە، هەرچی ئیشی دەستی هەیە لەهەر چوار پارچەی کوردستان لەناو ئەنتیکەخانەکەمدا هەڵمگرتووەو خەڵك بۆ تەماشاکردنی سەردانم دەکەن، هەروەها کەسانێکی زۆری بیانی ڕۆژانە سەردانم دەکەن‌و شتم لێدەکرن".

ساڵی ڕابردوو ئەنتیکەخانەکەی خالس دەسوتێت، بەو هۆیەشەوە بەشێکی زۆری کەلوپەلی ناو ئەنتیکەخانەکەی نامێنێ، وتی"ئەو زیانەی ساڵی ڕابردوو بەر ئەنتیکەخانەکەم کەوت بەملیۆنێك دۆلار دەخەملێنرا، چونکە هەموو کەلوپەلە فۆلکلۆرییە ڕەسەنەکان لەناو چوون، بەلام بەهۆی ئەوەی ئەنتیکەخانەی ڕەنگاو ڕەنگیشم هەبوو ئەوە وایکرد بەشێك لەکەلوپەلەکانم بۆ بمێنێتەوە".

ئەنتیکەخانەکەی ناو قەڵای هەولێر لەچەند بەشێك پێکهاتووە، وەك بەشی چنین‌و مافورو خشڵ‌و زیو، لەگەڵ وێنەی ناودارانی کوردو تابلۆ، کە مێژووی بەشێکیان بۆ زیاتر لە ٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوەو لەناو ئەنتیکەخانەکەیدا پارێزراوە.

خاوەنی ئەنتیکەخانەکە وتی"کەلوپەلە دەگمەنەکان نافرۆشین، بەڵکو تەنها بۆ نمایشکردنە، بەلام ئەو کەلوپەلانەی تر کە دروستدەکرێت بیانیەکان موشتەرییەکی باشین".

لەناو ئەو ئەنتیکەخانە بچوکەکەی خالسدا، چەندین ئامێری ڕادیۆو تەسجیلی کۆن‌و ئامێری سینەما بەدیدەکرێت کە مێژووەکەیان بۆ چەندین ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، جگە لەوەی چەندین خشڵ‌و کەلوپەلی ئافرەتانی تێدایە کە مێژووەکەیان زیاد لەسەد ساڵ دەبێت، لەهەمان ئەنتیکەخانەدا زۆرترینی ئەو کەلوپەلە فۆلکلۆرییانەی تێدایە کە بەدەیان ساڵ پێش ئێستا خەڵکی کوردستان بەکاریهێناوە.

جگە لەو کەلوپەلە فۆلکلۆرییانەی پێشتر لەلایەن خەڵکەوە بەکارهێنراوە وەك پێداویستی ڕۆژانە، ئێستا بەشی هەرەزۆریان لەناو ئەنتیکەخانەکەی قەڵای هەولێردان، چەندین جۆری چەك‌و کەلوپەلی شەڕی ئەو سەردەمانەشی تێدایە، لەوانەش برنەو یەك تیرو سێتیرو دەمانچەو خەنجەرو شمشێر لەگەڵ چەند کەلوپەلێکی جەنگی تریشدا.

ئەنتیکەخانەی ناو قەڵای هەولێر، جگە لەوەی وەك گەنجینەیەکی کەلوپەلی فۆکلۆر دەبینرێت، لەهەمانکاتدا کتێبخانەیەکی مێژوویشە، خاوەنی ئەنتیکەخانەکە، دەڵێت چەندین کتێبی سەرچاوەی مێژوویان لایە، کە بەشێکی ئەو کتێبانە بەشێوەی دەستنووس ماونەتەوە.

خالس یونس ئاماژەی بەوەدا جگە لەوەی ئەو ئەنتیکەخانەیە ڕێگەیەکە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی، لەهەمانکاتیشدا بووەتە سەرچاوەی بژێوی ژیانی چەند کەسێکی تریش کە وەك فەرمانبەر ڕۆژانە لەو ئەنتێکەخانەیەدا کاردەکەن‌و کەلوپەلە فۆلکۆرییەکان ڕێکدەخەن‌و پاکیان دەکەنەوە.

لەبارەی کۆنترین کەلوپەلی فۆکلۆریش کە تائێستا لە ئەنتیکەخانەی قەڵای هەولێردا مابێتەوە، ناوبراو، وتی"فەرش‌و سەماوەرو خەنجەرمان هەیە تەمەنیان زیاد لە ٣٠٠ ساڵە".

بەوتەی خاوەنی ئەنتیکەخانەی قەڵای هەولێر، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هیچ هاوکارییەك ناکرێن تا ئەو گرنگی زیاتر بە ئەنتیکەخانەکەکانی بدات‌و ئەو کەلوپەلە فۆلکۆریانەش بپارێزن، وتیشی "هیچ بودجەو هاوکارییەکمان لەلایەن حکومەتەوە پێنادرێت، بەشێوەی دەزگایەکی سەربەخۆ کارەکانمان دەکەین، ئیشی زیاد لە ١٠٠ سەنتەر دەکەین، سەنتەرەکان هێندەی ئێمە خۆیان ماندو ناکەن".



چەندین کتێبی سەرچاوەی مێژوویی لایە کە بەشێوەی دەستنووس ماونەتەوە

فۆتۆ: گۆران

# دەیانەوێت ببنە عێراقی

## پەنابەرانی کوردی سوریاو تورکیا داوای پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقی دەکەن

دەستوور لەدهۆك

پەنابەرانی کوردی سوریاو تورکیا داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن کەچارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوەو مافە یاساییەکانی پەنابەریتی وەربگرن، بەرپرسانی کۆچو پەنابەرانیش ئاماژە بەوەدەکەن دەبێت یان ڕەگەزنامەیان پێبدرێت یان بنێردرێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان یان وڵاتی سێیەمیان بۆ بدۆزرێتەوە.

کەمپی پەنابەرانی کوردی سوریا لەدەڤەری (مقبلێ)یە کە کەوتووەتە ڕۆژئاوای شاری دهۆكو لەساڵی ٢٠٠٤وە کراوەتەوەو ژمارەیەك خێزانی کوردی سوریای تێدا نیشتەجێیە کە لەدوای ڕووداوەکەی قامشلو لەمانگی ئازاری٢٠٠٤دا پەنایان بو هەرێمی کوردستانیان هێناوە.

جوتیار عەبدولقادر ٤٢ساڵ یەکێك لەو پەنابەرانەیەو ماوەی ٦ساڵە لەو کەمپە ژیانی خۆی بەسەر دەبات، ئاماژە بەوە دەکات ڕەوشی مرۆییان تارادەیەك باشەو دەڵێت حکومەتی هەرێمو ڕێکخراوە خێرخوازەکان یارمەتیان داوین، بەڵام "ئێمە نازانین ئایندەمان چیە، لەبەر ئەوە تاوەکو ئێستا لە ڕووی یاساییەوە هیچ مافێکمان دیار نیە، دیارینەکردنی مافەکانمان وەك پەنابەر لەلایەن ڕێکخراوی (UN)ەوە زۆر گرفتی بۆ دروستکردوین.

جوتیار ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەوان ناتوانن تێکەل بەکومەلگا ببن‌و کار لەناو دەزگا ڕەسمیەکاندا بکەن، هەروەها منداڵەکانیان ناتوانن خوێندنی خۆیان تەواو بکەن، ئەمە جگەلەوەی ناتوانن موڵكو ئۆتۆمبێلیش بکرن، لەبەرئەوەی کەبەڵگەنامەی ڕەسمیو ڕەگەزنامەی عێراقییان نیە.

جوتیار بێزارە لەوبارودۆخەی کەتێیدان‌و دەڵێت نازانین ئێمە لێرە چین، وەزعی یاساییمان چی دەبیت، چونکە تائێستا ئایندەمان دیار نیە.

نیشتمان عومەر سلێمان، پەنابەرێکی تری ئەم کەمپەیە وتی "ئێمە لەبەر کاری سیاسیو ترسی دەولەتی سوریا پەنامان بۆ ئێرە هێناوە".

نیشتمان داوای مافی پەنابەری دەکاتو دەڵێت "ئێمە داوا دەکەین مافی پەنابەرێتیمان پێببەخشرێتو لەلایەن ڕێکخراوی(UN)ەوە وەك پەنابەری سیاسی ئیعتراف بەئێمە بکرێت، هەروەها بەپێی یاساکانی ئێرەش هەولبدرێت ڕەگەزنامەو بەلگەنامەی ڕەسمیمان بۆ بکرێت، تاوەکو بتوانین بەدڵنیاییەوە هاتوچۆو ژیانی ئاسایی خومان بەڕێوە بەرین".

بەپێی ئەو ئامارەی دەست ڕۆژنامەی دەستوور کەوتووە لەدهۆکدا ١٢٠٠ خێزانی پەنابەری کوردی سوریاو تورکیا هەیەو لە ٥کەمپدا نیشتەجێبوون کە دەکەونە ناوچەکانی (موقبلی، گرێگەور، حەسەنی، مسێریك، مەلا بەروان)ەوە.

جگە لەکوردەکانی سوریا ژمارەیەك خێزانی کوردی تورکیا لەو کەمپانەدا نیشتەجێن کەهەیانە ماوەی ١٥ ـ ١٦ساڵە لەو کەمپانەدا ماونەتەوە، بەڵام تائێستا مافی وەرگرتنی پەنابەرێتیان پێنەدراوە، ئەمەش گرفتی گەورەی بۆ دورست کردوون، چونکە ناتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی ژیانی خۆیان بەرنەسەر.

محەمەد عەبدوڵا حەمو بەڕێوەبەری فەرمانگەی کۆچو پەنابەران لەدهۆك، بەدەستووری ڕاگەیاند "چەند داواکارییەکی ئەو پەنابەرانەمان پێشکەش بە UN کردووە، بۆ ئەوەی سیفەتی پەنابەریتی بدرێتە ئەو خەڵکە، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکیان نەبووە".

محەمەد عەبدوڵا هۆکاری ئەمەش بۆ خودی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بۆ پەنابەران(UNHCR) دەگێڕێتەوە کە"ئەوان وەك پێویست گرنگی بەو ئاوارانە نادەن".

ئەو بەڕێوەبەرەی فەرمانگەی کۆچو پەنابەران ئاماژە بۆ ئەوەدەکات پێدانی ناسنامەو بەلگەنامەی یاسایی بە پەنابەران بەپێی دەستوری عێراق مافێکی سروشتی خۆیانە، بەڵام ئەو مافە تەنها لەسەلاحیەتی حکومەتی فیدراڵدایە، حکومەتی هەرێم ناتوانێ ڕەگەزنامەی عێراقی بەو پەنابەرانە بدات، هەرچەندە ئێمە بەبەردەوامی داوای پێدانی ڕەگەزنامە بۆ ئەو پەنابەرانە لەدەزگاکانی UN و عێراق دەکەین.

بەڕێوەبەری کوچو پەنابەران، باسلەوەش دەکات کەدەزگاکانی حکومەتی هەرێم بەپێی توانای خۆی بەبەردەوامی هاوکاری ئەو پەنابەرانە دەکات، وەك دروستکردنی خانوو ، سەرەرای هاوکاری مرۆیی.

بەبۆچوونی بەڕێوەبەری کوچو پەنابەران چارەسەری کێشەی ئەو پەنابەرانە لەسێ خاڵدا جێگیر دەبێت، ئەوەش برپتین لە: پێدانی ڕەگەزنامەو تێکەل کردنیان بە کومەلگا، یان گەڕاندنەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان بەمەرجێك کە کەرامەتیان بپارێزرێت، یان ڕەوانەکردنیان بۆ وڵاتی سێیەم.

نیشتمان ترسی لەگەڕانەوە هەیە بۆ سوریاو دەڵێت "ڕژێمی بەعس لە سوریا، خانوو ماڵو موڵکیان لەئێمە سەندۆتەوە".

نیشتمان وتیشی"ڕژێمی سوریا هەموو شێوەکانی توندوتیژی لەبەرامبەر ئێمە بەکاردەهێنێت، داواش لە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەکەین سەردانمان بکەن‌و هاوکاریمان بکەن بۆ بەدەستهێنانی مافی پەنابەری بەشێوەیەکی یاسایی".



بەهۆی نەبوونی ڕەگەزنامەوە پەنابەران ناتوانن کاروباری ژیانیان بەڕێوەبەرن

فۆتۆ: دەستوور

# بەهەموو شارەوانی ڕانیە تەنیا یەک شۆفلیان هەیە

## گەڕەکە تازەکانی ڕانیە بەدەست کەمی خزمەتگوزاریەوە دەناڵێنن

فەرمان چۆمانی لەڕانیە

گگەڕەکە تازەکانی شاری ڕانیە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیانیان پێنەگەیشتووەو دانیشتوانی ئەو گەڕەکانەش داوادەکەن ئاوریان لێبدرێتەوەو بەرپرسانی شارەوانیش هەرچەندە دەڵێن پرۆژەمان بۆ ئەو گەڕەکانە هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ بودجەیەك بۆ ئەو پرۆژانە دانەنراوەو ئامێری پێویستیشیان نیيە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە. گەڕەکە تازەکانی شاری ڕانیە لەگەڕەکەکانی کارۆخو شارەوانیو ئاشتیو دابان‌و ئەندازیاران‌و سەردەمو کوێستان‌و بنار پێکهاتووە، ئەو گەڕەکانە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە دروست کراون‌و ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی تێدا دەژین، تائێستا بەدەست نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزاریەوە دەناڵێنن.

عەلیمە مستەفا دانیشتووی گەڕەکی کارۆخەو دەڵێت "تا بڵێی کەموکوڕیمان هەیەو ئاوو ئاوەڕۆمان باش نییە، هەموومان خەڵکی هەژارین‌و پێویستمان بەخزمەتگوزاری هەیە".

عەلیمە باسی لەوەشکرد کە قوتابخانەی منداڵەکانیان دورەو لە ڕۆژانی بارانبارینیدا دەبێت لەگەڵ منداڵەکانیان بچنە قوتابخانە، چونکە لەبەر قوڕ منداڵەکان دەرناچن‌و گەڕەکەکەیان قیرتاو نەکراوەو هاووڵاتیان خۆیان بەر دەرگاکانی خۆیان چەورێژ کردووە"

عەلیمە وتی "هیچ بەرپرسێك سەردانی گەڕەکەکەی نەکردووین‌و تائێستاش بنکەی تەندروستیمان نییەو هەروەها خۆمان بیرمان لێداوە بۆ ئاوەڕۆکانمان".

ڕزگاریش کە هاووڵاتیەکی گەڕەکی شارەوانیەو وەك عەلیمە باسی لەوەکرد" کە ئاوو ئاوەڕۆیان نییەو لەڕۆژانی باراندا لەبەر قوڕ کەس ناتوانێ بێتە دەرەوەو منداڵەکانیان ناچنە قوتابخانە".

هێرۆ ئەحمەد خوێندکاری ئامادەیی ڕانیەی کچانیش باسیلەوەکرد "لەڕۆژانی بارانبارینداو لە کاتی چوون بۆ خوێندنگا، گرفتیان بۆ دروست دەبێو هەموو لەشیان بە قوڕ پیس دەبێ".

هێرۆ داواکارە حکومەت ئاوڕیان لێبداتەوەو پرۆژەی خزمەتگوزاری بگەیەنێتە گەڕەکەکەیان‌و قیرتاویان بۆ بکات.

بەرپرسانی شارەوانی لەگەڵ ئەوەی دەڵێن پرۆژەمان بۆ ئەو گەڕەکانە هەیە، بەڵام تائێستا هیچ بودجەیەکیان بۆ تەرخان نەکردوون‌و ئاماژە بەوەدەدەن بەهۆی کەمی ئامێرەکانیانەوە ناتوانن پرۆژەکانیان بەباشی ئەنجامبدەن.

ئەندازیار بەختیار حسێن سەرۆکی شارەوانی ڕانیە بە دەستوری ڕاگەیاند "ئەو گەڕەکانە لە بەرنامەماندایە، بەڵام سەرەتا لەناوەڕاستی شارەوە دەستمان بەپرۆژەکان کردووەو بەشێکی باشمان لە گەڕەکە کۆنەکان چاککردووەو لەبەرنامەماندایە پرۆژە بۆ گەڕەکە تازەکان دروستبکەین، لەهەمانکاتدا بەشێکی ئەم گەڕەکانەش خزمەتگوزاریان پێگەیشتووەو هەندێ ئاوەڕۆو تێکەلە ڕێژی سەرەتاییمان بۆ کردون، لە پرۆژەکانی ساڵی ٢٠١٠دا بەرنامەمان بۆ هەموویان دارشتوەو پرۆپۆزەلمان بۆ ئامادەکردون‌و داومانە بەلایەنە پەیوەندیدارەکان هەرکاتێکیش بودجەیان بۆ دابینکرا، ئێمە ئامادەین بۆ جێبەجێکردنیان".

سەرۆکی شارەوانی وتیشی "ئێمە بەبەردەوامی خەریکی چەورێژ کردنی ئەو گەڕەکانەین بۆ ئەوەی ئەو هاووڵاتیانە لەناو قوردا ژیان بەسەر نەبەن، بەڵام ئەو گەڕەکانە بەرفراوان‌و بەردەوامیش لە فراوان بووندان‌و ڕێگاکەیان پێویستی بەدرێژکردنەوە هەیە، یاخود ئەو ڕێگایانە بەهۆی هەلکەندنەوە تێکدەچن".

ئەندازیار بەختیار باسیلەوەشکرد "کە شارەوانی ڕانیە ئامێری پێویستی نییە بۆ ڕێکخستنی شەقامو کۆڵانەکان‌و ئاماژەی بەوەدا کە تەنها شۆفلێکیان هەیەو فریای هەموو کارەکان ناکەون‌و چەندین جاریش داوای ئامێریان کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە ئەوەش گرفتی بۆ شارەوانی ڕانیە دروست کردووە".



تەنها شۆفڵێك بەرگەی کەموکوڕییەکان ناگرێت

فۆتۆ: فەرمان چۆمانی

# بۆنی مەیدانی ئاژەڵان هەراسانت دەکات!

## خەڵکی قەزاو ناحیەکان داوادەکەن مەیدانی ئاژەڵان ببرێتە دەرەوەی ماڵەکانیان

پەیامنێرانی دەستوور

مەیدانی ئاژەڵ فرۆشتن لەزۆربەی قەزاو ناحیەکاندا بەهۆی نەبوونی شوێنی گونجاوەوە خەڵکی بێزار کردووەو بەرپرسانیش بۆچوونی جیاوازیان هەیە بۆ گواستنەوەی ئەو مەیدانانە.

لەسەید سادق مەیدانی ئاژەڵ فرۆشتن لەناوماڵانی ئەوشارەدایەو ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کەسیمایەکی ناشیرین بەوشارە ببەخشێتو ببێتە هۆی بلاوبوونەوەی بۆنێکی ناخۆش بەناو ئەو ماڵانەی نزیکی ئەو مەیدانەن.

هەروەها لەشارۆچکەی حاجیاوا مەیدانێك هەیە کە هاوڵاتیان لەوێدا سەرقاڵی کرین و فرۆشتنی مەرو بزن‌و مانگاو دارو میوەو کەلوپەلی ترن، ئەو مەیدانە بەدەست پیسبوونی ژینگەکەی دەناڵێنێتو سیمای شارۆچکەکەشی ناشیرین کردووەو هیچ کەسێکیش خۆی بەبەرپرس نازانێت لە پیسکردنی مەیدانەکەو هاووڵاتیانی نزیك ئەو مەیدانەش بەهۆی بوونی ئەو مەیدانە بێزاربوون.

مەیدانی ئاژەل فرۆشتن لەسەیدسادق دەکەوێتە گەڕەکی بەختیاری ئەوشارەوە، ئەمەش بووەتە هۆی جێی نیگەرانی خەڵکی ئەوگەڕەکە.

حەکیم لاوێکی دانیشتوی گەڕەکی بەختیارییە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات "بۆنی ئەو مەیدانە تەواو بێزاری کردوون، دەبوایە ئەو مەیدانە لەدەرەوەی شار بوایە نەك لەناو شار بەتایبەتی کەدەکەوێتە سەرشەقامی پێنجوین‌و ئەو کەسانەی دێنە شارەکەمانەوە ئەو مەیدانە دەبینن.

ئامینە عەلی هاووڵاتیەکی شارۆچکەی چوارقورنەیە، ماڵەکەی نزیکی ئەو مەیدانەیە کە لەچوارقورنەدا هەیە دەڵێت "تا بڵێی بێزارین لەو مەیدانە، کە شەویشمان لێدێت لەبەر بۆنی پاشماوەکان‌و مشكو جرج ژیانمان تێك دەچێت، هەر ڕۆژێکیش بێت ئێرە بەجێدەهێڵین".

بەبروای ئامینە هاووڵاتیان‌و حکومەت هەردووکیان کەمتەرخەمن لەو پیسیەو داواکارە کە شارەوانی زیاتر گرنگی بە پاککردنەوەی مەیدانەکە بدات.

بەشداری تەمەن ١٨ ساڵ لاوێکی شارۆچکەی سەیدسادقە وتی" دەبوایە بەرپرسانی ئەم شارە ئەومەیدانەیان ببردایەتە دەرەوەی شار، چونکە جگەلەوەی دیمەنێکی ناشیرینی هەیە بۆنێکی پیسی بۆ ئەو ماڵانە هەیە کە لەنزیکی ئەو مەیدانەن".

ئەو کەسانەی کڕین‌و فرۆشتن بەئاژەڵەکانەوە دەکەن‌و بەردەوام لەناو مەیدانی ئاژەڵ فرۆشتندا ڕۆژانی خۆیان بەسەر دەبەن، داوا دەکەن کەشوێنێکی گونجاو بۆ مەیدانی ئاژەڵان لەناو شاۆچکەکانیاندا دروست بکرێت.

مامە حەمە ڕۆژانە بۆ کڕین‌و فرۆشتنی ئاژەڵ ڕوو لەو مەیدانی ئاژەڵ فرۆشی سەیدسادق دەکات وتی "پێشتر ئەم مەیدانە نزیکتر بوو لەبازارەوە، بەڵام هێنایان بۆ گەڕەکی بەختیاری، مامە حەمە دەڵێت "با شارەوانی شوێنێکی شیاوو جێگیری بۆ دابنێتو چوارچێوەی بۆدروست بکات، نەك وەك ئەوەی کەئێستا هەیە".

ئەحمەد باپیر کاری فرۆشتنی ماڵات دەکات لەحاجیاوا دەڵێت "حکومەت زۆر بە کەمی ئەو مەیدانە پاك دەکاتەوەو ئەوەندە پیسەو بۆنی ناخۆشە بێزاربووین، داواکارم کە حکومەت خزمەتی زیاتر بەو مەیدانە بکات".

ڕەمك ڕەمەزان بەڕێوەبەری ناحیەی حاجیاوا بە دەستوری وت "من پشتگیری بۆچوونی هاووڵاتیانی حاجیاوا دەکەمو بەدلنیایی ئەو مەیدانە یەکێکە لەسیما ناشیرینەکانی شارۆچکەی حاجیاوا".

بەڕێوەبەری ناحیەی حاجیاوا وتیشی "لەگەڵ شارەوانیو سەندیکاو پۆلیس بەرنامەمان داناوە بۆ لابردنی قەسابەکان‌و سەرۆکایەتی شارەوانی ٢٥ دوکان بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا دەدات بەقەسابەکان‌و چەند ڕۆژێکیتر ئەوانیش لەوێ نامێنن‌و مەیدان سیمای جوانتر دەبێ، هەروەها ئێستاش لەگەڵ پۆلیسو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبەرنامەماندایە ئاژەلداریو دار فرۆشەکانیش لەوێ نەهێڵین کە ئەوە وادەکات مەیدانەکە بەرتەسك بێتو ببێتە تەنها شوێنی وەستانی عەرەبانەکان‌و سەرۆکایەتی شارەوانیش هەفتەی دوو ڕۆژ ئۆتۆمبیلی خۆی دەنێرێو پاکی دەکاتەوە، بەمەش ئەو پیسییە چارەسەر دەبێت".

ئەرکان حەسەن غەفور قائیمقامی قەزای سەیدسادق بەدەستوری وت "بەنیازین ئەو مەیدانە بیگوێزینەوە شوێنێکی دورتر لەم شوێنەی ئێستای".

ڕەئوف قادر تۆفیق سەرۆکی شارەوانی سەید سادق بۆ دەستوری وتی "کەشوێنێکی واگونجاومان نییە کەئەومەیدانەی بۆ دوربخەینەوە".

سەرۆکی شارەوانی سەید سادق وتیشی"ڕەنگە قەسابەکان زۆر هاوکاریمان نەکەن لەدورخستنەوەیدا، چونکە دەڵێن بازارمان نابێتو دور دەبین لەبازارەوە".

# خەڵكی سەیدسادق سكاڵا لەدادگای باڵای تاوانەكانی عێراق تۆماردەكەن

پارێزەران‌و خەڵكی سەیدسادق سكاڵا لەدادگای باڵای تاوانەكان تۆمار دەكەن دژی جیاكردنەوەی سەیدسادق لەكەیسی كیمیابارانی هەڵەبجە، وەك ناوچەیەكی زیانلێكەوتووی دەستی رژێمی بەعس.

خەڵكی سەیدسادق سكاڵای یاسایی لەدادگای باڵای تاوانەكانی عێراق تۆمار دەكەن بۆ ئەوەی وەك ناوچەیەكی زیانلێكەوتووی دەستی رژێمی بەعس قەرەبوو بكرێنەوە.

ئەرسەلان تۆفیق وەك یەكێك لەسكاڵاكارەكان وتی"ئەم كەیسەی ئێمە لەلایەن كۆمەڵی خەمخۆرو كەسی یاسایی سنورەكەوە جوڵێنراوە، بەڵام پێویستی بەیارمەتی لایەنەكانیتر هەبوو كەلایەنی بەرپرسن وەك وەزارەتی شەهیدان‌و كاروباری ئەنفالكراوەكان، بەڵام بەداخەوە وەك پێویست نەهاتوون بەدەممانەو پشتگیریان لێنەكردوین".

لەرۆژی ٢٠٠٩/١١/١وەوە كەیسی سەیدسادق كاری لەسەر دەكرێت‌و لەكۆی ٧٤ سكاڵاكار تەنها ئیفادەی ٤كەس وەرگیراوە، پارێزەرانی كەیسەكە داوا دەكەن كە كەیسەكە بسپێرن بەدادگای لێكۆڵینەوەی سەیدسادق.

گۆران نەسروڵا وەك پارێزەری كەیسەكە ئاماژەی بۆ ئەوەكرد كەحكومەت‌و بەرپرسانی كورد زۆر بێخەمن لەئاست كەیسی سەیدسادق وتی "بەهیچ شێوەیەك لەلایەن حكومەتی هەرێم گرنگی پێنەدراوەو هەروەها لەلایەن بەرپرسە كوردەكانی بەغدادەوە فەرامۆش كراوە".

گۆران وتی "ئەم ناوچەیەی ئێمە لەكەیسی هەڵەبجە جیاكرایەوە بەناوچەیەكی زیانلێكەوتوو دانەنرا كەئەمەش بوە هۆی بێزاركردنی ئێمەو هەموو خەڵكی سەیدسادق، چونكە ئێمە لەزۆربەی هەرەزۆری ناوچەكانی كوردستان زیاتر زیانمان بەركەوتووە بەڵام لەبەر هەندێك هۆكاری سیاسی ئێمەیان لەكەیسی قەرەبوكردنەوەی هەڵەبجە جیاكردەوە".

گۆران داوا دەكات لەلایەن حكومەتی هەرێم‌و بەرپرسانی كورد لەبەغداد پشتگیرییان لێبكەن، چونكە "لەلایەن دادوەرە عەرەبەكانی ئەم دادگایەوە بەردەوام كەیسەكان دوادەخرێت‌و ئامادەنین لیژنەی لێكۆڵینەوە بنێرن بۆ وەرگرتنی ئیفادەی شەكواكارەكان، بۆ ئەوەی كەیسەكە لەباربەرن".



پارێزەر بەكر حەمە سدیق پارێزەری كەیسەكە ئاماژەی بەوەدا ئێمە داوا یاسایەكەمان تۆماركردوە لەبەردەم دادگای باڵای تاوانەكاندا لەسەر بنەمای ئەوەی ئەم شارە لەكاتی شەرەكاندا ناوچەیەكی هێمن بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی كەلەناوچەی هەڵەبجە شەر هەبووە ئەم شارەش تەقێنراوەتەوەو كاولكراوە.

بەكر حەمەسدیق وتی "بنەمای داوا یاسایەكە سێ تاوانە یەكەمیان كاولكردنی شارەكە، دووەم راگواستنی خەڵكی شارەكە، سێیەمیان دەستگرتن بەسەر ماڵ‌و موڵكی دانیشتوانەكەیدا كەئەم كارانەش بەپێی مادەی ١٢یاسای ژمارە١٠ی ساڵی٢٠٠٥ تاوانی دژەمرۆڤایەتین بۆیە مافی سكاڵاكردن‌و داواكردنی قەرەبوت هەیە.

پارێزەرەكە كەیسی سەیدسادق لەبەغداد وتی"ئێمە ئێستا لەبەغدا ئیش لەكەیسەكەدا دەكەین دەمانەوێت زۆر بەخێرایی لێكۆڵینەوە بكرێت‌و داوامان لەدادگای لێكۆڵینەوەی بەغداد كردووە كەدەسەڵات ببەخشێتە دادگای سەیدسادق بۆئەوەی بتوانێت لێكۆڵینەوە بكات ئەمەش لەپێناوی ئەوەدا كەیسەكە زوو كۆتایی پێبێت، چونكە لەمانگی پێنجی ٢٠١٠ دادگاكە هەڵدەوەشێتەوە كۆتایی بەكارەكانی دێت بۆیە دوامان كردووە كە لەهەفتەی ئایندەدا لیژنە سەردانی سەیدسادق بكەن".

# زانكۆ بووە بەگەراج

## خوێندكاران داوادەكەن سنورێك بۆ هاتنەژوورەوەی ئۆتۆمبێل دابنرێت

بەهۆی زۆربوونی ئۆتۆمبێل لەناو زانكۆی سلێمانیدا كێشەو گرفت بۆ خوێندكاران دروستبووەو خوێندكارانیش داوادەكەن سنورێك بۆ هاتنەژوورەوەی ئۆتوبێل دابنرێت.

نەجمەدین كەریم خوێندكاری كولێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان لەزانكۆی سلێمانی وتی "ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل لەناو زانكۆدا سنورو چوارچێوەی خۆی بەزاندووە، شوێنە سەرەكیەكانیان گرتووەو رۆژ لەدوای رۆژ لەزیادبووندایە بەشێوەیەك وەك پێشانگای ئۆتۆمبێلی لێهاتووە".

هەرێم لوقمان خوێندكاری زانكۆ وتی "زانكۆی سلێمانی بەهۆی ئەو دیاردە ناشیرینەوە وەكو گەراج‌و شۆستەكانی دەرەوەی لێهاتووە".

زۆربەی خوێندكارانی زانكۆ لەرێگەی رۆژنامەی دەستوورەوە داوادەكەن "سنورێك بۆ هاتنەژوورەوەی ئۆتومبێل دابنرێت".

ئەو كەسانەی رێیان پێدەدرێت ئۆتۆمبێل بهێننە ناو زانكۆ دەبێت چەند مەرجێكیان تێدابێت، لەوانە: مامۆستای زانكۆ بێت بەپلەكانی ماستەرو دكتۆرا، ئەو فەرمانبەرانەی زانكۆ كە(١٥)ساڵ خزمەتیان هەیە، ئەو كەسانەی كەوەكو بەرێوەبەری دامودەزگاكانی زانكۆ كە لەئاستی بەرێوەبەردان بۆیان هەبێت ئۆتۆمبێل بهێننە ناو زانكۆوە.

بێستون ئەحمەد حەسەن بەرێوەبەری كارگێری لەزانكۆی سلێمانی وتی "ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل تەنها ناو زانكۆی نەگرتووەتەوە، بەڵكو سەرجەم شاری گرتووەتەوە، زانكۆش بەدەر نییە لەو دیاردەیە، هۆكارەكەشی ئەوەیە ئۆتۆمبیلێكی زۆر لەناو شاردا هەیە زانكۆش فراوان بووە، كۆلێژو بەشەكان زیادی كردووە، ژمارەی مامۆستایان‌و فەرمانبەرانیش زیاتر بووە، زۆربەی مامۆستایان ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆیان هەیە نزیكەی ١٢٠٠ مامۆستامان هەیە بەپێی ئەو ئارمانەی دابەشكراوە، لەم ساڵدا نزیكەی ٩٠٠ ئارم زیاتر دابەشكراوە".

سەبارەت بە ئۆتۆمبێلی خوێندكاران بێستون وتی "خوێندكاران نە رێگەیان پێدەدرێت نە ئارمیان دەدرێتێ ئۆتۆمبێلەكانیان بهێننە ناو زانكۆ".

بەرێوەبەری كارگێری زانكۆ ئاماژەی بۆ ئەوە كرد چەندین جار هەوڵماندا‌وە بۆ ئەوەی پاركی زیاتر بكەینەوە، بەڵام بەداخەوە تەنها دوو پاركی وەستانی ئۆتۆمبیلمان هەیە لەناو زانكۆدا، ناتوانین پاركی زیاتر دروست بكەین.

یەكێك لەو هەوڵانە ئەوەیە ئەو شەقامە سەرەكیانەی خوێندكاران هاتوو چۆی پێدا دەكەن لە ناو زانكۆدا، لاستیكی مروریمان داناوە بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیل نەتوانێ لەو شوێنانە بوەستێ، هەنگاوێكی ترمان ئەوەیە ئۆتۆمبیلەكانی زانكۆ بەرینە دەرەوەی زانكۆ بۆ ئەوەی لەو شوێنانە ئۆتۆمبیلی مامۆستایان‌و فەرمانبەران رابگرین.

سەبارەت بەوەی كە لەلایەن حزبەكانەوە فشاریان لێكراوە بۆ ئەوەی ئارم بۆ ئەندامان‌و لایەنگرانی خۆیان بكەن بەرێوەبەری كارگێری زانكۆ رایگەیاند "تائێستا لەلایەن هیچ كەس‌و لایەنێكەوە فشاریان لێنەكراوە، بەڵام داواكاری هەیە لەلایەن خوێندكارانەوەو ئەو كەسانەی ئیشیان لەناو زانكۆدا هەیە، بەڵام ئێمە بەپێی رێنمایی ئیش دەكەین".

دەردە دڵ

# ئاور لە پیرەمەگرونەكان بدەنەوە!

كێشەوگرفتە كەڵەكەبووەكانی كۆمەڵگای پیرەمەگرون دەگاتە ئەو ئاستە فەرامۆشكراوەی كە دواجار لەرێگەی لێدوانێكەوە دەبێتە كۆدەنگی‌و دۆخێك دێنێتە كایەوە كە خرۆشان دەگاتە ئاستێك دەسەلات پێی كۆنترۆل ناكرێت.

پیرەمەگروون چەند ساڵێكە وەك كۆمەڵگایەكی زۆرەملێ لەپەراوێزدا دەژی ئەگەرچی لێرەو لەوێ پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ كراوە، بەلام ئەمە نەیتوانیوە تەنانەت سەرەتاترین مافیان بۆدەستەبەركات كە ئەویش رێگەوبانی باش‌و ئاوو ئاوەرۆو سەنتەری گەنجان‌و....هتد.

هەموو ئەو خۆپیشاندان‌و نارەزاییانەی كەلەلایەن خەڵكەوە ئەنجام دەدرێ لەلایەن دەسەلاتەوە بە دەست لە پشتبوون تۆمەتبار دەكرێن تەنانەت ئەم خۆپیشاندانەی پیرەمەگروون چەند جارێك لەكەناڵەكانی سەر بەدەسەلات بەئاژاوەگێری ناوبرا، ئەمە مێژوویەكی كۆنی هەیە لەناو پیرەمەگرووندا،

لەساڵی ١٩٩٣ كاتێ كۆمەڵی گەنج خۆپیشاندانێكی گەورەیان كرد بۆ باشكردنی ژیانیان بە ئاژاوەگێر لەقەڵەمیاندان، ئەوەبوو بەو هۆیەوە مامۆستا جەمال عەبدول كە ئەو كات پارێزگاری سلێمانی بوو هات بۆ گوێگرتن لە خەڵكی پیرەمەگروون، لەساڵی ١٩٩٦دا لە هەمان كۆمەلگا هاتنە سەر جادەی گشتی‌و بەدەبەو تەنەكەوە هاتن‌و داوای ئاوو سووتەمەنیان كرد، ئەو كات وتیان ئەمە دەستی كۆمۆنیستەكانەو چەند رۆژێك دوو كەسیان لێ دەستگیركردن‌و ئازاریاندان، ئێستاش ئەم نارەزاییەی خەڵكی بەئاژاوەگێری‌و دەست لەپشتبوون لەقەڵەم دەدەن بەبێ ئەوەی دیراسەی ئەو دۆخە بكەن كەبووەتە هۆی ئەو پەشێویەی كە دروست بووە، خەڵكی خوازیاری ئەو پەشێویی‌و نارەحەتیانە نییە كە دەرئەنجامی خۆپیشاندانەكان دروستدەبن، بەڵام كاتێك جەماوەر دەوروژێ‌و دەچنە ژێر كۆنترۆڵی ئەقڵێكی گشتیەوە ئیتر كۆنترۆڵكردنی ئەو هەستە گشتیە ئاسان نییەو ئەو گرفتانەی لێدەكەوێتەوە كەروویاندا.

چەند ساڵ لەمەو پێش ئێمە شایەتی چەند خۆپیشاندانێكی توندوتیژو خوێناوین بووین كە بووە هۆی گیان لەدەستدانی چەند گەنجێك، دیارترینیشیان شاری هەڵەبجەو كەلارە، ئەو نارەزاییانە كارێكی كرد كەهەڵەبجەییەكان بێزاربن لەسیمبوڵی خۆیان‌و بەبەربەستی داواكاریەكانیان دابنێن، دوای ئەو خۆپیشاندانە حكومەت لێپێچینەوەی دەكردو هەر هەفتەیەی وەزیرێك سەردانی دەكردن، لە پیرەمەگرونیش دوای خۆپیشاندان هەموو یەكە ئیدارییەكان دەگۆرێن، پۆچی دەسەلات دیراسەی ئەو وەزعانە ناكات‌و خەڵكی گەندەڵ‌و خراپەكار لەسەركار لانابات بەرلەوەی ئەو كێشانە روودەن؟ ئەم رووداوەی پیرەمەگروون زەنگێكە بۆ دەسەڵات كە لەتەواوی شارو شارۆچەكەكان پێداچوونەوە بۆ كارو پرۆژەكان بكرێن‌و كەسانی خراپ‌و گەندەل لابرێن تا رێگە بگیرێت لەو كارەسات‌و گرفتانەی كەبەهۆی نارەزاییەكانی خەڵكیەوە دروست دەبن، تا دەسەلاتیش ناچار نەبێت بە داوای رەوای خەڵكی بڵێت ئاژاوەگێری.

سەروەر سەعید

# هاووڵاتیانی قەڵادزێ داوادەكەن پاس بۆ هێڵەكانی ناو شار دابینبكرێت

شارۆچكەی قەڵادزێ رۆژ بە رۆژ لەفراوان بووندایەو زۆرێك لە فەرمانگەكانی گواستراونەتەوە بۆ دەرەوەی شارۆچكەكە، دانیشتوانیشی لەرێگەی رۆژنامەی دەستوورەوە داوادەكەن پاس بۆ هێڵەكانی ناو شار دابین بكرێت.

مام عەلی هاووڵاتیەكی شاری قەڵادزێیەو دەڵێت "بەراستی رێگای ناو شاری قەڵادزێ كە دەچین بۆ فەرمانگەكانی كارەباو دادگاو نەخۆشخانەو پۆلیس‌و....هتد زۆر دوورە، هەموو جارێك دەبێ تەكسی بگرین كە پارەیەكی زۆری دەوێت، بۆیە داواكارم لە بەرێوەبەرانی شاری قەڵادزێ كە هەوڵبدەن پاسمان بۆ ئەو هێڵە بۆ دابین بكەن وەكو هێڵەكانیتری ناو شار، چونكە كێشەی هاووڵاتیان كەم دەكاتەوە".

بەهۆی دووری زۆربەی فەرمەنگە حكومییەكان لەناوچەی نیشتەجێبوونی هاووڵاتیان، زۆربەی هاووڵاتیان دەڵێن لەكاتی پێویستبوونمان بەفەرمانگەكان دەبێت تەكسی بگرین.

دلشاد ئەحمەدی فەرمانبەر وتی "بەیانیان كە دێمە دەوام دەبێت زۆر زوو بێم بۆ ئەوەی درەنگ نەگەم، چونكە لە توانامدا نییە هەموو رۆژێك بەتەكسی بێم بۆ دەوام، بەڵام كە پاس دابینبكرێت دەتونین بەئیسراحەت بێین ب، بۆیە داواكارم كە پاسمان بۆ دابین بكەن".

ئایشە مەحمود حسێن ئافرەتێكی دانیشتووی قەڵادزێیەو نەخۆشی پاڵەپەستۆی خوێن (زەخت)ی هەیە لەو بارەیەوە دەڵێت "هەموو جارێك كە دێم بۆ وەرگرتنی دەرمانەكانم لە نەخۆشخانە، دەبێت هەشت هەزار دینار كرێی تەكسی بدەم، چونكە ناتوانم بەپێ برۆم لەبەر نەخۆشیەكەم، بۆیە داواكارم كە پاس بۆ ئەو هێڵە دابین بكرێت".

حەسەن عەبدوڵا حەسەن قائیمقامی قەزای پشدەر بە دەستوری راگەیاند "ئێمە ساڵی رابردوو لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی قەڵادزێ داوامانكردو هەندێ پاسیان بۆ دابینكرد".

حەسەن عەبدوڵا پێیوایە كەمتەرخەمی نەمانەوەی ئەو پاسانە بە پلەی یەكەم دەگەرێتەوە بۆ هاوڵاتیان خۆیان، چونكە رێكدەكەون‌و تەكسیان دەگرت، دواتریش خاوەن پاسەكان وەك پێویست ئامادەنەبوون، بەشێكیشی دەكەوێتە سەر حكومەت كە نەمانتوانیوە شوێنێكیان بۆ دابین بكەین وەك گەراج.

قائیمقامی قەزای پشدەر وتی "لە بەرنامەماندا هەیە ماوەیەكیتر ناو بازار دروست بكەینەوەو شوێنێكیان بۆ دابین دەكەین".



تەنها لە ساڵی ٢٠٠٩دا ٩٠٠ ئارمی ئۆتۆمبێل لە زانكۆی سلێمانی دابەشكراوە

فۆتۆ: كاروخ

# کوردستان دەهەژێت

## ئاهەنگەکانی سەری ساڵ لەناو هۆڵەکانو هۆڵەکانو سەرشەقامەکان خەڵك مەست دەکات

بیلال جەعفەر لەسلێمانی

لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەبۆنەی سەری سالی نوێوە ئاهەنگ دەگێردرێت، بەشێك لەهۆڵەکانی ئاهەنگگێڕانی سەری سال دوا بیلتی ئاهەنگەکانیان فرۆشتووە، تەنها لەهەولێرو سلێمانیدا ٧٠ملیۆن دینار بۆ رازاندنەوەی شارەکان تەرخانکراوە.

بەهەزاران خێزان لەزۆربەی شارەکانی کوردستان لەچاوەڕوانی هاتنی سەری سالدان بۆ بینینی شەوە ئاهەنگەکانی سەرەتاکانی دەسپێکردنی سالێکی نوێ.

### ٧٠ملیۆن دینار بۆ رازاندنەوە

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور تەنها لەهەولێرو سلێمانی ٧٠ملیۆن دینار لەلایەن شارەوانیو پارێزگاوە دانراوە بۆ رازاندنەوەی شارەکان.

ئاهەنگی شەوی سەری سال سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، بەمەبەستی رازاندنەوەی شەقامەکانی ناوشاری هەولێر، لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە، بری (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار تەرخانکراوە.

عومەر مەحوی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بەدەستووری راگەیاند"شارەوانی سلێمانیو پارێزگای سلێمانی شەقامی مەولەوی بەکار دەهێنێت بۆ ئاهەنگی شەوی سەری سالی تازەو بۆ رازاندنەوەی شەقامی مەولەوی تاوەکو پارکی دایك، لەلایەن پارێزگای سلێمانییەوە بری (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دینار تەرخانکردووە".

### هۆڵەکان بەرناکەوێ

بەپێی ئەو رومالەی رۆژنامەی دەستوور کردویەتی تەنها لەهەولێرو سلێمانی زیاتر لە٢٥ هۆل ئاهەنگی سەری سالی تێدا دەگێردرێتو چەندین هونەرمەند لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەشداری دەکەن.

ئاهەنگی شەوی سەری سال لەهەرێمی کوردستان، لەلایەن زۆربەی هونەرمەندانەوە بەرێوەدەچێتو بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتووە ژمارەیەك لەهۆڵەکانی ئاهەنگێران دوابلیتەکانیان فرۆشتووە.

لەگەل ئەوەی نرخی بلیت لەزۆربەی هۆڵەکاندا لە (٣٠,٠٠٠) دینار بۆ (١٠٠) دۆلارە، بەلام هاوولاتیان بەرێژەیەکی بەرچاو بەشداری لەو ئاهەنگەدا دەکەن.

هۆڵەکانی وەك سلێمانی پالاس بۆ تەنها یەك شەوی ئاهەنگی سەری سالی تازە بەژەمێك خواردنی کراوەوەو مەشروباتەوە، نرخی بلیتیان لە (١٠٠) دۆلاردا دیاریکردووە، تا ئێستا زیاتر لە (١٥٠) بلیتیان فرۆشتووەو (٢٥٠) بلیتیش دیاریکراوە بۆ ئەوەی بیفرۆشن، بەلام لەهۆلی کوردۆنیا لەسلێمانی بەهەمان شێوە کۆمەلێك هونەرمەندی کوردی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بەشداری تێدادەکەنو تەنها بۆ خێزانەو بەژەمێك خواردنی کراوەوە نرخی بلیتیان تەنها (٥٠) دۆلارە، تا ئێستا (٣٠٠) سێسەد بلیت فرۆشراوەو بەهۆی زۆری خەلكو قەرەبالغی، بلیت فرۆشتنیان راگرتووە.

### مەولەوی خۆشیەکان دەگرێتەخۆی

بەهۆی تەواونەبوونی پرۆژەی ئەندەرپاسی بەردەم مۆزەخانەی سلێمانی، کەبووەتە هۆی وەستاندنی هاتوچۆ لە شەقامی سەهۆلەکە، ئەمسال شارەوانی سلێمانی شەقامی سالم بۆ کۆبوونەوەو ئاهەنگێرانی هاوولاتیانی شاری سلێمانی نارازێنێتەوەو لەبەرنامەی ئەنجومەنی شارەوانیدایە بەهاوکاری دەزگاکانی دیکەی حکومەتی هەرێم، شەقامی مەولەوی وەك شوێنی ئاهەنگ گێران بۆ شەوی سەری سال بەکار بهێنێت.




٧٠ ملیۆن دینار بۆ رازاندنەوەی هەولێرو سلێمانی تەرخانکراوە

فۆتۆ: دەشتی ئەنوەر

# کچان بەدەستی سورەوە ناچنە مالی زاوا!

## خەنەبەندان بەرەو کەمبوونەوە دەچێتو ئارایشتی نوێ جێگەی دەگرێتەوە

سارا حاجی لەسلێمانی

حەبیبە عەلی تەمەن ٦٣ سال خەنەبەندانی بۆ دوو لەکچەکانی کردووە، تەنها کچێکی ماوە دەلێت "ئەگەر حەزکات خەنەبەندان بۆ ئەویش دەکەم". حەبیبە وتی "زۆر حەزم لە خەنەبەندان کردووە ئەو کاتەی کە ژیانی هاوسەریم پێکهێنا بۆیانکردم زۆرم پێخۆشبوو". "ئێستا ئەم دیاردەیە کال بووەتەوە، زۆرێك لەکچان بۆیە بەکاردێننو حەزیان بەخەنە نەماوە". حەبیبە وایوت.

دیاردەی خەنەبەندان روولەکەمبوونەو کچان ئێستا کەمتر حەز دەکەن لەشەوی پێش گواستنەوەیان بۆ لای زاوا خەنە لەدەستو قاچیان بدەن، پسپۆرانی بواری کۆمەلایەتیش ئەمە بەشتێکی ئاسایی دادەنێنو دەلێن هەر سەردەمەو بەپێی پێویستی خۆی شتی نوێ دەهێنێتە کایەوە.

حەبیبە چیرۆکی شەوی خەنەبەندانی خۆی دەگێرێتەوەو دەلێت ئەو شەوە هەموو هاورێو کەسە نزیکەکانم لەدەورم بوون شەوێکی خۆشە بۆ هەموو کچێك، ئەم دیاردەیە هەر لە کۆنەوە هەبووە ئێوارەکەی کولیچەو چکلێتو مێوژیان تێکەل دەکردوو دەدرا بەو کەسانەی هاتبوون بۆ لای بووکێ ئەمە لەلایەن مالی زاواوە ئامادەدەکرا، پێخەسوو(بەربووك)دەهات بۆ مالی زاوا بوخچەیەکی پێبوو لەناو ئەم بوخچەدا جلی بووکی تێدابوو خەنەکەش لەناو ئەو بوخچەیەدا بوو ئەو شەوەی کە بەیانیەکەی بووکێ دەگوازرایەوە مالی زاوا، خەنە دەدرا لەدەستیو ئەو کەسانەی هاتبوون، دەیان وت "بوکێ نابێ بەدەستی رەش بڕواتە مالی زاوا دەبێ دەستی سوور بکەی، تاراکەی سوور بووە، پێیەکانی سوور، بۆئەوەی بەسەربەرزی بڕواتە مالی زاوا". حەبیبە وتی"بۆ دوو لەکچەکانم خەنەبەندانم کردووەو یەك کچم ماوە ئەگەر خۆی بیەوێ حەزدەکەم بۆ ئەویشی بکەم".

رابیعە قادری تەمەن ٥٩ سال دەلی بەبیرم بێ خەنەبەندان هەرهەبووەو کراوەو بۆ منیش کراوە ئێوارەکەی کەسو کاری زاوا دەچن بۆ مالی بووکێ، چێشت لێدەنرێ، هاورێو دراوسێو خزمەکانی بووکێ بانگ دەکرێنو خەنە دەدرێ لە دەستی بووکێ هەندێ جار لە پێیەکانیشی تا درەنگانی شەو یان تا بەیانی خەنەکەی پێوە دەبێو دوایی دەیشوا.

رابیعە دەلێت خەنەبەندان شتێکی جوانەو حەزدەکەم هەر بمێنێو بە شتێکی پێویستی دەزانم وەك داب‌ونەریتێك جێبەجێبکرێ.

خەنەبەندان دیاردەیەکە لەدێرزەمانەوە لەنێو کلتوری کوردەواریدا هەبووە بەپێی گێرانەوەکان کەخەنەیان داوە لەدەستی بووکەکە لەسەر بنەمای ئەو چیرۆکە خەیالیە بووە کەپەری دێتو پەنجە ئەکات بەناو خەنەکەیاو موبارەکی دەکات، هەروەها هەرکەس ئەو شەوە خەنەی بدایە لەدەستی دەیان وت مرازی حاسل دەبێت. فواد مەجید، خێزاندارەو حەزدەکات گرنگی بەخەنەبەندان بدرێ ئاماژە بەوەدەکات من لەکەرکوکەوە ژنیان بۆ هێنام مالەوەمان رۆژێك پێش ئەوە رۆشتن بۆ کەرکوكو خێزانم ئەم داب‌ونەریتەیان بەجێهینا، ئەم دیاردەیە لەهەموو کوردستاندا هەبووە.

فواد وتی"ئەگەر کچەکەم شووبکاتو خۆی پێی خۆشبێ حەزدەکەم ئەو نەریتە زیندوو بکاتەوە". بەهۆی ئەو گۆرانکارییانەی لەبواری ئارایشتو خۆرازاندنەوەدا دروستبووە کاریگەری کردووەتە سەر کەمبوونەوەی دیاردەی خەنەبەندان، لەبەرامبەردا چەندین جۆری بۆیەو ئارایشت بەکاردەهێنن.

تەلار کەمال، چەند مانگێکە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە وتی"خەنەبەندانم بۆ کراوە وەك ئەوانەی پێشوو کەچۆن بۆیان کراوە بۆ منیشیان کردووە پێم خۆشبوو بۆیان کردم بەلامەوە زۆر گرنگ بوو، چونکە بۆ هەموو هاورێو خزمەکانم کراوە وەك داب‌ونەریتێك بووە حەزمکردووە بۆم بکرێ کۆبوونەوەی هاورێکانم لەدەورم لەو شەوەدا زۆر گرنگ بووە بەلامەوە". تەلار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "زۆرێك لەپیاوان حەزیان لە رەنگو بۆنی خەنە نیە".

شیلان حەمە نوری، توێژەری کۆمەلایەتی ئاماژە بەوەدەکات هەر کۆمەلگەیەك کۆمەلێك داب‌ونەریتو کلتوری خۆی هەیە خەنەبەندانیش یەکێکە لەو نەریتە کۆنانەی کەلەناو کۆمەلگەی کوردیدا بوونی هەیە، بەلام لەم چەند سالانەی دوایدا ئەم نەریتە نەماوە یاخود کەمبووەتەوە تەنها لەلایەن کۆمەلێك کەسی تایبەتو چەند ناوچەیەکدا ماوە کەئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە یەکێك لەوانە تێچونێکی مادی زۆری دەوێ، چونکە کۆمەلێك خەلکی زۆر بانگ دەکرێو خواردنو ئامادەکاریەکی زۆری دەوێ لەوانەیە مالی زاوا توانای هەلگرتنی ئەو بارە ئابورییەی نەبێ هەروەها پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان وەکو جاران توندوتۆل نەماوە ئەو شێوازە سۆزەی کەجاران لەنێوان کەسەکان پەیرەو دەکرا نەماوە بەهەر هۆکارێك بێ سیاسی کۆمەلایەتی، ئابوری، تەکنەلۆژی.

ئەو توێژەرە باسلەوە دەکات کۆمەلێك شتیتر جێگەی خەنەبەندان دەگرێتەوە، لەبری ئەم خەنەبەندانە گۆراوە بەوەی کە تەنها ئاهەنگێك سازبکەن.

شیلان ئاماژە بەوە دەکات لەهەندێك خێزاندا دەکرێو دەبینرێ، بەلام بەو شێوازە کلتوریە نیە کە جاران دەکرا بەشێوەیەکی سادەیە شێوازەکەی گۆراوە ئەمە شتێکی ئاساییە لەبەرئەوەی گۆران بەردەوامە هەر سەردەمەو هەر قۆناغە بەپێی پێویستی خۆی شتی نوێ دەهێنێتە کایەوە.

ئەو توێژەرە وتیشی خەنەبەندان پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان بەهێز دەکات خەنەبەندان بنەمایەکی خورافی هەیە لە کۆندا خەلك شتێکی تر نەبووە خۆی پێوە سەرقال بکات بەو شێوە تەعبیریان لە خۆشی خۆیان کردوە پێوست ناکات لەم سەردەمەدا بکرێ، بەلام پێمباشە لە زاکیرە یان میمۆری کورددا بمێنێتەوە، چونکە یەکێکە لەو نەریتانەی کەلەکۆنەوە ماوەتەوە.



# نەبوون بەپزیشکو چارەسەر دەکەن

رەنجەدەر ئەمین لەسلێمانی

عیادەکەی کۆلێژی پزیشکی ددان بەرناکەوێتو رۆژانە لەناو زانکۆو لەدەرەوەی زانکۆ هاوولاتیان رووی تێدەکەن بۆ کێشەو گرفتەکانی ددانیانو خوێندکارانیش وەك بواری پراکتیکی کارەکانیان دەکەنو سەرچاوەیەکی مادیشە بۆ کۆلێژەکە.

کۆلێژی پزیشکی ددان لەزانکۆی سلێمانی ماوەی چەند سالێکە عیادەیەکی کردووەتەوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەبواری ددانا، لەهەمانکاتدا خوێندکارانیش بەشێوەیەکی پراکتیکی وانەکانیان لەو بەشەدا دەخوێنن.

خوێندکار هیوا ئەمین بەمەبەستی چارەسەرکردنی ددانەکانی رووی لەو بەشە کردبوو، وتی لێرە "چارەسەری تەواوم بۆ کراوەو ددانەکانیان بۆ خاوین کردومەتەوە".

فاتمە حسەینیش هاوولاتیەکی تر بوو پێی وتین "لێرە تاقمی ددانیان بۆ دروست کردووەمو ئێستا هیچ کێشەیەکم نییە".

کۆلێژی پزیشکی ددان لەسالی ١٩٩٦دا دامەزراوەو لەسەرەتادا تەنها ٢٠ خوێندکاری لەخۆگرتبوو لەدوولقیش پێکهاتبوو، لەئێستادا شەش لقی سەرەکی لەخۆدەگرێت کەبریتین لە(دروستکردنی ددان، لقی چارەسەرو پڕکردنەوەی ددان، لقی نەشتەرگەریی دەمو ددان، نەخۆشییەکانی پووك، لقی راستکردنەوەی ددانو ددانی مندالانو ددانپارێزی، لقی نۆشداری دەمو ددان، لەگەل لقی زانستە بنەرەتییەکان، ئەمە جگە لەوەی لەکۆلێژەکەدا چەند کارێکیتر دەکرێت وەك رواندنەوەی ددانو بەشی تیشكو چەند تاقیگەیەکی تر هەیە.

د.کەمال ئەحمەد سەعید راگری کۆلێژی ددان دەربارەی گیروگرفتی بەشەکەیان وتی "هیچ کێشەیەکمان نییە".

لەناو عیادەکەدا خوێندکارانی قۆناغەکانی چوارەمو پێنجەم خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکەنو ئیشو کارەکانی وەك دروستکردنی ددانو پاککردنەوەو نەخۆشییەکانی تری ددان، بەسەرپەرشتی پزیشکەکانی ددان لەکۆلێژەکەدا، ئەنجامدەدەن.

سەبارەت بەکارەکانیان لەناو ئەو عیادەیەدا خوێندکار سامان سەلیم ئاماژەی بەوەدا ئێمە خوێندکارانی قۆناغی چوارو پێنج رۆژانە لەکاتژمێر نۆی سەرلەبەیانی تا دوازدەی نیوەرۆ نەخۆش دەبینینو "لێرە تەنها پارەی پشکنین وەردەگیرێت کەنرخێکی رەمزیەو تەنها (٢٥٠) دیناری چاپی نوێیە کە ئەمەش هاوکارییەکی باشە بۆ کەسانی کەمدەرامەت".

ژمارەی ئەو کەسانەی کەلەماوەی ١١ مانگی ٢٠٠٩دا سەردانی بەشەکەیان کردووە بۆ چارەسەرکردن بریتیە لە(٨١٦) هاوولاتیو بەپێی قسەی بەشی پشکنین لەناو بەشەکەدا ٧٥٪ی ئەو کەسانەی سەردانیان کردوون لەدەرەوەی زانکۆوە هاتوون واتە خوێندکاری زانکۆنین.

ئاسیا محەمەد خوێندکاری کۆلێژی ددانو یەکێك لەو خوێندکارانەبوو کە چارەسەری بۆ نەخۆشەکان دەکرد وتی "لێرە چارەسەر تەنها بۆخوێندکاری زانکۆ نییە، بەلکو چارەسەری هاوولاتیان بەگشتی دەکەین".

د.هاوژین مەسعود سەرپەرشتیار لەبەشی چارەسەرکردندا وتی "ئێمە سەرپەرشتی هەموو ئەو کارانەی کەخوێندکارەکانمان بۆ نەخۆشەکانی ئەنجامدەدەن دەکەینو بێگرفت چارەسەری تەواو بەنەخۆش دەدرێت".



لەماوەی ١١ مانگی ٢٠٠٩دا (٨١٦) کەس لەزانکۆی سلێمانی چارەسەریان بۆ کراوە

فۆتۆ: ئاکۆ محەمەد

# خۆرووتکردنەوەی ئەنچیلۆتی نزیکە




پەلکێشکردنی فرانك ریبێری فەرەنسی بۆ ریزەکانی یانەی چێلسی، خۆ رووتکردنەوەی کارلۆ ئەنچیلۆتی ئیتالیو راهێنەری یانەی چێلسی ئینگلیزی نزیك کردووەتەوە.

رۆژنامە وەرزشیەکانی ئینگلتەرا ئەوەیان بڵاوکردەوە کە یانەی چێلسی وڵاتەکەیان لەپەلکێشکردنی فرانك ریبێری فەرەنسیو ئەستێرەی یانەی بایرن میونخی ئەلمانی نزیك بووەتەوەو بۆ ئەو مەبەستەش بۆندێکی گرانبەهای خستۆتە بەردەم ئیدارەی یانە ئەلمانیەکە تادەستبەرداری ئەو یاریزانە بێت.

هەروەها ئاماژەیان بەوەشداوە کە هەولەکانی چێلسی بەداواکاری راستەوخۆی کارلۆ ئەنچیلۆتی ئیتالیو راهێنەری یانەکەیە، لەکاتێکدا ئەو راهێنەرە بەجەماوەری یانەکەی راگەیاندبوو لەم وەرزەدا هیچ یاریزانێك پەلکێشی ریزەکانی ناکاتو ئەگەر ئەو حاڵەتەش رویدا لەناو یاریگای ستامفۆرد بریج خۆی رووتدەکاتەوە.

بەپێی هەواڵی رۆژنامە وەرزشیەکانی ئینگلتەرا چوونی رێبیری بۆ یانەی چێلسی نزیك بووەتەوە، چونکە ئەو بۆندەی پێشکەشی یانەی بایرن میونخ کراوە خۆی دەدات لە 45 ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی.

# ناوبژیوانە نەرویجیەکە پەشیمانە




ئەو ناوبژیوانە نەرویجیەی یاری نیوەی کۆتایی نێوان هەردوو یانەی چێلسی ئینگلیزیو بەرشەلۆنەی ئیسپانی بەرێوەبرد، پەشیمانەو دان بەهەڵەی خۆیدا دەنێت.

لەمیانی لێدوانێکیدا بۆ رادیۆی فەرمی وڵاتەکەی تۆم هیننگی نەرویجیو ناوبژیوانی یاری نیوەی کۆتایی وەرزی رابردووی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کە لەنێوان هەردوو یانەی چێلسی ئینگلیزیو بەرشەلۆنەی ئیسپانی بەرێوەچوو، دانی بەهەڵەی خۆیداناو نیگەرانی لەسەرکەوتنی بەرشەلۆنەی ئیسپانی دەربری لەبەدەستهێنانی ئەو پاڵەوانێتیە.

ئەو ناوبژیوانە ئەوەشی راگەیاند کە پاش ئەنجامدانی ئەو هەڵەیە لەو یارییەدا بیری لەوەکردەوە واز لەو کارەی بهێنێتو بۆ ئاسودەیی رۆحی ببێتە قەشەو خزمەتی ئاینی وڵاتەکەی بکات. هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە ئێستا زۆر ئاسودەیەو هەست بەئارامییەکی زۆر دەکات، بەڵام تەنها ئەو هەڵانە ئازاری دەدات کە لەو یاریەدا ئەنجامیداوەو بووەتە هۆی دەرکردنی چێلسیو سەرخستنی بەرشەلۆنە.

# کاسیاس رقی لەپاروی گەورەیە




ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی هەڵبژاردەو یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی دژایەتی بیرکردنەوە لەئامانجە گەورەو گرانەکان دەکاتو داوا لەیاریزانانی هاورێی دەکات هەلپەی بەدەستهێنانی نازناوەکان نەکەن.

رۆژنامەی ئەی ئێسی ئیسپانی چاوپێکەوتنێکی ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی بەتوانای هەڵبژاردەو یانەی ریاڵ مەدریدی وڵاتەکەی بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات بیرکردنەوە لەگەشتن بەیاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا هەڵەیەکی گەورەیەو پێویستە لەهزری هەموو یاریزانێکدا دەربهێنرێت.

کاسیاس لەو چاوپێکەوتنەیدا ئاماژە بەوەش دەکات کە پێویستە بیر لەئامانجە بچوکەکان بکرێتەوەو دواتر هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجی گەورەتر بدرێت، نەك پێش هەمووان پەلاماری ئامانجی زەقو گەورە بدرێت.

گۆڵچیەکەی ریال مەدرید ئەوەش دەڵێت "دەبێت هەنگاو بەهەنگاو قۆناغەکان ببردرێت، نەك تەنها بیر لەوە بکرێتەوە چۆن بگەینە یاری کۆتایی، کە بەلای منەوە ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە"

# شاراپۆڤا واز لەکاری خێرخوازی ناهێنێت



ماریا شاراپۆڤای کچە یاریزانی تێنسی سەرزەوی روسی واز لەکاری خێرخوازی ناهێنێتو دەیەوێت لەو بوارەدا هەنگاوی گەورەتر بنێت.

لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ماریا شاراپۆڤای کچە یاریزانی تێنسی سەرزەوی روسی ئەوەی راگەیاند کە دەیەوێت لەکاری خێرخوازی بەردەوامبێتو زیاتر هاوکاریو دەستگیرۆیی هەژارانو کەمدەرامەتەکان بکات.

کچە یاریزانی ناوبراو کە پێشتر چەندین کاری خێرخوازی ئەنجامداوەو لەوبوارەدا پشکی شێری هەبووە، ئەوەشی راگەیاند کە دەیەوێت بەشێوەیەکی فراوان بەردەوامی بداتە کارە خێرخوازەکانیو دڵی هەژاران ئاسودە بکات.

جێی ئاماژەیە پێشتر شاراپۆڤا هاوکارییەکی باشی کارەساتبارانی رووداوی سۆنامی کردووەو لەو کارە تیرۆرستیەی کە کرایە سەر قوتابخانەیەکی قەوقازیش داراییەکی زۆر پێشکەشی کەسوکاری قوربانیانکرد.

# تۆنی، نیستەرۆی چارەرەشکرد




لۆکا تۆنی ئیتاڵیو هێرشبەری داهاتووی یانەی رۆمای ئەو وڵاتە، ڤان نیستەرۆی هۆڵەندیو هێرشبەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی چارەرەشکرد.

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی ئیتاڵیا ئەوەیان بڵاوکردەوە کە کێشەکانی لۆکا تۆنی هێرشبەری وڵاتەکەیانو یانەی بایرن میونخی ئەلمانی، یانەی رۆمای لەپەلکێشکردنی ڤان نیستەرۆی هۆڵەندیو هێرشبەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، پاشگەز کردووەتەوەو پەنایان بۆ پەلکێشکردنی تۆنی بردووە.

هەروەها ئەوەشیان بڵاوکردەوە کە یانەی رۆما سەرقاڵی ئەوەبوو لەوەرزی کرانەوەی کرینو فرۆشتنی یاریزاناندا نیستەرۆی هۆڵەندی بهێنێتە ریزەکانیەوە، بەڵام بوونی کێشە لەنێوان ئیدارەی یانە ئەلمانیەکەو لۆکا تۆنی، یانەی رۆمای پاشگەزکردەوەو هەوڵی بۆ کرینی تۆنیدا.

لەلایەکی ترەوە پێگەی تایبەتی یانەی رۆمای ئیتالی لەهەواڵێکیدا ئەوەی بڵاوکردەوە کە ئیدارەی یانەکەیان بەشێوەیەکی فەرمی بۆندی لەگەڵ تۆنی واژۆکردووەو رۆژی هەینی یان شەممە بەشێوەیەکی ئاشکرا بۆندەکە رادەگەیەنێتو یاریزانی ناوبراو پێشکەشی هاندەرانی یانەکە دەکات.

# بەرشەلۆنە چاودێری لیڤەرپول دەکات

بەمەبەستی چنگکەوتنی چەند یاریزانێکی سەرەکی یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی، یانەی بەرشەلۆنەی پاڵەوانی خولی ئیسپانی چاودێری یانە ئینگلیزیەکە دەکات.

رۆژنامەی نیوز ئۆف زە وۆردی ئینگلیزی لەهەواڵێکیدا ئەوەی بڵاوکردەوە کە یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی چاوی لەوەیە وەرزی داهاتوو ستیڤن جیراردی یاریزانی بەتوانای هەڵبژاردەو یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی پەلکێشی ریزەکانی بکات.

رۆژنامەکە ئەوەشی بڵاوکردووەتەوە کە یانەی بەرشەلۆنە چاودێری ئەو قەیرانەی یانەی لیڤەرپوول دەکات کە بەهۆی ئاستنزمیو خراپی ئەنجامەوە دوچاری هاتووە، بەتایبەت پاش ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە جیراردو تۆریسو چەند یاریزانێکی تر نیازی ئەوەیان نیە لەیانەکەیان بمێننەوە گەربێتو وەرزی داهاتوو بەشداری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا نەکات.

لەلایەکی ترەوە چەند سەرچاوەیەکی رۆژنامەوانی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە بەرشەلۆنە لەئێستاوە چاوی لە جێراردو چەند یاریزانێکی تری ئەو یانەیە بریوەو دەیەوێت وەرزی داهاتوو پەلکێشی ریزەکانی بکات.

دەستوور سپۆرت

# گواردیۆلا یاری بەمیسی ناکات

پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی لەو ڕووبەڕووبونەوەیەی کە بەرامبەر یانەی ڤیاریال ئەنجامی دەدەن، یاری بەلیۆنێل میسی ئەرجەنتینی ناکات.

ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی لەهەوالێکیدا ئەوەی بڵاوکردەوە کە پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری یانەی بەرشەلۆنەی وڵاتەکەیان نایەوێت لەو یاریەی کە بڕیارە هەفتەی داهاتوو لەمیانی کێبرکێکانی هەفتەی شازدەیەمی خولی لالیگا بەرامبەر یانەی ڤیاریاڵ ئەنجامیبدەن، یاری بەلیۆنێل میسی ئەرجەنتینی بکات.

ڕۆژنامەکە ئەوەشی بڵاوکردووەتەوە کە گواردیۆلا دەیەوێت لەو یاریەدا پشوو بەمیسی بداتو بۆ یاریەکانی داهاتووی یانەکەی ئامادەی بکات تا بەتەواوی لەئازاری ئەو پێکانە چاکببێتەوە کە لەکۆتا یاری قۆناغی یەکەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەرامبەر یانەی دینامۆکیڤی ئۆکرانی دوچاری هات.



## یانەکانی سلێمانی بەشداری خولی عێراقی ناکەن

**ئارام محەمەد، دەستوور سپۆرت:**

یانەکانی سلێمانی بەشداری خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی عێراق ناکەنو بۆ ئەو مەبەستەش پۆزشیان بۆ لیژنەی کاتی وەرزشی عێراق هێناوەتەوە.

لەگەل ئەوەی بڕیارە ئەمڕۆ کێبرکێکانی یەکەمین هەفتەی خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی عێراق دەستپێبکات، بەڵام هەردوو یانە بەشدارەکەی سلێمانی "سیروانی نوێو سلێمانی" بەشداری ئەو خولە ناکەنو بەفەرمیش داوای پۆزشیان لە لیژنە کاتییەکەی وەرزشی عێراق کردووە.

لەمبارەوە هەردە ڕەووف جێگری سەرۆکی یانەی سلێمانی لەلێدوانێکی تایبەت بەدەستوور سپۆرتی ڕاگەیاند کە لەکۆبونەوەی ئاسایی یانەکەدا بڕیاری ئەوەیانداوە کە بەشداری خولی عێراقی نەکەن ئەویش بەهۆی ئەوەی توانای مادیو مەعنەویان کەمەو لەئاستی ئەوەندا نیە هەفتەی دووجار یاری لەو خولەدا بکەن.

ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاند کە دەبێت هەفتەی دوو یاری ئەنجامبدرێت، ئەمە جگەلەوەی خولی پلە یەکی کوردستانیشمان لەڕێدایە، کە ئەمە ئەرکمان قورس دەکاتو لەتوانای یاریزانی ئێمە بەدەرە کە ژمارەیان کەمەو لە 18 یاریزان تێپەڕناکات.

وتیشی "بەفەرمی پۆزشمان بۆ لیژنەی کاتییەکە هێناوەتەوەو ڕامانگەیاندووە کە توانای یانەکەمان بەدەرە لەوەی بەشداری ئەو خولە بکەین."



## ئیڤانۆڤیچ هۆشداریدایە ڕکابەرەکانی

ئانا ئیڤانۆڤیچی سربیو کچە یاریزانی ناوداری تێنسی سەرزەوی هۆشداری داپە ڕکابەرەکانیو ئامادەباشی بۆ پاڵەوانێتیەکان ڕاگەیاند.

لەپەیامێکیدا کە لەسەر پێگە تایبەتەکەی خۆی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە، ئانا ئیڤانۆڤیچی سربیو کچە یاریزانی ناوداری تێنسی سەرزەوی ئەوەی ڕاگەیاند کە ئامادەی بەشداریکردنە لەپاڵەوانێتیەکانو بەباشی خۆی بۆ ڕکابەرییەکان ئامادەکردووە.

کچە یاریزانی ناوبراو کە بەجوانترین کچە وەرزشکاری جیهان دەستنیشانکرا، لەو پەیامەدا ئاماژە بەوەش دەکات کە بەباشی کۆتایی بەڕاهێنانەکانی هێناوەو هیچ کێشەو کەموکوڕییەکی نیە.

ئیڤانۆڤیچ ئاماژە بەوەش دەکات کە دەیەوێت لەو پاڵەوانێتیانەی لەساڵی داهاتوو ئەنجامدەدرێت ئاستێکی بەرز نیشانبداتو چەند نازناوێك بەدەستبهێنێت.

## ڕاهێنەری سلێمانی نهێنی ئەنجامە خراپەکانی یانەکەی ئاشکرا دەکات

**سیروان عەبدوڵڵا، سلێمانی:**

ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی سلێمانی نهێنی ئەنجامە خراپەکانی تیپەکەی لەیاریە ئامادەکارییەکان بۆ خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان ئاشکرا دەکات.

لەمیانی لێدوانێکیدا بۆ دەستوور سپۆرت خەسرەو گوورون ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی سلێمانی، هۆکاری ئەنجامە خراپەکانی یانەکەی لەیاریە دۆستانەکانیان بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان گەڕاندەوە بۆ دوورکەوتنەوەی چەند یاریزانێکی سەرەکیو نەبوونی شارەزاییو توانای جەستەی تەواو لەگەل نەبوونی ڕۆشنبیری وەرزشی لەلایەن یاریزانە لاوەکانەوە.

ناوبراو پێشی وابوو کە دوورکەوتنەوەی چەندین یاریزانی بەتواناو یاریزانی عەرەب بۆشاییەکی گەورەی دروستکردوە لە یانەکەدا، کە بۆ پڕکردنەوەی پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە تا یانەکە دەگاتەوە ئاستی جارانی.

ڕاهێنەرەکەی سلێمانی ڕاشیگەیاند کە هەموو توانای دەخاتە کار تا یانەکە دەگەیەنێتەوە ئاستی جارانی.

سەبارەت بەخولی یانە نایابەکان خەسرەو گورون ڕایگەیاند کە ئاستی یانەکان بەگشتی باشە، بەڵام ئاستی تەکنیکی هونەری یانەکانی هەولێر باشترە لەیانەکانی سلێمانیو گەرمیان.

لەکۆتایی لێدوانەکەیدا گورورن ڕایگەیاند کە ڕاهێنەری یانەکانی خولی کوردستان کاریگەریان زۆر کەمە لەسەر یانەکان ئەویش بەهۆی نزمی ئاستی تیپە بەشدارەکانی خولەکان.



## "ڕۆناڵدۆ باشترین یاریزانی جیهانە"

خۆزێ مۆرینیۆی پرتوگالیو ڕاهێنەری یانەی ئەنتەرمیلانی ئیتالیا، کریستیانۆ ڕۆنالدۆی هاونیشتمانی بەباشترین یاریزانی جیهان لەقەلەم دەدات.

لەمیانی لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی زە سەنی بەریتانی، خۆزێ مۆرینیۆی پرتوگالیو ڕاهێنەری یانەی ئەنتەرمیلانی ئیتالیا ئەوەی ڕاگەیاند کە کریستیانۆ ڕۆنالدۆی هاونیشتمانیو ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی باشترین یاریزانی جیهانە.

ڕاهێنەری ناوبراو کە بەمەبەستی بینینی یاری نێوان هەردوو یانەی چێلسیو فولهام لەخولی نایابی ئینگلیزی سەردانی ئەو وڵاتەی کردبوو، ئەوەشی ڕاگەیاند کە ڕۆشتنی ڕۆنالدۆ لەمانچستەریونایتد کاریگەری خراپی بەسەر ئەو یانەیە جێهێشتو ئاستی یانەکەی بەتەواوی دابەزاند. هەروەها ئەوەشی وت "مانچستەری ڕۆنالدۆو مانچستەری بێ ڕۆنالدۆ دوو یانەی زۆر جیاوازو جودان، مانچستەر بەڕۆنالدۆوە یانەیەکی بەهێزبوو، بەڵام بێ ئەو ئاستی وەك پێویست نیە."



## گۆتی بەیانە ئەوروپیەکان ڕازی نییە



ماریا گۆتی ئیسپانیو یاریزانی یانەی ریال مەدریدی هەمان وڵات، تەنها بەخولی ناوخۆی وڵاتەکەی ڕازییەو هیچ یانەیەکی تری ئەوروپی بەدلنیە.

ڕۆژنامە وەرزشیەکانی ئیسپانیا ئەوەیان بڵاوکردەوە کە خۆزێ ماریا گۆتی یاریزانی هەلبژاردەو یانەی ریال مەدریدی وڵاتەکەیان جگە لەخولی لالیگای وڵاتەکەی بەهیچ خولێکی تری ئەوروپی ڕازی نیەو یانەکانی تری ئەوروپای بەدل نیە.

گۆتی کە ئێستا کێشەی لەگەڵ پلیگرینی ڕاهێنەری یانەکەی هەیەو بەدەست یەدەگبوونەوە دەناڵێنێت، دەیەوێت ریزەکانی یانەکەی جێبهێلێتو بەرەو یانەیەکی تر بەرێبکەوێت، هەربۆیە چەندین بۆندی لەیانە جیاجیاکانی ئەوروپاوە پێگەشتووە.

بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکان یانەی بۆلتۆن لەئینگلتەراو یانەی بێشکتاش لەتورکیا هەولی ئەوە دەدەن گۆتی پەلکێش بکەن، بەڵام یاریزانی ناوبراو ئامادەنیە پەیوەندی بەهیچکام لەو یانانەوە بکاتو دەیەوێت لەخولی وڵاتەکەی بمێنێتەوە، ئەویش بەو پێیەی کە تەنها خولی لالیگای بەلاوە بەهێزە.



# دهۆک هەوڵی گێڕانەوەی پۆستەکەیەتی

**ئارام محەمەد، دەستوور سپۆرت:**

تیپی یانەی دهۆك لەهەوڵی ئەوەدایە لەیاری ئەم هەفتەیەدا ئەو پۆستەی وەربگرێتەوە کە هەفتەی پێشوو بە بەرامبەربوونی لەگەڵ تیپی یانەی نەورۆز لەدەستیدا.

بڕیارە سبەی پێنجشەممە سەرجەم یاریەکانی هەفتەی سیازدەیەمی قۆناغی یەکەمی خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی کوردستان ئەنجامبدرێتو کێبرکێکانی ئەو قۆناغە بەکۆتا بگات، کە تێیدا چەندین رووبەڕووی گرنگو بەهێز لەخۆدەگرێت.

تیپی یانەی دهۆك کە بەرلەئەنجامدانی یاری هەفتەی پێشوو بەرامبەر تیپی یانەی نەورۆز بەکۆی 18 خاڵ لەپلەی دووەمی ریزبەندیدا بوو، لەیاری ئەم هەفتەیەیدا رووبەڕووی تیپی یانەی بروسکی پاڵەوانی وەرزی پێشوو دەبێتەوەو دەیەوێت بەسود وەرگرتن لەیاریگاو جەماوەری خۆی سەرکەوتن بەدەستبهێنێتو بگەڕێتەوە پلەو پۆستەکەی پێشووی.

هەروەها تیپی یانەی کەرکوکی پاڵەوانی قۆناغی یەکەم لەدەرەوەی یاریگای خۆی رووبەڕووی تیپی یانەی شێروانەی کەلار دەبێتەوە کە بەکۆی 7 خاڵ لەپلەی پێش کۆتایی ریزبەندیدا دێت.

جگەلەم دوو یاریە ئەمانەی خوارەوەش ئەنجامدەدرێن:

ئارارات×نەورۆز، پێشمەرگەی سلێمانی×هەولێر، پێشمەرگەی هەولێر×سیروانی نوێ، سەورە×هەندرێن، خاك×پێرس.

ریزبەندی خولەکە پاش یاریەکانی هەفتەی دوازدەهەم:

کەرکوك 26 خاڵ.
پێرس 21 خاڵ.
پێشمەرگەی سلێمانی 20 خاڵ.
هەولێر 20خاڵ.
دهۆك 19 خاڵ.
بروسك 19 خاڵ.
ئارارات 17خاڵ.
هەندرێن 17 خاڵ.
سیروانی نوێ 14 خاڵ.
پێشمەرگەی هەولێر 13 خاڵ.
نەورۆز 12 خاڵ.
خاك 9خاڵ.
شێروانە 7 خاڵ.
سەورە 6 خاڵ.

# خولی تۆپی دەستی پلە یەکی کوردستان دەستیپێکرد

**ئەحمەد موستەفا، هەولێر:**

بەسەرپەرشتی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان خولی تۆپی دەستی پلە یەکی یانەکانی کوردستان دەستیپێکرد.

رۆژی دووشەممەی رابردوو بەئەنجامدانی یاری نێوان هەردوو یانەی شەقڵاوەو مەخمور، کێبرکێکانی خولی تۆپی دەستی پلە یەکی یانەکانی کوردستان دەستی پێکرد، کە تێیدا یانەی شەقڵاوە بەئەنجامی ١٣ بە ١٩ خاڵ یاریەکەی بردەوە.

هەر هەمان رۆژ یاری دووەم لەنێوان یانەکانی سۆرانو نور ئەنجامدرا، یانەی سۆران بەئەنجامی ٢٠ بە ١٢ خاڵ یاریەکەی بردەوە.

لەبارەی ئەم خولە سەرکەوت موحسین سکرتێری یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان تایبەت بەدەستوور سپۆرت وتی "وەك یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان بەباشمانزانی پێش ئەوەی خولی یانە نایابەکان دەستپێبکات لەشوباتی داهاتوودا خولی یانە پلە یەکەکان ئەنجامبدەین، تاوە ٢ یانە سەربکەونە ریزی یانە نایابەکانو ژمارەیان ببێتە ١٤ یانە.

لەخولی یانە پلە یەکەکان ٦ یانە بەشدارن ئەوانیش "سۆران، رواندوز، نور، شەقلاوە، مەخمور، ئامێدی".

یاریەکان بەسیستەمی خولی یەك قۆناغ بەڕێوەدەچێتو خاوەن پلەکانی یەکەمو دووەم سەردەکەون بۆ ریزی یانە نایابەکانو پاڵەوانێتیەکەش ماوەی شەش رۆژ دەخایەنێتو رۆژانە ٢ یاری ئەنجامدەدرێت.



# ئەمساڵیش باشترینەکانی کوردستان فت

ئەحمەد موستەفا

لەزۆربەی وڵاتانی جیهان لەرۆژهەڵاتو رۆژئاواو باکورو باشوری گۆی زەوی لەگەڵ هاتنی سالی نوێ باشترین وەرزشکار لەزۆربەی یارییە وەرزشیەکان دیاری دەکرێتو هەمووان باوەر بەو دەزگایە دەکەن کە هەلدەستێت بەئەنجامگەیاندنی ئەوکارە، چونکە دەزانن کە بەشێوەیەکی پاك ئەنجامدەدرێت.

لەو وڵاتانەی دەرەوە شارچیەتیو حیزب چیەتیو خزمایەتیو پارە داریەتی هۆکارنابن کە وەرزشکارێك ئەگەر شایەنی خەڵاتی باشترین یاریزانی سال نەبێت پێی بدەن.

لە کوردستانی خۆشمان ماوەیەکی زۆرە وەرزش بونی هەیە، بەڵام دەستنیشانکردنی باشترین یاریزانی سال بوونی نیە، راستە لەچەند سالی رابردوو وەزارەتی وەرزشو لاوان هەلدەستا بەخەڵات کردنی باشترینەکانی سال بەڵام ئەم باشترینانە چۆن دەستنیشان دەکران؟ بامن پێتان بلێم

ئەگەر یاریزانێك لە یانەیەکی یەکێتی خەڵات کرابوا دەبوایە هی یاریەکی تر پارتی بووایە، وەکوو ئەوەی بە تەوافوق دابنرێت.

ئەولیژنەیەی کە سەرپەرشتی ئەم کارەی دەکرد تاکەسی نزیك لەخۆیان هەبووایە هەرچەند ئاستیشیان لاواز بووایە ئەوانیان دادەنا.

لیژنەی سەرپەرشتیار هەندێك جار کەسانێك بوون کە فریان بەسەر وەرزشەوە نەبوو جا قور بەسەر ئەو وەرزشکارانەی کە ئەم لیژنەیە هەلیان سەنگێنێت، مەراسیمی دابەشکردنەکەش خۆی نوکتەیەك بوو چونکە لەئاهەنگی بوك گواستنەوە دەچوو و هەندێك جاریش پێش مەراسیمەکە ناوەکان دەزانران.

بۆ سالی 2009 ش دلنیام ئەگەر وەزارەتەکەی تەها بەرواری مابووایە هەمان هەلەی سالانی رابردووی دوبارە دەکردەوە ئەمسالیش هیچ دامەزراوەیەك هەلنەستا بەدەستنیشانکردنی باشترینەکانی سال.



# کچانی نەورۆز شەڕ بۆ ئەفریقا دەکەن

**سامان عوسمان، دەستوور سپۆرت:**

بەمەبەستی گەشتن بەپاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەب لەئەفریقا، تیپی کچانی پایسکلسواری یانەی نەورۆز هەولی بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی خولی عێراقی دەدەن.

تیپی کچانی پایسکلسواری یانەی نەورۆز نیازی ئەوەیان هەیە لەپاڵەوانێتی عێراق پلەی یەکەمی بەدەستبهێنن تا خۆیان بگەیەننە پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبی کە بڕیارە مانگی داهاتوو لەوڵاتی تونسی کیشوەری ئەفریقا ئەنجامبدرێت.

لەمبارەوە سیروان سامی راهێنەری تیپی پایسکلسواری کچانی نەورۆز ئەوەی بەدەستوور راگەیاند کە لەهەولی ئەوەدان ببنە پاڵەوانی عێراق تا لەو پاڵەوانێتیە گەورەیە بەشداری بکەن.

ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە بۆ ئەو مەبەستە هەولەکانیان چڕتر کردووەتەوەو رۆژانەو بەشێوەیەکی بەردەوام مەشقو راهێنان دەکەن.

هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە لەداهاتوویەکی نزیکدا کامپێکی مەشقو راهێنان بۆ یاریزانانی یانەکەی دەکاتەوە تا بەباشی بۆ ئەو پاڵەوانێتیە ئامادە بن.

# یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بەلێنی بەیانەی هەولێر داوە

**ئەحمەد موستەفا، هەولێر:**

بەرامبەر بەشدارینەکردنی لەخولی نایابی عێراقی، یانەی هەولێر لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئاسیاوە بەلێنی بەشداریکردنی جامی ئاسیای پێدەدرێت.

پاش ئەوی یەکێتی تۆپی پێی جیهانی "فیفا" بەهۆی هەلوەشاندنەوەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق لەلایەن لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقیەوە سزای بەسەر عێراقدا سەپاندو تەواوی چالاکیە وەرزشیەکانی ئەو وڵاتەی راگرتو بەو هۆیەشەوە چەند جارێك خولی یانە نایابەکانی عیراقی دواخرا، لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئاسیاوە بەشداریکردنی یانەی هەولێرو نەجەف لەجامی یەکێتی ئاسیا هەلپەسێرا بۆ ئەو کاتەی کە لیژنەی ئۆلۆمپی لەبڕیارەکەی پاشگەز دەبێتەوە.

ئێستا کە یەکێتی تۆپی پێ عیراقی هەلوەشێنراوەتەوەو بۆ راپەراندنی کارە وەرزشیەکان لیژنەیەکی کاتی پێکهێنراوە کە ئەم لیژنەیە بڕیاری ئەوەیدا رۆژی چوارشەممە کاروانی خولی نایابی یانەکانی عیراق بکەوێتە رێگا، بەڵام تائێستا روون نیە کە یانەی هەولێر بەشداری دەکات یان بەپێچەوانەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور سپۆرت کەوتووە لەماوەی هەفتەی رابردوو یانەی هەولێر چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداوە کە دواترینیان رۆژی یەك شەممە بوو، بەڵام ئەندامانی دەستەی کارگێری بونەتە دوو بەش، بەشێکیان پێیان باشە بەشداری نەکەنو ئەوانی دیکەش بەپێچەوانەوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری دواکەوتنی بڕیارەکە.

سەرچاوەیەك لەیانەی هەولێر ئەوەی ئاشکراکرد کە یانەی هەولێر نیمچە بەلێنێکی لەیەکێتی تۆپی پێی ئاسیا وەرگرتووە کە ئەگەر بێتوو بەشداری لەخولی عیراق نەکات ئەوان یانەی هەولێر بەشداری پێ دەکەن لەجامی یەکێتی ئاسیاو سزاکەی سەر هەولێر هەلدەگرن، بەڵام تائێستا ئەوەشیان روون نیە بەتەواوی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر هەولێر نەچێتە ناو رکابەرییەکانی خولی عیراق مانای ئەوە دەبەخشێت کە متمانەیان بە دەستەی کاتی نیە، هەر بۆیەش یاریەکەی هەولێرو زاخۆ کە بڕیاروابوو رۆژی چوارشەممە ئەنجامبدرێت دواخرا بۆ رۆژی شەممە.



# چەند یانەیەکی ئەوروپی چاویان بریوەتە هاوبیر عەبدوڵلا



**دەستوور سپۆرت:**

چەند یانەیەکی ئەوروپی چاویان بریوەتە هاوبیر عەبدوڵلای یاریزانی نێودەوڵەتی لەیاری کیك بۆسکینگو لەهەولی ئەوەدان پەلکێشی بکەن.

لەگەل ئامادەکارییەکانی بۆ بەشداریکردن لەپاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەب کە بڕیارە مانگی دووی سالی داهاتوو بەرێوەبچێت، هاوبیر عەبدوڵلای یاریزانی نێودەولەتی لەیاری کیك بۆسکینگ ئەوەی بەدەستوور سپۆرت راگەیاند کە چەندین یانەی ئەوروپی بۆندی گرانبەهایان پێشکەشکردووەو هەولی ئەوەیانداوە پەلکێشی بکەن.

یاریزانی ناوبراو کە چەندین میدالیای زێری بەدەستهێناوەو تاکە یاریزانی کوردە کە لەپاڵەوانێتیە نێودەوڵەتیەکان نوێنەرایەتی عێراق دەکات ئەوەشی راگەیاند کە ئەو یانانەی داوایانکردووە لەوڵاتانی یۆنانو تورکیاو چەند وڵاتێکی عەرەبین. وتیشی "سەرجەمی ئەو بۆندانەم رەتکردەوەو مانەوەم لەعێراقو کوردستان بەشیاوتر زانی."

# پێرسو دهۆک ترسیان لەیەکتری هەیە

**هەژار دۆسکی، دهۆك:**

تیپی تۆپی پێی هەردوو یانەی پێرسو دهۆك ترسیان لەیەکتری هەیەو یاری دێربی نێوانیان لەخولی نایابی عێراقی بەیاریەکی ئاستبەرز لەقەلەم دەدەن.

بڕیارە ئەمرۆ لەمیانی یاریەکانی هەفتەی یەکەمی خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی عێراقو لەچوارچێوەی کێبرکێکانی گروپی باکوور، تیپی تۆپی پێی هەردوو یانەی دهۆكو پێرس رووبەرووی یەکتر ببنەوە.

یاری نێوان ئەم دوو یانەیە کە بەیاری دێربی ناسراوە، چاوەرێ دەکرێت ئاستێکی بەرز بەخۆوەببینێتو هەردولا کێبرکێیەکی توند بۆ بردنەوەو بەدەستهێنانی سێ خالی یاریەکە بکەن.

تیپی یانەی پێرس جیاواز لەسالانی پێشوو، ئاستێکی بەرزی هەیەو چاوەرێی ئەوەی لێدەکرێت لەکێبرکێکانی ئەم وەرزەدا بەئاستێکی بالاوە ببینرێت، هەروەك سلێمان رەمەزانی راهێنەری تیپی یانەی پێرس تایبەت بەدەستوور سپۆرت وتی "لەگەل ئەوەی چەند یاریزانێکی ئێمە یاری ناکەن، بەڵام بەباشی خۆمان بۆ ئەو یاریە ئامادەکردووەو چاوەرێی ئەنجامی باشین".

هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە تیپی یانەی دهۆك تیپێکی بەهێزەو پێویستە زۆر بەوریاییەوە مامەلەیان لەگەلدا بکرێت.

لەبەرامبەردا باسم قاسم راهێنەری تیپی یانەی دهۆك ئەوەی بەدەستوور سپۆرت راگەیاند کە یاری ئەمرۆ یاریەکی قورسو سەخت دەبێت بۆ هەردولا، بەتایبەت ئاستی یانەی پێرس لەمسالدا جیاوازترە.

# هەفتە
## رووداوەکانی
ئامادە کردنی لاوە

### سەرکەوتنەکانی کەرکوك راگیرا

لەکێبرکێکانی هەفتەی دوازدەیەمی خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی کوردستان یانەی بروسکی پاڵەوانی دوو وەرزی پێشوو بە بەرامبەربوونی لەگەڵ یانەی کەرکوکی یەکەمی ریزبەندی توانی سەرکەوتنەکانی ئەو یانەیە راگریX لەبردنەوە بێبەشی بکات.



### بێرباتۆڤ دووردەکەوێتەوە

بەهۆی دوچاربوونی بەئازار لەئەژنۆیدا یاریزانی بولگاریو یانەی مانچستەریونایتدی ئینگلیزی پێدەچێت بۆ ماوەی سێ مانگ لە یاریگاکان دووربکەوێتەوە.

چێڵسی یەکەمی بەرنادات

لەهەفتەی بیستەمی خولی پریمەرلیگی ئینگلیزی یانەی چێلسی دوای بردنەوەی لە یانەی فولهامی هاونیشتمانی توانی خۆی لەرکابەرکانی دورخاتەوەو لەیەکەمی ریزبەندی بمێنێتەوە .



### براینت سەرکەوتنی بەخشیە یانەکەی

لەخولی باسکەی ئەمریکی بۆ تیپە پیشەگەرەکان، لۆس ئەنجلۆس بەسەرکردایەتی یایزانی بەتوانا کوبی براینت شکستی بەیانەی کینگز هێنا.



### بەرازیل ئەستێرەکانی دابەزەویدا

هەڵبژاردەی بەرازیلی پاڵەوانی جیهانی تۆپی پێی هۆلی داخراو لە یاریەکی دۆستانەدا توانی ٥-٤ لەهەڵبژاردەی ئەستێرەکانی جیهان بباتەوەو سەرکەوتنێکی مەزن تۆماربکات.



# یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتین پاشقول لەمارادۆنا دەگرێت



دیگۆ مارادۆنای ئەفسانەی پێشووی ئەرجەنتینو راهێنەری ئێستای هەلبژاردەی ئەو وڵاتە، لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی وڵاتەکەیەوە پاشقولی لێدەگیرێتو پلانی ئەوەی لەدژ دەگێردرێت کە لەئەرکی راهێنەرایەتی هەلبژاردەی ئەرجەنتین دووربخرێتەوە.

بەپێی راپۆرتێکی سایتی ئینفۆ بەیی ئەرجەنتینی، یەکێتی تۆپی پێی ئەو وڵاتە ژێربەژێرو بەشێوەیەکی نهێنی پلانی ئەوەی دارشتووە دیگۆ مارادۆنا لەپۆستەکەی دووربخاتەوەو لەجێی ئەو راهێنەرێکی نوێ دەستنیشانبکات، تا ئەرجەنتین لەقەیرانی ئاستنزمی رزگاربکاتو بیگەرێنێتەوە بۆ ئاستو توانای جارانی.

لەراپۆرتەکەدا ئەوە هاتووە کە یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتینی نایەوێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ دیگۆ مارادۆنا لەپۆستەکەی دووربخاتەوە، ئەویش بەهۆی پاراستنی کەسێتی ئەو راهێنەرەو نەوروژاندنی رای گشتی، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی ئەو وڵاتە دەیەوێت بەپلانێك مارادۆنا لەکۆل خۆی بکاتەوەو هەلبژاردەکە لەو قەیرانە رزگاربکات.

لەگەل ئەوەی زۆرێك لەچاودێرانی وەرزشی پێشبینی ئەوەیان دەکرد مارادۆنا ئەرجەنتین بگەیەنێتە لوتکەو بەهەمان شێوەی سەردەمی یاریکردنی، هەلبژاردەی ئەو وڵاتە لەلوتکەدا جێگیربکاتو هەیبەتو سامو شکۆی ئەرجەنتین بگێرێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەوە لەمارادۆنا بەدینەکراو ئەرجەنتین هێندەی تر بەناخی زەویدا رۆیشت کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت ئەم مۆندیالەش نەتوانێت ئاشنای نازناوەکە بێتەوە.

مارادۆنا کە بەهەمان شێوەی پیکنپاوەری ئەلمانی دەیویست مێژوویەکی گەش بۆخۆی دروستبکاتو جارێکی تر ئەرجەنتین بگەیەنێتەوە لوتکە، هەروەك چۆن لەسەردەمی یاریکردنیدا بۆ ئەو هەلبژاردەیە ئەوەی کرد، بەڵام کەم ئەزمونیو نەبوونی شارەزایی لەراهێناندا، بووە رێگری سەرەکی لەمارادۆنا کە بتوانێت جارێکی تر مێژوو دوبارە بکاتەوە، لەکاتێکدا ئێستا دورخستنەوەی ئەگەرێکی نزیکە.

مارادۆنا بەوەرگرتنی پۆستی راهێنەرایەتی هەلبژاردەی ئەرجەنتین کەوتە هەلەیەکی گەورەی مێژووییەوەو زیانێکی گەورەی لەکەسایەتی خۆیدا لە نێو هاندەرانو جەماوەری وڵاتەکەی، هەربۆیە ئێستا لەنێو جەماوەردا ئەو کەسایەتیو شکۆو گەورەییەی نەماوە کەپێشتر بەهۆی دەستکەوتەکانی بۆ ئەرجەنتین هەیبوو، بەرادەیەك مارادۆنا هێندە گەورەبوو پەرستگایەکی تایبەتی بۆ کرایەوەو لەلایەن چەند هاوولاتییێکەوە بەخودای ئەرجەنتین لەقەلەم دەدراو پەرستشی بۆ دەکرا.

یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتینی پاش ئەوەی هەستیکرد ئاستو ئەزموونی مارادۆنا وەك پێویست نیەو پێچەوانەی ئەو پێشبینیە دەرچوو کە چاوەرێ دەکرا ئەرجەنتین لەقەیران رزگاربکات، بۆیە بەناچاری پەنای بردە بەر دامەزراندنی یاریدەدەر تا لەئەرکی راهێنەرایەتی هاوکاری مارادۆنا بکات کە ئەویش بریتی بوو لەبیلاردۆی راهێنەری پێشووی هەلبژاردەکە.

ئەگەرچی زۆرێك لەچاودێرانی وەرزشیو پسپۆرانی ئەو بوارە وای بۆ دەچن کە دانانی بیلاردۆ وەك یاریدەدەری راهێنەر لەپاڵ دیگۆ مارادۆنا هەلەیەکی گەورەی یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتینە، بەڵام یەکێتی تۆپی پێی ئەو وڵاتە وەك هەنگاوی یەکەم بۆ لێسەندنەوەی متمانە لەمارادۆنا ئەو کارەی کردووەو دەیەوێت لەسەرخۆ پۆستی راهێنەرایەتی لەو راهێنەر وەربگرێتەوە، هەروەك ئەوەی ریکاردۆ لافۆلبی راهێنەری پێشووی یانەی بۆکاجۆنیۆرزی ئەرجەنتینی ئەوەی راگەیاند کە بوونی بیلاردۆ لەپاڵ مارادۆنا هەلەیەکی گەورەیە کە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتینەوە ئەنجامدراوە.

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆی بۆچوونی جیاوازی هەردوو راهێنەر، هەلبژاردەی ئەرجەنتین دوچاری کێشەبووەو پێچەوانەی ئەوەی کە پێشبینی دەکرا کێشەکانی ئەرجەنتین چارەسەربکرێت، بەرەو ئاقارێکی تر رۆیشت کە مەترسی گەورەتر چاوەرێ دەکرێت.

لەراپۆرتەکەی سایتی ئینفۆ بەی ئەرجەنتینیدا ئەوە هاتووە کە یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتینی دەیەوێت بەلادانی ئەلیساندرۆ مانکۆسۆی یاریدەدەری دووەمی مارادۆنا، پۆستی راهێنەرایەتی لە مارادۆنا وەربگرێتەوەو لەجێی ئەو راهێنەرێکی نوێ دەستنیشان بکات.

لەراپۆرتەکەدا ئەوە هاتووە کە یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتینی هەست بەوە دەکات مارادۆنا ناتوانێت بێ مانکۆسۆ لەئەرکی راهێنەرایەتی بەردەوامبێت، بۆیە دەیەوێت لەرێی ئەو پیلانەوە مانکۆسۆ دووربخاتەوەو بەهێمنیو بێ هیچ فشارێك دەست بەمارادۆنا بکێشێتەوە، ئەویش لەپێناوی پاراستنی کەسێتی مارادۆناو نەجولانی رای گشتیو شەقامی ئەرجەنتینی.

# فلادلفیا ئاشنای سەرکەوتن بووەوە



تیپی باسکەی فلادلفیای ئەمریکی لەخولی ناوخۆی وڵاتەکەی ئاشنای سەرکەوتن بووەوەو جارێکی تر گەرایەوە تۆمارکردنی سەرکەوتن.

لەدرێژەی کێبرکێکانی ئەم وەرزەی خولی باسکەی ئەمریکی کە ناسراوە بە NBA تیپی فلادلفیا لەدەرەوەی یاریگای خۆی رووبەرووی تیپی پۆرتلاند بلیزەرز بووەوەو توانی زۆر بەزەحمەت سەرکەوتنی بەسەردا تۆماربکات.

رووبەرووبونەوەی نێوان ئەم دوو تیپە کە ماوەیەکی زۆری خایاند بەئەنجامی 104 بە 93 خال لەبەرژەوەندی فلادلفیا کۆتایی هات. بەمەش فلادلفیا پاش سێ شکستی یەك لەدوایەك گەرایەوە سەرکەوتنو توانی بردنەوەیەکی گرنگ لەدەرەوەی یاریگای خۆی تۆماربکات، هەروەها بەو هۆیەشەوە کۆی خالەکانی بۆ 38 خاڵ بەرزکردەوەو خۆی گەیاندە پلەی چوارەمی گروپەکەی.

# رۆنی داوایەکی رۆناڵدۆ رەتدەکاتەوە



واین رۆنی ئینگلیزیو هێرشبەری یانەی مانچستەریونایتدی ئەو وڵاتە، داوایەکی کریستیانۆ رۆناڵدۆی پرتوگالیو ئەستێرەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی رەتدەکاتەوە.

بەپێی هەواڵی رۆژنامە وەرزشیەکانی ئینگلتەرا، واین رۆنی هێرشبەری هەلبژاردەو یانەی مانچستەریونایتدی ئەو وڵاتە داوایەکی کریستیانۆ رۆناڵدۆی پرتوگالیو ئەستێرەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی رەتکردووەتەوە بەوەی ریزەکانی یانەکەی جێبهێڵێتو بەرەو یانە ئیسپانیەکە بەرێبکەوێت.

رۆژنامەکان ئەوەیان بڵاوکردەوە رۆناڵدۆ رایگەیاندووە کە رۆنی خوازپاری ئەوەیە یاری بۆ یانەی ریال مەدرید بکاتو بەدرێسی ئەو یانە گەورەیە دەربکەوێت.

هەروەها ئەوەشیان بڵاوکردووەتەوە کە رۆنالدۆ داوای لەرۆنی کردووە بۆند لەگەڵ یانەکەی نوێ نەکاتەوەو پەیوەندی بەیانەی ریال مەدریدەوە بکات، بەڵام رۆنی مانەوەی لەریزەکانی یانەکەی بەگونجاوتر دەزانێتو رایگەیاندووە کە بیر لەبەجێهێشتنی مانچستەر ناکاتەوە.

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
٠٧٧٠ ٨٦٢ ٨١ ٨١
تەلەفۆن: ١١ ٧٨ ٣١٨ ٠٥٣
ئیمەیل: Dastur2009@yahoo.com
ناونیشان ـ هەرێمی کوردستان، سلێمانی ـ شارێی سالم،
تەلاری میران ـ نهۆمی پێنجەم ـ بەرامبەر پەروەردەی سلێمانی

دستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانەکۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات
چوارشەممە ٣٠/ ١٢ / ٢٠٠٩

# ڕاگەیاندنێک لەکۆمپانیای سولی تێلیگراف STC

کۆمپانیای سولی تێلیگراف بۆ ڕۆژنامەوانی چاپو بڵاوکردنەوە، کۆمپانیایەکی خۆماڵی کەرتی تایبەتەو کاری وەبەرهێنان لەبواری میدیا دەکات. لەئێستادا سەرقاڵی دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی هەواڵیو کلتوریو دۆکۆمێنتاریی کوردیە، کە سەرمایەی پرۆژەکە بە شێوەی پشك لەلایەن چەند سەرمایەدارێکی کوردیو بیانیەوە دابینکراوەو بە شێوەیەکی بێلایەنانەو پیشەییانە ڕوماڵی ڕوداوو پێشهاتەکان دەکات، بۆیە پێویستی بە ژمارەیەك کارمەندو ڕۆژنامەنوس هەیە بۆ چەند پۆستێکی دیاریکراو:

STC
Suly Telegraph Company
Press, Print and Distribution
کۆمپانیای سولی تێلیگراف
ڕۆژنامەوانی و چاپ و بڵاوکردنەوە

پۆستەکان:

١) بەڕێوەبەری کارگێری.
٢) لێپرسراوی ژمێریاری.
٣) ژمێریار.
٤) وردبین.
٥) خەزنەدار.
٦) ئەندازیاری کارەبایی
٧) ئەندازیاری ئەلەکترۆنی
٨) ئەندازیاری پەیوەندی و ئای تی
٩) وێنەگر
١٠) مۆنتێر
١١) پەخش
١٢) ئەرشیف
١٣) تەنسیق
١٤) هەواڵسازی سیاسی
١٥) هەواڵسازی وەرزشی.
١٦) هەواڵسازی ئابوری.
١٧) ڕیپۆرتێر
١٨) پەیامنێر لەشارو شارۆچکەکان
١٩) بەرهەمهێنەری فیلمی دۆکیۆمێنتاری
٢٠) دەرهێنەرو پرۆدیوسەر
٢١) بێژەر لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ
٢٢) وەرگێری ئینگلیزی.
٢٣) وەرگێری عەرەبی.
٢٤) وەرگێری تورکی.
٢٥) وەرگێری فارسی.
٢٦) وەرگێری ئەڵمانی.
٢٧) گرافیك
٢٨) کارمەندی ئیشپێکەری مولیدە
٢٩) کارمەندی کارگوزار
٣٠) کارمەندی بەداڵە و وەرگرتنی پەیوەندی
٣١) کارمەندی کتێبخانە
٣٢) کارمەندی چێشتلێنەر
٣٣) کارمەندی کافتریا
٣٤) سەرتاش و ئارایشت

**داواکار دەتوانێت تاکو 2010/1/15 (cv) ڕەوانەی ئەم ناونیشانانە بکات:-**
Email: Suly__co@yahoo.com
Tel: (053)318 78 11 & 0748 017 46 06
**ئۆفیسی سلێمانی:- شارێی سالم-**
**تەلاری میران- نهۆمی پێنج- بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی.**

دەلاقە

# زنجیرەکان دەپسێن

خالیدی حاجی ئەحمەد

ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو هەرەسهێنانی فەرمانڕەوایی کۆماری ئێران هەنگاو دەنێ، ئەمەش ڕووداوێکی زۆرلەمێژ چاوەڕوانکراوبوو.

ئەو ئاستەی گلۆبالیزمو گەشەی ئابووری جیهانیو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەخۆیانەوە بینی، دەرەنجامەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەدەکرا شتێکیتر بێت جگە لەکردنەوە بەسەر ئەو دنیا گشتگیرەدا کە تێیدا گەورەترین ڕێگر ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عەرەبیو ناسیۆنالیزمی فارسو ناسیۆنالیزمی تورك بوون.

لەم نێوەندەدا ناسیۆنالیزمی تورك ژیرانەتر لەهەردوو ناسیۆنالیزمەکەی عەرەبو فارس، بەزەنگی مەترسییەکە ڕاچەنیو بەخۆهاتەوە، عوسمانییە نوێکان کە ئەمڕۆ دەسەڵاتدارن، گەرچی لە هەناوی کەمالیزمەوە لەدایکبوونو مافی کورد بەحەرامو ڕۆژوو شکاندن بەعەرەق بەحەڵاڵ دەزانن، توانیان لەوەرچەرخاندنێکی زیرەکانەدا بەرگێکی ئاینیی نوێ بکەنە بەرخۆیان، ناسیۆنالیزمی عەرەبی کە لوتکە باڵاکەی لەپان عەرەبیزمی بەعسو سەدامدا خۆی دەنواند، هەڵدرایە سەرەنوێلکی مێژووەو چیتر لەجیهانی نوێدا بنەمای مانەوەی نەمابوو.

وا ئەمڕۆ ناسیۆنالیزمی فارسیش کە یەکێکە لەدوا ئەڵقەکانی ناسیۆنالیزمی سەرکوتکەر لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دوا ساتەکانی ئەم قۆناغەی تێدەپەڕێنیو بەناچاریی لەبازنەی مێژووی ئەم سەدە نوێیە دەکرێتەدەرێ.

گەر بەمانا هێگلیەکە ئەو ڕووداوانە تراژیدیایەك بن بۆ لایەنی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی ئەو نەتەوانە، ئەوا لایەنە کۆمیدییەکەی لە بێئاگاییو ناکامڵیو خەوی نەتەوە ژێردەستەکاندا خۆی دەبینێتەوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمڕۆ لەبەردەم ئەرکێکی نەتەوەیی مەزندا خۆی دەبینێتەوە، بەو مەرجەی سودێکی لەڕەوتی ڕووداوەکانی باشووری کوردستان وەرگرتبێت، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەدوو خاڵی سەرەکی بکرێت: یەکەم خاڵی وەرچەرخان کە دەبێت پێشتر ئامادەکاری بۆ کرابێت، یان لانی کەم ئەمڕۆ خۆی بۆ ئامادە بکرێت، هەموو هەرەس هێنانو دارمانێك ئیتر هەرناوێکی ئەدەبیو ڕۆشنبیری لێبنرێت، شۆڕش یان کودەتا یان داگیرکردن، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە چرکەساتەکانی یەکەم دیاریکەرو بڕیاردەری قۆناغی دووەمو هەموو مامەڵە سیاسیو دانوساندنەکانە، بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم چرکەساتە واتە دیاریکردنی سنوورو قەڵەمڕەوی هێزە کوردییەکانو کردنی ئەو پارچەیەی کوردستان بەیەك ناوچەی ئیداریی، جا دواتر ناوی ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی دەبێت کێشەیەکی وا نییە، لەو قەڵەمڕەوەشدا دەبێت خوێندنو نووسین نەك لەخوێندنگەکاندا، بەڵکو لەهەموو پێکهاتەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بەکوردی بێت.

دوای ئەو چرکەساتە خوێندنەوەی ڕەوتی مێژووەو دروستکردنی هاوپەیمانێتیە لەسەر بنەماکانی ئەو ڕەوتە، ئەم خاڵە بۆ کورد بەهەموو بەشەکانییەوەو تەواوی نەتەوەکانی تریش لەمڕۆکەدا دەکرێت لەم دوو وشەیەدا کورتبکرێتەوە، دیموکراسیو بازاری ئازاد، دیموکراسی گەرچی پرۆسەیەو کۆنسێپتێکی ئامادەی نییە، بەڵام گەر چاوی لێ نەنوقێنرێت بنەمایەکی بنەڕەتی هەیە کە بریتیە لەقبولکردنی دۆڕاندن، بەکورتی دیموکراسی گەمەیەکە کە هەمیشە دەرەنجامەکانی لەسەرەتاوە پێشبینیکراو نینو بردنەوەو نەبردنەوە هاوکاتو هاوشانی یەك ئامادەن.

بازاری ئازادیش، ئەوە یاساو ڕێسای خۆی هەیە کە بوارنییە لێرەدا بەسەریکەینەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە زۆر دورە لەم پاشاگەردانیو بێخاوەنیو ئامادەنەبوونی دەوڵەتو قەبەبوونو دەسەڵاتو قۆرغکردنی بازار لەلایەن حیزبو داردەستەکانیانەوە کە لەئەمڕۆکەی باشووردا ئامادەیەو دەکرێت بەبازاڕی بەرەڵا ناوی بەرین نەك بازاڕی ئازاد.

وێڕای خواستنی ساڵێکی ئاسودە بۆ هەموان، هیوادارم ساڵی نوێ، ساڵی بەهیوا گەیشتنو ڕابوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت.

ڕیکلام

# کۆمپانیای بەڕێز

bareaz GROUP COMPANY

## مژدەیەکی گرنگ بۆ دانیشتوانی شاری کۆیە

مژدە مژدە



HAMON CITY PROJECT - KOYSINJAQ

کۆمپانیای بەڕێز مژدە دەدات بە دانیشتوانی شاری کۆیە، پرۆژەی (هاموون سیتی) کە بەشێکە لە پرۆژەی نیشتەجێبوونی ئاسوودە کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، خانووەکانی (هاموون سیتی) لەسەر ڕووبەری 150م2 200م2 دروست دەکرێت بە قەرزی درێژخایەن و بە هاوکاری سندوقی نیشتەجێبوون دەدرێت بە بەشداربووان

بۆ زانیاری زیاتر:
07705431744
07701558015

Bareaz Co.